


لێدوان، نووسراوە و بیرەوەرییەکانی

هاوڕێ شۆڕش ئەسەدزادە

بەشی دووهەم

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەڕەنوەری ٢٧٢٦ی کوردی = نۆڤەمبەری ٢٠٢٦ی زایینی

پێشمەرگەی ڕۆژئاوا

پێڕست:

– کورتەیەک لە ژیاننامەی پێشمەرگەی دیرێن شۆڕش ئەسەدزادە...
١- فەرماندە قادر قادری...
٢- یادێک لە کاک سەدیق کەمانگەر...
٣- یادێک لە پەنابەرانی کوردی ڕۆژهەڵات لە کەمپی شاری (ڕومادی) خواروو عێراق...
٤- بەرەو سەربەخۆیی...
٥- یادێک لەسەید کامیل نیزامی...
٦- یادێک لە شەهید بازید نەبەردی...
٧- چۆنیەتی شەهید بوونی."محمد پور ڕەشیدی" ناسراو بە "محمد گوگە"...
٨- یادێک لە شەهیدی نەمر: عوسمان ئوستاد ئیبراهیمی...
٩- مەحمود محەمەدی ناسراو بە (محمود خاس)...
١٠- یادێک و وەفایەک بۆ نەمر (خوسرەو شێربەگی)...
١١- لەسەر یەکگرتنەوە...
١٢- یادێک لە سمایل مەعروفی ناسراو بە (سەید سمایل)...
١٣- وەڵامێک بۆ کاک ڕەحمان نەقشی...
١٤- هەوڵی تیرۆر لە بەغدا...
١٥- هاتەوە یادم، ڕۆژێکی پێشمەرگایەیی...
١٦- یادێک لەشەهیدانی گوێکتەپە لە ناوچەی مەهاباد...
١٧- نیشتیمانەکەت ئەو بەهەشتەیە کە باسی دەکەن...
١٨- یادێک لە شەهیدان: (ڕەحمان شەعبانی) و شەهید (حاجی عەبدوڵای خاسان)...
١٩- عەمەلیاتی بەرەنگاری لە قەڵای سارم بەگ...
٢٠- یادێک لەم دوو شەهیدە نەمرانە (یوسف پیرەدوخت - سیامەک سالحی)...
٢١- یادێک لە شەهیدانی بنەماڵەی ڕەنگین لە مەهاباد...
٢٢- کێ محمدی شێخ زادەی لەبیر ماوە؟...

٢٣- فەلسەفەی ڕۆژی ١٣ بەدەر چیە؟...

٢٤- لە ڕۆژهەڵات سەربەرزانە نەورۆز و ساڵی تازە...

٢٥- یادێک لە شەهید: کامران شافعی...

٢٦- چارەنووسی کوردو چەند قسەیەک...

٢٧- بکوژانی دوکتور قاسملوو...

٢٨- یادێک لە شەهید سیاوەش بابامیری...

٢٩- ڕۆژێک لە شەوو ڕۆژەکانی خەبات و تێکۆشان...

٣٠- حاجی مەلابرایم ڕۆستەمی...

٣١- بۆ ڕۆژی دایک...

٣٢- یادێک و بیرەوەریەک...

٣٣- یادێک لەم وێنەیە...

٣٤- قەت لەبیرم ناچێ...

٣٥- یادێک و بیرەوەریەکی تاڵ

٣٦- بۆ ساڵڕۆژی شەهید قاسملوو...

٣٧- یادێک لە ٣ شەهیدی قارەمان...

٣٨- یادێک لە تێکۆشەر مراد میهرەبان...

٣٩- ڕاستکردنەوەی هەڵەیەک...

٤٠- یادێک لە شەهید عەلی خاریجی...

٤١- ئێرە گوندی (بنێوخەڵەف)ە...

٤٢- یادێک مەڕحوم بابی شەهید سەرگورد عەباسی...

٤٣- یادی بەخێر زانکۆی ژیان...

٤٤- یادێک و وەفایەک بۆ ئەم ٣ شەهیدە...

٤٥- کورد نابێ بێ حورمەتی و بێ ڕێزی بە (نان) بکات...

٤٦- ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدان...

٤٧- ئەورۆز لە چیەوە هاتووی؟؟...

٤٨- شەهید: محەمەد خەندانی ناسراو بە (مام دەرویش)...

بەشی دووهەم

٤٩- یادێک لە کادرو پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی زاگرۆس ی حزبی دیموکرات...
٥٠- یادێک لە محمد جەنگجو...
٥١- شەهید عەلی دەرۆێشی ناسراو بە (پیرە هەڵۆ)...
٥٢- بیرەوەریەک لە ساخی(قەڵاتی شاه)...
٥٣- یادێک لە شەهیدانی بنەماڵەی (کرمانج)...
٥٤- ئەم برینە جیگای گوللەی شەهید دکتور قاسملووە...
٥٥- وێنەیەکی جوانی دەورانی شەڕو شاخ...
٥٦- هێرشەکەی ڕژێم بۆ سەر قەڵای کۆیە...
٥٧- یادێک لەم شێرە کوڕانەی دالاهۆ...
٥٨- بۆ ٢ی ڕێبەندان...
٥٩- یادێک لە کوڕەکانی بانەی سەربەرز...
٦٠- ئاڵا چیە؟؟...
٦١- یادێک لە شەهیدانی شەوی یەڵدا...
٦٢- هەرچی دەیڵێن بیڵێن...
٦٤- یادێک لە خوشکە زێنەب...
٦٥- ئەم نیوە پاسدارە...
٦٦- دیسان گرمەی.. قرچەی دەنگی تفەنگی پێشمەرگە...
٦٧- لەم وێنەیەدا...
٦٨- سرتەیەک بە گوێی دوژمناندا...
٦٩- ڕاستیەک با هەموومان بیزانین!!...
٧٠- دۆڵی خرەی ناوزەنگ...
٧١- هەر سێکیان مردن بەڵام کورد هەر نەتوایەوە...
٧٢- لاوانی کورد،،، خۆمەینی باش بناسن...
٧٣- ترشاوترین میشکی دنیا...
٧٤- هونەرمەند ڕەسوڵ نادری...
٧٥- یادێک لە شەهید خالید پویا...

٧٦- بۆ هەڵەبجە بۆ ئەنفال...
٧٧- بەبۆنەی ڕۆژی لە دایک بوونی کاک جەلیل...
٧٨- یادێکی کورت لەم دوو شەهیدە نەمرە...
٧٩- یادێک لەم ٣ مامۆستا شۆڕشگێڕە...
٨٠- ڕۆژهەڵات خاوەنی خۆی هەیە...
٨١- سێ برای شەهید: گیگن، قادر، کەماڵ...
٨٢- چوار شەهیدی قارەمانی ناو سەنگەرو، سەر شانۆ...
٨٣- ڕۆحت شاد کاک نەبی قادری...
٨٤- ئەم قاتڵانە بە کوشتاری خەڵکی کوردستان بونە فەرماندەر، ڕێبەر...
٨٥- هێمای ژنی سەربەرزی کورد...
٨٦- ئەشکەوتی مەلا مستەفا لە ناوچەی رانیە...
٨٧- پردی قەڵاتاسیان...
٨٨- یادو یادگارەکانت بۆ هەمیشە لە دڵماندایە تۆ نامری...
٨٩- جاش ئەمانە هەموویان جاش...
٩٠- هەر دووکیان. لە کوردستان پاسدار بوون...
٩١- هەستانەوەی ئەمجارەی کورد...
٩٢- شەکرە هەمیشە لای من خۆشەویستە...
٩٣- کەوش یان پێڵاو...
٩٤- کێ ئەم دیمەنەی لە بیر ماوە...
٩٥- هەمزە نەسووری چۆن شەهید بوو؟...
٩٦- کەمینیکی چکۆڵە لەم جێگایە...
٩٧- گەورەترین زۆڵم لە گەلی کورد...
٩٨- ئارامگای عەلی سوهرابی...
٩٩- ئەوە خدری فەرماندەیە...
١٠٠- یادێک لە پیاوە تێکۆشەرە...
١٠١- کاک شوانەی قارەمان...

بەشی دووهەم

١٠٢- تۆ نامری...

١٠٣- ئەمە گۆڕی شەهید کەریم ئەرسەنگە...

١٠٤- زانکۆیەکی بێ دەنگ...

١٠٥- کامڕانم زۆر خۆشدەوێست...

١٠٦- یادێک لە کەوە شەل...

١٠٧- یادی ٢٥ ساڵەی شەهید بوونی کاک عەولا شەریفی...

١٠٨- پەڵەیەکی ڕەشی بزووتنەوەی ئیسلامی و تاوانێکی گەورە...

١٠٩- یادێک لەشەهیدی نەمری گەلەکەمان شەهید: هەمزە بێهنام...

١١٠- یادێک لەشەهیدی نەمر: حەکیم ڕەزایی...

١١١- ٣ شەهیدی ڕزگاری و ئازادی...

١١٢- بۆ یادی ١٩ ساڵەی کۆچی دوایی هاوڕێ (سەید سەلام عەزیزی)...

١١٣- مامە قالەی شۆڕش...



بەشی دووهەم

کورتەیەک لە ژیاننامەی پێشمەرگەی دیرێن شۆڕش ئەسەدزادە...

سڵاو لە پێشمەرگە



نارام قادری

کاک شۆڕش ئەسەدزادە، کەسێکی بە ئەمەگ و هاوڕێی پێشمەرگەکانی خۆی خۆشدەوێ، هەموو جارێ یادێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی خەباتی ڕزگاری خوازی کوردستان دەکاتەوە جیلی ئێستامان بە قارەمانێتی و لەخۆبردوویی ڕابردووی ئەو کەسانە ئاشنا دەکا، ئەوکاسانەش کە شەهید بوونە یادیان دەکاتەوە کە هەمیشە لەیادمان بمێننەوە.

جابۆیە من گوتم با لانیکەم ئێمەش هەم وەکوو ڕێزێک بۆ گەورەیی جەنابت و هەمیش وەکوو سپاسێکیش کە جەنابت دەرحەق بە کەسایەتی نەتەوەکانمان دەکەی، ئێمەش جەنابت لەبیر نەکەین، هەرچەند خۆی لەسەرەتا وەکوو خسڵەتی پێشمەرگانەی وەکوو قەدوبااڵی خۆی کە من ئەو شتانەدەکەم بۆ دەستخۆشی و سپاس نایکەم، وەکوو ئەرکی نەتەوایەتی و کوردایەتی دەیکەم، بەس دوایی ڕازی بوو کە ئێمەش وەکوو ئەرکێکی نەتەوایەتی، یەک لە سەدی گەورەیی ئەو زاتە بخەینە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویستان...

بەشی دووهەم

جا با لە زاری خۆی ببیسین کە شۆڕش ئەسەدزادە کێیە!!!

لە زۆربەی خۆپیشاندانەکان لە شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێران بەشدار بووم.. لە دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی و ئاشکرا بوونی خەباتی حزبی دیموکراتی کوردستان، من خەریکی کاری (عکاسی) واتە وێنەگری بووم لە عەکاسی (ئەفشین) لە مەهاباد. من و شەهید (حەسەن سوهرابی) پێکەوە لە ماڵێکدا دەژیاین و گەورە بووبوین، ڕۆژانە لەگەڵ هەندێک لە کوڕەکانی ئەوکات خەریکی کاری نهێنی و چەکداری بووین لە ناوشاردا. تفەنگێکی (ویزی)م هەبوو هەمیشە لە دووکان دامدەنا ئەگەر پێویست بوایە دەمهێنایە دەرێ. یان لە بن کۆتەکەماندا دەمانشاردەوە، یان لەناو قوتوێەکی شیرینی گەوردا بەسەردەستمانەوە دەگرت هەتا ئەو شوێنەی پێویست بوو دەری بێنین. ئەوکات شەهید (چرچەی بارام میرزا) جیبێکی کوورتی پێ بوو بۆ کارەکان من لەو نێوانەدا پەیوەندیم هەبوو لەگەڵ شەهید (سەرگورد عەباسی) لە شوڕای نیزامی. هەر کارێکی عەکاسی و فۆتۆ کۆپی هەبایە دەیانرد لەدوای من و پێی دەسپاردم.. جارێک لەبیرمە کۆمەڵە بەیان نامەیەکیان هێنابوو کە ٥٠٠ دانەیان بۆ کۆپی بکەم کە دیتم باسی ٩ ملیۆن دۆلار کراوە کە گوایا دکتور قاسملو وەریگرتبێ. منیش بێ ئەوەی کۆمەڵەکان بزانن یەک دانەم بۆخۆم گێڕایەوەو خێرا بردم بۆ سەرگورد عەباسی. کاک سەرگورد کووتی ئەوە لەکۆێ دەست تۆ کەووتوە؟ بۆم گێڕایەوە زۆری سوپاس کردم. بۆ سبەینێ کۆمەڵە بە ماشێنێک چەکدارەوە هاتنە بەر دەرکی دووکان و منیان گرت. کەمێکیان ئازار دام و کووتیان چۆن ئەو بەیانامەیە دەست حزبی دیموکرات کەووتوە. تۆ نەبێ هیچ کەس ئەو بەیانامەی نەدیوە، ئێستا ڕاستیمان پێدەڵێی باشە دەنا دەتکوژین. جا بزانە حزبی دیموکرات هەر لێشت دەپرسێتەوە؟؟ بردیانم لە ژورێکیان کردم ئەوکای مقەڕی کۆمەڵە ڕوبەڕوو بە حەمامی کاخ بوو. دوانیوەڕۆ لەناو مقەڕی کۆمەڵە بوو بە دەنگە دەنگ و هەڵات هەڵات و زۆر پەشۆکابوون و یەکێکی سوورەیان تێدا بوو سمێڵ سورێک بوو جار ناجارێک دەهات یەک دوو زللەو مستی لێدەدام، منیش نەمدەزانی چ خەبەرە. پاش ماوەیەک دەنگی چەند تفەنگێک هات، زۆرتر شڵەژان، پاشان دەنگە دەنگەکە کەم بۆوەو دوای نیو کاتژمێرێک هاتن منیان بردە ژورەکەی خوارێ، هێنایانمە بەر دەرگای دەرێ و دەرگایان بە نیوەیی کردەوەو کووتیان بڕۆ پاڵێکیان پێوەنام و کەووتمە کوچە کە دیتم لەو بەری خیابان پێشمەرگەی لێ بوون هاتن دەستیان گرتم و سواری ماشێنێکیان کردم و بردیانم بۆ لای سەرگورد عەباسی دیتم لەوێش هەروا شڵەژاوی پێیانەوە دیار بوو. کاک سەرگورد هات دەستی لەستۆ گرتم و پێکەنی و کووتی خۆ ناڕەحەتیان نەکردی ئەوجار زانیم هەر کە منیان گرت کوڕێک کاری دەکرد بۆمان ناوی شەشە بوو خێرا چووبو خەبەرەکەی دابوو بە شوڕای نیزامی کە کاک سەرگورد زانیبووی کۆمەڵە منیان گرتووە خێرا زانیبووی لەسەر چی گرتوویانم، بۆیە پێشمەرگەی ناردبوو کە بە کۆمەڵە بڵێن ئەو کوڕە هەرچی زووتر ئازاد بکەن. کۆمەڵەش دوای کەمێک دەمەتەقە مەجبوور

بەشی دووهەم

بوون خێرا ئازادم بکەن.....

هەتا شەڕی ٣ مانگە و بەشداری زۆربەی عەمەلیاتەکان بووم ئەوکات (جەعفەری کەڕووبی) پەلی شاهۆی دەویست دامەزرێنێ کە زۆر بووین کوڕەکان دیارە ئەوکات مەفرەزەی شەپۆل هەبوو کە ئەوانیش زۆر بوون شەهید محمد زەنگەنە و کاک ناسر پیرانی و شەهید کەریم ئەرسەنگ و زۆری تر بوون. ئەوجار پەلی شاهۆش دروست بوو شەهید یوسف سازواری و حەسەن سوهرابی جەعفەر کەڕووبی و عەولا شیرێژ بوو ئەمیر نیزامی. خوسرەو خامچی. من بووم پڕشەنگ و سۆفی سەید سەنعان و ئەوکات کاک شوان هەر لەو پەلەی ئێمە بوو، عەزیز فاتحی بوو، هەتا گرتنەوەی شاری مەهاباد لە لایەن هێزە داگیرکەرەکانی ڕژێمەوە حزب دەستووری دا کە لەشار وەدەرکەوین. هەتا ئەوکات من کاری عەکاسیشم هەر دەکردو کاری پێشمەرگایەتیش دوکانەکەمان جێگای کۆبونەوەو یەکتر بینین بوو، هەرکەس ویستبای کەسێکی تر ببینێ جێگای دیتنەوەمان دوکان بوو.

حەسەن سوهرابی دوو حەفتە پێش من چووە دەرێ، پاشان داوایان لەمن کرد کە خۆم بگەیەنمە گوندی کۆنەدێ، کە چووم هەر منیان کەم بووم هەموو کوڕەکان لەوێ بوون. یوسف بە ڕەسمی هەڵمانبژارد وەک سەرپەل، نزیک بە سااێک لەوێ بووین دوایە گواستمانەو بۆ ناوچەی شارۆیران. بەڵام تۆپ و خومپارەو موهیماتێکی زۆرمان هەبوو هەر لە کۆنەدێ بەجێهێشتبوو کە چووینە شارۆیران یەکەمجار بنکەمان لە گوندی قزڵقوپی دانا. پاشان هێنامانە گوندی گاپیس پاش ماوەیەکیش لەوێ پاشان هێنامانە گوندی قومقەڵا دوای ئەوە هاتینەوە بەری ناوچەی مەحاڵ لەوێ لە گوندی شیلاناوێ بنکەمان بە ڕەسمی دانا. و پاشان ماوەیەک لە گوندی بەسری بووین. لە تەواوی ئەم گوستنەوانەدا ٤ ساڵی گرت هەتا ساڵی ١٣٦٣ کە تەواوی ناوچەیان لێ گرتینەوە لە تەواوی ئەو ٤ ساڵەدا لە زۆربەی زۆری عەمەلیاتەکاندا بەشداری چالاکانەم هەبوەو دوو جاریش بریندار بووم جارێک بە سووکی و جارێکیش بە قورسی،، لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا زۆر عەمەیاتی گەورەو زۆر زەڕبەی بەهێزو کەمەر شکێنمان لە هێزەکانی ڕژێمی سێداره وەشاند،، چەندین پایەگای گەورە گیران و تەواوی کەلوپەلەکانیان کەووتە دەستی هێزی پێشمەرگە،، دەیان و دەکرێ بڵێم سەدان کەمین و شەڕی ناوشاری و عەمەلیاتی مین و بە سزا گەیاندنی خۆفرۆشان و عەمەلیاتی چکۆڵەو بەڵام بەهێز ئەنجام دراون لە ناوچەکانی ئێمەدا. کە هەندێکیانم وەکوو بیرەوەری نووسیوەتەوەو بڵاوم کردوونەوە بۆ ئەوەی فەرامۆش نەکرێن و نەوکان و تازە پێگەیشتوەکان بزانن پێشمەرگە کێیە و چی کردووە بۆ ئازادی و ڕزگاری.

ساڵی ١٣٦٣ بەهۆی کارەساتێک کە پێوەم بەدورو درێژی باسی بکەم لە داهاتوودا، چوومە هێزی گیارەنگ لەوێ درێـژەم دا

بەشی دووهەم


بە خەبات و تێکۆشان،، لەوێش هەتا ساڵێک پێش دوولەت بوونی حزب لە کۆنگرەی ٨ منیش هەڵوێستی خۆم گرت و پشتیوانیم لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ کرد. دیارە لە هێزی گیارەنگ ئەو چەندساڵە لە زۆر عەمەلیات و کاری حزبی بەشداریم کردووە ئەویش لە بیرەوەریەکانمدا بە درێژی باسم کردوون. ساڵێک و چوار مانگ پێش جیابوونەوە من لە شاری قەڵادزەی باشوور دانیشتبووم لەگەڵ زۆرێک لە هاوڕێیانی حزبی، بەڵام لە حزب هەڵنەبڕابووین و هەتا چەکی سازمانی خۆمان هەر لەلا بوو.

ساڵی ١٣٦٧ حزب لە ڕانیە خانووی بۆ گرتین و پاشان چوینە دۆڵی (ئاکۆیان) بنکەو بارەگاکانمان دامەزراندن و وردە وردە دامەزراین و سەرەتا من لە کۆمسیۆنی کۆمەڵایەتی بووم پاشان دەبیرخانە داوایان کرد بچمە ئەوێ، منیش قەبوڵم کردو چوومە دەبیرخانە وەکوو کادر. لەوێ دەستبەکار بووم ئەوکات کاک "جەلیل گادانی" سکرتێری حزب بوو لەوێ کارەکانم زۆر بوون تەواوی کاری دەبیرخانە لە ئەستۆی من بوو،، نزیک بە چوار ساڵ بەردەوام بووم لە دەبیرخانە دیارە کاری دەبیرخانە کارێکی تەواو وەخت بوو، شەوو ڕۆژی وەکوو یەک وابوو، پاشان حزب داوای لێکردم لەگەڵ کاک (فەتاح کاویان) بچم بۆ بەغداد وەکوو کادری سیاسی و هاوکاری کاک فەتاح و بەڕێوەبردنی بنکەی پەیوەندیەکانی بەغداد. کاتێک چووینە بەغداد وەزعی حزب لەوێ زۆر خراپ بوو زۆریش لاواز بوو، بە هەوڵی بێ وچانی من و کاک فەتاح توانیمان لەماوەیەکی کورت دا بنکەی بەغداد زۆر بەهێز بکەین هەم لەباری سیاسیەوە لەگەڵ حزبەکان و بەتایبەتی بۆ بوژاندنەوەی حزب، هەتا سەروبەندی لێدانی عێراق لە لایەن هاوپەیمانانەوە. پاشان گەڕاینەوە کوردستان و پاش ماوەیەک منیان دا بە بەشی قەزایی حزب وەکوو ئەندامی ئەو بەشە و ئەندامی بەشی قەزایی و بەرپرسی زینداان، ئەوکارەم درێژە پێدا هەتا دواییین کۆبوونەوە کە بڕیار درا هەردوو حزب تێکەڵ ببنەوە.. من پێش تێکەڵ بوونەوە ڕۆژێک داوام لە دەفتەری سیاسی حزب و سکرتێر کرد کە دەمەوێ بچمە دەرەوەی وڵات و هاوکاریم بکەن هەتا بڕۆم. سوپاسی بەرپرسانی ئەوکات دەکەم ئەوپەڕی هاوکاریان کردم هەتا توانیم بگەمە ئەمریکا لەکاتی هاتنەوە بۆ هەندەران پەیوەندیم لەگەڵ حزب و تەشکیلاتی حزب نەپچڕاندووەو هەروا بەردەوامم لە هەر ئەرک و کارێک کە حزب پێی ئەسپاردبێتم. ئێستاش ئامادەییم هەیە هەرکات حزب پێویستی بە من بێت وەکوو جاران چەکی پێشمەرگایەتی بکەمە شانم و وەکوو پێشوو لەو ڕێگایەدا گیانی خۆم دانێنم... چونکە من و سەدانی وەک من خوێنەکەشمان دیموکراتەو بە دیموکراتیش ژیاوین و هەرواش دەمرین. سەرکەوێ خەباتی حەقخوازانەی گەلی کورد،

بژی دیموکرات... بژی پێشمەرگە...

بەشی دووهەم

فەرماندە قادر قادری




لەهەر شوێنێک لەم جیهانە پان و بەرینەدا، جوڵەیەکی تیرۆریستی ڕووبدات، پێش هەموو کەس ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەوێتە بەر نەزەرو جێگای گومانی بەشی ئەمنیەتی ئەو وڵاتە.

ڕژێمێک نزیک بە ٤٠ ساڵە بێ ڕاوەستان دژبەرانی خۆی بە هەموو شێوەکانی کوشتن دەکوژێ. سێدارە، تیرباران، سووتاندن کووشتنی ژنان بە تێزاب، تیرۆر، بۆمب، تەجاوەز بە زیندانیان، بەهەر شێوەیەک بۆی ئاسانترو خۆشتر بووە دژبەرانی بێ ڕاوەستان و بێ دادگایی کردن کوشتوە. لەسەر کورد بە گشتی و حزبەکانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی، لەهیچ جنایەتێکی قێزەون و دوور لە ئەخلاقی مرۆڤایەتی دەستی نەپاراستووەو لەبەرامبەریشدا ڕێزی لە ڕەخنەو هوشداریەکانی جیهانی نەگرتووەو تەنها بە یاسای دین و مەزهەبی شیعە قانوونی وڵاتێکی گەورەی وەکوو ئێران بەڕێوەدەبات.

لەم ناوەدا کورد پشکی شێری بەرکەووتوەو زۆرترین قوربانی داوە. تەنها لەبەر کورد بوونی و داوای مافی ڕەوای خۆی دەکات بەم شێوەیە دەمانکوژن و تیرۆرمان دەکەن. ئەمجارە دیسان لەباشووری کوردستان، دەستی ڕەشی تیرۆر گەیشتە سەر یەکێک لە فەرماندە قارەمانەکانی حزبەکەمان، حزبی دیموکراتی کوردستان. لەم وڵاتە بێ خاوەنەدا دەیگرن و زۆر دڕندانە دەدرێتە بەر ڕەگبارو شەهیدی دەکەن. فەرماندە (قادر قادری) یادو یادگارەکانت هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە ڕێگای خەباتت هەروا هەر بەردەوام دەبێ هەتا سەرکەووتن. ڕووڕەشی و نەمان بۆ تیرۆریستانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران و کاسە لێسەکانی.

یادێک لە کاک سەدیق کەمانگەر



لەساڵی ١٣٦٧ ئێمە وەکوو (ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) بنکەکانمان لە دۆڵی (ئاکۆیان) بوو لە گوندەکانی (قەڵاسەیدە - نۆڕێ . دێرێ) دامەزرابووین. لە ناو شاری (ڕانیە) وە جادەیەکی قیرتاو بەم دۆڵەدا تێدەپەڕی هەتا شاخی (کاروخ) ی تێدەپەڕاندو شۆڕ دەبۆوە بۆ ناوچەکانی سۆران و ڕەواندوزو هاوینەهەوارەکانی ئەو ناوچانە. ئەم دۆڵە زۆر شاخی سەخت و دژوارو زۆر بەرز ئەمبەرەوبەریان کرتبوو. لەسەرووی ئێمەوە بنکەکانی (کۆمەڵە) لەوێ بوون کە ئۆردوگایەکیان لێ دامەزراندبوو، لە سەرەوەتری کۆمەڵە لەناو شاخەکانداو ئەشکەووتەکاندا بنکەکانی (پکاکا) ی لێ بوون. هەموویان بەسەر ئێمەدا هاتوچۆیان دەکرد بۆشاری (ڕانیە).لە شەوی ١٣خەرمانانی ١٣٦٨ لەلای ئۆردوگای کۆمەڵە بوو بە تەقە، کاتژمێر ٢ی شەو بوو، پاش ماوەیەک زانیمان کە لەناو ماڵەکانی کۆمەڵە (تیرۆر) ئەنجام دراوە کۆمەڵە هاتن کووتیان کەسانێک کاک (سەدیق کەمانگەر) یان لەماڵەکەی خۆیدا داوەتە بەر دەستڕێژی گوللەو هەڵاتوون، پێویستە یارمەتیمان بدەن بۆ دەستگیرکردنیان. لەبیرمە زیاتر لەپەلێک لە پێشمەرگەکان لە ناوەندی ٢ چوون بەدەم هاواریانەوە هەموو ڕێگاکان و شاخەکانیان گرت هەتا سبەینێ وڵات ڕوناک بوو ئەو ڕۆژەش هەتا درەنگانێک هەر لە بکوژەکان گەڕان بەڵام بەداخەوە نەیانتوانی بیانگرن و شوێنەواریان دیار نەبوو، وادیار بوو زۆر بە بەرنامە کارەکانیان ئەنجام دابوو. کاک سەدیق چالاکێکی وەکیلی دادگوستەری بووە لەشاری (سنە) هەروەها یەکێک بووله پایەکانی دامەزرێنەرانی (کۆمەڵە) کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٤٨، بەڵام بەڕەسمی لەساڵی ١٣٥٧ سازمانیی ئینقلابی زەحمەتکێشانی کوردستان کۆمەڵە یان ڕاگەیاند. لە ساڵی ١٣٦٢ کۆمەڵە لەگەڵ دەستەیەک بە ناوی (سەهەند) و چەند حزبێک وەکوو سازمان (پیکار) و حزب

بەشی دووهەم

مارکسیستی ـ لینینیستی (شەفەق سرخ) و سازمان چریکە فیدایەکانی خەڵقی ئێران تێکەڵ بوون و (حزبی کۆمەنیست) یان دروست کرد کە پاشان بوون بە (سازمان کردستان حزب کمونیست - کۆمەڵە) کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەردوو حزب بوو، بەداخەوە ئەوشەوە کەسێک کە نفوزی کردبووە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەو هەر بۆ کاری تیرۆر ناردرابوو لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە توانی گیانی لێ بستێنێ و خۆی بگەیەنێتەوە ناو دوژمن.

هەموو جارێ کە گوێم لەناوی کاک سەدیق کەمانگەر دەبێ ئەو شەوە ناخۆشەم بیردەکەوێتەوە. یادو یادگارەکانی هەر زیندوو بن، ڕووڕەشی بۆ خاینانان و دوژمنان.. سەردەکەوێ خەباتی هەمە لایەنەی خەڵکی کوردستان...

یادێک لە پەنابەرانی کوردی ڕۆژهەڵات لە کەمپی شاری (ڕومادی) خواروووی عێراق...



لە ساڵەکانی١٩٩٢ هەتا ١٩٩٥ من و ڕەوانشاد کاک (فەتاح کاویان) بنکەی پەیوەندییەکانی حزب لە شاری (بەغداد) مان لــە ئەستۆ بوو. ئەوکات حکوومەتی بەعس مابوو، بەڵام کوردستان ئازاد بــوو، کەرکوک هێشتا لە بەر دەستی حکوومەتی بەعسی دا بوو. لە بەغدا هەرچەندە زۆر بە تونديی لەلایەن هێزەکانی بەعس پارێزگاری دەکرا، بەڵام هەندێک نا ئەمنی و سەربزۆزی خەڵکی ناوچە هەژارەکان دەبینراو دەبیسترا. ئەوکات دووجار هەوڵی تــرۆری منیان دا جارێک لە نــاو دەرگای بنکەی حزب، جاری دووەم لە گەڵ هــاوڕێم "ڕەحیم تەهــا" پێکەوە بــووین بەڵام خۆمان دەربــاز کــرد لە دەستیان. هە لەو ماوەیەدا توانیان "غەفوور هەمزەیی" لە ناو حەوشەی بنکەی خۆیان تیرۆر بکەن. ئەوانەی ئەم تیرۆرانەیان دەکرد شیعەکانی سەر بــە کۆماری ئیسلامی ئێران بــوون.

ئەوکــات ئەو پەنــابەرانەی لە شــاری ڕومــادی بــوون، تێکەڵاوێــک بــوون لە کــادرو پێشــمەرگەی دانیشــتوو هەروەهــا کــوردانی ناوچەکــانی کرماشــان و کامیــاران و بە گشــتی باشــووری ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان، بەداخەوە لەت بــوونی حــزب کــاری لەســەر ئەوانیش کردبـــوو لەنــاو خۆیانــدا ببــوون بە دوو بەش، بەشێکی زۆریــان لەگەڵ ئــێمە بــوون وەکــوو (ڕێبەرایەتــی شۆڕشگێڕ) بەشــەکەی تــر لایەنگرانـــــی برادەرانــی ئەولا بــوون. ئەم دوو بەشــە لە پەنابەرەکــان لەژێــر چــاوەدێری ســازمانی نەتەوە یەکگرتوەکاندا بوون، هەرچی لەدەستمان هاتبا وەکوو (ڕێبەرایەتــی شۆڕشگێڕ) ئــێمە لە بەغداد بۆمان دەکردن و لەهەموو بارێکەوە یارمەتیمان دەدان، هەتا پێناسی حزب کە دەیانتوانی هاتوچۆی شارەکانی پێبکەن، دابومان بەو کەسانەی خەریکی کاروکاسپی خۆیــان بــوون، ئـــەم کــوردانەی ڕومــادی بــاوەڕێکی زۆر قــوڵیــان بە حــزب هەبــوو بــۆ هەمــوو ڕۆژە مێژوویەکــان و

بەشی دووهەم

جەژنەکان و ڕۆژە پیرۆزەکان و بۆنەکان، مەراسم و جەژن و ڕێوڕەسمیان پێک دێنا. وەکوو ٢٥ ی گەلاوێژ، ٢ی ڕێبەندان، ٢٦ی سەرماوەرز، ١٠ی خاکەلێوە. دیارە کەسانی وەک مەلا محمد عەباسی و چەندین کەسی تری لێ بوون کە هانی خەڵکەکەیان دەداو سەرپەرشتیان دەکردن، هەروەها دەوری کاک مەلا غەفار زۆر بوو کە بەرپرسی کۆمیتەی ڕومادی بوو. من بەرپرسی هەموو کاروبارەکانیان بووم لە لایەن حزبەوە هەرکارێکیان هەبوایە دەبوو پەیوەندی بە منەوە بکەن و ئەگەر بەمن جێبەجێ نەبوایە ٢ کەسیان وەکوو نوێنەر دەماناردنەوە بۆ تەشکیلاتی حزب لە کوردستان. هەموو جارێ کە ڕێوڕەسمان پێک دێنا لە ڕومادی زۆر بەڕێک و پێکی بەرنامەکانیان دەڕازاندەوە ووتار و سروودو گۆرانی و شانۆیان دەبوو. زۆر جاران لە لایەن حزبەوە نوێنەری تەشکیلاتیان دەنارد بۆ بەشداری کردن. پێویستە بڵێم زۆرێک لە نوێنەرانی عەشیرەتەکانی عەرەبی ناوچەکە دەعوەت دەکران و دەهاتن هەروەها نوێنەری پارێزگای شاری ڕومادی لەلایەن حکوومەتەوە بەشداری ڕێوڕەسمەکانی حزبیان دەکرد. خوشک و برایانی حزبی لە کەمپی ڕومادی زۆر ماندوو زەحمەتکێش و چالاک و تێکۆشەر بوون، کارو فەرمانەکانی حزبیان بەدڵ و بەگیان وەردەگرت و بەوپەڕی دڵسۆزیەوە جێبەجێیان دەکردن، لە هەموو کات و ساتێکدا ئامادەو گوێڕایەڵ بوون. ئێستا بە خۆشیەوە هەموویان لە ژیانێکی خۆش و لە دەورەوەی وڵاتن وەکوو جاران هەروا تێکۆشەرو چالاک و لە ڕیزەکانی حزبدا خەریکی خزمەت و کاری حزبین.

لەهەر کوێی ئەم جیهانەن سڵاووتان لێ بێ و چاوی هەمووتان ماچ دەکەم هەر بژین بۆ حزب و گەل...

بەرەو سەربەخۆیی



داوا لە هەموو تیپە مۆسیقاکانی هەرچوار پارچەی کوردستان دەکەم.. تکا لەهەموو هونەرمەندانی بەشەرەف و کوردپەروەر دەکەم.. داوا لەهەموو بەرپرسانی دامودەزگاکانی سەر بە حکوومەتی کوردستان دەکەم،، هەتا ڕۆژی شانسی کورد.. هەتا ڕۆژی بڕیاری بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی شەهیدانی کوردستان.. هەتا دوا نیگاو دوا هەناسەو دوا خۆزگەی شەهیدانی سەنگەرو، ئەنفال و زیندەبەچاڵ کراوان و کیمیا بارانکراوانی هەڵەبجەو دوا هەناسەی لاوانی لەداردراوو تیرەبارانکراو. هەتا ڕۆژی ٢٥ - ٩ - ٢٠١٧ ڕۆژی هەڵاتنی خۆری ئازادی و ڕزگار بوون لە دیلی و کۆیلەیی هەموو هونەرەکانتان با لەخزمەت سروودە شۆڕشگێڕی و نیشتیمانی و نەتەوایەتیەکاندا بێت و بە هونەرو سروودی حەماسی و سەرکەووتن گوێی هەموو دۆژمنان کەڕو چاوی نەیاران کوێر بکەن. ئەم دومەڵەی سەردڵی کورد بتەقێنن. گوێی ئاسمان و عەرز بلەرزێنن. کوا لەکوێیە (شوان پەروەر) کوا (ناسر ڕەزازی) کوان و لەکوێن هونەرمەندانی بەناوبانگی کورد؟؟؟ کوا فەرهاد سەنگاوی. کە بنەڕێنێ وەکوو شێر (دیسان قوڕو بەفر ئاگری گرت) کوا (شێربەگی) وەکوو جاران هاوار بدا بەگوێی قەندیل. زاگرۆس.. قەڵای سارم. ئاربابا، سەفین. هەڵگورد بلەرزێنێ. پێویستە لەسەر هەموومان هەموو شتێک لەپێناوی (سەربەخۆیی) دا تەرخان بکەین. کوردینە ئەی مەردینە بادەست لەناو دەستکەین هەموو بۆ یەکیەتی خاکی وەتەن بژین هەموو. ڕۆژێکەو ئەمڕۆ بۆ دووەم جار شانس و ئازادی لەدەرگای میللەتی کوردی داوە. ڕێبەرانی کورد دەست مەنێن بەڕووی سەربەخۆییەوە. دەرگای لەسەر دامەخەن. کوردستان ئەمڕۆ هەموومان دەزانین کەموکوڕی یەکجار زۆرە خەڵک دڵیان ئێشاوە لەدەسەڵات. قەیران هەیە،

بەشی دووهەم

بەڵام با لەپێشدا ماڵی خۆمان بکەین، کە ماڵی خۆمان کرد ئەوجار هەرچی دەیکەن بیکەن بەڵام لەماڵی خۆماندا. با نەوەکانمان وەکوو ئێمە دەیان ساڵی تر لەشەڕو ماڵوێرانیدا نەژین، ئێمە کە فەوتاین با داهاتووەیەکی ڕون و ژیانێکی ئاسوودە بۆ داهاتوو دابین بکەین .. دەنا دواڕۆژ لەمێژوودا منداڵەکانمان تف و نەعلەتمان دەکەن .. دەست لە بەرژەوەندی شەخسی و حزبایەتی هەڵبگرن. دوای چارەنووسی گەلە داماوو بریندارەکەمان بکەون، خەڵک بۆیە دەنگی پێداون کاریان بۆ بکەن. نەکوو سواریان بن و تاڵانیان بکەن. ئێستاش ئەگەر بەقسەی میللەت نەکەن و ژیان و گوزەرانیان خۆش نەکەن و نەیانحەسێنەوە شەپۆلێکی ڕەق و توڕەیی تەخت و تاراجتان وەکوو گەردەلوول دەپێچێتەوە ئەوکات میللەت وەکوو (ئاو) ڕێگای خۆی دەبینێتەوە...

یادێک لەسەید کامیل نیزامی...



ڕۆحی شاد بێ سەید کامیل، هێشتا لەژیاندا مابوو یادم کردەوە.

کوردستانی جوان خاکی پاکی کوردەواریمان چەندە سازگارو خۆش و دڵفڕێنە، ئەوەندەش کوڕی چاک و کیژی جوان و پاکی تێدایە، کورد لەهەموو بارێکەوە سەرتۆپی باشیەکان بووە، لە ئازایەتی، بوێری، فیداکاری، دڵپاکی. جوانی، ڕەوشت، میوانداری و سفرە ڕەنگینی، بیروباوەڕ، فەرهەنگ. جوان پۆشی. ووڵاتی جوان. زمانی شیرین. ئاداب و کەلتوور، کە ئەم هەموو خوڕەوشتە جوانانە لە میللەتەکانی تردا بەکەمی دەبینرێن، ئێستاش کێشۆ لاوانی پەروەردەی ناو فەرهەنگی جوانی کوردەواری هەروا بەو جوانیەوە گەورە دەبن و بناغەی ژیانیان لەسەر ئەو ئاداب و ڕێورەسمە دادەمەزرێنن. یەکێک لە خۆڕاگری وتەسلیم نەبوونی کورد لەوەدایە، دوای ئەم هەموو دەردو بەڵاو ماڵوێرانی و زیندان و تیرەباران کردن و هەڵواسین و کوشتنی بە کۆمەڵی پیاوو ژنان و منداڵانی کوردو ئەنفال و زیندەبەچاڵ کردنی بەکۆمەڵ لەماوەی زیاتر لە ١٠٠ ساڵ لەلایەن دوژمنانی کورد، نەیانتوانی نە زمانەکەمان بکوژن، نە لیباسەکانمان پێ بگۆڕن، نە فەرهەنگەکەمان لەبیر بەرنەوە،، نە بۆخۆمان بتوێنەوە، کە بە پێچەوانەوە لەهەموو بارێکەوە زیاتر بوژاینەوەو لقوپۆپمان زیاتر دەرکرد.. بەڵام گرنگ ئەوەیە تەسلیمی حەزو ئارەزووەکانی دوژمنەکانمان نەبووین،، هەموو ئەمانە لەژێر سایەی لوللەی تفەنگی پێشمەرگەدایەو لەژێر سێبەری ماندوو بوون و گیانفیداکردن و نەسرەووتنی کێشۆ کوڕانی خوێن گەرم و هەمیشە نەبەزی

پیاوانی بەهێزی کوردایە.. هەرچەندە کەسانی جاش و خوێڕی و کاسەلێسی دوژمنانیشمان کەم نەبوون و نیە بەڵام مێژوو سەلماندوویەتی ئەو کەسانە بەبێ ناوونیشان دەمرن و وەکوو مـــرۆڤ نایەنە ئەژمار بەڵکوو وەکوو زیندەوەرێکی زیان بەخش و ئافات دادەنرێن.. بەڵام کورد هەر کوردەو هەر بە کوردی دەمێنێتەوەو سەرئەنجام دەگـاتە ئـاوات و ئامانجەکـانی،، لێـرەدا دەمەوێ باسی کەسێکتان بۆ بکەم کە یەکێکە لەو کـوڕە کـوردانەی بە هەمـــوو ئەو جوانیـانەی لە پیـاوی کـوردا هەیە لەگەڵ سەرجەم ڕەوشتەکانی کوردەواری ئەویش (سەید کامیل نیزامی) یە، لەگەڵم بـــن.

سەید کامیل کوڕی سەید بـرایم نیزامی یە لە شـارە جـوان و ڕازاوەکەی (بۆکـان) چـاوی بە دنیـا هەڵێنـاوەو لەهەوای سـاف و خـۆش و بـێگەردی بۆکـان یەکەم هەناسـەی ژیـانی هەڵکێشـاوە، سـەید کامیـل خوێنـدنی سـەرەتایی و دواناوەنـدی هەر لە شارەکەی خـۆی بۆکان تەواو کردوەو هەر لەوێش "دیپلۆم" ی وەرگرتووە. سەید کامیل لەماوەی ژیـان و کـاتی لاوەتیـدا وەکـوو هەموو منداڵێکـــی کورد ژیانێکی پڕ لە چەرمە سەری و بەدوور لە ئازادی بەسەر بردووە، هەمیشە لاوانی کـورد هەسـتیان بە تەبعیزی نەژادی و وەک هـاووڵاتی دەرەجە دوو کـردوە هەم لە دەورانـی پاشـایەتیدا هەم لەدەورانـی کۆمـاری ئیسلامیدا بـۆیە سـەبارەت بەلاوانـی کـوردەوە لـــە هەردوو دەوارانـدا بـۆ ئەوان هەر وەکـوو یەک بـوە، سـەید کامیـل زۆر زووتـر هەسـتی بەم جیـاوازیە گەورانە کردبـوو بـۆیە هەمیشـە لـــە قسـەکانیدا دوبـارەی دەکـردەوەو دەیکـووت ئـێمە لەگەڵ عەجەم و فارسـان ناحاوێینەوە دەبی نێوانمان (تیل دڕوو) ی لێدەین کـــە زۆرتـر مەبەستی سەربەخۆیی کوردستان بوو لەو بـارەوە کـوردێکی زۆر "ناسیونالیست" بوو. سەید کامیل هەتـا گرتنەوەی شاری بۆکان لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانی ڕژێمی ئیسلامیەوە هەر لە بۆکان بوو بەڵام ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستان بو زۆریش حزبییەکی تـوند بوو،، بەدوای گیرانەوەی شاری بۆکان سەید کامیل لەگەڵ پێشمەرگەکان هاتە دەرەوەو ڕەسمەن بوو بە پێشمەرگە و لیباسی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی،، سەید کامیل هەتـا بڵێـی کـوڕێکی قسـە خـۆش و لەبەر دڵان بـوو،، هەر مەجلیسێک کـە سـەید کـامیلی لێبـوایە پـڕ پـڕ بـوو لە قسـەی خـۆش و پێکەنین و جەوێکی باسەفای دەخولقاند بۆ هاوڕێ و هاوسـەنگەرەکانی، لەگەڵ هاوڕێکـانی یەکجـار سـادەو سـەر ڕاست بـوو، لەناخی خۆیدا کەسێکی سادق و بێ ڕیاو بێ بوغزو غەرەز بوو، ڕێزی لەهەمـــوان دەگـرت،، خـۆی پـێ لەهیچ کەس گەورەتـر نەبوو، کوڕێکی بەبیروباوەڕ دڵپاک و خاوێن بوو. ئەم خوڕەوشتە جوانـانەی ببـونە هـۆی خۆشەویستیەکی زۆر لەلایەن هەمـوو ئەو کەسـانەی سـەید کامیلیـان دەناسـی،، هـیچ کەس نەبـوو ڕێـزی لـێ نەگـرێ و کەس نەبـوو کە ئـارەزووی چـاوپێکەووتنی نەبێ،، بۆیە سەید کامیل لەدڵی هەموانـدا جێی خـۆی کردبـۆوە ببـوە جێگـای بـاوەڕی گشت هاوسـەنگەران لەگەڵ ئەم هەمـوو جوانیـانە پێشمەرگەیەکی زۆر ئـازاو چـاپوک و ڕەشید بـوو لەمـاوەی پێشمەرگایەتیدا پلەکـانی پێشمەرگایەتی وەکـو جێگـری پەل،، سەرپەل،، جێگری لک،، سەرلکی، یەک بەدوای یەکدا بەسەرکەووتنەوە بڕی و وەکوو فەرماندەیەکی سەرکەووتوو لە هێـزی ۱۱۰ بەیـان سـەر بە نـاوچەی بۆکـان و دەوروبەری لە زۆربەی شـەڕە گەورەکـانی نـاوچەکە بەشـداری چالاکـانەی کـردو

بەشی دووهەم

جێگـــا دەستی لە ناوچەکەدا دیار بوو. سەید کامیل فەرماندەیەکی بە دسپلین و تەشکیلاتی بوو هەوڵی دەدا کارەکـانی بەبـێ ئیشتباو بە کەمترین زیان بەڕێوەبەرێ. بۆیە تـوانی فەرماندەیەکی باش و سەرکەووتوبێ. سەید کامیل لەناوچەکـانی دیکەی کوردستان لـــە کاتە سەختەکاندا سەنگەری لەدوژمن گرتـوەو بەرەنگاری لەخاکی پیرۆزی کوردستان کردووە وەکوو ناوچەکـانی سەقز، بانە،، مەهاباد،، بۆکان،، ڕەبەت. هەروەها بۆ ماوەیەکیش لە مەڵبەندی ٢ی کوردسـتان وەکـوو کـادری سیاسـی کـاری کردووە لێرەدا پێویستە بڵێم سەید کامیل چەندە لەبـواری پێشمەرگایەتیدا بە تـوانـا بـوو دوو ئەوەنـدەش لەبـاری سیاسیەوە کـادرێکی ئاگـاو وردو شـارەزا بـوو لەبـواری مێـژووی وڵاتەکەی و خوێنـدنەوەی بـۆ عیلمـانیەت و سـەرچاوەکانی و لێکـدانەوەی دروست و بەجێـی هەبـــوو هـیچ کاتێـک لەباسـە سیاسیەکاندا بـێ وەڵام نەبـوو نەزەرو بۆچـوونی تـایبەت بەخـۆی هەبـوو، لەوکاتدا سەید کامیل زیـاتر پێداگری لەسەر سەربەخۆیی کوردستان دەکردەوە هەمیشە لەسەر ئەو بـاوەڕە بوو کە کورد ناتوانێ لەگەڵ فارس و عەجەم بحاوێتەوە بۆیە دەیکووت دەبێ مەرزی خۆمان جودا بکەینەوە لەوان.

سـەید کامیـل بەداخەوە لە سـاڵی ١٣٦٥ بەدواوە، وردە وردە بـاری دەروونـی تێـک چـوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتـر دەبـوو هەر بۆیە هەتـا ئەو ڕۆژەی کە بۆخـۆی پێـی خـۆش بـوو لەنـاو هاوڕێکانیـدا بمێنێـتەوە وەکـوو پێشـوو بگـرە زۆر زیـاتریش ڕێزیـان لێدەگرت و بەهەموومان ئاگامان لێی بوو خزمەتمان دەکرد،، هەتـا سەرئەنجام دەبـوو بگەڕێـتەوە بـۆ شـارەکەی و نـاو خـزم و کەسوکاری بۆیە زۆر بەڕێزەوە بەڕێکرایەوە بۆ بۆکان و ئێستاش هەروا بـاری دەروونی خراپەو ژیـانـــی بێ ژیـانی خـۆی بەسـەر دەبـات.. هیوای چـاکبوونەوەی بـۆ دەخـوازم و چاوەکـانی مـاچ دەکەم هیـوادارم بمێنـێ و کوردسـتانی ئـازادو سـەربەخۆ ببینـێ و ئاواتەکەی بێتەدی...

پێویستە سوپاسی بەڕێزان: کاک فەتاح ئیلخانیزادە، کاک سلیمان سەعیدی، کاک برایم چوکەڵی بکەم کە هاوکاریان کردم.

یادێک لە شەهید بازید نەبەردی



هـەر جارەی لەناکاو فکرو مێشکم وێنەو ڕابردووی شەهیدێکم دێنێتە پێش چـاو. چەنـد چرکەیەک وەکوو فیلم لەقەڵافەتـی پیـاوانەی ئەو قـارەمانـانەم پیشـان دەدات. لەهەر جێگـایەک بـم، خەریکی هەر کارێـک بـم، ڕادەوەستم و هەتـا دڵـی پـڕو مێشکی ئاڵۆزم بەتـاڵ نەکەم وازناهێنم. هەرچی لەتوانامدا بـێ دەینووسم و وەبیر نەوەکان و لاوەکان و تـازەپێگەیشتووەکانی دێنمەوە، هەتـا بـاش بزانن بـاب و بـاپیرو کەسوکاریـان چۆن پیـاوانەو، شێرانە، شۆڕشگێڕانە لەبەرامبەر گەورەتـرین دوژمنـی کورد کۆماری ئیسلامی بێبـاکانە ڕاوەستـاون و بەرەنگاریـان لەخـاک و شـەرەفی گەلەکەیـان کـردووەو هەتـا دوا دڵـۆپی خوێنیـان لەسەنگەرەکاندا مانەوە، بەڵام نەبەزین هاوڕێیەکی بۆی گێڕامەوە کووتی شـەوێک پێش شـەهیدبوونی، لـە گونـدی "زاواکێـو" نانمان خواردو چووینە "سـاردە کوێسـتان" شـەوێ دانیشـتبووین قسـەی خۆشی پێشمەرگانەمان دەکـرد لەناکـاو "بازیـد" لەمنـی پرسـی ئەرێ تـۆ چۆن هـاتی بـۆ پێشـمەرگایەتی هەنـدێک لەپـێش منـدا جوابیـان داوەو باسیـان کـرد کەچـۆن هـاتوون بـۆ پێشمەرگایەتی. هەنـدێک باسـی یەکەم ڕۆژەکانیـان دەکـرد کە چەنـدە خۆشحاڵ بـوون کە وەرگیـراون، هەنـدێک هەرگیـز ئەو ڕۆژانەیان لەبیـر نەدەچـوو کـــە هەستیان کـردووە گەورەتـرین شـانازیان پـێ بـڕاوە کە چەک بەدەست دژی دوژمن دەجەنگن. لەکۆتاییدا شەهید بازید لەکۆڵ من هەر نەبۆوە کـووتی هەر دەبـێ بۆمـان بـــاس بکەی کە چـۆن بـوی بە پێشمەرگە.. منیش کـووتم دوای ئەوەی پێشمەرگە زەربەیەکی زۆر گەورەیان لە هێزەکانی دوژمن دا لـــە نـاوچەی شـامات بـۆ ڕۆژی دوایـی دوژمن هێرشی کردە سەر گوندەکانمان لەوناوچەیە لە "قەرەگۆل" گوندەکەی من خەڵکی بـــێ دیفاعیان قەتڵ وعـام کـرد خوشکێکی

بەشی دووهەم

منیشیان شەهید کرد، منیش هەرچەندە تازە لاو بووم لەسەرقەبران کاتی ناشتنی خوشکم سوێندم بەخوێنی خوشکم خوارد کە تۆڵەی بکەمەوە. بڕیارمدا ببم بە پێشمەرگە هەموو خەڵکی گوندەکە ئەوەیان زانی کەمن تۆڵەی خوێنی شەهیدان دەکەمەوە، ماوەیەکی بەسەردا تێپەڕی بوو هێشتا هەر لەناو دێ بووم، هەموو جارێ کە تووشی کچانی گوندی دەبووم خێرا پێیان دەکووتم ئەدی ئەوە کەنگێ دەچی بۆ پێشمەرگایەتی ئاخر تۆ سوێندت نەخواردە؟؟ ئەوەندەیان پێکووتم منیش بۆ سبەینێ هاتم بۆ پێشمەرگایەتی. لەناکاو بازید قاقایەکی لێداو هێندە پێکەنی قسەی بۆ نەدەکرا، پاش بە پچڕ، پچڕ کووتی دە بڵێ لەترسی کچانی ناودێ بووم بە پێشمەرگە.. ئەو شەوە هەتا بەیانی کوڕەکان بەو قسەیە پێکەنین. ئەوکات بازید هاتبووە لکی ٢ی هێزی پێشەوا کاک سەید سمایل مەعروفی فەرماندەری لکی٢ بوو. بۆ سبەینێ لە کوێستانەکانی سارە کوێستان ڕژیم بەهێزێکی زۆرەوە هێرشی کردە سەرمان، شەڕ لەهەموو لایەکەوە دەستی پێکرد، تۆپ و خومپارە بارانی دوژمن لە هەموو شاخ و دۆڵەکان دەبارین بەسەرماندا، شەڕ هەتا دوانیوەڕۆیەکی درەنگ درێژەی هەبوو، زۆربەی شاخەکانمان لێ ئەستاندبوونەوە لە گەرمەی شەڕەکەدا دوژمن کوژراوو بریندارێ زۆر بوو بۆیە ئاگری تۆپخانەیان زیاتر دەکرد لەسەر سەنگەری پێشمەرگەکان لەم شەڕەدا بەداخێکی زۆرەوە ٤ پێشمەرگەی قارەمان گیانی خۆیان کردە پردەبازی ڕێگای ڕزگاری و ئازادی گەلەکەیان بۆیە شەهید بوون هەتا نەوەکانی دواڕۆژ بە ئاسوودەیی بژین...

شەهیدەکان:

١- بازید نەبەردی خەڵکی مەهاباد
٢- ناسر مڕانەیی خەڵکی مڕانە
٣- سمایل ئەحمەدزادە خەڵکی بەفرەوان
٤- مینە بێسیم چی خەڵکی بۆکان

یادو یادگارەکانی هەر چوار شەهید بۆ هەمیشە لەناو دڵماندا بە زیندوویی دەمێنێتەوە. بژی یادو ناوو ناوبانگ و قارەمانێتیان...

زۆر سوپاسی کاک سەید سمایل مەعروفی و کاک ڕەزا قەباکەندی دەکەم کە هاوکاریان کردم بۆ ئەم یادکردنەوەیە لەو شەهیدانە...

چۆنیەتی شەهید بوونی." محمد پور ڕەشیدی" ناسراو بە "محمد گوگە"



ڕۆژی جەژنی قوربان و، ڕۆژێکی هەورو تاریک و باران. لە ڕێکەوتی ٢٠ - ١٠ - ١٩٨٠ی میلادی بوو. بەرامبەر ٢٨ - ٧ - ١٣٥٩ی هەتاوی. دوژمن هات و چۆی لە ڕێگەی ستوون و ڕێگای هەوایییەوە بوو بۆ شاری "مەهاباد".. پەلێک لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا بە نیازی دانانەوەی کەمینێک بۆ دوژمنان و لە داو خستنیان. بۆسەیەک لە ناو باغی سمایل ئاغای کۆسەکەڕێز. دادەنێنەوە. لە سەر جادەی نێوان مەهاباد ورمێ. پێشمەرگەکان بە دەستوری فەرماندەکەیان "محمد گوگە" هەریەکەو لە جێگای خۆی دادەمەزرێن. بە بێ هەست و بێ جوڵە کردن لە ژێر باران و تەڕو قوردا.دەمێنەوە هەتا بزانن کەی دوژمن دەکەوێتە ناو کەمینەکەیانەوە. تفەنگەکان لە سەر پێ. ئامادەو چوست و چالاک بۆ هەڵمەت بردن کاتژمێر نزیک بە یەکی دوانیوەڕۆ بوو. کە دوو ماشێنی پڕ لە جاش و پاسدار لەگەڵ تانگێک کە لەسەر تریێلی بوو دێن و دەکەونە ناو داوی پێشمەرگەکان.. لە گەڵ هەستانە سەرپێی فەرماندە و بە هاوار کردنی "دا لێیان دەن" قوربانتان بم. ڕوحمیان پێ مەکەن.. تەقە دەست پێدەکات بە یەکەم موشەکی "ئارپێ جی" تریێلیەکە بە تانگەوە لە کار دەخەن. هێرش دەکەنە سەر جاش و پاسدارەکان لە یەکەم دەسرێژدا زۆرێک لە پاسدارەکان دەکوژرێن. جاشەکان خۆیان لە قەراغ جادە دەشارنەوەو بەرەنگاری دەکەن. زۆری پێ ناچێ هێزی یاریدەدەری دوژمن هەم لە مەهاباد، هەم لە نەغەدەوە خۆیان دەگەیەنە شەڕەکە. بۆیە شەڕەکە گەورەتر دەبێ و پێشمەرگەکان گەمارۆ دەدەن و لە هەموو لایەکەوە لێیان دەدەن. هەتا سەعات چواری ئێوارە مقاومەت دەکەن. بەڵام هەم شەهید هەبوو. هەم بریندارپەلی شەهیدانی لکی دوو بنکەیان لە گوندی "دایماو" بوو. کە نەفەرێکی خەڵکی کۆسەکەڕێز خەبەریان بۆ دەبات...

بەشی دووهەم

کە هەرچی زووتر بڕۆن و فریای پێشمەرگەکان بکەون. لە باغی سمایل ئاغای کۆسەکەڕێز دەرگیرن لەگەڵ هێزێکی زۆری دوژمن. پێشمەرگەکانیش بە بیستنی ئەم هەواڵە. خێرا خۆیان دەپێچنەوەو بە دوو ماشێن. بە پەلەو خێرا خۆیان دەگەیەننە. دەوروبەری باغەکە. "کەریم دادەر" کە جێگری پەل بوو لەگەڵ خالید ئیبراهیمی. کە لە وڵاتی "فنلەند" کۆچی دوایی کرد. بە شێوەیەکی پارتیزانی خۆیان دەگەیەننە پێشمەرگەکان. تەقە هەر بە تووندی دەرێژەی هەیە. کە دە بینن زۆربەی زۆریان شەهید بوون. بەڵام دوژمن جورئەتی نەبوو لێیان نزیک ببێتەوە. کەریم خۆی دەگەیەنێتە لای محمد گوگە. دەبینێ لە دێراوێکدا پاڵی داوەتەوەو هەموو گیانی خەڵتانی قوڕو خوێنە. هێشتا برینەکەی خوێن فڕێدەدا. دەمارەکانی هەر لێدەدەن. هێشتا گیانی گەرمەو هەڵمی لێ هەڵدەستێ. هێشتا چاوەکانی هەر ڕوونن، جار جارێک دەیگێڕێ بە ملاو بەولای خۆیدا. بەڵام توانای قسەکردنی نەماوە. لەوانەیە بە چاوان حاڵیم بکا بڵێ برۆ بەجێمبێڵە. یا ڕەنگە بڵێ بزانە کوڕەکانی تر چۆنن؟؟ ئێستاش نەمزانی مەبەستی چ بوو.. کەریم زۆری ڕادەوەشێنێ. پێی دەڵێ.. منم کەریم دادەرم هاتوم ڕزگارت کەم. هاتوم دەتبەم چاکت دەکەمەوە. دەتبەمە لای دکتۆر.. ئاخرین سیلەی چاوەکانی تێبڕیم و گیان و ڕۆحی بەخشیە بارەگای ئازادی بۆ ژیانێکی ئاسودە بۆ نەوەکانی داهاتوو. پێشمەرگەیەک توانیبوی خۆی ڕزگار بکات بە ناوی شەماڵ کە خۆی گەیاندبووە گوندی "قزڵقۆپی" کەریم دەبینێ تانکەکە بە تڕێلیەوە بە جێ ماوە. دۆشکەی سەر تانگەکە لێ دەکاتەوەو ئاور لە تانگ و تڕێلیەکە بەر دەدا.. بە هاوکاری پێشمەرگەکان و خەڵکی کۆسەکەڕێز.. تەرمی شەهیدەکان کۆ دەکەنەوەو دەیانگەیەنە گوندی "ئیندەرقاش" هەر لەوێش لە ڕێوڕەسمێکی پێشمەرگانەدا بە خاکی پاکی کوردستانیان دەسپێرن..

هەزاران سڵاو لە ڕۆحی پاکی هەموو شەهیدانی کوردستان.

شەهیدەکان:

١- محمد گوگە
٢- مەنسوور ڕەهایی
٣- سولەیمان سەرخانی
٤- ڕەحیم سابت
٥- سولەیمان سەرکەبود
٦- برایم مەلازادە
٧- سولەیمان مەنسووری.

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل.

یادێک لە شەهیدی نەمر: عوسمان ئوستاد ئیبراهیمی.



شەهید لەدایک بووی گوندی خەڵیفان سەر بەناوچەی مەنگورانی مەهابادە. لەداوێنی گەرمی بنەماڵەیەکی دەستکورت و زەحمەتکێش هاتۆتە دنیاوە. ژیانی منداڵی وەکوو زۆربەی هەژارانی کورد تێپەڕ کردووە. دەورانی سەرتایی و ناوەندی خوێندووە. لەگەڵ خوێندنەکەی هاوکاری و یارمەتی بنەماڵەکەشی داوە. هەتا سەرئەنجام لەساڵی ١٣٥٧ هەتا ١٣٥٩ وەکوو مامۆستا دادەمەزرێ لە گوندەکانی قرۆچای سەرێ و قالوێی زەندان ئەرکی دەرس گووتنەوە بە منداڵانی کورد وە ئەستۆ دەگرێ لەگەورکی مەهاباد. هەتا ساڵی ١٣٥٧ کە خۆپیشاندان دەستپێدەکات بەدژی ڕژێمی پاشایەتی لەسەرتاسەری ئێران. عوسمان یەکێک لەو کەسانە بوو کە زۆر چالاکانە بەشداری دەکرد. دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و ئاشکرابوونی خەباتی حیزبی دیموکرات. عوسمان خۆی لەناو یەکیەتی لاوانی دیموکرات دا دیتەوە. بۆ ئازادی و ڕزگاری گەلەکەی نزیکترین ڕێگای هەڵبژارد، کە خەباتی حیزبی دیموکرات بوو.

هەتا ساڵی ١٣٥٩ پاشان هاتە ناو تەشکیلاتی حیزبو بەڕەسمی بوو بە پێشمەرگە. چەکی شەرەفی کردەشان و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی. لەوێ دەست بەکاربوو وەکوو ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی گەورکی دوو. هەتا ساڵی ١٣٦٠ پاشان جودا لەکاری ڕێکخراوەیی دەرسی کوردی بە منداڵانی گوندەکان دەگووتەوە. ساڵی ٦١ هەتا ساڵی ٦٢ پاشان وەکوو ئەندامی کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی مەهاباد دەستی بەکار کرد. لەساڵی ٦٣ دیسان گەڕایەوە بۆ کۆمیتەی شارستانی مەهاباد. هەتا ساڵی ٦٤ کرا بە بەرپرسی ناوچەکانی گەورکی ١ و ٢ لەناوچەی مەهاباد. درێژەی بەم کارەی دا هەتا ساڵی ١٣٦٥ و سازماندەیی تازەی حزب. لەم سازماندەیەدا عوسمان لەبەر هوشیاری لێزانی خۆی وەکوو کادری سیاسی دیاری

بەشی دووهەم

کرا بۆ یەکێک لە لکەکانی هێزی پێشمەرگە لەهێزی پێشەوا.

ساڵی ١٣٦٦ وەکوو ئەندامی موشاوێری کۆمیتەی ناوچەی مەهاباد دیاری کرا. لەم ئەرکەشدا زۆر سەرکەوتوانە ئەرکی سەرشانی بەجێهێنا. هەتا ساڵی ١٣٦٧ وەکوو ئەندامی شارستانی مەهاباد دیاری کرا. عوسمان هەر لەو ساڵەدا بەهۆی لیاقەت و شارەزایی خۆی وەکوو ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی دیاری کرا.

هەتا کاتی شەهید بوونی لەم پۆستەدا مایەوە. بەداخێکی گرانەوە لەڕێکەووتی ٥ - ٦ - ١٣٦٨ لەگوندی قادراوا بەهۆی هەڵەی نیگابانێکەوە هەستیاری ناوچەکە بەهەڵە تەقە لەم تیمەی ڕێکخراو دەکەن و عوسمان شەهیددەبێ.

لەسەر وەسیەتی پێشووی خۆی کە داوای کردبوو ئەگەر شەهید بووم لە کن شەهید ساڵەی حوسەینی بمنێژن، کە دۆست و هاوڕێی خۆی بوو. هەرچەند هاوڕێی شەهیدی لە گۆڕستانی شاری مەهاباد نێژرابوو. بەڵام بابی شەهیدعوسمان بە هەر شێوەیەک و بەهەر نرخێک بوو سەرەڕای کێشەو گرفتێکی زۆر لەگەڵ دوژمن. بەڵام وەسیەتی کوڕەکەی هێنایەدی ولەکن هاوڕێی شەهیدی ساڵەی حوسەینی باخاکی پاکی کوردستانیان ئەسپارد لەمەهاباد.

یادو ناوبەرزو بەڕێزبێ و ڕێگای خەباتی بەردەوام.

هاوڕێ مەحمود محەمەدی ناسراو بە (محمود خاس)



یادێک لەم شۆڕشگێڕەی حزب و خەڵک

ئەمجارە دەچینەوە ناو دارستان و جەنگەڵی سەرسەوزو لانەی شێران و قارەمانانی هەموو دەورەکانی خەبات و جوڵانەوەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان "تەنگەی گرژاڵ" و گوندی "گرژاڵ" لە ناوچەی سەردەشتی جوان و دڵڕفێن. سروشت بۆخۆی حەیران و سەرخۆشی ئەم ناوچە جوان و سەر سەوزەیە لە لای خوارەوەی چۆمی "کەڵوێ" کە تینوێەتی تەوای دەوروبەری خۆی بە درێژایی خۆی دەشکێنێ. مایەی ئاوەدانی و بژێوی سەرجەم دانیشتوانی دەوروبەری خۆیەتی. "مەحمود محەمەدی" ناسراو بە "محمود خاس" بۆ پێی دەڵێن "خاس"؟؟ هەر منداڵ بووە کە بابی نەماوەو دایکی هەم بۆی بوەتە باب ودایک. دایکی ناوی پورە خاس بووە بۆیە بە محمودخاس ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٢ی میلادی لە گوندە جوانەکەی "گرژاڵ" لە دایک بوەو چاوی بە دنیای جوانی ئەم بەهەشتە هەڵێناوەو یەکەم هەناسەی بە هەوای پاک و بێگەردی ئەم بەهەشتە هەڵمژیوە. بەداخەوە بە هۆی نەبوونی قوتابخانە لە گوندەکەیان وەکوو زۆربەی گوندەکانی تری کوردستان، مەحمود لە نیعمەتی خوێندن بێ بەش دەبێ وەکوو هەموو هاوتەمەنەکانی ئەوکاتی خۆی. بۆیە مەجبور دەبێ هەر بەکاروباری ڕۆژانەوە سەرقاڵ بێ بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان. مەحمود هەر لە تەمەنی لاوێتیدا لەگەڵ شۆڕشگێڕانی بزوتنەوەی ساڵەکانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ لە ناوچەی خۆیان ئاشنا دەبێ و هاوکاریان دەکاو داوایان لێدەکات بیکەنە ئەندامی خۆیان. دوای شەش مانگ لەژێر

بەشی دووهەم

چاوەدێری گرتن لە لایەن شەهیدان "مەلا ئاواره - کاک سلیمان موعینی ناسراو به فایەق - مەلا محمود زەنگەنە - مینه شەم - پیرەباب" کە باپیری خۆی مام پیرۆت ئەندامی چالاکی ئەوان بووە. وەکو ئەندام وەریدەگرن و چالاکتر لەجاران کاریان بۆ دەکاو هەڵدەسوڕێ. هەر چەندە ئەوکات مەحمود خاس چەکی هەڵنەگرت بوو بەڵام هاوکاری تەواوی دەکردن. جێگای باوەڕی شۆڕشگێڕان بوو، هەرچەندە بزوتنەوەکە زۆری نەخایاند و خامۆش بوو، بەڵام محمود خاس هیواو ئومێدی بەرنەداو دڵی پڕ لە ئارەزووی دانەمرکا وازی لە خەبات و حزب نەهێنا هەرچەندە مالّ و منداڵی هەبوو بەڵام وەی نەڕوخا بوو، لە زستانی ساڵی ١٣٤٩ تیمێکی ٣ کەسی دێنەوە بۆ ناوچە سەرکێشانە خەریکی کاری حزبی بوون، یەکێک لەوانە پەیوەندی بە "ساواک" وە دەبێ و لەو پەیوەندیەدا مەحمود خاس لەلایەن ساواکەوە دەگیرێ بۆ ماوەی ٨ مانگ دوای لێدان و ئەشکەنجە هیچ قسەیەک لە محمود خاس نابیستن بۆیە دوای ٨ مانگ زیندانی ئازادی دەکەن. بەڵام محمود خاس زیندان چاوی ناترسێنێ و دەست لەکاروباری حزبی هەڵناگرێ تا سەرئەنجام دیسان لە ساڵی ١٣٥٢ لەلایەن ساواکەوە دەگیرێ و ئەمجارە زۆری ئازار دەدەن و بێ حورمەتی زۆری پێدەکەن. بۆیە هەمیشە مەحمود خاس دەیکووت من لە زیندان بە چاوی خۆم دیتم کە چ ڕەفتارێکی ناشیرین و بێ حورمەتی بە کورد دەکەن. هەموو جارێ دەیکووت وادەزانم گەورەترین زوڵمی دنیا لە من کراوە کە قوتابخانەیەک لە ناوچەکەماندا نەبوو من دەرس بخوێنم و فێری نوسین و خوێندنەوە بام. قەت ئەو زوڵمەم لەبیر ناچێ.. بەڵام لەگەڵ ئەوەی سەوادی خوێندن و نوسینی نەبوو مێشکی زۆر باش کاری دەکردو کەسێکی زۆر بە تواناو زیرەک بوو. زۆریش هوشیار بوو زۆر وتەبێژێکی باش بوو زۆر ڕەوان و بێ گرێ قسەکانی دەکرد. زۆر دەوڵەمەند بوو لە زانیاری، ئەوانەی محمود خاسیان لە نزیکەوە دەناسی و لەگەڵی بوون دەزانن لە کاری ڕۆژانەو پێشمەرگایەتیدا چەندە هەڵسوڕو شارەزاو بە بەرنامە بوو.

لە خۆپیشاندانەکانی شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێران بە دژی ڕژیمی پاشایەتی محمودخاس چونکە زۆری ئازارو ئەزیەتی لە ساواکی ڕژیم چەشتبوو زۆر چالاکانە بەشداری دەکردو لە گرتنی دامودەزگاکانی ڕژیمی پاشایەتی چالاکانە بەشدار بوو .پاشان لە هێزی "شەهید موعینی" سازمان درا کاتێک حزب کۆنترۆڵی ناوچەکانی گرتە دەست محمودخاس ساڵانێکی زۆر لەم ناوچەیەدا کە ڕێگای هاتوچۆی هەموو هێزەکانی کوردستان بوو لە دەفتەری سیاسی بۆ ناوچەکانی تری کوردستان.. محمود خاس لە پەڕینەوەی بریندارەکانی هێزەکانی تری حزب بۆ ئەوبەری جادەی "پیرانشار - سەردەشت" هەروەها پەڕاندنەوەی ئەم هەموو هێزو کۆمیتە شارستانانە، هەمووی لە ئەستۆی مەحمود خاس و هاوڕێیانی بوو، بۆیە پێیان دەکووت "لۆتکەی حزب" هێندەی پێشمەرگە لە جادەو چۆمی "کەڵوێ" پەڕاندبۆوەو لە کەمینی دوژمنی دەرکردبوون. چەندین جار لە لایەن هێزەکان و کۆمیتە شارستانەکانەوە تەشویق کراوە. بە حەق پردی حزب بوو بۆ هێنان و بردنی هێزو کۆمیتەکانی حزب.مەحمود خاس لە زۆربەی زۆری شەڕەکانی ناوچەی سەردەشت و ڕەبەت بەشداری چالاکانەی کردبوو. هەروەها بۆ زۆر

بەشی دووهەم

ناوچەی کوردستان بە کارو مەیمۆریەتی حزبی ڕۆشتووەو ڕاستەوخۆ لە هێزو کۆمیتە شارستانەکان کاری کردووە. لە ناوچەی سەردەشت ئەم بەرپرسایەتیانەی هەبووە، سەرپەل،، جێگری دەستە،، سەردەستە. هەروەها لە ناوچەی "ڕەبەت" وەکوو جێگری فەرماندەری لک،، فەرماندەری لک. لە مەڵبەندی "سپی سەنگ" وەکوو فەرماندەری لک فەرماندەیی زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی کردووە. تاسەرئەنجام مەحمود لەگەڵ بنەماڵەکەی ڕوو لە هەندەران و تاراوگە دەکات و لە وڵاتی "نۆروێژ" دەگیرسێتەوە هەر لە وڵاتی "نۆروێژ" بەشێوەیەکی گۆماناوی دەکوژرید و ماڵئاوایی لە کوردو کوردستان دەکات.
ڕۆحی شادو ڕێگای پڕ ڕێبوار بێ. بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل.

پێویستە سوپاسی برای بەڕێزم کاکە خدر میراوەیی بکەم کە هاوکاری تەواوی کردم لە بیوگرافی زانیاریەکان...

یادێک و وەفایەک بۆ نەمر (خوسرەو شێربەگی)



مێژوومان پڕە لە سەروەری و فیداکاری، کوردو ڕۆڵەکانی زۆر سەخاوەتانە هاتوونەتە ناو ڕیزی شۆڕشگێڕان و بوونەتە بەشێک لە سووتەمەنی ئەو خەباتە. هەتا ئاگری شۆڕش و بەرەنگاری دانەمرکێتەوە، تا ئاخرین قەترەی خوێن و تا دوا نەفەس لە سەنگەری مەردایەتی و شەرەفدا سنگیان داکوتاوەو چۆلیان نەکردوە. ئەم قارەمانانە زۆربەیان لە ئاخرین کاتەکانی ژیانیاندا دەم بە پێکەنین و بە حوورمەتەوە خاکی پاکی کوردستانیان ماچ کردوەو، بۆ هەمیشە لەگەڵ هاوڕێیان لە زیندانەکانی دوژمندا کە ئەوانیش لە سەنگەری زیندانەوە بە خۆبەندنەوەی سروودی دوژمن شکێنی "ئەی ڕەقیب" و ماچ کردنی پەتی سێدارە یان تیرباران کردنیان. مالئاواییان لە هەموومان کردو بۆ هەمیشە لە دڵی هەموو کوردێکدا زیندوون و نەمرن. زۆربەش لەو قارەمانانە لەناو سەنگەری شەرەف و بەرەنگاری کردن لە داگیرکردنی خاکی کوردستان شەهید بوون و هەزاران شەهیدی تر کە لەکاتی بەڕێوەبردنی ئەرکی حزبیدا گیانیان لەدەست داو چونە ناو کاروانی شەهیدان. یەکێک لەو نەمرانە خوسرەو شێربەگی یە...

نەمر خوسرەوی شێربەگی لە سەرەبەهارێکی دڵگیری ناوچەی مەهاباد لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە گەرەک ئەرمەنیانی مەکۆی کوردایەتی ئەمشارە لەداوێنی بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەرچاو بە جیهانی ڕوون هەڵدێنێ و بەشیری پاکی دایکی فرچک دەگرێ.، دووساڵانە دەبێ کە چەپگەردی گەردوون و چەرخی بێرەحمی ڕۆژگار جیهانی منداڵانەیدەشێوێنێ وبابی لێ دەستێنێ. لەدوای نەمانی باب ڕەوڕەوەی ژیانی بنەماڵە گۆرانی بەسەردادێ. لەم قۆناخەدا دا دایە مەلەک دەبێتە قەڵاو

بەشی دووهەم

دەبێتە باب و هەموو خۆشەویستی مانْ لەدەوری بوونی خوسرەوی خنجیلانەدا کۆدەبێتەوە. بەمجۆرە خوسرەو لە ژێر چەتری پر لەخۆشەویستی دایکی هەناسەساردی دا بەرەبەرە بالاْدەکات و و گەورە دەبێ .خوسرەو تەمەنی خوێندنی دێ وەرەوانەی قوتابخانە دەکرێ، سالەکان دێن ودەچن وبەهاری تەمەنی خوسرەویش لە گەشانەوە دادەبێ وبالاْدەکات ...خۆپێشاندانە کان لە دژی رژێمی کۆنەپەرست وفاشیستی حەمەرەزاشای دیکتاتۆر دەستی پێدەکات ومەهابادیش دەبێتە ناوەندنی نارەزایەتی وبێزاریی لە دژی رژێمی پاشایەتی.خوسرەو وەکوو زۆربەی هەرەزۆری لاوانی مەهابادی بورکانی رق وقینی بەرامبەر بەرژێمی زۆرداری پەهلەوی دەتەقێتەوە وتێکەل بە ریزی خۆپێشاندەران دەبێ. لە زۆر شوێن لە ریزی هەرەپێشەوەی خۆپێشاندەران دایە، چاونەترسی خوسرەو هەر لە یەکەم سەرهەڵدانەکانی مەهاباد دا دەرکەوێ، چاوی لە تەقەی هێزەکانی رژێم کە روو بە خۆپێشاندەرانە ناپرینگێتەوە، بۆ خوسرەو خۆپێشاندان و تەقە و ئاورکردنەوە وبەردەبارانی هێزەکانی رژێمی شایەتی وەک فیلمی سینەمایی لێدێ .سەرئەنجام شالەبەر هێزی گەل خۆی ناگرێ و دەرووخێ و شنەبای ئازادی لە کوردستانی داگیرکراو تێهەڵدەکات و خەبات بۆ ئازادیی دەست پێدەکات..

کەڵکەڵەی کوردایەتی وپێشمەرگایەتی مێشکی زۆرێک لەلاوانی کوردستان داگیر دەکات، خوسرەویش یەک لەم لاوەبەهەستانە دەبێ کەئەوینی پۆشینی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی هەموو روح وجەستەی بتەنێ. پۆلی دواناوەندی قوتابخانە بەجێدێڵێ وبە کردەوەدەچێتە ناوکاروانی تێکۆشەرانی رێگای ئازادیی ماوەیەک لە ریزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا لە گوندی هەڵوێی ناوچەی سەردەشتدادەمێنێتەوە، خوسرەبۆچی ریزی کۆمەڵە هەڵدەبژێرێ چیرۆکی خۆی هەیە.

هەرئەو ساڵە کە خەبات بۆ ئازادی کوردستان دەست پێدەکات و حیزبی دێمۆکرات دەبێتە پێشەنگی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان خوسرەو لە گەڵ چەند هاورێیی بە مەبەستی پێشمەرگایەتی دەچنە لای شەهیدی نەمر سەرگوردەعەبباسی کەخۆیان ناونووس بکەن و ببنە پێشمەرگە. سەرگورد عەباسی کە سەیری سیمایان دەکات ئەوانە زۆر گەنجن وتەمەنی پێشمەرگایەتیان نیە پێیان دەڵێ کە باشترە بەجێگای چەک هەڵگرتن و بوون بە پێشمەرگە درێژە بە خوێندنەکەتان بدەن ولەمرێگایەوە خزمەتی نەتەوەکەتان بکەن، ئەوکات کە تەمەنی پێشمەرگایەتیتان هات وەرنەوە. خوسرەوەهاورێکانی کە بریاری پێشمەرگایەتیان دابوو و هەڵگرتنی چەک لەناو مێشکیان دا گەرای داکوتابوو بۆلای کۆمەڵە دەچن ولەوێ چەکیان پێدەدەن و دەبنە پێشمەرگەی کۆمەڵە.بەڵام خوسرەو کە خوێنی کۆمەڵەی ژێکاف لە لایەن بابیەوە لە دەمارەکانی لەشی دالەحەرەکەت دایە و عەشقی پێشمەرگەی دێمۆکرات تانوپۆی داگرتوە ریزەکانی کۆمەڵەی بەجێدێڵێ و پەیوەستی پێشمەرگەگانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەبێ و لە پەلی شەهید حەسەن بێکەس لەلکی ٣ی هێزی شەهید پێشەوادا سازمان دەدرێ...

بەشی دووهەم

داستانی سەروەری و قارەمانەتی پەلی شەهید حەسەن بێکەس جێگایەکی تایبەتی هەیە لەناو خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی رۆژهەلاتی کوردستان دا. ئەم پەلە کۆمەلێک لاوی خوێنگەرم وچاونەترسی لەخۆی گرتبوو کە چاویان لە گوللە نەدەترسا و نەیاندەزانی ترس بەری چ داڕێکە و مەرگیان بە چۆک داهێنابوو . لەزۆربەی چالاکی پێشمەرگەکانی هێزی شەهید پێشەوادا بەشداری قارەمانانەیان کردبوو.خوسرەو چەندین جارلە شەرەکاندا بریندار بوو بەڵام هەمووجارێ بەورەتر لەپێشوو دەگەرایەوە ناوسەنگەر. عەشق وهۆگرێکی لەرادەبەدەری بە پێشمەرگایەتی هەبوو.پێشمەرگایەتی هەر لەخۆی جوان بوو لە هەر شوێنێ خوسرەوە سەنگەری گرتبا مەحال بوو ئەوسەنگەرە داگیربکرێ. ئاوری بێ ئەمانی بیکەیسی دەستی خوسرەو و سیلەی چاوی هەڵۆئاسای لە عەمەلیاتەکاندا پشتیوانەیەکی بەهێز بوو بۆ هاوسەنگەرەکانی...

بۆ ئەوەیکە هۆگری وئەوینی خوسرەومان بە پێشمەرگایەتی باشتر بۆ دەربکەوێ لەلایەن رادیو دەنگی کوردستانەی ئێرانەوە بانگەوازێک رووبە کۆمیتە شارستانەکانی حیزب بلاوکرایەوە کە کۆمیسیونی رادیو وئینتشارات بۆ راپەراندنی ئەرکی رۆژانەی پێویستی بە کادری شارەزا لەم بوارەدا هەیە. خوسرەو پێش دەستپێکردنی پێشمەرگایەتی لە قوتابخانە لە ڕشتەی خەدەماتی دا خوێندبووی و تارادەیەک شارەزای تایپکردن وکاری چاپەمەنی بوو یەکێک لەمکەسانەی کە بۆ تاقی کردنەوە لەلایەن کۆمیتەی مەهابادەوە ناردرایە دەفتەری سیاسی خوسرەو بوو .بەڵام کاتێ خوسرەو لە نیزیکەوە شوێنی دەفتەری سیاسی دەبینێ کە شوێنێکی تەنگەبەری داخراوی بێ جوولەیە ومەودای فرینی شابالی هەڵۆی نیە بۆ یەک چرکەش بێ ئەوەی دوودڵی رووی تێکاتلەم شوێنە بمێنێتەوە، هەر زوو دەگەڕێتەوە ناو پێشمەرگەکانی پەلی بێکەس وخەباتی هەڵۆئاسایانەی خۆی لەم پەلەدا درێژە پێدەدا... لە ماوەی پێشمەرگایەتی دا بۆ چەندین مەموریەت وجەولەی سیاسی نیزامی دەروات شیوودۆڵ و چیاکانی کوردستان هەنگاو بەهەنگاو دەپێوێ، لە زۆر رووبارەدەپەڕێتەوە ولە زۆر لووتکەی شاخان وەسەردەکەوێ.لەهەرشوێنێ چیرۆکێک لە خولیاکانی پێشمەرگەیەک کە تفەنگی بۆ ئازادی هەڵگرتو لە دەفتەری بیرەوەری پێشمەرگایەتی دا تۆمار دەکات. زۆر شوێنی کوردستان شاهیدی بۆ ئازایەتی وقارەمانەتی خوسرەودەدەن. یەکێک لەم شوێنانە کە خوسرەو وانەی ئازایەتی و کوردایەتی لێ فێر بوو مەڵبەندی شیمالی کوردستان بوو.

ساڵی ١٣٦١هەتاوی لەسەر بریاری دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەستەیەک لە چاونەترس ترین و قارەمانترین پێشمەرگەکانی هێزی شەهید پێشەوا دیاریدەکرێن کە بۆ داگیرسانی چەخماخەی شەری چەکداری لە جەنگەڵەکانی باکوری ئێران بچنە یارمەتیدانی نەوەکانی میرزا کوچک خانی جەنگەڵی وفێری شەرو بەرگریان بکەن.. یەکێک لەو دەستە پێشمەرگەیە شەهید خوسرەوە. خوسرەو چەندرۆژ بەر لە رۆیشتنی ئەومەموریتە بۆ ماڵاوایی لە دایە مەلەک دەچێتە گوندی حاجی مامیان.دایە مەلەک جل وبەرگی گەرمی زستانی بۆ دێنێ کە خوسرەو لەسەرماوسۆڵەی زستان

بەشی دووهەم

بپارێزێ بەڵام بەخشەندەیی خوسرە ئەوکاتە دەگاتە چلە پۆپە کە ئەوبەرگانەی دایە مەلەک بۆی هێنابوو دەبەخشێتە یەکێک لە هاوڕێکانی کە لەومەموورییتەدا بەشدارە. ئێوارەی رۆژی ١٧ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی لە گوندی سیاقۆڵی مەنگوورانی ناوچەی مەهاباد لەگەل پێشمەرگەکانی هاوڕێی دەکەونە رێ. لە کۆستانی بۆگەنیوە بارِن و بەفرو کرپوە دەستپێدسەکات، پێشمەرگەکان رێگایەنا لێ ون دەبێ، پاش ماوەیەک سووڕانەوە بە دەوری خۆیان دا لەبەر ئەوەی خوسرەو جلو بەرگێکی ئەوتۆی لەبەردانیە سەرما زوو کاری لێدەکات و لە پێی دەخات. هاوسەنگەرەکانی و یەک لەوان ئەوکەسەی خوسرەو بەرگەکانی خۆی دابوویە بە نیەتی ئەوەیکە دەرۆن هێزی یارمەتیدەری بۆ دەنێرن لەوچۆلەوانیە دا بە تەنیا جێی دێڵین... خوسرەو دوا تەقەلای خۆی دەکات کە لەودۆزەخی سەرمایە ڕزگاریی بێت، بە تفەنگەکەی رێژنەیەک دەکات هەتا بەهاوسەنگەرەکانی بڵێ هێشتاکانە ڕووحی لەبەردایە و زیندوویە... زایەڵەی دەنگی رێژنەی تفەنگی خوسرەو لە کوێستانی سەربەتەمی بۆگەنیوەدا پێچو خول دەخوات، ساتەکان بەسەختی تێدەپەرن. شەو باڵی ڕەشی خۆی بەسەر کوێستانی سارد وبەستەلەک دادەکێشێ. هۆمێدی هیچ هەواڵێکی دڵخۆشکەر لە گەیشتنی هێزی یارمەتیدەر نیە.. سەرئەنجام سەرما سەیتەرەی زاڵمانەی خۆی بەسەر خوسرەوی تەک و تەنیای ئەم شیوو دۆلە دا زاڵ دەکات و پیلوی چاوەکانی لە ڕووناکی دەخات و گیانی لێدەستێنێ...

بۆ بەیانی ئەمشەوەتاڵە هێزی یارمەتیدەر دەگەنە سەر تەرمی ڕەش هەڵگەراو و بێ گیانی خوسرەوی قارەمان وفیدکارو بەخشەندە کە دەستێکی لەسەر پەلاپیتکە ی تفەنگەکەیەتی و بەفەر داپۆشیوە .تەرمی خوسرەوبە سەر پشتی ولاخێکی دادەدەن ،لەلایەک لە ناو داخو کەسەری بێ پایانی هاوسەنگەرەکانی ولەلایەک دیکەش لە ناو ئارەقی شەرمی ئەوپێشمەرگانەی لەم ئێوارەیە دا خوسرەویان بە تەنیا بە جێهێشت لە گۆرستانی شەهیدانی گوندی گوێچکەدەرێ بە خاکی پیرۆزی کوردستانی دەسپێرن...

بەمجۆرە کۆتایی بە تەمەنی پرلەشانازی پێشمەرگایەتی خوسرەو دێ، تەمەنێک کە هێشتاکانە ١٩ بەهار لەژیانی کورتی تێنەپەربوو، خوسرەوبۆ هەمیشە تێکەل بە کاروانی شەهیدانی سوورخەلاتی رێگای ئازادی دەبێ...

پێویستە سوپاسی هاوڕێی بەڕێزم کاک ئەحمەد شێربەگی بکەم بۆ هاوکاری و تەواوی زانیاریەکانی سەبارەت بە ژیانی نەمر خوسرەوی برای.

بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل...

لەسەر یەکگرتنەوە



دایکێک کوڕەکەی تەمەنی کەم بوو بەهۆی کارەساتێک منداڵەکەی چاوێکی لەدەست دا، دایکی بۆئەوەی کوڕەکەی عەیبدار نەبێ چاوێکی خۆی بەخشی بەکوڕەکەی. دوای ئەوەی کوڕەکەی گەورە بوو ژنی بۆهێناو دایمەزراند،، پاش چەند ساڵێک کوڕەکەی بو بە خاوەنی چەند منداڵ، دایەگەورەیان هەرکات دەچوو سەردانی دەکردن نەوەکانی لێی دەترسان و دەگریان، کوڕەکەش بە دایکی کووت پێم خۆش نیە بێیتە ماڵم چونکە منداڵەکانم لێت دەترسێن کە چاوێکت نیە. دایکی سەری بەردایەوەو هیچ خۆی تێک نەداو ڕۆشتە دەرێ لە ماڵی کوڕەکەی، پاش ماوەیەک کوڕەکەی چوو سەردانی کرد دیتی دایکی کراسی مەرەزە دەچنێ کوتی دایە ئەوە بۆ کێی دەچنی؟ کووتی ڕۆڵەگیان بۆ تۆی دەچنم ئەم زستانە لەبەری بکە با سەرمات نەبێ، کوڕەکەی کووتی دایە ئێستاش منت خۆشدەوێت؟ کووتی ڕۆڵە گیان تۆ چۆن ئێستا منداڵەکانت خۆش دەوێ، منیش هەروام تۆ کەمنداڵ بووی چاوی ڕاستت کوێر بوو، من بۆ ئەوەی تۆ عەیب دار نەبی چاوێکی خۆم دا بەتۆ، ئێستاش پیر بووم و منداڵەکانت حەقیانە لێم بترسن بەڵام هەرچەند مێشکمان لەیەک جودایە بەڵام لەیەک گۆشت و خوێنین و گرنگ ئەوەیە هەردووکمان بە چاوی یەکتر ژیان و هەموو جوانیەکانی پێکەوە دەبینین. دەبوو یەکمان فیداکاری بکەین. ئێستاش من پیر بووم و تۆش بڕۆ ژیانێکی تازەو پڕ خۆشەویستی دەست پێبکەو هیچ کاتێک نائومیدو بێ هیوامەبە


ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چاوەڕوانی کارەساتێکی گەورەو هەڵایساندنی شەڕێکی گەورەیە کە ناوچەکە لەسەر زەلکاوێکی ئاگرینە کە دەکوڵێ و قوڵت دەدات بۆ شەڕێکی جیهانی سێیەم. زۆر لەشارەزایانی جهانی و ناوچەیی لەسەر ئەوبارەوەن

بەشی دووهەم

کـــە دەستپێکی شەڕەکە لەوانەیە لە (ئێران) وە دەست پێبکات، لەم کات و ساتە هەستیارەدا لەلایەک "ڕیفراندۆم"ی باشوور لـــە گۆڕێدایەو، تەماعی دابەشکردن و داگیرکردنی وڵاتەکانی کە خاوەنی دەریای ڕەشی (نەوت)ن لە لایەن دوو زلهێزی جیهانـــی، هەروەها ئاخرو عاقیبەتی دوا بڕیاری کۆماری ئیسلامی لەسەر (اتش به اختیار) ی "خامەنەیی" کە بەئاشکرا دەستووری قەتڵ و عام بە هێزە سەرکووتکەرەکانی دەدا لەهەموو شوێنێک بەتایبەتی لە کوردستان، لێرەدا کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ مانـەوەی ڕژێمەکەی پەنا بۆ هەموو جنایەتێک دەبات. ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەی ڕۆژهەڵاتیەوە هەیەو پێویستیەکی مێژوویی دەکەوێتە سـەر شانی هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی هەردوو باڵی (دیموکرات) بـۆ ئەرکێکی کە لەسەر شانیانە بـۆ پارێزگـاری کـــردن لە خەڵکی ڕۆژهەڵات کە بـۆ ئەوان زیـاتر لە ٧٠ ساڵە خوێن دەدەن، هەتـا زووەو وەزعەکە لەوە ئاڵۆزتر نەبووە لە سەدەی ٢١دا بـــۆ قازانج و بەرژەوەندیەکانی خەڵک پێویستە بە شێوەیەکی سەردەمیانەو لە ئاستێکی بەرزی فەرهەنگ و لێک تێگەیشتن ئەم کـــارە شۆڕشگێڕانەیە بەبێ هیچ دوودڵیەک ئەنجام بـدەن. گەورەتـرین شـەرەفی سیاسـی ووەفـاداری و دڵسـۆزی بەو کەسـانە دەبـڕێ کە بـۆ بەرژەوەنـدی گەلەکەیـان دەست لە مەقـام و پلەکانیـان هەڵدەگرن. داوام لە سکرتێرەکان و خاوەن دەسەڵاتەکان ئەوەیە بە شێوەی سەردەمیانەو دادپەروەرانە کارێک بکەن (نەشیش بسووتێ نە کەباب) هەروەها یەکەم کار کە پێویستە بکرێ هەردوولا سنوورێک بـۆ ئەندامان و لایەنگرانی خۆیـان دابنێن و پێشوەخت ئاگاداری فەرهەنگی قسەکردن و لێدوان و جوابەجەنگی بکەن بەتـایبەتی لـە سـەر تـۆڕە کۆمەڵایەتیەکـان. کـوردو کوردستان پێویستی بە هێزێکی یەکگرووی پـتەو هەیە لە ڕۆژهەڵات کە لە نائومێـدی و سـەرەگێژی بێـتەدەرێ و بـۆ دنیـای دەرەوەش ئادرەسێکی دەقیق بێ. هەرلایەک و هەرکەسێک بەرد باوێتە سەر ڕێگای ئەم پرۆسەیە خەڵـــک ئێستا چاوو گـوێی کراوەیەو هەم دەبیستن هەم دەبینن، هیوادارم هەموومان لەهەردوولا پەڕەیەکی سپی و خاوێن هەڵدەینەوەو بـە دڵێکی پـاک و ڕۆحێکی کـوردانەو برایـانەو شۆڕشگێڕانە خۆمـان ئامـادە بکەیـن بـۆ هـەر ئاڵوگۆڕێـک. لە حزبێکی یەکگرتـووی لەجـاران بەهێزتر بۆ وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانمان.

بژی یەکڕیزو یەک هێزی و یەک ڕەنگی دیموکرات...

یادێک لە سمایل مەعروفی ناسراو بە (سەید سمایل)



ئێستا مەبەستمە باسی بکەم، یەکێکە لەو فەرماندە قارەمانانەی دەورانی شاخ و ڕۆژە سەختەکانی پێشمەرگایەتی هەمومان پێکەوە ئەمجارە لە لایەن خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگەوە دەچینە لای فەرمادەو پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ. کاک (سەید سمایل مەعروفی) بەڕێزو بە شانازییەوە (میدالی ئازایەتی) دەدەین لە سنگی هەتا وەکوو یادو ڕێزو قەدردانییەک بێ بۆ گۆشەیەک لە زەحمەت و ماندوو بوونی لە ڕێگای یازادی و ڕزگاری بۆ گەلەکەمان .ئێستا بابزانین کاک "سەید سمایل مەعروفی" چۆن توانی بگاتە ئاستی ئەم "میدالی ئازایەتی" و شایانی ئەم ڕێز لێنانە کاک سمایل مەعروفی ناسراو بە (سەید سمایل)

لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە گوندی (میردێ) ی ناوچەی مەهاباد چاوی بەدنیا هەڵێناوە وەکوو هەموو منداڵێکی کورد لە کوردستان دەورانی منداڵی خۆی تێپەڕاندووەو لاکاتی لاویەتیدا شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێران دەست پێدەکات و شۆڕش شارو ناوچەکانی کوردستانیش دەگرێتەوە. خەڵکی کوردستان زۆر زیاتر لە نەتەوەکانی تری ئێران زوڵم و ستەمیان لێکرابوو لەلایەن ڕژیمی پاشایەتیەوە بۆیە لە کوردستان زۆر زوو خەڵک قۆڵیان لە ڕووخاندنی ڕژیمی پاشایەتی هەڵکرد. سەید سمایل لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی (خالید شاتری) کە پاشان شەهید بوو، لەهەموو خۆپیشاندانەکاندا بەشداری چالاکانەیان کردووەو وەکوو هێزی پاڕێزەر پاڕێزگاریان لە خۆپیشاندەران کردووە. هەروەها لە گرتنی (پادگان - ژاندەرمەری) شاری مەهاباد لە کاتی هێرش بۆ دەست بەسەرداگرتن بەشدار بوە هەتا کۆتایی هێنان بە هێزەکانی ڕژیمی پاشایەتی. کە هەموو چەکەکانی کە گیرابوون تەسلیم بە بنکەی شێخ عزەدین حوسەینی دەکران. سەید سمایل

بەشی دووهەم

ساڵی ١٣٥٨ ڕەسمەن بەرگی پیرۆزی کوردانەو پێشمەرگایەتی دەپۆشێ لــە ناو ڕیزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان. هەر ئەوکات یەکەم ئەرکی حزبی کــە بەجێیان هێناوە لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکان دەچن بــۆ (شومالی کوردستان) بۆ ناساندنی بەرنامەکانی حزبی دیموکرات بۆ خەڵکی ئەو ناوچانەی کوردستان. لــە ناوچەکانی (تەلگەوەڕ - مەلگەوەڕ - سۆماو برادۆست) کــە بنکەکانیان لە (گۆلێ شێخان) بوو کــە ئەوکات کاک ڕەحیم محمدزادەو کاک خالید شتاب وەکوو بەرپرس لەگەڵ بوون، کــە نزیک بە ٣ مانگ لەو ناوچانە بوون و لەوێ زانیان کە لەکۆنگرەی چواری حزب لە مەهاباد گروهێک لە حزب جودابــوونەتەوە بە نــاوی گروهــی ٧ نەفەری. پاشان گەڕانــــەوە بــۆ جێگاکــانی خۆیــان. لەســاڵی ١٣٥٩ لەهێزی پێشەوا لکەکان دیــاری کران هێز بوو بە ٣ لک.. لکی ١ - ٢ - ٣ ٠ ئەوکات هێزی پێشەوا چوون بۆ ناوچەکانی (هەوشار) کە ئەوکات کاک (سەید ڕەسوڵ ورچان) فەرماندەری لک بوو کــە هەتــا گوندی (ماین بڵاغ) چوون. کاتێک دەفتەری سیاسی لە شرکەتی کەشاوەرزی گوێکتەپەدا بــوون سەید سمایل دەدەن بەوێ. ڕۆژێک کە کۆبــوونەوەی دەفتەری سیاسی و نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی دەبێ لەسەر کێشەو مافەکانی کوردستان، کاک (مهندیس ئاریا) بە کــاک سەید سمایک دەڵــێ ئەو میــوەیە بەرە ژوری و بــۆ میوانەکــانی دانــێ، ســەید ســمایل چەکەکەی دادەنــێ و بەو هەمــوو ڕەخــت و گــوللەو نارنجۆکەوە دەچێتە ژووری،، پاشان لەدەرەوە کاک دکتۆر تورە دەبــێ و بــانگی دەکــات دەڵــێ داوەرە سەیدە چکۆڵە، ئەو کێ ئیجازەی داوی وا بەو هەموو فیشەک و نــارجۆک و ئــاگرەوە بێیــتە ژوری؟ ئەویش دەڵــێ وەڵا کــاک موهەنیس پێی کــووتم... کاک سەید سمایل لە ناوچە کاتێک کەسێک پەیدا ببوو بەنــاوی (بابــالی) کە کــارو پیشەی ئەزیەت و ئــازاردانی کوردەکــانی نــاوچەی شــامات وچــۆمی مەجیــدخان بــوو. ئەم جاشە خەوو خــۆراکی لەخەڵــک حەرام کردبــوو، پێشمەرگەکان کەمێنێکــی بــۆ دادەنــێن کە چەند پەل دەبــن (کەریــم ســاڵە) و(کەریــم ڕەشاش) ســەرپەلی دوو پەل لە پێشمەرگەکان بــوون. ئەم جاشە بە هێزێکــی زۆری پاســدارانەوە دەخەنە نــاو کەمینـــــی خۆیــان لێیــان دەدەن هەڵــدێن دوای هەڵاتنیــان بەســەر پێشــمەرگەکانی دیکەی لکی ٢ دا دەکەون (بابالی جــاش) دەکــوژرێ شــەڕەکە زۆر گەورە دەبێتەوە هێزێکی زۆری ڕژێم لە شاری (میانــدواو) و گونــدە تــورک نشینەکانی دەوروبەرەوە هێــرش دەکەن بــۆ ســـــەر ســەنگەری پێشــمەرگەکان شــەڕ زۆر قــورس و تونــدتر دەبــێ. پێشمەرگەکان هێــرش دەکەنە ســەر هێزەکــانی دوژمن دەردێکیــان پـــێ دەدەن بــا بەدەواری شــڕی نەکردبــێ. دەکەونە ســەریان ڕاویــان دەنــێن هەتــا لەنــاو شــاری (میانــدواو) یــان دەکەنەوە دیــارە هاوکــاری خەڵکی نــاوچەکە پشــتیوانێکی بەهێــز بــوو بــۆ پێشمەرگەکان، بەڵام بەداخەوە لەوشەڕە حەماسیەدا ٧ پێشــمەرگەی قــارەمــان شەهیــد بــوون بە نــاوکــانی ١- کەریــم ســاڵە ٢- غەفــوور دەســتووری و ٥ پێشــمەرگەی تــر کە دواتــر ناوەکانیــان دەنووسم. لەوشــەڕەدا بە قســەی خۆیــان زیــاتر لە ١٠٠ کەس کــوژراوو بریــنــداریان هەبــووە لەهێزەکانیــان، کە ئەوکــات کوشــتنی (بابــالی) کــارێکی گرنــگ و گەورەبــوو هەروەهــا دەنگــدانەوەیەکی زۆری هەبــوو کە بــوو بەهــۆی خۆشحاڵی ســەرجەم گوندنشــینە کوردەکــان... ســەید ســمایل لەزۆر شــەڕی نــاوچەکەدا بەشــدار بــووە کە لــــە هەمواندا نەخشی بــوێرانەو قــارەمانــانەی گێــڕاوە، هەتــا ڕۆژێک شــەڕ لەگەڵ هێزەکــانی

بەشی دووهەم

(کۆمەڵە) دروست دەبێ لە ناوچەی ئێمە لە شاروێران، دوای ئەوەی کۆمەڵە هەڵدێن و دێنە ناوچەی (مەحاڵ) کاک سەید سمایل لەگەڵ چەندین کەس لە هێزی بەرگری کە هێزێکی خەڵکی بوو بۆ پشتیوانی لە پێشمەرگەکانی حزب، بەرەو گوندی (دەرمان) دەڕۆن کە لە دەربەندی (سەنگەسار) دەکەونە ناو کەمینی (کۆمەڵە) و دەیاندەنە بەر دەستڕێژی تفەنگان، سەید سمایل دەست دەکاتەوە دوای ئەوەی دەوریان دەگرن لەبەر پاراستنی گیانی خەڵکەکە تەقە ناکات و هەموویان دەگیرێن، لەگەڵ فەتاح عەبدوڵاپوور و مامۆستا ئازا و سولەیمان قادری ئەم چەند کەسە دەبەنە گوندی (تورجان) پاشان لەهاوینی ساڵی ١٣٦٠ لەگەڵ ئەو پاسدارانەی کە ئەسیری کۆمەڵە بوون بەڵام توانیبوویان لەدەست کۆمەڵە هەڵێن، کە پاشان حزب ئەو پاسدارانە لەناوچە دەگرنەوە، ئاڵوگۆڕیان پێکراو سەید سمایل و ئەوانی دیکە ئازاد دەکرێن. پاشان کاک هەژار دەینێرێتەوە بۆ لکی ٢ لەوێ دوای شەڕی گەورەی شرکەتی کەشاوەرزی میاندواو کە لە ناوچەدا دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، دوای ئەوشەڕە سەیدسمایل دەبێتە جێگری سەرپەلی پەلی شەهیدان. هەتا ساڵی ١٣٦٢ بەم شێوەیە لە ناوچە دەمێنێتەوە لەم ماوەیەدا بەدەیان شەڕی گەورەو چکۆڵە ڕوویان داوە کە لەهەموو ئەو شەڕانەدا لە ناوچەکانی (شاروێران ـ چۆمی مەجیدخان ـ شامات ـ مەحاڵ) و زۆربەی شەڕەکانی ناو شاری (مەهاباد) بەشداری کردووە دوای ئەوەی لکی ٢ بنکەکانیان هێنایە ناوچەی (مەحاڵ) و لەگوندەکانی هەردوو (قزڵجەی سەرێ و خوارێ) دامەزران ئەوکات (شەکرە مەجنون) فەرماندەری لکی ٢ بوو کاک (سلیمان سەعیدی) جێگری لک بوو، پاشان کاک شەکرە بوو بە فەرماندەری هێزی پێشەوا، کاک سولەیمان سەعیدی بوو بە فەرماندەری لکی ٢ کاک سەید سمایل بوو بە سەردەستە. کە دوای ماوەیەک کرا بە جێگری لکی٢ی هێزی پێشەوا. پاش داگیرکردنی ناوچەی مەحاڵی ئاختاچی لەلایەن هێزەکانی دوژمن، پێشمەرگەکان بۆ ماوەیەکی کاتی وەکوو تاکتیک کشانەوە بۆ ناوچەکانی (مەنگورایەتی) کاک سەید سمایل لەو ماوەیەدا بڕیاری هاوسەرگیریی دا،، ژیانی هاوبەشی پێک هێنا لەگەڵ خۆشەویستەکەی. لە کۆتایەکانی ساڵی ١٣٦٣ کە پێشمەرگە زۆر کەم لەناوچەدا مابون زۆربەی ناوچەکان لەلایەن هێزەکانی دوژمنەوە داگیرکرابوون و بنکەو پایەگاکانی خۆیان لێ دامەزراندبوو، کاک سەید سمایل بێ گوێدان بە هێزەکانی دوژمن ماڵەکەی لە گوندی (عەولاباد) لەبن پایەگاو قەرارگای هەمزە دانابوو بۆ ماوەی ٣ مانگ لەوێ مایەوە.. لەو ماوەیەدا چەندین جار هێزەکانی دوژمن گوندەکەیان گەمارۆداوەو هاتوونەتە ناو ماڵان و گەڕاوون. پاشان لەسەر داوای خەڵکەکە بۆ ئەوەی کارەساتێک ڕوونەدات گوندەکە بەجێدێڵن. دەگەڕێتەوە دەفتەری سیاسی لە (گەورەدێ) بۆ چارەسەر هەر لەوساڵەدا لەگەڵ هێز دەگەڕێتەوە بۆ قوڵایی ناوچە، کە حوکمی فەرماندەری لکی ٢ وەردەگرێ کە ئەوکات بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد کاک (سەدیق بابایی) بوو فەرماندەری لکی ١ کاک ناسر پیرانی و فەرماندەری لکی ٣ کاک فەتاح ڕیحانی بوو٠ هەروەها فەرماندەری هێز کاک (خدر سوور) بوو. هەتا کۆتایەکانی ساڵی ١٣٦٥ لە ناوچەکانی مەهاباد ماونەتەوەو لەو ماوەیەدا چەندین جار هێرشی دوژمنیان تێکشکاندووەو چەندین زەربەی گەورەیان لەهێزەکانی دوژمن داوە. وەکوو شەڕەکانی پشتی گوندی (حسین ئاباد) و شەڕی کوێستانەکانی (ساردە کوێستان)

لەم شـەڕە گەورەدا بەداخەوە ٣ پێشـمەرگەی ئـــازاو قارەمـان بە ناوەکـانی ١- بازیـد نەبەردی ٢- ناسـر مرانەیـی ٣- سمایل..... شـەهید بـوون کە پـێش شـەهید بوونیـان بە دەیـان کەس لەهێزەکـانی دوژمنیـان کوشـتبوو. پاشـان دەگەڕێنەوە بنکەکانی خۆیان... جێگای خۆیەتی هەندێک لەو شەڕانەی کە جێگـــای سەرنجن و قارەمانیەتی بێ وێنەیـان تێدا ئەنجام دراوە بخەمە ڕوو. ساڵی ١٣٦٢ لەناوچەی شامات گوندەکانی ئەم ناوچەیە کـە کەوتبونە بەر هێرشی تۆپخانەکـانی کۆمـاری ئیسلامی وەکوو (گەزەڵێن - دێوس ئاغـا - گەنج ئـاوا - تازەکەند - خێراوا - ڕەسوڵ ئاباد) و بـاقی نـاوچەکە هەراسیان بەخەڵکەکە هەڵگرتبوو. بۆ ئەم مەبەستە پێشمەرگەکان ویستیان زەربەیەکی زۆر کاریگەر لـــە هێزەکانی دوژمن بوەشێنن بە تۆڵەی ئەو تۆپ بارانەو پێشگیری لە تـۆپ بـارانی دوژمن. سـەید ئەبـوبەکر مەعروفی لە پێشدا وەکوو بەرپرسی کـۆمیتەی ناوچە بوو خەڵکەکە ڕێزیـان دەگـرت و زۆریـان بـاوەڕ پێی بـوو خۆشیان دەویست. لەگەڵ سەید سمایل و سـەید عەبـدوڵای ڕیزی دەچنە گوندی (کەڕئاوا) بە ئەێنەوەو جێگایەک بەناوی گوندی (چرک) کە پاسگای دوژمنی لێ بوو لـە قـوڵایی ناوچەکـانی تـورک نشین دەست نیشـان دەکەن و شوناسـایی تەواوی دەکەن ، بـۆیە ئەم جێگـا حەساسـە هەڵـدەبژێرن کـــە بەدوژمن بڵێن دەست هەڵگرن لە تـۆپ بـارانی گونـدەکانی کوردنشین ئـێمە ئەگەر بمـانەوێ لێتـان بـدەین هەر جێگـایەک بمانەوێ لێتان دەدەین.. دوای ٢ ڕۆژ پێشمەرگەکان کە پێک هاتبوون لە ٢ پەل بۆ ئەم عەمەلیاتە گـرنگە، پەلـی شـەهیدان کە سەید سمایل سەر پەلی بـوو، پەلـی شـەهید حـاجی مەلا بـرایم ڕۆستەمی سـەید عەبـدوڵا ڕیـزی سـەرپەلی بـوو هەروەهـا شەهید محمد زەنگەنە فەرماندە عەمەلیات بـوو. سـەعاتی سفر دانـرا بـۆ لێدانی ئەم پاسگایە کە لە قـوڵایی نـاوچە تـورک نشینەکان بوو، لە جێگـای مەبەســـت نزیـک بـووینەوە، سـەری سـەعات بەلێدانی یەکەم گـرمەی دوژمن تەزێنـی (بـازوکـا و ئـارپێجی) هێـرش کـرایە سـەر پایەگـا لەمـاوەی نیـو سـەعاتدا هەمـوو پایەگـا گیـرا. تەوای پایەگـا سـووتێنراو تەنهـا یەک نەفەریان توانی لەدەستمان دەرچێ و ڕزگاری بێ هەرچی چەکو موهیمات هەبـوو هەمـووی دەستی بەسـەردا گیـرا، نـارنجۆکێک کەووتە نـاومـان پۆلێـک (سـەید) بریـنـدار بـوون پـاشـان هەمـوو بەسـەرکەووتویی گەڕاینـەوە شـوێنی خۆمـان. دوایە لەڕێگـای خەڵکی ناوچەکەوە نامەمـان بـۆ نـاردن کە دەست هەڵگرن لە تـۆپ بـارانی نـاوچەکە ئـێمە پیشـانمان دان کە هەر جێگـایەک پێمان خۆش بێ دەتوانین لێتان بدەین،، دوای ئەو عەمەلیاتە چیدی تـۆپ بـارانـــی نـاوچەکەیـان نەکـردەوە، (شـەق دەزانێ قۆناخ لەکوێیە)...

ساڵی ١٣٦١ دوژمن هێرشێکی بەربڵاوی هێنایە سەر گوندەکانی ناوچەی شامات. سەیـــد سمایل شـەوێ لەگەڵ پێشمەرگەیەک ناوچەکە سەرپەرشتی دەکات هەتـا بزانـێ دوژمن لە کـوێ یە.. بە تەنیـا دەچێتە ئـاخرین خـاڵی نێـوان هەردوولا لە چـۆمی گـونـدی کانی سارد کەدەبینێ پاسداریکی زۆر دەیانەوێ لە چـۆمی بپەڕێنەوە، ئەویش دەیانداتە بەر ڕەگبـاری تفەنگەکەی زۆر وەبەردێـن بەڵام هیچ جواب نادەنەوە سەید سمایل دەکشێتەوە بۆ لای پێشمەرگەکان کۆیـان دەکـاتەوەو دایـان دەمەزرێنـێ

بەشی دووهەم

لە گوندەکانی کــە هێرشی دوژمنی لێ بــوو لە گەزەلێن و دێـوس ئاغـا. کاتێک هێرشی دوژمن زۆر دەبـێ لەسـەریان مەولـود ڕۆستەمی و سەید سمایل و قـادر تـوژەڵی پێکەوە دەبـن قـادر بریـندار دەبـێ و پاسـدارەکان دەگەنە سـەریان نێوانیـان تەنهـا چەند مەترێک دەبێ سەید سمایل بۆ ئەوەی بە زیندوویی نەیانگرن چەکەکەی بەرز دەکاتەوە دەڵێ (تەسلیم) دەبم ئەوانـیش هەڵدەستن بێن بیانگرن سەید سمایــل لێیان هەڵدەستێتە سەرپێ و وەبەر ڕەگبارانیـان دەدات چەند کەسێکیان لـێ دەکـوژێ و چەنـدیش بریـندار دەبـن لەو کـاتەدا قـادر بــە بریـنداری هەڵـدەگرن و تـوانیبوویـان دەرچـن. عـومەرە چکـۆڵ و سـەید عەبدوڵای ڕیزی و چەند پێشمەرگەی تـر لە سەنگەرەکانی تـردا دەبـن. کە ئەوانـیش چاکیـان لێـدابوون، شـەڕ زۆر بەگەرمی بەردەوام بـوو هەتـا ئێـوارە دوژمنکـوژراوو بریـندار زۆر بـوو مستەفا ڕەش دەستی لێبـوەوە لەکـن شـەهیدەکان دەستیان ناشت. چەند پێشمەرگە لەگوندی گەزەلێن گیریـان کردبـوو دوژمن گونـدەکەی گرتبــوو ئەوانـیش لەنـاودێ مـابوونەوە نەیانـدەتوانی بێنە دەرێ،، سەید سمایل بــە تەنیـا دەگەڕێتەوە بـۆ پێشمەرگەکان بەنـارنجۆک هــێرش دەکـاتە سـەر دوژمن پاسـدارەکان ڕاودەنێ و پێشمەرگەکان ڕزگار دەکات ئێستاش ٣ دانەیان لەژیاندا ماون. شەوێ لــە جادەی مینـدواو - مەهابـاد دەپەڕێنەوە بـۆ گونـدی خەتـایی کە ئەرکـانی لکـی لـێ بـوو ئەوک شـەهید (چرچە بـارام میـرزا) فەرماندەری لکـی ٢ بـوو کـاک (چەکـۆ) فەرماندەری هێزی پێشەوا بوو. شەهید (سمایل دامەنگیر) جێگری لک بوو. ئەو شەڕە ڕادیۆ (سەرنج)ی بۆ لێدا،

شەڕی قەباکەندی لەسـاڵی ١٣٦٣ لەنـاودێ دوو کەسم دی دەنگمـدان کە دیـتم ڕەزا قەباکەنـدی و شـەهید عوسمان ئەمجەدی بــوون دیـارە دەبـوو بەنهێنـی لەوێ بـین بەڵام ئـاشکرا بوبـوین. پێشـمەرگەکان زیـاتر لە ٨٠ کەس بـووین. زانـیم بەیـانی دێنەسەرمان و شەڕ دەبێ. بەیانی تـازە تـاو هەڵاتبوو کە دیتم لەنـاو باخەکان پڕە لە پاسدارو جاش، لەنـاو دەرگـا عوسـمان لەپاسدارێکی داو بوو بــە تەقە. شەڕ گەرم بوو دوای سەعاتێک شەڕی نزیک و دەستەوێخە هەمووێـان هەڵاتـن و کەلاکێکی زۆریان لێ بەجێما، لەدەرەوەی گوندەکە سەیدسمایل دەستی هەڵێنـا کووتی کێ لەگەڵم دەمێنێتەوە لێرە لە قەراغ دێ چـونکە دەزانم تـاوێکی تـر دێنەوە هێرش دێنن هەندێک لەگەڵم مانەوە بـاقی پێشمەرگەکان وایـاندەزانی شەڕ تەواوبـوو چـوونەوە نـاو دێ. دوای مـاوەیەک نـاودێیـان دایە بەر تـۆپ و خومپـارە زۆر بە خەستی لێیـان دەدا،، هێرشـیان هێنـایەوە ئەوان نـاو دێیـان دەکووتـا ئێمە کە لە قەراغ دێی بـووین سـەلامەت بوویــن دەنگمـان نەکـرد هەتـا لێمـان نزیـک بـوونەوە، دیسـان لێماندانەوە زۆریان لێ کوژرا هەڵاتن کەووتینە سەریان لای ئێوارە بو هەرچەند پـڕوشەی دەکردو بەفر دەبـاری سـارد بـوو بەڵام هێرشمان کردوو لەکۆڵیان نەبووینەوە هەتـا لەسەر جادەی مەهابـاد - میاندواومــان کـردن و ئەوجـار بەیەکجـاری شکان زیـاتر لە ٧٠ کەس کوژراویـان هەبوو ، ڕادیۆ دەنگی کوردستان سەرنجی بۆ لێدا...

شەڕی حەماسی گوندی (سریلاوا) لە بەشی دووەمدا چاوەڕوانی ئەم داستانە کەم وێنەیە بن لەمێژووی قارەمانیەتی چکوارای چۆمی مەجیدخان و ناوچەی مەهاباد.

بەشی دووەم

بەشی دووەم (شەڕی گەورەی ناو ئاوایی سریلاوا.



کە گەیشتنە ناو ئاوایی (سریلاوا) دیتیان ناودێ قەرەبالغیەکی زۆری پێوە دیارەو خەڵکی لەهاتوچۆدان و وەک حاڵەتی ئاسایی نەدەچوو. دوای پرسیارو چاک وخۆشی لەهەندێک کەسی ناودێ زانیان سەرەخۆشی هەیەو ماڵە سوولتانی مەلا کەریم کورێکیان مردووە. ئەوماڵە ٣ کوڕیان هەبوو هەموویان هاوڕێ و دۆستی سەید سمایل بوون بە منداڵی، کاتێک سەید سمایل بە منداڵی هاتوچۆی ماڵی خاڵی دەکرد ئەوکات پێیان دەکووت (سڵەمان) ڕەفیقی برا گەورەی ئەو کوڕە بوو کە مردبوو ناوی حەمە ساڵە بوو. سەید سمایل بە پێشمەرگەکانی کووت کوڕینە با یەکسەر بچینە مزگەوت بۆ سەرەخۆشی و دیتنی هەموو خەڵکەکە کە زیاتر لە دووسەد کەس لە مزگەووت بوون. کاتێک خەڵکەکە پێشمەرگەکانیان دی زۆریان پێ سەیر بوو، یەکسەرە هەموویان لەبەریان هەستان و ڕێنوێنیان کردن بۆلای سەرەوەی خەڵکەکەو فاتیحایەکیان داداو زۆر بەگەرمی لەلایەن هەموو خەڵکەکەوە بەخێرهاتنیان کردن و هەموو چاوەکان ڕووبە پێشمەرگەکان دەیانڕوانی و بێدەنگیەکی زۆر بەسام تەواوی مزگەووتی داگرتبوو. پاش ماوەیەک چرپە چرپ و سرتە سرت پەیدابوو کەم کەم نیگەرانی لەڕوخساری خەڵکەکەدا دەبینرا، خێرا خزمەکانی سەید سمایل هاتنە نزیک و تەنیشت پێشمەرگەکان دانیشتن و بە ئەسپایی و لەسەرەخۆ خەڵکەکە جێگای خۆیان بۆ چۆل کردن ویەکێکیان بە سرتە چرپاندی بە گوێی سەیدسمایل داو گووتی بە قسەی ئێمە دەکەی دوای سەرەخۆشیەکە خۆتان ون بکەن و لە ئاوایی برۆن، چونکە هەموو ڕۆژێ ماشێنێکی تویوتای دوژمن پڕ لە پاسدار دێنە ناودێ، ئەوجار مەترسی ڕاپۆرت لێدانیشتان زۆرە با تووشی شەڕو شتی وا نەبن. سەیدسمایل بەڵێنی پێدان و هەر دوای سەرەخۆشیەکە لە مزگەووت هاتنەدەرێ و هەر لەبەر دەرگای مزگەووت یەکێک لە شوڕاکانی ناودێ پێی گووتن

هەندێکمان برنج و ڕۆن و ئاردو سیگار بە کۆپین بۆ کۆکردونەوە بۆتان دێنین لەگەڵ خۆتان بیبەن سەید سمایل بە عوسمان و سلیمانی کووت کە بچن ئەو شتانەیان لێوەرگرن و بۆخۆی و بایز بەرەو مەدرسەی کە لەدەرەوەی ناو ئاوایی هەڵکەووتبو وەڕێکەووتن. لەو قوتابخانەیە دوو مامۆستای کچ وانەیان دەکووتەوە، هەر کە سەیدسمایل و بایزیان دیتن هاتنە دەرێ و زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنیان کردن و خێرا لێیان پرسین کە پێشمەرگەی هێزی پێشەوان یان هێزی بەیان؟ سەید جوابی دانەوە: هێزی پێشەوا، یەکێک لەکچەکان کووتی ئاخ هێزی پێشەوا دەردتان چەندە گرانە! سەید سمایل بە پێکەنینەوە کووتی بۆ؟؟ کچەکە گووتی هیزی بەیان هەمیشە بە دەستەی گەورە دەگەڕێن، بەڵام ئێوە دوو دووسێ سێ دەگەڕێن و دوژمن هەمووتانیان خەلاس کرد. سەید سمایل پێکەنی و گووتی ڕاست دەکەی دوایە بەتەشەرو بە شۆخی گووتی ئێمە زۆرین و نزیک بە سێ سەد پێشمەرگەین،، ئەگەر وابێ بەقوربانی هەمووتان بم بەڵام بەخودای بۆ نەهاریێ دەبێ میوانی ئێمە بن. دوایە ئەوی دیکەیان کووتی مەسئولەکەتان کێیە؟ بایز ڕووی تێکردوو گووتی بۆخۆیەتی، دەبێ حەتمەن میوانی ئێمە بن، سەید گووتی ئەگەر لێرە ماینەوە قەول بێ دێینەوە و دوایە ڕووی لە یەکێک لە مامۆستاکان کردوو داوای لێکردن کە ئەم نامەیەم بۆ بگەیەنە بە کچێک کە لە ئاوایی خاتوون باغ مامۆستایە، مامۆستا نامەکەی لێوەرگرت و بەڵێنی دا کە نامەکەی بگەیەنێ. پاشان لەقوتابخانە و مامۆستاکان مانئاواییان کردو چوونەوە بۆ ناو دێ٠ کاتێک بە کوچەیەکدا دەڕۆشتن دیسان تووشی هەمان جەلالی ڕێکخراوە بوونەوە جەلال بەدیتنی سەید سمایل لێرە ڕاچڵەکی و حەپەساو دوایە بزیەکی هاتێ و لێی هاتە پێشێ و گوتی لێرەش پەیدابووی سەر بەگێچەڵ، وەڵاهی دەزانم تازە لێرە تووشی شەڕ هەر دەبین ئەگەر نەکوژڕێین باشە، بەڵام بەخودای تازە نارۆم و لێرە دەبم لەگەڵ تۆ دەمێنمەوەو بەجێت ناهێڵم و لێت هەڵنابڕێم هەرچەندە دەزانم ئەورۆ تووشی شەڕ هەر دەبین، دوایە وێکڕا چوونە ماڵە برایمی ئەحمەد عەبدولی کە لەسەرپەڕی ئاوایی بوو لەخوار تەپۆڵکەیەک ، کە خاوەنی ئەو سەرەخۆشیە بوون ، چونکە خوشکی ئەو کوڕەی کە شەوی پێشتر خۆی کووشتبوو لەباڵ ئەو ماڵەیدا بوو٠ پێشمەرگەکان هێشتا دانەنیشتبوون کە شوڕا برنج و ئاردو ڕۆن و شتەکانیان هێناو لەپشتی ماشێنی ڕەحمانیان هاویشت و لەوکاتەدا کە ئامادەبوون بڕۆن بایز چووە لای سەیدسمایل و گووتی سەید؟ بەڵێ بایز: ئەو ماڵە مریشکیان کوشتۆتەوە ڕاوەستە با بەپەلە پارویەک نان بخۆین زۆرم برسیە، سەیدسمایل زگی پێی سووتا گووتی باشە بەپەلە پارویەکمان نان بدەنێ دەڕۆین، عوسمان گووتی ئەگەر لەسەر نانی ڕادەوەستن ئێمە دەچینە ماڵە حاجی برایم کە لەوسەری دێیە نانی دەخۆین و دێین و دەڕۆین، سەید سمایل گووتی زۆر باشە بەڵام ڕەختەکانتان مەکەنەوە با زوو وەڕێکەوین پەلەی بکەن درەنگە٠ لەوکاتەدا ساڵەی برای کابرای مردوو کە لە منداڵیەوە لەگەڵ سەید سمایل دۆست بوو هاتە لای سەید سمایل و زۆری پێنەچوو بابی و مامی ساڵەو دوو کەسی دیکەش هاتن، هەموو پێکەوە چوونە وەتاغی دەرێ کە بەپلیکانداندا دەبوایە بۆی سەرکەوی و پێشخانەیەکیشی بەسەرە دانیشتبوون خەریکی چای خواردنەوە بوون دوایە سەید ڕووی لێنان و پێی گووتن کە ئێوە فەرموون بچنەوە بۆ مزگەووت و

بەشی دووهەم

ئەو خەڵکە بۆ سەرەخۆشی لە ئێوە هاتوون، بابی و مامی ساڵە لەگەڵ دوو کەسەکەی دیکەی تر کە میوانیان بوون کە مەحمود دۆستاڵیان پێدەگووت ماڵئاواییان کردو ڕۆشتن. ساڵە ڕوی لەسەید کردوو گووتی ماوەی شەش حەوت ساڵە نەمدیوی بەخودای هەر لەلات دەمێنمەوە و بەجێت نایەڵم. سەعات نزیک بە یازدەی پێش نیوەڕۆ بوو سەید سمایل لەناوەڕاستی ژوورەکە ڕوو بە دەرکەی دانیشتبوو ساڵە لە تەنیشتی چەپ و بایز لەلای ڕاست و جەلال و ڕەحمان لە خوارەوە دانیشتبوون. مێرمنداڵێک بە ناوی خالید لەوێ بوو باش تاوێکی سەید سمایل ڕووی لە خالید کردوو گووتی بڕۆ بڵێ نانمان زوو بدەنێ، دوایە سەید سمایل ڕووی لە ڕەحمان کردو داوای لێکرد کە بچێتە شاری فیلمێکی دایە کە بیبا لەوێ بۆی بشۆنەوە، هەروا خەریکی قسە کردن بوون لە حەساری ڕا خوشکی ڕەحمان بە حاڵەتێکی پاڕانەوەو بە دەنگێکی زۆر بەرز گووتی کاکی پاسدار بەو خودایەی کەسی لێ نیە. بێ ئەوەی کەس ئاگای لێ بێ پاسداران بە ٢٣ ماشێنی گەورەو چکۆڵەو پڕ پڕ لە پاسدار کە نزیک بە ٥٠٠ کەس دەبوون هاتبوون و هەورازی پشتی ئاواییان بە تەواوی گرتبوو، بە تەپۆڵکی پشت ماڵە کاک برایم دا هاتبوونە خوارێ و تەواوی دەوری ئەو ماڵەو ناو ئاواییان گرتبوو. سەید سمایل گوێی لە دەنگی کچکە بوو ناوی پاسداری هێنا قوشقی بوو بەڵام پێی وابوو شۆخی دەکەن، هەروا خەریکی قا قا لێدان و قسەی خۆش بوون جەفەنگیان لێدەدا کە لەناکاو و لە پڕ پاسدارێک کلاشینکۆفێکی بەدەستەوە بوو ڕووی لەوان کردبوو لە دەرکەی وەژوور کەووت و ڕووی لە سەید سمایل کردوو بە دەنگێکی بڵند و بە فارسی گووتی (بلند شو) هەستە حەوا، سەید بە لیباسی بەری و بە قەدوگیپاڵی پاسدارەکە پێی وابوو کە ئەوە حەسەن ئارپێجی یە کە پێشمەرگەیەکی کەڵەگەتی بەخۆوە بوو چاوێکیشی بە پڕشکی ئارپێجی کوێر ببوو، بۆیە زۆری پێ سەیر بوو کە ئەوە بۆ وادەکات؟ دیسان پاسدارەکە گووتی (بلند شو) سەید گووتی کوڕە زۆر خۆت کەر مەکە وەرە دانیشە لە تەنیشتی بایز تێی کووتا و بە ئەسپایی گووتی کوڕە ئەوە پاسدارە، سەید سمایل گووتی کوڕە پاسداری چی؟ پاسدارەکە تورە بوو گوتی (من می گویم بلند شو پدر سوختە) من دەڵێم هەستە حەوا سەگباب. سەید تورە بوو گووتی هەتیوە ئەوە دەڵێی چی؟ لەوکاتەدا پاسدارەکە یەک ڕەگباری بە سەید سمایلەوە نا هەمووی لەلای دەستی چەپ لە ساڵەی دا و باڵتۆکەی سەید سمایلیش کون کون بوو بەدەنی سووتاند ساڵە هەر ئەوەندە زمانی گەڕا کە بڵێ سەید سمایل ئاگات لەخۆت بێ و خوێنم ون نەکەی و شەڵاڵی خوێن بوو لەوێ کەووت. سەید سمایل خێرا بەلای دەستی ڕاست دا خۆی خست و بایز گوڕاندی گووتی سەید چ بکەین؟ ڕاوەستە با خەشابەکەی تەواو بێ هەموویان یەک تویوتان و چەند نەفەرێکن ئێستا هەموویان دەگرین یان دەکوژین هەر کە ڕەگباری پاسدارەکە تەواو بوو، سەید سمایل و بایز یەکجێ هەستانە سەرپێ و خۆیان بە پاسدارەکەداداو بە ڕەگباران پێیاندا هێناو لەناو پێشخانەکەدا لە عەرزێیان دا. ئەوجار خێرا سەید دەرکەی پێشخانەکەی کە بەسەر حەساری دا دەیڕوانی کردەوە، کە تەماشای کرد حەسار پڕ پڕ بوو لە پاسدار خێرا دەرکەکەی پێوە داوە، بایز کە ئەو هەموو پاسدارەی دیتن لە ناو حەساری ماڵێ زۆر تێکچوو خۆی لەدەست داو گووتی گیراین. گووتی سەید با خۆمان بگەیەنینە کەڕێزەی ماڵە حەسەن

ئاغای سەید سمایل دەبوو لێرەدا وەک فەرماندەیەک لێهاتوویی و ئازایەتی و هونەری شەڕی ماڵ بەماڵ و دەستەو یەخە لەخۆی نیشان بدا. هەموو ئەمانە دەبوو زۆر زوو ساغ ببیەوە کە دەتەوێ چی بکەی، چونکە لەو شێوە شەڕانەدا هونەری شەڕو ڕۆحیەی بەرزو خۆڕاگری و بەرەنگاری دەیباتەوە، بۆیە لەو کاتە ناسک و حەساسەدا سەید سمایل زۆر خێراو زۆر زوو خۆی ساغ کردەوە یان مردن یان سەرکەووتن، تەواوی ناو دێ و سەربانەکان و دەوروبەری ئاواییان هەمووی گرتبوو، دەیانویست بە زیندوویان بگرن بۆیە بڕیاری دا هەتا دوا هەناسەو دوا فیشەک دیفاع بکات و هەرگیز فکری بەلای خۆبەدەستەوە دانەوە نەبوو بۆیە قۆڵی پیاوانەی لێ هەڵماڵی و خۆی ئامادە کرد بۆ شەڕی مان و نەمان. بە بایزی گووت لێرە دەبین و ناڕۆین ڕاوەستە بە شێنەیی ئاغابانوەکەی سەری کە زۆری خۆش دەویست لەسەر سەری هەڵگرت و لەبن حەسیری پێشخانەی نا، بایز گووتی ئەرێ ئەوە تۆ چدەکەی هەی ماڵت نەشێوێ؟ جەلال هاتە پێشی و گووتی نەمکووت تۆ قون بەگێچەڵی نەمگووت ئەورۆ تووشی شەڕ دەبین، تازە هەمووماڵان تێداچووین. سەید سمایل هەر پێدەکەنی و گووتی وەڵا من وامزانی هەر یەک ماشێنن، بەڵام ئەوجار شەڕەکە خۆشترە، گۆم تا قوڵتربێ مەلەی خۆشترە. ئەوان زۆرن هەموو شوێنێکیشیان گرتووە کورپنە قەولتان پێدەدەم هەر لێرەوە سەرنجی ڕادیۆ دەنگی کوردستان ساز دەکەین. سەید بەدەم قسە کردنەوە خێرا ٢ نارنجۆکی کە بە پاسدارە کوژراوەکەوە بوو لێی کردنەوەو وەکوو شێر نەڕاندی بەسەر پاسدارەکاندا لێی کردن بە هەراو گوڕو بیانکوژن، دا لێیان دەن، بیانگرن، بژی بژی دیموکرات بەهەردوو لادا دوو نارجۆکەکەی هاویشتە ناو پاسدارەکان و بە ڕەگباران دایگرتن، بوو بە گرمە گرمی نارنجۆکان و شریخەو قرچەی دەنگی ڕەگبارەکانی سەید سمایل، پاسدارەکان ڕۆحیەیان شکاو هەڵاتن و خۆیان پێ ڕانەگیرا. ئەوەی کوژرا کوژرا دەنا ئەوانی دیکە دەستیان پێنەکرایەوە، سەید سمایل سەرەتای شەڕەکەی بە شێوەیەک دەست پێکرد کە پاسدارەکان وایان دەزانی پێشمەرگە زۆرن و لەهەموو ماڵاندا هەن. بە بایزی گووت لەجێی خۆت بەو مەجوڵێ لێرە، بۆخۆشی چووە سەربان تەواوی ناو کۆڵان و سەرسەربانەکانی دایە بەر ڕەگبارو چەند کەلاکێکی تری لێ خستن و خێرا گەڕایەوە لای بایز. لە سەربان دوو کەلاک و لە ناو حەساریش چەند کەلاکێک کەووتبون، ماشێنێک لەکار کەووت و تراکتۆرێک و ماشێنێکی دیکەش ئاوریان تێبەربوو سووتان سەید ڕووی لەبایزو جەلال کردوو گووتی هەر یەکەتان دەرگایەک بگرن، یەکتان هی حەسارو مدبەقێ، ئەوی دیکەش هی حەساری دەرێ، ئەمنیش بۆیان دەچمە دەرێ. بایز هەرچەندە پێشمەرگەیەکی زۆر ئازا بوو بەڵام ئەو ڕۆژە بە تەواوی خەجڵا بوو خۆی دۆڕاندبوو شەڕی بۆ نەدەکرا، دیسان داوای لە سەید سمایل کردەوەو گووتی کورە سەید سمایل با خۆمان بگەیەنینە کەڕێزەکان سەید سمایل گوێی نەدایەو بایزو جەلالی بەجێهێشت و دیسان وەسەربانێ کەووت و هەرچەند تەقەیان لێکرد بەڵام وەبەر نەهات لەم بان بۆ ئەو بان دەیگوڕاندو دەیگووت وەرنە دەرێ لێیان دەن بیانکوژن بیانگرن، عەجەم بە بن دیواراندا خۆیان مات کردبوو هەڵدەهاتن و هاواریان دەکرد (ئای دەدە ئۆڵدم، وای نەنە ئۆڵدم) بەم شێوەیە تەواوی حەسارو دەرک و سەربانەکانی دەوروبەر کە نزیک لەو ماڵە بوو لەیەک سات دا لە پاسداران پاک

کردەوەو زیاتر لە ٧ کەلاکی پاسداریان لێ بەجێ مابوو. سەید دیسان بە پەلە گەڕاوە کە تەماشای کرد بایز لەبەر دەرکی هۆڵەکەدا نەمابوو، ڕووی لە جەلال کردو گووتی کوا بایز؟ ڕۆی نەجاتی بوو بۆ کوێ؟ بۆ کەرێزەکانی ماڵە حەسەن ئاغا. سەید سمایل زۆر ناڕەحەت بوو بەچۆکی خۆیدا داو گووتی بەخودای شەهید بووە نێوانی ئەوان و کەرێزەکان هەر ٦٠٠ مەتر دەبوو، هەمووی دەشتایی و ڕووتەن بوو جاش و پاسدارەکان ئەوێشیان گرتبوو هەر کە بایز وەدەردەکەوێ بە نارنجۆکی سەری ژێسێ لە تەپڵی سەریان دابوو سەری پەرش و بڵاو ببوو

لەوکاتەدا جەلال بە سەید دەڵێ چ بکەین؟؟ جەلال ئەتۆ ئەو دەرکەیەی بگرەو مەترسێ، ڕەحمان کوڕی کاکە برایم لەوێ بوو سەید سمایل ڕووی تێکردوو گووتی ڕەحمان تفەنگمان زۆرە تفەنگێک هەڵگرە، ڕەحمان کەمێک تاساو نەیوێرا ڕووی لە سەید کردوو گووتی خۆ من پێشمەرگە نیم. باشە ئەتۆ لێرەبە ئێمە شەڕ دەکەین، ئەو ماڵەی لێی بوون دەرکەو دەروازەی گەورەو زیاتر لە ٧ دانە تەویلەو هۆڵی هەبوو پشتی بە شاخیەوە بوو. سەید سمایل جەلالی لەبەر دەرگای حەساری ماڵەکە ڕوو بە ئاوایی دانا و بۆ خۆی بە دەرکەی سەرێدا بەرەو هۆڵەکان وەڕێکەووت، هەرچی دەهاتە پێشی بە ڕەگبار پێوەی دەناو یەک بەخۆی دەیگوڕاند و دەیکووت وەرنەدەرێ لێیان دەن بیانکوژن، بژی پێشمەرگە، کردیە هەڵاو گوڕە گوڕو هاوار هاوارێک تێی دەقوڵاندن لە پاسداران بیانکوژن بیانگرن هەڵات لێیدە بیکوژە سەید سمایل ڕۆحیەی پاسدارەکانی شکاندبوو، زیاتر لە ٤ دەقیقە شەڕی کردو لێیدان هەموو جارێ چەند کەسێکی لێ دەکووشتن و دەگەڕایەوە، خێرا گەڕایەوە لای جەلال سەری لێدەداوە نەکوو جەلال پشتی چۆل بکات٠ دوایە کە زانی و خاترجەم بوو کە لە پشتەوەی هیچ پاسداری لێ نەماون و هەموویانی ڕاونواوە، هات کە جەلال بێنێتە لای خۆی، کە چوو دیتی نە جەلال و نە ڕەحمان لەوێ نەمابوون، پاسدارەکانیش بەرەو ئەوێ لە پێشڕەویدا بوون و سەبر سەبر دەهاتنە پێش. خێرا ڕۆی بۆ ناو تەویلەکان و لە تاریکایدا هاواری دەکردو بانگی جەلال و ڕەحمانی دەکرد. لە گۆشەیەکی تەویلەکە لە تاریکایدا دەنگێک لە بن چیغی عارەبەوە بە ئەسپایی وەڵامی دایەوە، ئەوەتا لێرەم سەید ڕووی لە جەلال کردو گووتی کوڕە ئەتۆ لێرە چ دەکەی؟ خۆ ئەگەر بێنە ئێرە دەتسووتێنن ماڵوێران. ئەدی کوا ڕەحمان ؟ لێرەبوو هەڵات، جەلال چووبوو لەوێ لە تاریکایدا خۆی بشارێتەوە ئەگەر تەماشا دەکا ئەوە ڕەحمان لە ترسی تەقە خۆی بە عەرزیەوە مەڵاس کردووە، بە ڕێکەووت سەری کەووتبوە نێو لاقی جەلال جەلال ڕوو لە ڕەحمان دەکاو دەڵێ ئەتۆ هەر لێرەبە هەرکەس هات من تەقەی لێدەکەم. ڕەحمان قسەکەی جەلالی پێ سەیر دەبێ و دەڵێ خۆ من پێشمەرگە نیم ئەگەر هاتن دەکوژرێم ناوەڵا ئەمن ئێستا دەڕۆمە دەرێ و خۆم تەسلیم دەکەم، هەڵدەستێ و دەڕوا و وەدەردەکەوێ، پاسدارەکان توانیبوویان بگەڕێنەوە ناو حەساری ماڵەکە، ناو حەسارەکە پڕ پڕ بوو لە پاسدار، لە پڕو لە ناکاو ڕەحمان دەردەپەڕێتە دەرێ و دەستی هەڵدێنێ و یەکبەخۆی هاواری کرد، (برادر من تسلیم، ترا به خدا مرا نکشید) برا گیان من تەسلیم، تۆخدا مەمکوژن. ڕەحمان بە ڕادەیەک لە ناکاو و

بەشی دووهەم

کوتوپڕ خۆی لەناو پاسدارەکان داوێ، کە هەموو پاسدارەکان وا دەپەشۆکێن و خەجلّا بوون وێکڕا تفەنگەکانیان فڕێدابوو خۆیان بە عەرزێدا دابوو هاواریان کردبوو (ما تسلیم مارا نکشید). ڕەحمان بەسەر پاسدارەکاندا باز دەداو هەڵدێتە دەرێ، پاسدارەکان کە دەبینن و بەخۆیاندا دێنەوە، لە پشت دەرکەی ڕەحمان دەگرن و هەتا درا لێیان دا. پاشان سەید لەوێ بە جەلال دەڵێ وەرە ئێرە بگرە و ئاگات لەدەوروبەر بێ.سەید گەڕایەوە ئەگەر تەماشای کرد ئەوە ٦ - ٧ پاسدار بەرەو داڵانی مدبەقێ دێن و نەشیاندەزانی کە مدبەق پاسداری تێدایە، خەشابەکەی گوڕی و خەشابێکی پڕی هاویشتە سەر تفەنگەکەی و لە چەخماخی دا و خۆی لە مدبەقێ هاویشت و یەک بە خۆی گوڕاندی کوڕینە لێیان دەن و ڕەگبارێکی تێکردن، نێوانی مدبەق و هۆڵەکە پێ پلیکان بوو مدبەقەکە پلیکانێک لەسەرتر بوو بە تەقەی ڕەگبارو تۆزو قورم دوو پاسدار دەرپەڕین یەکیان بەجێما، نان و ئەنگووتکە هەویر لە عەرزی بوون، سەید سمایل لە تاریکیدا وەیزانی ئەوکەسەی کە لەوێیە خات گوڵێ دایکی ڕەحمانە، ئەوجار لە پەنجەرەی مەدبەقێ ڕا ئەوانی دیکەی وەبەر دەستڕێژان داو دوایە لە تاریکایدا ئاوڕی دایەوە و بە هەڵە ڕووی لە پاسدارەکە کردوو گووتی خات گوڵێ دایکەکەم، خوشکەکەم ئێستا کوا وەختی نان کردنە؟

پاسدارەکە هیچ وەڵامی نەداوە، سەید بەپەلە لە مدبەقێ بازی داو ویستی بگەڕێتەوە بۆ لای جەلال، پاسدارەکە لە پشتەوە ڕا یەک ڕەگباری پێوە ناو هەڵات ڕەگبارەکە لە لێواری دەرکەی کەووت، پڕیشکی بەردو خیز وە سەرو پشتی سەید سمایل کەووتن و کەوتە عەرزی و سەری هەڵتۆقی پێیوابوو بریندار بووە دەستێکی بەسەرو دەموچاویدا هێناو بۆی دەرکەووت کە هیچ نیە هەستاوە چووە ناو هۆڵەکە، جەلال تەقەی نەکرد سەید گووتی ئەوە بۆ تەقەت نەکرد؟ جەلال گووتی ئەوە بۆ چوویە ئەوێ خۆ من ئەوانم دیبوو لەوێ. سەید تورە بوو گووتی ئەی خودا غەزەبت لێگرێ بۆ دەنگت نەکرد؟ دیار بو جەلال بە تەواوی ترساوەو خۆی دۆڕاندوە...

بەشی سێیەم و کۆتایی لە شەڕی بێ وێنەی گوندی (سریلاوا) ی ناوچەی مەهاباد.



لێرەدا مابووین کە جەلال تەقەی نەکردوو دیاربوو تەواو ترساوەو خۆی دۆڕاندبوو. کاتێک سەید سمایل لێی تورە بوو پێی گووت ئاخر ئەگەر تۆ پاسدارەکانت دیتبوون بۆچی بە منت نەگووت مەڕۆ ناو مدبەقەکە پاسداری لێیە؟؟ جەلال گووتی وامزانی خۆت تەسلیم دەکەی، سەید سمایل چاوێکی بە مۆرەوە لێکردوو گووتی هەستە هەستە دەی، وەرە ئەم بن دیوارە بگرەو مەترسێ ڕەنگە هێزی کۆمەگیمان بۆ بێ، ئێستا سەعات دەوری سێیە هەتا سەعاتێکی دیکە خۆڕابگرین نەجاتمان دەبێ، هیچ مەترسە لێرە نەجوڵێی و نەڕۆی، من دەچم بزانم شوێنێکی قاییم پەیدا ناکەم نیو سەعاتێک خۆمان مات بکەین. کادێنێکی لێ بوو پێشتر هۆڵی مەڕان بوو، سەید سمایل لەبەرخۆیەوە گووتی ئێرە بۆ ووچانێک جێی چاکە تفەنگەکەی داناو دوایە هەر لەبەر خۆیەوە گوتی نا، نا، جێی چاک نیە تفەنگەکەی هەڵگرتەوەو ئەگەر گوێی هەڵخست و تەماشای کرد لەسەربانێ تەپە تەپی پێیان دێ و لە بەر دەرکەش دوو پاسدار پەیدا بوون، تفەنگەکەی لەسەرپێ بوو، یەک نارنجۆکیشی پێمابوو. لەبەر خۆیەوە گووتێ خودایە ئێستا تەکلیف چیە؟ چیبکەم؟ یەکێک لە پاسدارەکانی بەردەرکە بەوی دیکەی گووت (برو تو) برۆ ژوورێ ئەوی تر گووتی (نا من می گویم شما برو) گوتی نا من دەڵێم تۆ بچۆ ژوورێ، هیچیان نەیاندەوێرا بێنە ژوورێ، سەید سمایل مەسیرەکەی دیتنەوەو جوان سێرەی لێگرتن و لەپشت دەرکەیرا بە ڕەگبار لەسەرێرا بۆ خوارێ پێیداهێنان و دەرکەی کردەوەو نەڕاندی یەکیان دەستبەجێ لە جێی خۆی بەربۆوەو کوژرا، ئەوی دیکەش هەڵات لەدەرێ بەربۆوەو لاقی شکا. ئەوانی سەربانیش بە هەڵاو گوڕەی سەیدسمایل خۆیان فڕێدا خوارێ و هەڵاتن، ئەوجار سەید سمایل کەووتە سەر ئەوانی کە لەدەروبەر بوون وەبەر ڕەگباری دان تەواوی ئەو پاسدارانەی سەربان و ناو کوچەی هەموویانی ڕاوناو دەوروپشتی خۆی پاک کردەوە و پێی چۆل کردن و خێرا بە غاردان گەڕاوە تەواو پشووی سوار بوو ماندوو ببوو، بانگی جەلالی کردو لەگەڵ خۆی بردی و چوون بۆ هۆڵێکی دیکە ئەو هۆڵە زیاتر لە ٦ مەتر پان و ٤٠ مەتریش درێژ بوو، پڕ پڕ بوو لە مەڕو بەرغەل. سەید ڕووی لە جەلال کردوو گووتی دەڵێی چی مەڕەکەی بەردەین ؟ زۆر باشە بەڵام کاوەڕەکان بەرنادەین با نەبێتە قارە قارو هات و هاوار، مەڕەکان دەوری ٣٠٠ سەر دەبوون کە بەریان دان و تەنکەی کرد لە پرا کەسێک لەناو مەڕەکان دا وەدەرکەووت، سەید سمایل دەنگی داو گووتی کێی کوڕە؟؟ خالیدم کاکە سەید نەکەی منم خالیدم سەید سمایل پێکەنی و گووتی ئەوە چدەکەی لێرە؟ خالید کوڕی ئەو ماڵە بوو، بەڵام پاسدار گرتبوویان هەتا دڕابوو بە شەق و مستان لێیان دابوو سەریان شکاندبوو، کە ئازادیان کردبوو هاتبوو لە هۆڵێدا لەناو مەڕەکاندا خۆی شاردبۆوە، سەید ڕووی لە جەلال کردوو گووتی جەلال گیان ئەوە خالید لێرەیەو با ئەو بڕواتە دەرێ و نەکوژرێ، ئەوە خودا بۆ ئێمەی ناردووە ئێمە ئێستا لە شەڕداین و پێشمەرگەین پێشمەرگەش مەرگی لە پێش خۆیدایە، بۆیە ئێمە دەبێ هەم ڕووی حزبەکەمان سوور بکەین و هەم ڕووی خۆمان و میللەتەکەمان بۆخۆت دەزانی لەم گوندەدا ئەم هەموو جاش و پاسدارە لە بەیانیەوە دەورەی ئێمەیان گرتووەو مەحاسەرەین، بەڵام هەتا ئێستا پیاوانە بەرەنگاریمان کردوەو زۆریشمان لێ کووشتوون، بۆیە پێویستە وەسیەتی خۆمان لەلای خالید بکەین. دوایە سەید کاغەزی تەرح و نەخشەی عەمەلیاتەکەو

مۆری لک و کارتی پێشمەرگایەتی و لەگەڵ هەر مەداریکێکی تر کە پێی بوو هێنای لە دەسرەیەکی پێچاو لە ڕاستی گۆشەی ئاخووڕە ڕووخاوەکەی کردە نیشانەو لەبن کەمرەیەکی دانان و جوان دایپۆشین و بە خالیدی گووت ئەگەر ئێمە شەهید بووین ئەو شتانە دەرێنەو بیاندە بە کۆمیتەی شارستانی مەهاباد، ئێمە ئێستا وەختی ئەوەمان نیە کە وەسیەتەکانمان بنوسین هەر بە زمان پێت دەڵێین، سەید گوتی خالید گیان ئەگەر من کوژرام بچۆ بۆ لای دایکم لە ئاوایی (خاتوون باغ) پێی بڵێ کە بۆم نەگری ئەمن زۆر پیاوانەو قارەمانانە لە دژی دوژمن شەڕم کردو سەرم بۆ شۆڕ نەکردن، لە ڕێگای میللەتەکەم دا پیاوانە بەربەرەکانیم کرد. خالید زۆر ناڕەحەت بوو، سەری بەرداوەو بە ئەسپایی گووتی زۆر باشە دوایە سەید سمایل ڕووی لە جەلال کردوو گووتی: ئەتۆ هیچت پێیە بیشاریتەوە؟ من لە تەویلەکەی تر لە قەڵاغم ناوون زۆر باشە ئەدی هیچ وەسیەتێکت نیە؟ نا، من هیچ وەسیەتێکم نیە. سەید سمایل بڕیاری خۆی دابو لە دڵی خۆیدا ساغ ببوەوە پێی وابوو کەسێک شەڕەکە دەباتەو سەرکەووتوو دەبێ کە بڕیاری سەرکەووتنی دابێ، سەید ئەو بڕیارەی لە دڵی خۆیدا دابوو.

ئێستا لەم کاتەداو لەم شەڕەدا سەید سمایل گیان و دڵ و ڕۆحی ئەم شەڕە بوو، دەبوو بڕیاری دوایی بدات. بڕیاری کۆتایی خۆی دابوو، ئەو خۆی پێ سەرکەووتووبو، نەشدەترسا بۆیە ڕووی لە جەلال کردوو گووتی: ئێستا کە تۆ هیچ وەسیەتێکت نیە من لەگەڵ تۆ یەک وەسیەتم هەیە، لەگەڵ من ؟ بەڵێ لەگەڵ تۆ، جەلال گیان ئەوە شەڕەو ئێمەش پێشمەرگەین جا زۆر باش گوێم لێ بگرە، ئەگەر خۆمان تەسلیم بکەین هەر دەمانکوژن، بە بریندارى بکەوینە بەردەستیان هەر دەمانکوژن، بمانگرن هەر دەمانکوژن جا کەوابوو با ئەمن و تۆ پێکەوە قەرارێک ببەستین، قەرموو: چ قەرارێک ؟ ئەمن یەک نارنجۆکم پێماوە زۆر پیاوانە هەتا ئاخرین فیشەک شەڕدەکەین، دوایە بۆ ئەوەی نەکەوینە بەردەستی دوژمن دەست لە ئەستۆی یەک دەکەین و پیاوانە بەم نارنجۆکە خۆمان دەتەقێنینەوە. جەلال ڕووی گرژ کردوو زۆر بە نابەدڵی گووتی وایە، سەید درێژەی بە قسەکانی داو گووتی داوایەکی دیکەشم هەیە، ئەویش ئەوەیە هەر کاتێک من بریندار بووم و زانیت کە بڕینەکەم زۆر کارییەو دەست دوژمن دەکەوم، تکات لێدەکەم بمکوژە و گوللەی خەلاس لە سەرم بدە. جەلال هەروا حەپەسابوو گووتی ئاخر چۆن؟ ئاخرو چۆنی ناوێ، جەلال شەرت بێ ئەتۆ بریندار بی بەسەرتەوە ناچم ئەرخەیان بە کە دەتکوژم و نایەڵم بە زیندوویی بکەوێتە دەستی دوژمن، شکت نەبێ• سەید کە ئەو قسەیەی بە جەلال گووت، جەلال ڕەنگی گۆڕاو هیچ ترسی لە پاسدار نەماو ئەوجار لە سەید سمایل دەترسا کە بیکوژێ. بیست دەقیقە بو کە ئەو قسانەیان دەکرد، جەلال لە ماوەی تەواوی ئەوشەڕەدا خەشابی سەر تفەنگەکەی تەواو نەکردبوو، دوایە سەید هەستا سەر پێ و لە دەلاقەی هۆڵەکەوە چاوی لە دەرێ دەکرد، پاسدار هاتبوونە پێشێ و لە سەربان و دەیانوویست بە نارنجۆکان لە ژوورێی کەن، سەید وەرسووڕا کە لێیان دا دیتیان و شوێنەکەی ئاشکرا بوو بە ترکی یەکیان گووتی (یەک دانە زیدی ئینگلاب بوردادی) دژی شۆڕشێک لێرەیە. سەید سمایل خێرا گەڕاوەو بە خالیدی گووت خالید گیان هەستە ئەتۆ بڕۆ دەرێ بەڵام نەڵێی هەر ٢

کەسن هەر کە گەیشتە دەرێ تفەنگیان لەسەر ڕاگرتوو داوای تەسلیم بوونیان لێکردو دەورەیان دا خالید دەستی هەڵێناو هاواری دەکردو و دەیگووت من پێشمەرگە نیم، خالیدیان گرت زۆریان لێداو لێیان پرسی بوو ئەو هۆڵە چەند پێشمەرگەی تێدایە؟ گووتی هــەر دوو کەسن. دەرکەی هۆڵەکە لە سەرپەڕێ و ڕوو بە دانگە بوو ئەوان لەلای دەرکەی بوون و پشتیان بە هۆڵەکەوە بوو، دوو تۆپی ١٠٦ ملم لە دوور ڕاگیرابوون سەید سمایل زۆر نیگەران بوو کە بە تۆپ یان بە ئارپێجی لە هۆڵەکە بدەن، یان بە بەنزین ئاوری تێبەردەن. فەرماندەیەکی گروهی زەربەتی پاسداران کە زانی هەر دوو پێشمەرگەن هاتە پێشێ و لە پشت دەرکە لە شەش مەتری ئەوان ڕاوەستاو بە فارسی گووتی: چرچە هستی؟ چرچەی؟ جەلال بە ئەسپایی گووتی تــوو ئەو خودایە جوابی مەدەوە قســە مەکە، سەید سمایل گووتی، نــا، قسەی لەگەڵ دەکەم، ڕووی لە فەرماندەکە کردوو گووتی نا من سەید سمایلم، کۆمەڵەی یان دیموکراتی ؟ دیموکراتم. دیموکرات موسڵمانن کۆمەڵە کافرن، ئێمە دیموکرات ناکوژین وەرە خۆت تەسلیم بکە کۆماری ئیسلامی ئێران ئیسلامەو ئەنگۆش موسڵمانن وەرە خۆت تەسلیم بکە ناتانکوژین، سەید سمایل جوابی داوەو گووتی ئەتۆ خۆت تەسلیم کە ئەمن ناتاکوژم، فەرماندەکە گووتی ئێوە بۆ کێ شەڕ دەکەن؟ قاسملوو لە پاریس ویسکی پێدا دەکات ئێوەش خۆی بۆ بە کووشت دەدەن؟ قاسملوو قابیلیەتی بەڵام خومەینی لە جەماران دخترهای ١٤ سالە شما را... پدرسوخته حرف گنده گنده می زنی به خدمت می رسم، (سەگباب قسەی گەورە گەورە دەکەی بە خزمەتت دەگەم) پدر سوخته شما هستی بیا به خدمت شما هستم (سەگباب بۆخۆتی وەرە جا پێت دەڵێم) قسەی قۆڕ دەکەی ئێستا بۆ خۆم دەتگرم، اگر مردی بیا تو بیا، (ئەگەر پیاوی وەرە ژورێ وەرە) سەید سمایل نارنجۆکەکەی دەرهێناو ئالقەکەی تارازاندو ڕووی لە جەلال کرد بە ئەسپایی گوتی هەزار جار لە منت کەوێ تفەنگەکەت لەسەر ڕەگباری دانێ هەتا دەرکەی نەکاتەوە تەقەی لێ نەکەی، با وابزانێ کە فیشەکمان پێ نەماوە هەر لێتدا من دەچمە دەرێ بۆیان بە نارجۆک و بە ڕەگباران. زۆر باشە جەلال پان و پۆڕو بە خۆوە بو لە پەنا دەرکەی خۆی بۆ کۆنەدەکراوە هەر دەترساش تفەنگی ڕوو لە دەرکەی کردوو ئامادە، فەرماندەکە دەرگاکەی وەبەر ڕەگباران دا ڕانی جەلالی هەڵدڕی و بریندار بوو هاواری لێ بڵند بوو ، گوتی وەی وەی وەی، سەید سمایل گووتی چی بوو؟ بریندار بووی؟ جەلال زۆر ترسا پێیوابوو بە پێی قەراردادەکەی کە بەستبوویان سەید سمایل لەگەڵی دەجوڵێتەوەو دەیکوژێ، گووتی نا، نا هیچ نەبوو بەسەری تۆ هیچ نیــە بۆت ببەستم ؟ نا نا نا هیچ نیە نایەوێ ، پاسدارەکە دوو ڕەگباری دیکەی کردو و دوایە سەبر سەبر بە نووکی تفەنگەکەی پاڵی بە دەرکەکەوە ناو جەلال تفەنگی لەسەر دڵی فەرماندەکە داناو پێیدا هێناو فەرماندەکە بە عەرزێدا کەووت، سەید سمایل وەک ئاگــر خۆی فڕێدایە دەرێ و نارنجۆکی هاویشتە ناویان و بە ڕەگباران دایگرتن و خێرا گەڕایەوە. خێرا چوو لاقی جەلالی توند بەست و چوو ڕەخت و تفەنگی فەرماندەکەی لێکردەوە و هێنای، دە دەقیقە دەبوو کە ووڵات بێدەنگ بوو تەقە نەمابوو سەید چووە ســــەر ئاخوڕەکە لە دەلاقەی ڕا ڕوانی پاسدار تەواوی خەڵکی ئاواییان کۆکردۆتەوە بە ژن و منداڵ و پیرەوە پێش خۆیان داون زۆر بــە تونـدی لێیان دەدەن. سەید سمایل زوو زانی کە ئەوە دەیانەوێ بێن جەنازەی

بەشی دووهەم

فەرماندەکەیان بەرنەوە، ڕووی لە جەلال کردو گوتی ئەو خەڵکەیان وەپێش خۆیان داوە دێن جەنازەکەی بەرنەوە منیش هەرکەس بێتە پێش دەیکوژم و کەلاکەکەشیان نادەمەوە، جەلال پاڕاوەو گووتی سەید سمایل بۆ خاتری خوداو پێغەمبەر بیاندەوە، پاسدار لە خەڵکیان دەداو خەڵک نەیاندەوێرا بێنە پێش ئەوان بە زۆری پاڵیان پێوە دەنان کە بێنە پێشێ، عەلی شەعبان کە کابرایەکی پیری ڕدێن سپی و بەخۆوە بوو لە پێشێ بوو سەید لە دەلاقەی ڕا بێ ئەوەی کە ببینێ یەکبەخۆی هەرای کرد، کاک عەلی نەیەن دەتانکوژم، جەلال دیسان پاڕاوەو گووتی وەرە بۆ خاتری خوداو خاتری مەرقەدی شەهیدان با کەلاکەکەی بەرنەوە، کەلاکمان بۆچیە؟ جەلال کەلاکیان دەدەمێ بەڵام دەترسم بۆ گرتنی ئێمە دیسان خەڵکەکەی بنێرن ئەوکات مەجبوور دەبین خەڵکەکە بکوژین. ئەوجار سەید سمایل یەکبەخۆی هەرای کرد کاک عەلی هۆ کاک عەلی تەنیا بۆخۆت وەرە ببن بە دوو کەس دەتانکوژم. عەلی شەعبان کە گوێی لە دەنگی سەید سمایل بوو بە ترس و دڵە خورپەوە هاتە پێش و لە دەرکەی نزیک بۆوەو کەلاکەکەی هەڵگرت و ڕۆی. هێندەی پێنەچوو پاسدار بە شەق و زللەو مست و قۆناغە تفەنگ تەواوی خەڵکەکەیان بەرەو شوێنی ئەوان وەپێش خۆ دان و یەکیان کوشت و ٣ کەسیشیان بریندار کرد، سەید بە تووڕەیی چاوێکی لە جەلال کردو گووتی نەمگووت، ئێستا مەجبوور دەبین خەڵکەکەی بکووژین، جەلال گووتی پیاوی چاک بە سەید تفەنگەکەی هەڵگرت و مۆڕەیەکی لە جەلال کردوو قامکی بەرەو ڕووی ڕاداشت و گووتی هەر دەنگێ بکەی دەتکوژم. دەنگە دەنگ و هەڵاو هەرای خەڵک نزیک بۆوە لە دەرکەی، سەید چووە بن دەرکەی و ئایەتەلکورسیەکی خوێندو لە دڵی خۆیدا گووتی خودایە بە ئومێدی تۆ بە پەرتاو دەرکەی کردەوەو غاری داو نەڕاندی و گووتی کاک عەلی هاتمە دەرێ خۆتان نەوی بکەن خۆتان دانەوێنن هاتم، دوو ڕەگباری بەسەر خەڵکەکەدا هەڵتۆقاند کە زیاتر لە ١٠٠ کەس دەبوون کە پاسدار وەپێش خۆیان دابوون هەر ژن و منداڵ و پیاوو جاش و پاسدار بوو هەڵدەهاتن و هەڵدەنگووتن و بەسەر یەکدا دەکەووتن و جاڵە دەبوونەوە بە قیژە قیژو هەرا و هات و هاوارو بابە ڕۆو ئای دەدە ئۆڵدم. سەید خێرا خۆی لەژووریّ کووتاوە، زۆری پێنەچوو ئەوجار تەپە تەپ لەسەربان پەیدا بوو لەسەر کولانان جاش و پاسدا درێژ ببوون، سەید زانی ئێستا بە نارنجۆکان دایاندەگرن. داوای لە جەلال کرد بە تفەنگی ژ٣ لەبەری میچەکەی بدا، بەڵام جەلال نەیکرد، بۆخۆی لە کولانەی ڕا پاسدارێکی دیت تەقەی لێکردو خستی تفەنگی پاسدارەکە لە سەر کولانەکە وەک بستەی تەندووریّ بەجێماو کەس نەیدەوێرا هەڵیگرێتەوە. ئەوجار جاش و پاسدار بۆ ماوەی ١٠ دەقیقە زیاتر لە ١٠٠ نارنجۆکیان لە ژووریّ هاویشت، یەک جێگا نەمابوو پریشکی وێنەکەووتبێ چاو چاوی نەدەدیت لەبەر دووکەڵ و تەپو تۆز سەید و جەلال مەودای هیچیان نەبوو لەلای دەرکەی چاک خۆیان مات کردبوو، هەر کاوڕ بوو کەلاکیان بەسەر یەکدا دەکووت و لەت و پەت دەبوون و گۆشت و خوێنیان بەملاو بەولادا دەپڕژان، زیاتر لە ١٠٠ کاوڕ کوژران یەک دانەش بە ساغی دەرنەچوون ڕەبە ڕەب و دەنگی ڕەگباران وا تێکەڵ ببوون دەتکووت دنیا خراپ دەبێ، سەید هەر نیگەران بوو نەبادا بە بێنزین بیانسووتێنن و یان بە تۆپی ١٠٦ لێیان دەن. ئەوجار پاسدار بە بن زارکی دەرکەیدا نارنجۆکیان لەباڵ

دەهاویشتن، نارنجۆک هێشتا نەتەقی بوو کە جەلال ویستی هەڵیگرێ و پێیاندا داتەوە، لەپڕ تەقی و هەموو پارچەکانی وێکەووت هاواری لێ بڵند بوو، سەید سمایل گووتی چ بوو جەلال؟ هیچ نەبوو غەمی منت نەبێ من باشم ٠ نارنجۆکێکی تریان لە باڵ کردن زۆری تیکەکانی ئەویشی وێکەوت سەرجەم جەلال زیاتر لە ٥٠ تیکەو پریشکی دیکەی وێکەووتبوو هیچ گیانی نەمابوو دەتگوت دابێژ دابێژیان کردووە بەلام لە ترسی سەید سمایل نەیدەوێرا هیچ بڵێ هیچ ئاخ و ئۆفێک بکات هەتا نەیدەتوانی قسەش بکات هەر بەسەرو بە ئیشارەی سەرو دەموچاو سەید سمایلی حاڵی دەکرد کە هیچ نیەو من زۆر باشم دەترسا نەکوو سەید سمایل بیکوژێ هەر دەیکووت باشم هیچ نیە دەناخۆ شوێنێکی ساغی نەمابوو. سەید گووتی خۆ ناتکوژم هەی مردووت مرێ، دەزانی کەنگێ دەتکوژم ؟ جەلال بۆڵەیەکی کردو گوتی چ وەختێک؟ ئەگەر لەکار کەووتی و زمانت نەگەڕا، لەو قسانەدا بوون نارنجۆکێکی تریان لەباڵ هاویشتن سەید سمایل زۆری تیکە وێکەووت زیاتر لە ١٤ پارچەی وێکەووتبوو. دەست و سینگی و باسکی هەموو گیانی خوێناوی بوو، سەید ڕووی لە جەلال کردو گووتی ئەمن باکم نیە ئەگەر دەمکوژی وەرە بمکوژە. کوڕە چۆنت دەکوژم بەشەرەفم بە خودای ناتکوژم، هیچ نیە هێشتا تەواو لە کار نەکەووتوم ئەگەر لەکار کەووتم بمکوژە. هێشتا تاو نەپەڕی بوو زەردە لەسەران هەر مابوو، لەناو هۆڵەکەدا شوانان جێگای خەویان سازکردبوو سەید چووە ئەوێ برینەکانی بەست و جارناجارێک بە بن دەرکەیدا هەندێک تەقەی دەکرد بۆ ئەوەی بزانن هەر ماون. ماوەیەکی دیکە بەسەر چوو تەقە نەبوو وولات بێدەنگ بوو، سەید پێی سەیر بوو ڕووی لە جەلال کردوو گووتی سەیرە بۆ وا بێدەنگن بڵێی چی بێ؟ من پێمواید خۆیان مات کردووە، هێزی دوژمن خۆیان کۆکردبوەوەو خەڵکیان وەدووی خۆیان داو لە دێی وەدەرکەووتبون لە دەرەوەی ئاوایی ئەرژەنگی فەرماندەی پایەگای ئاتابڵاغی چەند کەس لە ڕدێن سپیەکانی وەک حاجی برایم و حاجی ڕەحمانی جودا کردبۆوە و کەشیلەکانیانی لە ملیان هاڵاندبوو و جنێوی پێدابوون و گووتبوی سەگبابانە ئەو دووانە قارەمانن حەیفم هات کە ئەوانە بکوژرێن، ئەوانە لە بەیانی ڕا هەتا ئێستا شەڕ دەکەن میللەتی ئێوە قارەمانی ئاوای هەیە، ئاخر ئێمە پێمان نەگووتن کە مەیەن ڕاپۆرتیان لێ مەدەن؟ نەمانگووت ئەگەر هاتن پاروە نانێکیان بدەنێ و بەڕێیان کەن ؟ ئاخر بۆ وا دەکەن ؟ ئێستا بچن بزانن ئەوانە ماون؟ یان نا؟ لەو دەمەیدا سەید سمایل هەستا چووە سەر لێواری ئاخوڕەکە ئەگەر چاوی لێکرد لە ڕووبەڕوو لە دوورا دوو سەگ لە مەزرایەڕا بەرەو ناو دێ دەهاتنەوە، چاوێکی لە جەلال کرد جەلال بە چاو دەیویست کە بڵێ و بپرسێ چ خەبەرە؟ سەید گووتی جەلال کەس نەماوە بەپێی ئەو دوو سەگە بێ پاسدار لەناو دێی نەماون و ڕۆشتوون چونکە ئەگەر پاسدار هاتنە ناودێ سەگەکان لەناودێ هەڵدێن و ئەگەر ڕۆیشتیشن دەگەڕێنەوە ناو دێ. جەلال زۆر بە ناڕەحەتی توانی هەستیتە سەرپێ و چاوێکی گێڕاو گووتی سەید منداڵانی مەدرەسەش ئەوە دەچنەوە ماڵێ. لەوەیدا بوون کە دەنگە دەنگی خەڵک و هەڵاو گوڕو پەیدا بوو، سەید هەستا بچێتە دەرێ جەلال نەیهێشت گووتی بە شەرەفم نایەڵم وەپێشکەوی. ئاخر بۆچی؟ مەبادا کەڵەک بێ ئەگەر بشکوژرێم با من بکوژرێم چونکە حەیفە تۆ بکوژرێی. جەلال وەدەرکەووت و سەید سمایل بە دواید ڕۆی خەڵک وایاندەزانی

کە ئەوانە بەو نارنجۆکانە کوژراون دەبێ بێن جەنازەکانیان دەربێنەوە. خۆشی و دەنگی هەی بابم بەقوربانت بێ و لەسەر سەرتان گەڕێین و هەی دەستەکانتان خۆش بێ بەرز بۆوە غەفوور.... پیاوێکی کەڵەگەتی گڕوێی زۆر ناحەز بوو کە چاوی بە سەید و جەلال کەووت کە هەموو گیانیان خوێناوی و بریندارو تۆزو خۆڵاوی و دوکەڵاوی بوون بەڵام هەر زیندوون گێژ ببوو حەپەسابوو زاری تەواو ئاوەڵا کردبوو خوار ببەوەوە وەک ڕموزنایەکی لێ هاتبوو، سەید پێکەنی گووتی ئەوە چیە بۆ وات لێهات کاک غەفوور؟ ئەوە ئەتۆی؟ ئەتۆی سەید سمایل؟ هەی بابم بەقوربانت بێ ئەوە ماوی؟ غەفوور دەستی لە ئەستۆی

سەید کردوو تێر تێر ماچی کرد. کەسوکاری ماڵە کاک برایم ماڵە سوۆتان مەلا ئەو ماڵەی کە کوڕێکیان مردبوو یەکیشیان ئەوی ڕۆژێ شەهید بوو خزمێکیشیان کوژرا دەستیان لە ئەستۆی سەید کردوو ڕایانمۆسی و گووتیان ئەو شەڕەی ئێوە کردتان کەس نەیکردووە، ئێستا هەروا نازانین کە کوڕمان شەهید بووە یان مردوومان لێ مردووە دەستان خۆش بێ. سەید پێی وانەبوو کە ئاوا ڕێزی لێدەگرن، چاوی پڕ بوو لە ئاوو کوڵی گریانی هەستا وایزانی خەڵک بەو هەموو کوشت و کوشتارەو ماڵوێرانیەی کە ڕوویدا بە نەعلەتی دەکەن ئەو هەروا لەگەڵ خەڵکەکە بە قسان بەدەم ڕێگاوە دەڕۆیشت گوێی لێبوو کە دەیانگووت بایز شەهید بووە جەنازەکەیان بە دوای ماشێنداا ڕادەکێشا، پاسدار زۆریان لێ کوژرابوو بۆ ئەوەی خەڵک نەزانن و نەیبینن هەندێک لە جەنازەکان بەدزیەوە لە ماشێنیان داویشتن و بەڕێیان دەکردنەوە. پاشان هەموو ئەو خەڵکە بەرەو لای مزگەووت ڕۆشتن و تەواوی خەڵکی دێ لەوێ کۆبوونەوە، لەوکاتەدا عوسمان و سولەیمان پەیدا بوون لەوەی کە نەیانزانی بوو ئاوا شەڕ بووە و نەیانتوانی بوو بەشداربن هەستیان بە کەمی و سەرشۆڕی دەکرد زۆر ناڕەحەت بوون، هەر لەوێ تفەنگەکانیان بە عەرزێدا داو دوایە سەید سمایل چوو بۆ لای کەڕێزەکان کە ئەندامانی ڕێکخراو لەوێ بوون ئاگاداری ئەو شەڕە نەبوون لە کەڕێزە هاتنە دەرێ و ئەوانیش بە دیتنی سەیدو بیستنی ئەو شەڕە قارەمانانەیە زۆر بەداخ بوون کە نەیانتوانی بوو بەشداربن. لەوکاتەدا لەناکاو مامۆستاکانی مەدرەسە پەیدا بوون و هاتن شوێنی ئەوان لە دەرەوەی ئاوایی بوو بەسەر ئەو شەڕەدا دەیڕوانی ، ئاگایان لە تەواوی ئەو شەڕە ببوو دیتبوویان کە چۆن سەید وەک هەڵۆ دادەهاتە سەر جاش و پاسدارەکان و ئەوانیش لەبەری هەڵدەهاتن، سەید لەوەی کە درۆی لەگەڵ کردبون پێی خۆش نەبوو بیانبینێ هەر خۆی لێ دەشاردنەوە. کچەکان هاتنە لای سەید سمایل و لەناو خەڵکەکەدا لە ئامێزیان گرت و تێر بەخۆیانەوە گوشی و قامکی دەستیان یەک یەک ماچ کردو، یەکیان گووتی بابم بەقوربانت بێ ئەتۆ بۆخۆت گووتت ٣٠٠ کەسین بەڵام ئەشەدوبیلا ٣٠٠ کەس زیاتر بوون. سەید سوور هەڵگەڕاو پێکەنی و نەیدەزانی بڵێ چی. لەوکاتەدا جەلال بە گیانی پڕ لە زام و برین و خوێناویەوە ڕووی لە سەید کردوو گووتی نامکوژی؟؟ سەید سمایل پێی سەیر بوو گووتی بۆ؟؟ جەلال گووتی خودا شاهیدە ناتوانم تەکان بخۆم ئیدی جەلال لەوێ بە عەرزێدا کەووت. تراکتۆریان هێنا جەلالیان لە پەتوو پێچاو لەناو ترێلیدا تخێڵیان کرد. سەید سمایل و پێشمەرگەکانی دیکە سوار بوون و تراکتۆر وردە وردە بەناو

بەشی دووهەم

خەڵکیدا تێپەڕی، نیگای گەش و پڕ لە هیوای چاوەکان لە سەید سمایل ڕامابوون، پیرێژنێک سەری بەرز کردەوە و ڕووی لە ئاسمان کردوو لەبەر خودای پاڕاوە بۆ سەلامەتی ئەو دۆعای کرد، مامۆستای قوتابخانەکە دەستی لە گیرفانی نابوو، نامەکەی سەید سمایلی لە دەستی دا دێناو دەبردو پێدەکەنی سەید زۆری برسی بوو لە پشت تراکتۆرێدا خەریکی نان خواردن بوو، لە تەنیشتی جەلالیان ڕووت کردبۆوە بەڕێوە خەریکی پاک و خاوێنی برینەکانی و دەرمان کردنی بوون. وەڕێکەووتن ئەو شەوە بەرەو ئاوایی قەمتەرێ و بۆ بەیانی بەرەو ئاوایی قزڵجە چون هەتا لەناو هاوڕیاندا کەمێک بحەسێنەوە، لەوێش ڕا جەلال بۆ نەخۆشخانەی حزب بەڕێکرا. شەو نووستن بەیانی دیسان دوژمن هێرشی هێناو لە تەواوی بەرزایەکانی ئاواییەکانی قۆڵغەتەپەو میرەدێ و خاڵ دەلیل دا شەڕێکی قورس دەستیپێکرد بەڵام ئەوجار سەید سمایل بە تەنیا نەبوو هەتا سەعاتی ٣ی پاش نیوەڕۆ دوژمن لەهەموو بەرەکانی شەڕدا تێکشکێندران.

پێویستە بڵێم سوودم لە کتێبەکەی کاک قاسم قازی وەرگرتووە بۆ ئەم یاد کردنەوەیە.

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل...

بەشی دووهەم

دەقی وەڵامی هاوڕێ شۆڕش ئەسەدزادە



سڵاوو ڕێز و حورمەت.

بۆ بەڕێز کاک ڕەحمان نەقشی.

ئێمەی کورد هەمیشە لە مێژوودا دۆڕاندومانەو نەمانتوانیوە ڕابردووی خۆمان وەکوو پێویست بنوسینەوە. لەزۆر جێگایان خەڵکی بێگانە بە کەیفی خۆیان مێژوویان بۆ ئێمە نوسیوەتەوە. ئەگەر بە ئینسافەوە بمەوێ کارو چالاکیەکانی تۆ باس بکەم، پێویستە بڵێم بێ وچان لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ ڕوداوەکان دەچیتە پێشێ. هاوکات (مێژووی زیندوو) وەک خۆی باس دەکەیت. بەبێ هیچ دەمارگرژیەک دەبێ بڵێم ئەم کارەی تۆ کە دەستت داوەتێ خۆبەخشانەیەو هەستی کوردایەتی و نیشتیمان پەروەریتە. لە خۆیدا شۆڕشێکی سەردەمە. کە هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی خەباتی گەلەکەمان. زیندوو کردنەوەی نوسین و وتووێژو ژیاننامەی شەهیدان و زۆر بابەتی تر، لەدەست هەموو کەس نایەت و کەسی شارەزاو ورد بین و بەحەوسەلەی وەکوو ئێوەی بەڕێز دەتوانن بەم ئەرکە گرانە هەستن. بێگومان لە دواڕۆژیشدا ئەگەر بمێنم، لە کوردستانی ئازاد هەمان نەزەرو بۆچوونم دەبێ لەسەر ئەرک و زەحمەتەکانی ئێوە. بێ وەفایی یە ئەگەر لەکات و شوێنی خۆیدا سوپاس و ڕێز لە هەموو ماندوو بونەکانی ئێوە نەگیرێ.

بەشی دووهەم


هیوادارم ڕۆژێک لە کوردستانی خۆمان لە سەر شاشەی تەلەڤیزیۆنەکانی کوردستان ئەم باسانە بکەین بۆ نەوەکانی داهاتوو.

هیوای تەندروستیەکی باش و ژیانێکی ئاسوودەتان بۆ دەخوازم. داوادەکەم لەسەر ئەم کارە پیرۆزەتان بەردەوام بن و بێگومان سەرکەووتن هەر بۆ گەلی کوردە.

برات شۆڕش ئەسەدزادە

٢٣- ٢- ٢٠١٩ ئەمریکا

هەوڵی تیرۆر کردن



لە بە غداد بووم. کادرو جێگری کاک فەتاحی کاویان بووم کاک فاتاح بەرپرسی پەیوەندیەکانی بەغدا بوو.

لە ڕاستیدا هەموو کارەکانی بەغدا لە ئەستۆی من بوو پەیوەندیەکان لەگەڵ حکوومەتی عێراق لەگەڵ هێزە کوردیەکان لەگەڵ مجاهیدین. هەروەها لەگەڵ هەندێک کەسایەتی کوردکە لە بەغدا نیشتەجێ بوون.

هات و چۆو ڕێک خستنی هەموو دیدارو چاوپێکەووتنەکان کارە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان کاروبارو پێڕاگەیشتنی کوردەکانی دانیشتووی((ڕووماوی)) هەموو ڕۆژێ نوێنەریان دەهات دەبوو لەگەڵیان دانیشم و چەند سەعاتێک گفتوگۆ بکەین.

سەرەڕای ئەمانە دەبوو بە هەموو نەخۆش و برینداڕەکان ڕابگەم و ئاگاداریان لێبکەم و هەریەک لە بیمارستانێک و جێگایەکی جودا بوون.

کە دیتم وەزعی حزب زۆر خراپە لە باری مالّی و تەداروکاتیەوە لەگەڵ کاک فەتاح دانیشتم. کووتم ئێمە دەتوانین ئەم وەزعە بگۆڕین کاک فەتاح کووتی چۆن؟؟؟

بەشی دووهەم

کووتم. من دەیگۆڕم. بەڵام کەمێک غیرەت و پوڵی دەوێ کاک فەتاح کووتی شۆڕش هەرچی دەیکەی بیکە بەڵام لە ئەنجامەکەی ئاگادارم بکەوە. بۆ پوڵیش پرس بە من مەکە هەرچیت دەوێ لە بەر دەستی خۆتدایە.

ساڵەکانی ١٩٩٢ تا ساڵی ١٩٩٦. هیچ شتێک لە کەرکوکەوە نەدەهات بۆ کوردستان ئەو کەسەی لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە بە ئێمە ڕادەگەیشت کورێکی خراپ نەبوو لەگەڵ ئێمە منیش ڕۆژێک دەعوەتم کرد بۆ نەهارێک و لەوێ هەندێک مەسەلەم لەگەڵ باس کرد کووتم بنەماڵەکانمان وەزعیان زۆر باش نیە.

ئەگەر تۆ هاوکاریم بکەی هەموو حەووتوویەک بە پێی پێویست خواردەمەنی و سووتەمەنیان بۆ بنێرین. مانگی دەهەزار دینارت دەدەمێ.

پوڵەکە تەبع بوو زۆر نەبوو بەڵام بۆ ئەو زۆر بوو.
چاوێکی لێکردم و پێکەنی کووتی خۆ تاقیم ناکەیتەوە.
کووتم نا. مەترسە. من کوردم. ئەگەر ئەم کارەم لەگەڵ بکەی سوپاست دەکەم
کووتی بە شەرتێک. کووتم فەرموو بیڵێ شەرتەکەت چیە؟؟؟
کووتی هەر کات وەزعی بەغدا تێکچوو خۆم و ماڵ و منداڵم بپارێزن لە لای خۆتان.
پێکەنیم لە دڵی خۆمدا بەوان پێدەکەنیم. کە ئەوە بەعسیەکانن داوای پەنابەری لە من دەکەن.
لەگەڵ ئەویش پێدەکەنیم. کە خەمت نەبێ قەولت پێدەدەم بتپارێزم.
سازاین و خودا بتحەسێنێتەوە.

هەموو حەووتوویەک کاک فەتاحی ئیلخانیزادە دەهاتە کەرکوک لۆریەکەی حزبی پێ بوو پڕماندەکرد لە ئەنواعی میوەو و سەوزەو سووتەمەنی و هەرچی پێداویستی ژیان هەبوو.

لە یەک کەپسوولی گاز. زیاتر قەدەغە بوو بەڵام ئێمە هەرچەندە پێویستمان بایە بارمان دەکرد ئەوی بەغدا کە لەگەڵی ڕێکەووتبووم. بەرپرسی کەرکووکی ئاگادار کردبوو
کە شۆڕش هەرچی دەوێ هاوکاری بکە. ئەتۆش هەرچیت دەوێ لێی وەرگرە.
ئەوانیش هەموو جارێ نەهارم بۆ دەکڕین و بۆ ماڵەوەشیان دەبردەوە

بەشی دووهەم

کاک فەتاح ئیلخانیزادەش دوو باکی زیادی لە لۆریەکەی بەستبوو
پێم وابێ هێندە گەورە بوون. بە هەموو نەووتی کەرکووک پڕ نەدەبوو.
بە کەیفی خۆی هەرچی پێ خۆش بایە باری دەکردو دەگەڕاوە بۆ کوردستان
هەتا لە بەغدا بووم ئەم ڕێکەووتنە کاری پێدەکرا.
هەموو ئەو شتانەم بە وردی بۆ کاک فەتاح باس دەکردوو گفتوگۆی چڕوپڕمان دەکرد لە سەر ئەو کارانە هەموو
جارێک کاک فەتاح دەیکووت. (من ئاگام لەو ڕێکەووتنانە نیە). وایە؟؟
منیش دەمکووت وایە.

شتێکی کاک فەتاح م پێ جوان و خۆش بوو هەر دیدارێک یا کارێکی حزبی و سیاسیمان دەبوو لەگەڵ حزبەکان و سازمانەکان. کاک فەتاح منی دەنارد مەتنی کارەکەی پێدەکووتم کە لەسەر چی قسە دەکەی و باس دەکەی ئەوی تری بە خۆم دەسپارد. دەیکووت دەبێ فێر بی وەک حزب قسە بکەی بۆ لای سازمانی مجاهیدین هەر منی دەنارد.
پێم وابێ ئەوەندەی لە بەغدا بوو یەک جار سەردانی مجاهدینی کرد دەنا هەر منی دەنارد. پێشی دەکووتم چی بڵێم و چۆن ڕەفتار بکەم بۆ لای کۆمەڵە و هەندێک سازمانی تر هەر منی دەنارد.
کاک فەتاح زۆر شێوەی سیاسەت کردنی فێر کردم زۆر کارو هونەری سیاسەت لە کاک فەتاحەوە فێر بووم.
وای لێهاتبوو کاک فەتاح تەنها ئیمزای دەکرد دەنا کارەکان هەمووی فێر ببوم و هەر بۆخۆم دەمکردن بەڵام هەموو شتێکم لەگەڵی باس دەکرد.

((ڕەحیم تەها))

لە هەوڵێکی تیرۆریستی لە نێوان ڕانیەو سەرکەپکانی دەڤەری (ڕانیە)ڕزگاری ببوو لە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی. زۆر بە خەستی بریندار ببوو هەرلەوێ سەعدوون بارزان و پێشمەرگەیەکی تر شەهید دەبن دەچنە سەریان و تیری خەلاسیشیان لێ دەدەن و وێنەشیان لێ هەڵدەگرن هەتا بیبەنەوە بۆ ئاغاکانیان هەتا کەمێک پووڵیان بدەنێ.

ڕەحیم ناردبوویان بۆ بەغدا لەوێ لە ژێر چارەسەردا بوو بردبوومە لای باشترین دکتۆری. جەراح. ئەگەر ئەو دکتۆرە

بەشی دووهەم

نەبوایە دەستیان دەبڕیەوە. دکتۆرەکە کورد بوو زۆریش خۆمانە بوو لە بیمارستانی عەسکەری کاری دەکرد. هەرچی لە دەستی هات کردی و لە داوو دەرمانی عەسکەری کەڵکی وەرگرت و نەیهێشت دەستی ببڕنەوە. هەی ئافەرین بۆ ئەو دکتۆرە کورد پەروەرە. بە سازمانی un مان ناساندبوو ئەوانیش بەڵێنیان پێدابن هەرچی زووتر بەڕێیبکەن بۆ دەرەوەی وڵات.

ڕەحیم هەر لای ئێمە بوو هەتا سەفەری کردو بەڕێمان کرد بۆ (سویس)

ڕۆژێک لە ماڵێ دەمویست بچمە دەرێ خێزانم دەرکەی حەسارەکەی کردەوە ڕاوەستابوو هەتا بڕۆم دایخاتەوە هەر کە چوومە دەرێ لە لای چەپم کووچەیەکی لێ بوو.

دیتم سێ کەس دەم و چاویان بەستبوو کلاشینکۆفیان پێ بوو بە هەڵاتن بۆ لای من دەهاتن بێ ڕاوەستان خۆم لە ژووری هاویشتەوەو بە خێزانم کووت خێرا دایخە خێرا چووم تفەنگەکەم هێناو چوومە دەرێ کەسی لێنەمابوو هەڵاتبوون.

عەولا سەیدە پێشمەرگەی دێرین و کەم ئەندام و کادری بێسیم بوو ئەویش چووە سەربان. بەڵام هەڵاتبوون خێزانم بانگی کردم کووتی تەلەفوون تۆیان دەوێ کە چووم مجاهدین بوون. کووتیان ئاگاتان لە خۆتان بێ قەرارە لێتان بدەن خەبەرمان پێگەیشتووە. بە نیازی لێدانی ئێوەن منیش بۆم باس کردن زۆریان پێ خۆش بوو کە سەلامەتم.

دوایە تەلەفونیان کرد کووتیان بۆ ماوەی سێ شەوان کەمینمان دەبێ لە دەوروبەری ماڵە ئێوە. بە نهێنی ئێوەش با بزانن لە دوای ئەوە زۆر بە ئیحتیاتەوە دەڕۆشتین و دەهاتین مەجبوور بووین چەکمان پێ بێ لەگەڵ خۆمان بۆ هەموو شوێنێک حکوومەتی عێراقی دەسەڵاتێکی وای نەمابوو هەموو شوێنێکیان پێ کۆنترۆڵ نەدەکرا. ئەو حزب و سازمان و معارەزانەی دژی حکوومەتی عێراق کە هەموو دەست پەروەردەی کۆماری سێدارە بوون دەستووریان پێدابوون فەرقیان پێ مەکەن هەموویان بکوژن هەتا ڕۆژێکی تر من و ڕەحیم چووبووینە دەرێ بۆ هەندێ کار.

ڕەحیم کووتی شۆڕش تۆ هەستت بە هیچ نەکردووە ؟؟؟ منیش کووتم وەکوو چی ؟؟؟
هەست ناکەی بە دوامانەوەن ؟؟؟

بەشی دووهەم

لە ڕاستیدا لە مێژ بوو چەند ماشێنێکم دەدیت بە دوامەوە بوون بەڵام زۆر وا هەڵدەکەووت ماشێنێک چەندین کیلۆمەتر بە دوای تۆدا دەهات بەڵام زۆر عادی بوو. بەڵام ئەمجارە لە مێژ بوو بە دوامدا دەهاتن و زوو زوو یەکیان دەهاتە پێشمان و لای ڕاست و لای چەپمانی دەکرد بەڵام پێم خۆش نەبوو بە ڕەحیم بڵێم چونکە لە دوای ئەوەی تەقەیان لێکردبوو لە هەموو شتێکی مەشکووک نارەحەت دەبوو.
بۆیە پێم خۆش بوو هەر ئاگای لێنەبێ و نەزانێ هەتا بتوانم بە لایەکدا خۆمیان لێ بشارمەوە. هیچ چەکیشمان پێ نەبوو ئەو ڕۆژە.

هەر بە قەستی دوو سێ جار مەسیری خۆم گۆڕی هەتا بزانم بە دوای منەوەن یا هەر بە ڕێکەووتە ئەو هەموو ماوەیە بەدوای ئێمەدا دێن کەشفمانکرد کە ئەوانە سێ ماشێنن. یەک لە پێشمانەوە بوو ئەویتر لە پشتەوەمان بوو ئەوی ئەسڵی هەر جارەی دەهاتە لایەکمان لە شوێنێکی گونجاو دەگەڕان تا لێماندەن. دیتم ڕەحیم زۆر فشاری بۆ هاتووە هەتا کووتی من دابەزێنە بە تاکسی دێمەوە. هەر کووتم ڕەحیم گیان ئێستا هەردووکمان لە خەتەردایین کەمێک ئارام بە تا دەگەینە ئەو جێگا بادانەوەیە ئەگەر هەتا دەگەینە ئەوێ لێمان نەدەن حەتمەن ڕزگارت دەکەم
نەخێر ماشێنەکە هاتە تەنیشتمان بە شۆفێرەکەوە چوار کەس بوون دوو لە دواوە دا نیشتبوون یەکیش لە پێشێ. تفەنگەکانیان بڵند کردوو ئامادە بوون بۆ لێدانمان ڕەحیم دەم و چاوی خۆی گرت ناحەقی نەبوو جارێکی تری دیبوو.

لە چرکەکانی مان و نەماندا بووین بەینی ئێمەو مەرگ و نەمان و خوێن هەر بستێک بوو هەموو شتێک ئێستا لە دەست و فەرمانی مندا قەتیس مابوو کووتم ڕەحیم توند خۆت بگرە زۆر بە تۆندی.


لەو جێگا بادانەوەیە موخالیف بادەدەمەوە. هەموو گیانمان ببوو بە گوێ بۆ دەنگی ڕەگبارو قرمە یەکیان لە پێشم بوو لەو شوێنە ڕەت بوو و ڕۆی ئەوی دەیویست تەقە بکا تفەنگەکانیان ڕوو تێکردبووین من بەو خێراییە بامدایەوەدوو جار سووڕاو چوونە سەر سایدی خۆم خۆم لە کووچەیەکی پێشم هاویشت. کوچە بە کوچە خۆمان ون کرد.

کووتم ڕەحیم هەموو ئێرە شارەزام هەر بە کوچاندا دەڕۆین.

ڕزگارمان بوو هاتینەوە مالێ.

بڕی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەل.

یادێک لەشەهیدانی گوێکتەپە لە ناوچەی مەهاباد



گوێکتەپە دەورانی شۆڕش و خەباتی حیزبی دیموکرات، کاتێک کوردستان لەژێر دەسەڵاتی خەڵک دا بوو، تەنها گوندێکی چەند ماڵی بوو. کە لە چەند کیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی شاری مەهاباد لەسەر جادەی سەرەکی مەهاباد - میاندواو هەڵکەوتووە. خەڵکێکی دڵسۆزو کوردپەروەرو پشت و پەنای پێشمەرگە بوون. هیچ کاتێک لەخزمەت بە شۆڕش و حزب دڕێغیان نەکردووە. لە ١٨ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٩ ٣ هەلیکۆپتەری شەڕکەری ڕژیم بە ٤٢ کۆماندۆ لە قەراغ ئەم گوندە سووتان و کوژران. یەکێک لەفەرماندەران و سەرپەلی پەلی شاهۆ شەهید (حەسەن سوهرابی) لەم گوندە بەتۆپی تانگ لەکاتی هێرشی بەربڵاوی دوژمن کە هاتبوون تۆڵەی کەربەلای دارەلەک و هەلیکۆپتەرو کۆماندۆکانیان بکەنەوە شەهید بوو. ئەم شەڕە گەورەو حەماسیەم لەبیرەوەریەکانمدا بەدوورو درێژی نوسیوەتەوە.

خەڵکی گوێکتەپە هەمیشە ژن و پیاوو کیژو کوڕانی لاوو، هەمیشە وەکوو پێشمەرگە بۆ دیفاع لەخۆیان و ناوچەکە ئامادە بوون بۆ هەموو گیانفیداییەک. لەو پێناوەشدا شەهیدو برینداریان داوە.

١- شەهید: حەسەن مەحموودی

٢- شەهید: سولەیمان بەرمخ

بەشی دووهەم

٣- شەهید: محێدین مەحمەڵ

٤- شەهید: ڕەشید ڕۆستەمی ئازەر ناسراو بە (سەرباز)

٥- شەهید: قەرەنی مام نەبی

ئەم ٥ شەهیدە هەموویان خەڵکی گوێکتەپە بوون. بەڵام هەریەک لەشوێنێکی جیاواز شەهید بوون.

سڵاوو ڕێز بۆ خەڵکی شۆڕشگێڕو پێشمەرگە پەروەری گوێکتەپە.

یادو ناویان هەمیشەبەرزو بەڕێز.

ڕۆحیان شادو ڕێگای خەباتیان هەتا سەرکەووتن بەردەوامە.

سەردەکەوێ خەباتی حەقخوازانەی گەلی کورد.

نیشتیمانەکەت ئەو بەهەشتەیە کە باسی دەکەن.



زۆر منداڵ بووم، لەبیرمە جارێک هاوڕێیەک و خزمێکی بابم لەماڵی ئێمە میوان بوون. منیش زۆرم پێخۆش بوو کە گوێم لەقسەکانیان بێ. باسەکەیان هاتە سەر نیشتیمان و خاک و جێگای لەدایک بوون. چونکە ئەوکات زستانان خەڵکەکە شەوانە دەهاتنە ماڵی ئێمە بابم حیکایەتی بۆ دەگێڕانەوە. الحەق عەجاییب حکایەت زانێک بوو. کاتێک بابم دەستی پێدەکرد هیچ کەسێک قسەی نەدەکرد، تەنها هەموویان گوێیان دەگرت. هێندە بە عیشق و عەلاقەوە گوێیان دەگرت، بۆ سبەینێ هەموویان بەشی ئەو شەوەیان لەبەر بوو. چونکە هەر حیکایەتێک چەندین شەوی دەگرت. حیکایەتەکان (ڕۆستەم و زۆراب، ئەمیر ئەرسەلانی ڕۆمی، خورشیدو خاوەر، شیرین و فەرهاد، شێتەو ژیرە، سوڵتان مەحمود، هارونە ڕەشید، بابۆلی دانا، یوسف و زولەیخا، عیشقێکی شێت) هتد...

دوای تەواو بوونی حیکایەتەکە بەشی ئەو شەوە،، میوانەکانی جیرانمان دەڕۆشتنەوە بۆ ماڵەکانیان. زۆر جار ئەو میوانانەی لە ڕێگای دوورەوە دەهاتن دەمانەوە. هەموومان پێکەوە دەنووستین. لەوێ گوێم لێ بوو میوانێکمان لەوێ مابۆوە بە ژن و منداڵەوە ناوی کاک ڕەحمان بوو. مەسەلەیەکی بۆ بابم گێڕایەوە ئێستاش لەبیرمە. گووتی نیشتیمان زۆر خۆشەویستە. دەڵێن جارێک کابرایەک چەندین ساڵ بوو بولبولێکی هەبوو، باڵندەیەکی جوان و دەنگ خۆش بوو. هەمیشە ڕووی لە ئاسمان دەکردو دەیخوێند. خاوەنەکەشی لەبەر ئەو دەنگە خۆشەی هەموو خزمەتێکی دەکرد. هیچ کاتێک نەیدەهێشت لەهیچ شتێکی کەم بێت. زۆری خۆش دەویست. ڕۆژێک هاوڕێیەکی خۆی میوانی دەبێ. کە گوێ لە دەنگی باڵندەکە دەگرێ دەست دەکات بەگریان. خاوەن باڵندەکەش بە میوانەکەی دەڵێ ئەوە بۆچی دەگریت؟ ئەویش دەڵێ ئەم باڵندەیە دەزانی دەڵێ چی؟

بەشی دووهەم

دەڵێ نەوەڵا نازانم خۆ من زمانی باڵندان نازانم، چوزانم دەڵێ چی؟ میوانەکە دەڵێ من دەزانم ئەوە دەڵێ چی، چونکە من لە زمانی باڵندە تێدەگەم. خاوەنی باڵندەکە دەڵێ بە ئێمەش بڵێ بزانین ئەم باڵندەیە چەندسالە دەڵێ چی؟؟ میوانەکەش دەڵێ پێت خۆشە بزانی باڵندەکەت دەڵێ چی؟ ئەوە دەڵێ (ئای وەتەن) ئەم قسەیە شەوو ڕۆژ دووپات دەکاتەوە. خاوەنەکەی دەڵێ واتە ئەم باڵندەیەی من شین و شیوەن و گریان دەکات بۆ وەتەنی خۆی؟؟؟ میوانەکەش دەڵێ بەڵێ. دەڵێ ئاخر من هەموو خزمەتێکی پێدەکەم و لەهیچ شتێکی کەم نیە لێرە. بۆ دەبێ بۆ نیشتیمانەکەی بگری؟؟ خاوەنەکەی لەباری ویژدانیەوە زۆر ناڕەحەت دەبێ، کە هەتا ئێستا لێی حاڵی نەبووەو زۆڵمی لێکردووە و ڕێگای نەداوە بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمانەکەی. بۆیە بڕیار دەدات ئازادی بکات و وەدوای بکەوێ هەتا بزانێ نیشتیمانی ئەم باڵندەیە چیەو لەکوێیە؟؟

ئازادی دەکات و بە دوای دەکەوێ، شاخ بە شاخ و گوند بەگوندو دۆڵ بە دۆڵ. هەتا سەرئەنجام لە شاخێکی داپۆشراو بەدارو جەنگەڵ، لەسەر ئاوی کانیاوێکی ساردی کوێستانی. لەسەر لقی داچۆڕاوی دارێک بەسەر ئاوەکەدا کۆنە هێلانەیەکی لێ بوو تەنها چەند پوش و پەڵاشێکی پێوە مابوو. لەوێ نیشتەوەو باڵەکانی لێ بڵاو کردو هەناسەیەکی هەڵکێشاو گووتی (ئێرە نیشتیمانی منە) بە هەموو عەیبەکانیەوە ئامادەم لە پێناویدا بمرم. خاوەنەکەی گووتی ئەم هەموو گریان و شیوەنەت چەند سالە بۆ ئێرە بوو؟؟ چونکە ئەوەی من دەیزانم سەبارەت بە نیشتیمانی خۆم تۆ نایزانی. بۆ دواییین جار دەنگی هەڵێناو خوێندی و گووتی (خۆشم دەوێ، خۆشم دەوێ. ئەم نیشتیمانەم خۆش دەوێ)

یادێک لە شەهیدان: (ڕەحمان شەعبانی) و شەهید (حاجی عەبدوڵای خاسان)



ڕەحمان شەعبانی: ناسراو بە ڕەحمانی خولە شابان، لەدایک بووی هەژارترین بنەماڵەی شاری (بانە) کە دایکی نانەوا بوو باوکیشی مجێووری مزگەووت. تاقانە کوڕی بنەماڵە بوو. ڕەحمان لە ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی لە زەمانی ڕژێمی پاشایەتی دا لە ڕێگای بەڕێز (مامە قالەی شۆڕش) وە دەبێتە ئەندامی حزبی دیموکرات. دوای شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێران ئەوکات کە لەبانکی میلی (دیواندەرە) کارمەند دەبێ، پەیوەندی بە حزبەوە دەگرێتەوەو دێتەوە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی حزب چەکی پێشمەرگایەتی هەڵدەگرێ. ڕەحمان لەماوەی ژیانی پێشمەرگایەتی دا بەهۆی زانایی و هوشیاری سیاسی و تێکەڵاوی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک و خۆشەویستی ناو کادرو پێشمەرگەکان، هەتا پلەی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی حزب دەچێتە پێش. هیوای زۆری بەسەرکەووتنی حزب و گەلەکەی و شۆڕش هەبوو. لەناوچەکانی (دیواندەرەو هەوشار) زۆر چالاک و خۆشەویستی ناو کۆمەڵانی خەڵکی ئەم ناوچانە بوو. بۆیە دوژمن هەمیشە لەکەمین دا بوو هەتا بتوانێ زەربەیەکی لێبدات. بۆیە لەگوندێکی سەر بەناوچەی سەقز هێزەکانی ڕژیم خێزانی ڕەحمان بە ناوی خاتوو (فەراسەت جاروڵاهی) دەگرن و لەزیندانی (ئەڤین) لە تاران بەندی دەکەن. هەر لەوێ لەزیندان منداڵێکی لەدایک دەبێ. پاشان حزب لەگەڵ ڕژیم ئاڵوگۆڕیان کردن دیل بەدیل واتە گۆڕیانەوە لەگەڵ چەند دیلێکی دوژمن. خێزانی گەڕایەوە ناو بنەماڵەکەی.

ڕەحمان هەتا ساڵی ١٣٦٣ ی هەتاوی لەڕیزی پێشمەرگەدا دەبێ. پاشان بەهۆی کێشەی شەخسی لەگەڵ کەسانێک تاوانبار

بەشی دووهەم

کردنی بەهەندێک مەسایلی ناڕەوا لەحزب دا نامێنێ و لە شاری (سلیمانی) لەباشووری کوردستان دادەنیشێ.. بەڵام هەمیشە هاوکارو دڵسۆزی حزب دەبێ و هەتا دوا ساتەکانی ژیانی وەفادار بەحزب و ڕێبازەکەی بوو. لە دەورانی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ ڕەحمان شۆفێری لۆری یەکەی حزب بوو لەنێوان کەرکوک سلیمانی. هاوکاری کاک عەلی پێشکاری بوو. ئەوکات ئەمنیش لە بەغدا بووم، هەموو جارێ کە دەهاتە بەغدا دەمدیت و هەر خۆش بوو گویت گرتبا لە قسە جوان و بەسەرهاتەکانی. دیارە شەهید ڕەحمان بۆ ماوەیەک لەگەڵ سازمانی خەبات دەکەوێ و لەوێ وەکوو بەشی ڕاگەیاندن کار دەکات. بەڵام لە کۆتایی دا هەر دەگەڕێتەوە سەر ئەسڵی بیروباوەڕی خۆی کە حزبی دیموکراتی کوردستان بوو. سەرئەنجام لە ڕێکەووتی ١ - ٢ - ١٩٩٦ لەشاری سلیمانی لەگەڵ عەبە خاسانە دەکەونە بەر دەستڕێژی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و نۆکەرەکانی و هەر لەوێ هەردووکیان شەهید دەبن. ڕەحمان باوکی ٣ کوڕو ٥ کچ بوو کە ئێستا لە (سوئێد) دەژین.

حاجی عەبدوڵای خاسان: خەڵکی شاری (سەقز) بوو لەساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی لەڕێگای هاوڕێیانی خۆی وەکوو، مینە شۆڕش و حەمە نەجاری گۆرانی بێژ دەبێتە ئەندامی حزب.. لەدوای ڕوخانی ڕژیمی پاشەیەتی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، وەکوو ئەندامێکی زۆر چالاکی حزب بوو لەناوچەی سەقز. هەمیشە لەگەڵ پێشمەرگەکان بوو بۆ هاوکاری کردنیان. پاشان لەلایەن ڕژیمەوە دەگیرێ و تاوانباری دەکەن بە خستنە خوارەوەی یەک (هەلیکۆپتەر) لەکاتی شەڕی سەقزو دەوروبەر. ماوەیەکی زۆر لەزیندان دەیهێڵنەوەو سەرئەنجام موعجیزە ئاسا لەزیندانی ڕژیم هەڵدێ و لە مەرگی حەتمی ڕزگاری دەبێ. خۆی دەگەیەنێتە شاری سلیمانی لەباشوری کوردستان لەوێ نیشتەجێ دەبێ بەڵام هەمیشە وەکوو ئەندامێکی چالاک درێژە بە خەبات و هاوکاری حزب دەدات. هەتا دوا ساتەکانی ژیانی وەفادار بە خوێنی شەهیدان و ڕێبازی دیموکرات بوو. سەرئەنجام لەگەڵ ڕەحمان شەعبانی هەردووکیان دەکەونە بەر دەستڕێژی تیرۆریستانی ڕژیمی شیعەی تاران و شەهید دەبن و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی کوردستان دەبن. ڕۆحیان شادو یادیان هەمیشە زیندوو بێ ئەم یادو بیرەوەریانە درێژەیان هەیە.

سوپاس و ڕێز بۆ کاکە (ئازاد بانەیی) لەهەموو بارێکەوە هاوکاری کردما.

عەمەلیاتی بەرەنگاری لە قەڵای سارم بەگ



وەکوو پەلی (شاهۆ) ماوەیەکی زۆر بوو لە ناوچەی (شاروێران) بووین،، چەندین عەمەلیاتی سەرکوتوومان ئەنجام دابوو زۆرمان شایی بەخۆمان بوو. هەر بە ئەندازەی دەنکە جۆیەک حسابمان بۆ دوژمن نەدەکرد. ئەوەندە زاڵ بووین بەسەر دوژمن دا ورەو باوەڕمان بەسەرکەووتن فولی فول بوو. بەڵام هەرگیز لەخۆمان بایی نەدەبووین بەو هەموو سەرکەووتنانە و بەپێچەوانەشەوە بەشکستەکانیشمان بێ هیوا نەدەبوین ئەم نەسیحەتەمان هەمیشە لە مێشک دا بوو. بۆیە هەرگیز نە بێ هیوا بووین نە مەغرور دەبووین بەسەرکەوتنەکانمان. ئەوکات هەرچی عەمەلیات هەبوو لە ناوچەی شاروێران دەکرا. ناوچەی (مەحاڵ) مەگەر دوژمن هێرشی هێنابایە دەنا شەڕو عەمەلیاتی تێدا نەبوو. شاروێرانیش بەهۆی هەردوو جادەی سەرەکی نێوان مەهاباد بۆ ورمێ و میاندواو بوو ئەو هەموو شەڕو پێکدادانەی تێدابوو نێوان ئێمەو دوژمن. بۆیە هەموو پەلەکانی پێشمەرگە پێیان خۆش بوو هەموو کاتێک لە شاروێران بوونایەو نەهاتبانەوە بۆ ناوچەی مەحاڵ. چونکە لکی ١ی شەهید کاک شوان ئەوکات ٦پەل بوو هەمیشە ٣ پەلمان لە شاروێران بووین ٣ پەلەکەی دیکە لە مەحاڵ دەمانەوە، چونکە بنکەی هێزو بنکەی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد هەردووکیان لە ناوچەی مەحاڵ بوون. ڕۆژی یەک شەممە بوو نامەی لک هات کە هەرچی زووتر بگەڕێنەوە بۆ ناوچەی مەحاڵ. سۆفی سەرپەلمان بوو هەموومانی کۆکردەوەو پێی ڕاگەیاندین ئەم شەو دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ناوچەی مەحاڵ. زۆرمان پێ ناخۆش بوو بەڵام چار نەبوو دەبوو بگەڕێینەوە. هەر ئەو ڕۆژە ملی ڕێگامان گرت و گەڕاینەوە بۆ بنکەکەی خۆمان کە لە ئاوایی (شیلاناوێ) بوو.. شەوێ گەیشتینەوە. هەموومان ماندوو بووین، بێ ئەوەی هیچ نیگابانیەک دابنێین بێ خەیاڵ لێی نووستین. بۆ بەیانی کە ڕۆژی ٣ شەممە ٢٥ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦١

بوو. سۆفی هاتە بن سەرم و گووتی شۆڕش گیان هەڵناسی؟؟ دەنگی تۆپ و خومپارە دێ لە (قەڵای سارم).خێرا هەستام و چوومە دەرێ گوێم ڕاگرت دەنگی تۆپ و خومپارە دەهات جار جاریش دەنگی تەقەی ورد دەهات. دیتم کۆڕەکان هەموو هەستابوون کووتم سۆفی ئەوە چ خەبەرە؟؟ کووتی لە بەیانی زووەوە گوێم لە دەنگی ئەو تۆپ و خومپارەیە هەیە بەڵام دڵم نەهات هیچتان هەڵستێنم لە خەو. ئێستاش وەکوو ئەوە دەچێ دوژمن هێرشی کردبێ بە دۆڵی (سەیدئاواو پیربەلە) دا. خێرا بابۆڵە پەنیرێک بخۆن و با بڕۆین بزانین چ خەبەرە؟؟؟ خێرا هەموومان خۆمان بەست و هەردوو جیبەکانمان هێناو خۆمان گەیاندە گوندی (سارەوانان) کە بنکەی پەلێکی لێ بوو. هەروەها سەیداواش پەلێکی پێشمەرگە لێ بوو سەرپەلەکانیان شەهید یوسف گوشواره و شەهید عەولا ئەمینی بوو. کە گەیشتینێ تەنها یەک پێشمەرگە لەوێ بوو. لێمان پرسی ئەوە ئەو تەقەیە چی یە؟ کووتی دوژمن هێرشی کردووە بۆ شاخی قەڵای سارم و دەوری گوندەکانی پیربەلەو سەیداواو حەوتەوانانی داوە و پێشمەرگەکانیش هەموویان لەوێن.

ئێمە نزیک بە ٢٠ کەس دەبووین. خێرا بێ ڕاوەستان بەرەو شوێنی شەڕەکە هەر بەهەڵاتن ڕۆشتین. خۆمان گەیاندە ناو گرە بەردەکانی قەڵای سارم. لەوێ تووشی پێشمەرگەیەک بووین بە ناوی سولەیمان نازداری، هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕاینەوە کە دوژمن لە بەیانی زووەوە هێرشی کردووە و هەتا ئێستاش شەڕەکە هەردرێژەی هەیە. بەپەلە ڕۆشتین و خۆمان گەیاندە پێشمەرگەکان و لەوێ یوسف گوشوارەو عەولای ئەمینی مان دیتەوە کە هەردووکیان سەرپەل بوون. وەزعی شەڕو چۆنیەتی بارودۆخەکەیان بۆ باس کردین. زۆریان پێ خۆش بوو کە ئێمە گەیشتینێ ڕۆحیەیان هێندەی تر بەرز بۆوە. وادیار بوو ڕیزە شاخێکی سەخت و بەردەڵان مابوو پاکسازی بکەن لەدوژمن، پێشمەرگەکان دووجار هێرشیان کردبووە سەریان بەڵام پاسدارەکان مقاومەتیان کردبوو چۆلیان نەدەکردوو لەوێ مابوونەوە. پێشمەرگەکان زۆر ماندوو بوون لە بەیانی زوو هەتا ئێستا دەرگیر بوون لەگەڵ دوژمن. پێویستیان بە پشوویەک هەبوو. ئێمە بووین بەدوو دەستەی ٩ نەفەری و ئەوانیش نزیک بە ١٥ کەسیان کوتیان ئێمەش دێین. سەرجەم نزیک بە ٣٥ پێشمەرگە دەبوەین. کردمان بە ٣ دەستەو لە ٣ لاوە بۆیان چووین. هەر کە لێیان نزیک بووینەوە، شەڕ زۆر بە تونڈی دەستی پێکرد. ئەوان لەپێشدا ئێمەیان دیت و لێیان داین. زانیان هێرشمان کردووە زۆریان نارنجۆک هاوێشتن. شاخەکە یەکجار سەخت و بەردەڵانە هەرکەس شاخی قەڵای سارمی دیتبێ دەزانێ چەندە چڕوو و بەردەڵانە. هەموومان بێدەنگ بوەین هەتا ئەوان تەواو تەقەی خۆیان کرد. زۆریان ئاڕپێ جی و نارنجۆکی سەری ژ - ٣ یان پێوە ناین. پاشان سەنگەر بە سەنگەر لێیان چوەینە پێش. بەرد بە بەردو سەنگەر بەسەنگەر پێمان چۆل دەکردن. کۆڕەکانی دیکەش هەموویان هاتن، هەندێک لەسەنگەرەکانیان هەتا دوا فیشەک بەرەنگاریان دەکرد. زۆر سەخت بوو دەرپەڕاندنیان. چونکە هەتا نەکوژرابان سەنگەریان بەرنەدەدا. بە کۆڕەکانم گووت کۆرینە زۆر هوشیار بن و بە ئیحتیاتەوە بۆیان بچن، وادیارە ئەمانە لە پاسدارە هەرە بێ مێشک و وەفادارەکانی ڕژیمن. دوو سەعات زیاتری گرت

بەشی دووهەم

هەتا توانیمان بەسەریاندا زاڵ بین و تەواوی شاخەکەیان لێ بستێنینەوە. بەڕاستی زۆریان ماندوو کردین هەتا هەڵمانکەندن لە سەنگەرەکانیان. بە ژمارە دەقیق لەبیرم نەماوە چەند کەسیان لێ کوژرابوو، بەڵام هەر پێشمەرگە بوو هاواری دەکرد، ئەوە جەنازەی پاسدارێکە لێرە. سەنگەری واهەبوو ٤ کەسی تێدا کوژرابوو، تەقەی ورد نەمابوو.ئێمە تفەنگەکانمان زامن کردبوو. بەڵام جار جار گوێمان لەدەنگی ڕەگباری کورت و چەند تەک تیرێک دەبوو. دوژمن هەموو جەنازەکانیان لێ بەجێمابوو. لێرەو لەوێ لەناکاو پاسدارێک هەڵدەستا سەرپێ و تەسلیم دەبوو. پاسدارێک دەستی بڵند کرد تەسلیم بێ ئەوی تریان بە فێڵ تەقەی لێدەکردین. بۆیە پێشمەرگەکان تورە بوون و دەستیان لێ نەدەپاراستن. هەرچی ویستی ئەو فێڵەمان لێبکەن کوژران و پێشمەرگە ڕوحمی پێنەکردن. هەندێکیان لەناو بەردەکاندا مابوون خۆیان حەشار دابوو. بەڵام پێشمەرگەکان بن بەرد بە بن بەرد لێیان دەگەڕان. ئەوانی تر هەمووبان بە دیوی شاری دا هەڵاتبوونە خوارێ خۆیان دەرباز کردبوو... ڕاوە پاسدار بوو بۆخۆیان بە پێی خۆیان هاتبوونە ناو ماڵی ئێمەو لەو شاخ و داخە هاتبوون ئێمە بکوژن و بگرن بە خەیاڵی خۆیان. بۆیە پێشمەرگەکان بە حەقی خۆیان دەزانی جوابێکی شۆڕشگێڕانە بەو تەجاوەز کارانە بدەنەوە کە جارێکی دیکە جورئەتی هێرش کردنە سەر ژیان و ماڵی خەڵکی کوردستان نەکەن لەناو خاک و ماڵی خۆمان دا.. بۆیە هەموویان کردنە خۆراکی قەل و دانەکانی ئەو شاخ و کێوانەی ناوچەکە. لە بەردەڵانەکەی ئەوبەر دیتم کۆمەڵێک پێشمەرگە لێک هاڵاون و دەنگەدەنگێکی زۆریان دروست کردووە. منیش لێیان چوومە پێشێ دیتم پاسدارێکیان بەدەستەوەیە هۆڕ هۆڕ دەگریاو دەپارایەوە، کە دیتم پاسدارێک تەمەنی هەر ٢٤ ساڵێک دەبوو، زۆریش جەوانی چاک بوو. دەیکوت ئێمەیان ناردووە کە لەم شاخە ئارتەشی بەعسی سەدامی لێیە و پشتی ئەم شاخە عێراقە. ئێمەش بۆمان تەوزیح دا کە درۆیان پێ کووتون ئێرە دەوروبەری مەهابادەو لێرەوە ناوشار دیارە عێراق لێرەوە بە دەیان کیلۆمەتر دوورە.. بەڵام هەر دەگریاو دەیکووت هەموو هاوڕێکانم شەهید بوون و منیش نامەوێ بمێنم دەمەوێ بچمە بەهەشت. تکایە بمکوژن با بەجێ نەمێنم. کوڕەکانیش دڵیان نەشکاندو بەڕێیان کرد بۆ لای هاوڕێکانی دیارە ئەوکات هەموو پاسدارو بەسیجیەکان کلیلی بەهەشتیان لە ملی دابوو لەگەڵ پلاکێک کە ناوو ژمارەی خۆیانی لێ هەڵقەندرابوو.

بەداخەوە لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەکی قارەمان بە ناوی (محەمەد لاوەیی) شەهید بوو.

ڕۆحی شادبێ و یادی هەمیشە زیندوو.

دوای پاکسازی تەواوی شاخەکەو دڵنیا بوون لە نەمانی دوژمن لەژێر ڕەهێڵەی تۆپ و خومپارە بارانی دوژمن دا گەڕاینەوە بۆ بنکەکانی خۆمان. ئەو ڕۆژەش ڕاست نۆرە پەزیرایی من و شەهید سالەی نادری بوو. جا وەرە لەسەر ئەو ماندوویەتیەوە خواردنی تەواوی ئەو ڕۆژەو پاکوخاوێنی بنکەکەش بکە. منیش خێرا چوم ٥ مریشکم کڕی و بردم بۆ ماڵە مام حوسین لەگەڵ

بەشی دووهەم

بـرنج و ڕۆن کە خـواردنێکی بەلەزەتمـان بـۆ دروستـ بـکەن. خـودا هەڵنـاگرێ خواردنێکیـان بـۆ دروستـ کردبـووین دەست و قـامکی خۆمان پێوە دەگەزت. چەند تونگە دۆی تـرش وساردیشیان بۆ هێنابووین ئەوەندەی تر چەسپی بـوو. سەماوەرەکەشمان هەمیشـە قـش قـش دەکـوڵا لەوە خۆشتر نەبـوو کە دوای عەمەلیـات دەگەڕاینەوە بـنکەکەی خۆمـان هەتـا دوو ڕۆژ هەر بـاس باسـی چـۆنیەتی شـەڕەکە بـوو. هەرکەس چـۆنی دیبـوو دەیگێـڕایەوە. ئەو ڕۆژەش وابـوو لایەنـی بـاش و خراپـی شـەڕەکەمان هەڵدەسەنگاند.

بژی پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەلی کورد.

یادێک لەم دوو شەهیدە نەمرانە (یوسف پیرەدوخت - سیامەک سالّحی)



زۆر گرنگ بوو غیرەتی دەویست لە ڕۆژە سەختەکاندا کەسێک ببێتە پێشمەرگە چونکە دانیشتن و ئیسراحەت نەبوو هەموو کاتەکان شەڕو کەمین و گرتنی پایەگاو بەرپەرچ دانەوەی هێرشە هەمیشەیەکانی دوژمن بوو یان شەڕەکانی ناو شاری مەهاباد بوو. لە باقی ڕۆژەکانی تر لە ژێر تۆپ و خومپارە بارانی دوژمندا بووین لەوکاتە حەساس و خەتەرانەدا هەمیشە کوڕەکانی گەل هاتوون بۆ پێشمەرگایەتی و چەک هەڵگرتن، دژی کۆماری سێدارە هیچ کاتێک تفەنگی هیچ شەهیدێک نەکەوتۆتە عەرزی و خێرا لاوێکی تر تفەنگەکەی هەڵگرتوەو تۆڵەی خوێنی شەهیدی چەندین بەرامبەر کردۆتەوە.

یوسف لەدایک بووی شاری مەهاباد بوو، هەر لەسەرەتای شۆڕشەوە لەبەرامبەر دەست دریژیەکانی ڕژیمی ئیسلامی ئێران هەڵوێستی گرت. وەکوو هەزاران لاوی کورد ڕێگای خەباتی لە ڕیزەکانی حزبی دینوکرات هەڵبژارد. بۆ ڕزگاری و ئازادی و مافەکانی گەلەکەی. یوسف لە لکی ٣ی هێزی پێشەوا لەناوچەی مەهاباد سازمان دراو چەکی شەرەفی هەڵگرت و لیباسی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی. یوسف زۆر زوو جێگای خۆی لە دڵی هاوسەنگەرانی و خەڵکی ناوچەدا کردەوە. خۆشەویستی هەموان بوو، هاوسەنگەرێکی قورس و قایم بوو. کوڕی ڕۆژی تەنگانەو نمونەی پێشمەرگەیەکی بە ڕەوشت و بە دیسپلین بوو.

بەشی دووهەم

سیامەک سالّحی خەڵکی شاری مەهاباد و کوڕێکی زیرەک و ڕۆح سووک و پێشمەرگەیەکی چالاک بوو. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا پێشمەرگەیەکی بە ئەدەب و بە ڕەوشت و گوێڕایەڵ بوو. ڕێزێکی زۆری هەبوو لەلای هاوسەنگەرانی. تووندوتۆڵ و نەترس بوو.

ڕۆژی ٥ شەممەی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٤ پێشمەرگە دلێرەکان جێگایەک لە نێوان گوندەکانی (دوو سەید - گوڵیار) دیاری دەکەن، بۆ زەربە لێدان لەهێزەکانی دوژمن. بۆ ئەم مەبەستە کەمینێک لە نێوان ئەم دوو گوندەدا دادەنێن و چاوەڕوانی هێزی دوژمن دەکەن. دوای ماوەیەک چاوەڕوانی ماشێنێکی تویۆتای پڕ لە پاسدار دەکەونە ناو کەمینی شێرە کوڕانی دیموکرات و لەهەموو لایەکەوە دەیاندەنە بەر دەستڕێژی چەکەکانیان. هەموو سەرنشینەکان دەکوژرێن و بریندار دەبن. لەبەر نزیکی هێزی دوژمن لە جێگا کەمینەکە. هێزی یارمەتیدەری دوژمن بەرەو سەنگەری پێشمەرگەکان پێشڕەوی دەکەن. شەڕ هەروا درێژەی دەبێ، کە بەداخەوە لەکۆتایی شەڕەکەدا یوسف شەهید دەبێ و پێشمەرگەیەکی دیکەش بە ناوی (سیامەک سالّحی) بریندار دەبێ. پێشمەرگەکان بەهۆی بەفری زۆرو ساردو سەرماو شەهیدو بریندارەکە هەرچی زووتر شوێنی شەڕەکە بەجێدێڵن.

دوژمن زۆر بە قورسی ناوچەکە تۆپ و خومپارە باران دەکات٠ بەداخەوە دوای چەند کاتژمێر بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ بەهۆی خوێن ڕێژی زۆر سیامەک شەهید دەبێ و هەردووکیان تێکەڵ بە کاروانی نەمران و شەهیدان دەبن. هەردوو تەرمی شەهیدان (یوسف پیرەدۆخت و سایامەک سالّحی) یوسف لە گوندی (دووسەیدو) سیامەک لە گوندی (بێ هەنگوین) بەخاکی پاکی کوردستان دەسپێردرێن.

هەزاران سڵاو لە ڕۆحی ئەم دوو شەهیدەو هەموو شەهیدانی کوردستان. یادو ناویان هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە. پێویستە سوپاسی کاک سمایل ئەقدەم بکەم بۆ هاوکاری و هاوفکریم.

سەرچاوەی وێنەکان لە سایتی (شەهید) وەرگیراوە. سوپاس لە زەحمەتەکانی کاکە سەلاح شەشەی خۆشەویست.

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل...

یادێک لە شەهیدانی بنەماڵەی ڕەنگین لە مەهاباد.



زۆر کەم و دەگمەنن ئەو بنەماڵانەی لەکوردستان شەهیدێک یان چەندین شەهیدیان لە خۆشەویستان و ئازیزانیان نەکردبێتە چرای ڕێگای ڕزگاری و تاریکی. گیانی خۆیان نەکردبێتە پردەبازی ڕێگای ئازادی و سەرفەرازی بۆ خۆیان و نەوەکانی داهاتوویان.

یەکێک لەو بنەماڵانە: بنەماڵەی (ڕەنگین)ە کانن٠ پێویستە لاوەکان و تازە پێگەیشتووەکانی ئێستا ئەم قارەمان و شەهیدانە بناسن و ڕێزیان لێبگرن و ڕێگای خەباتیان دریژە پێ بدەن. چونکە ئەوان بۆ ئێوە مردن هەتا ئێوە بە ئازادی و کامەرانی بژین

١- شەهید ڕەحمان ڕەنگین سەرپەل لە لکی ٣ی هێزی پێشەوا.
٢- شەهید جەعفەر ڕەنگین پێشمەرگە لە لکی ٣ی هێزی پێشەوا.

لە ڕێکەووتی ٣ شەممە ٢ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لە شەڕێکی قورس و نابەرابەردا لەگەڵ جاش و پاسدارەکانی ڕژیم، کە هێرشیان کردبووە سەر گوندی (گڵۆڵان)ی خوارێ. قارەمانەکانی لکی ٣ لێیان وەدەست دێن و بە کوژراوو بریندارێکی زۆر هەتا پایەگاکانیان ڕاویان دەنێن. بەداخەوە لەم شەڕەدا بەهۆی تۆپ و خومپارە و کاتیۆشا بارانی خەستی

بەشی دووهەم

دوژمنەوە شەهیدان ڕەحمان و جەعفەر شەهید دەبن و گیانی خۆیان دەکەنە قوربانی خاک و نیشتمان و تێکەڵ بە کاروانی نەمران و شەهیدان دەبن. لەناو ئاپۆڕای غەم پەژارەی خەڵک و هاوسەنگەرانیان لە گوندی (کانی درێژ) بەخاکی پاکی کوردستان دەسپێردرێن. لەم شەڕەدا دوو پێشمەرگەی قارەمانی تر بەناوەکانی محمد مام ڕەحیمی و ئومێد عێراقی خەڵکی شاری سلیمانی باشووری کوردستان شەهید بوون و چەند پێشمەرگەش بریندار بوون، یەکێک لە بریندارەکان میکائیلی هونەرمەند بوو.. یادو یادگارەکانیان هەمیشە زیندوو.

٣- شەهید خدر ڕەنگین: یەکێک لە لاوە خوێن گەرمەکان بوو هەرچەندە تەمەنی زۆر نەبوو، بەڵام یەکێک بوو لەو هەڵسوڕاوانەی ناوشاری مەهاباد. بە شێوەیەک چالاک بوو کە زۆربەی کاری ناوشاری بەڕێوەدەبرد. بەداخەوە ئەویش لەلایەن خۆفرۆشانەوە دەست نیشان دەکرێ و دەگیرێ. دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر لەگەڵ ٥٩ لاوی مەهابادی ئیعدام دەکرێن.

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل...

سەرچاوەی زانیاری و وێنە: پەیجی شەهید،، کاک سەلاح شەشە.

کێ محمدی شێخ زادەی لەبیر ماوە؟؟؟



سەرەتاکانی شۆڕش کە لە خیابانێ دەمدیت لە مەهاباد، ئەوکات تفەنگێکی کلاشینکۆفی پێ بوو، ڕەختێکی تەواوو و دەمانچەیەکی چواردەخۆری دەبەست و کابشینێکی سەوزی ئەمریکایی لەبەر دەکرد. قیافەییم زۆر پێ جوان و پێشمەرگانە بوو. سمێڵێشی بابڕڕ دەکردن و جووتێک برۆی زۆر گەورەو پڕری هەبوو، دەتکووت هەموو ڕازوو نهێنی و بڕیارە گەورەکان لەلایەن ئەم پیاوەوە دەردەچێ و قسەی کۆتایی لێ دەکات. هەموو جارێ لەگەڵ شەهید حەسەن سوهرابی کاک محمدمان دەدیت، تێر تێر لە قەدو قیافەیمان دەڕوانی زۆرمان پێ جوان بوو.

هەتا دوای ئەوەی شارمان بەجێهێشت و هاتینە دەرەوەی شار، کاک محمد لە هێزو کۆمیتەی شارستان دەبوو، زۆرمان خۆشدەویست پیاوێکی هەتا بڵێی بەڕێزو خاوەن کەسایەتی خۆی بوو. هەتا ئەوکاتی هەموو ناوچەی مەهاباد لەلایەن ڕژیمەوە داگیرکرا کاک محمد بەرپرسی ئەنباری موهیمات و چەک و چۆڵی هێزی پێشەوا بوو، دوایین دیدارم لەگەڵی لەدۆڵی پشتی قزڵجەی خوارێ بوو کاتێک دوژمن هێرشی سەرتاسەری کردە سەرناوچەی مەحاڵ.

کاک محمد لە مەهاباد کۆچی دوایی کردوو مالئاوایی لەژیان کرد.

یادت زیندوو و ڕۆحت شادبێ.

فەلسەفەی ڕۆژی ١٣ بەدەر چیە؟؟؟



لەسەر ڕۆژی ١٣ بەدەر ڕوانین و بۆچوون و دەربڕینی جۆراوجۆر زۆرە. هەتا بۆچوونی دژ بەیەکیش هەیەو قسەو باسی زۆری لێکراوە. هەندێک ئەم ڕۆژە بە ڕۆژێکی شووم و نەحس دەزانن، هەر بۆیە ژمارەی ١٣ وەکوو ژمارەیەکی شووم دەناسرێ، بەڵام هەندێکیش وەکوو ڕۆژێکی باش و پیرۆز ناوی دەبەن. وەکوو (ئەبو ڕیحانی بیرونی) لە کتێبی (اثار باقیه) باسی لێکردووە.

هەندێکیش دەڵێن لە دەورانی حوکمڕانی بابلیەکان و سۆمەریەکان دا پاشایەک بەناوی جەمشید پیشدادی لە ئێران هەبووە لە ڕۆژی١٣دا لەماڵ هاتۆتە دەرێ و ئەو ڕۆژە لەناو سروشت دا بوە هەتا ئێواری، لەوەڕا بۆتە عادەت و چاولێکەری بۆ هەمو ساڵێک.

بەڵام هەندێک دەڵێن لە ئێرانی پێش ئیسلام دا، هیچ بەڵگەیەکی فەرمی نیە کە ئەم ڕۆژە باسی لێکرابێ. کۆنترین سەرچاوە کە شانامەی فێردوسیە، جودا لەم کتێبە هەندێک دەڵێن دەبێ ئەم ڕۆژە لەسەردەمی ساسانیەکان و سەردەمی دوای ئیسلامەوە دروست کرابێ. جگە لەسەردەمی ساسانیەکان باسی سەردەمی هاخامەنشینەکان و مادەکان و ئەشکانیەکان دەکەن، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی زانستی بەدەستەوە نیە، ئەمانە هەموویان لە تێڕوانین و بۆچوونەکانە.

بەڵام کاتێک لەسەردەمی حوکمڕانی سەفەویەکان دا، بۆ یەکەمجار ئۆروپاییەکان پەیوەندیان لەگەڵ ئێران گرت، ئەوکات

بەشی دووهەم

خەڵکی ئەروپا بەتایبەتی ئاینەکانیان زۆرترین خورافاتی تێدابوو، ئەوان ژمارەی ١٣ یان پێ نەحس و شووم بووە، بۆیە دەبێ لەوانەوە ئەم واژەیە هاتبێتە ناو ئێران و کوردستانیش بەشێک لە جوگرافیای ئێرانی پێک هێناوەو بووە.

بەڵام ئێمەی کورد وەکوو فەرهەنگ و داب و نەریتی کوردەواری خۆمان، بەشێوەیەکی تر دەڕوانینە ئەم ڕۆژەو سەرجەم نەورۆزو سەری ساڵی تازە وەکوو یەکەم ڕۆژی وەرزی بەهار. لەبەر ئەوەی ناوچەی جوگرافیای کوردنشین و خاکی کوردستان ناوچەیەکە زیاتر پشتی بە وەرزێری و ئاژەڵداری بەستووە، هەریەک لەمانگ و ساڵ و وەرزەکان و هەتا ڕۆژەکانیش پەیوەندیان بەژیانیانەوە هەبووە، بۆیە گرنگیەکی زۆریان بەم داب و نەریتە داوەو پاراستوویانە٠ سرووشتی کوردستان چوار وەرزەو هەر وەرزەش بۆ خەڵک تایبەت مەندی خۆی هەیە٠ خەڵکی کوردستان هەر لەکۆنەوە هەموو ساڵێک پێش نەورۆزو ساڵی تازە حەووتوێەک پێش لە نەورۆز تەواوی ماڵەکانیان خاوێن کردۆتەوە ئامادەکاری تەواویان کردووە بۆ پێشوازی لەم جەژنە. لە یەکەم ڕۆژی ساڵی تازەوە هەتا ڕۆژی ١٢ ڕۆژانی شایی و خۆشی و ژیانەوەی سرووشت و ئاهەنگ گێڕان بووەو کەمتر خەریکی کاروباری ژیان بوون. دیارە لە کتێبی پیرۆزی ئاوێستا دا هاتووە کە زەردوشتیەکان ناوی ڕۆژەکانیان دیاری کردووە. یەکەم ڕۆژی مانگ ناوی (ئۆرمزد) بووە هەروەها ڕۆژی ١٣ ناوی (تیر ڕۆژ) بووە. تیرڕۆژ لە وشەی (تیشتریە) وە هاتووە کە دەبێتە خودای باران و ئاوەدانی و نمادو هێمایەکی گرنگ و پیرۆزی هەیە، لەم ڕۆژەدا دۆعایان بۆ ساڵێکی خۆش و پڕ خێروپیت و بەرەکەت کردووە، هەروەها داوایان کردووە کە بەدژی خودای شەڕو کەم بارانی و وشکە ساڵیدا بچێتەوە٠ بۆیە لەناو کوردەواری دا ڕۆژی ١٣ ڕۆژێکی باش و پیرۆز بووە٠ نەحسی ئەم ڕۆژە لە ئیسلام دا بە حسابی مانگی قەمەری ڕۆژی ١٣ بە ڕۆژێکی نەحس و شووم دەزانن. بەڵام شووم بوون و نەحسی ئەم ژمارەیە بە پێی لێکۆڵینەوەکان ڕاست نیە.

لە کوردەواری خۆمان دا لەیەکەم ڕۆژی ساڵەوە هەتا ڕۆژی دوازدە، ئەم ژمارەی دوازدەیە هەر ڕۆژێکی نماو هێمای وەرزێکە لەساڵ، ساڵ کە ١٢ مانگە هەر ڕۆژێکیان بۆ مانگێکی ساڵ داناوە. چونکە لەم دوازدە ڕۆژەدا شایی و خۆشی و هەڵپەڕکێیان کردەوە لە پێشوازی نەورۆزو ساڵی تازە، بۆ کۆبەندی ئەم ١٢ ڕۆژە ڕۆژی ١٣ هەموویان لەماڵەکانیان هاتوونەتە دەرێ و ڕوویان لەناو سرووشت و شاخ و و کێوو دەشتەکان کردووە. هەتا لەم ڕۆژەدا دەستەملانی سرووشت و جوانی سرووشت ببن. بەڵام لەناو ئێمەی کوردا زۆر داب و نەریتی کۆن کەبۆمان ماوەتەوە ئێستاش پەیڕەوی دەکەین، وەکوو لێنان و سازکردنی هەندێک خواردنی تایبەت بەو ڕۆژە وەکوو دۆڵمە برژاندنی گۆشت، لێنانی دۆکوڵیوو، خواردنی کاهوو بە سکەنجەبین هەروەها لەلای لاوەکان و تازە پێگەیشتووەکان گرێدانی سەوزو گیا پاشان لەناو چۆم و ڕوبارەکانیان داوێن. هەروەها فڕێدانی ١٣ بەرد بۆ پشتەوەی خۆیان، بە نیشانەی دەرکردنی هەرچی ناخۆشیەکانی ژیان

و درێژەدان بە ژیانێکی خۆش لەسالّی تازەداو هاتنەدی ئاوات و خواستەکانیان.

خەڵکی قارەمان و کوردپەروەری کوردستان، هەروەک چۆن لەنەورۆزی ئەمسالّ نیشانتان دا کە هەرگیز کورد لە کوردایەتی خۆی و داب و نەریت و فەرهەنگی باب و باپیرانی دەست هەڵناگرێ، لەڕۆژی ١٣ بەدەر جارێکی تر لەرزە بخەنە دڵی داگیرکەرانی کوردستان و پەیامی هەموو کوردیان پێبگەیەنن کە ئێمە میللەتێکین خاوەن حەق و مافە ڕەواکانی خۆمانین و هەرگیز دانانیشین هەتا هەموو ئاواتەکانمان نەیەتەدی، ئێرە خاکی کوردستانەو دەبێ داگیرکەران لێی دەرکەون و کوردستان بەجێ بێڵن.

لە ڕۆژهەڵات سەربەرزانە نەورۆز و ساڵی تازە...



خەڵکی ڕۆژهەڵات بە هەموو بیروباوەڕەکانەوە لەژێر کۆنترۆڵی زۆر بەهێزی هێزەکانی داگیرکەری ڕژێمی ئیسلامی، بێ ترس و زۆر جەسوورو ئازایانە هاتنە مەیدانی شارو شارۆچکەکان و شارەدێ و گوندەکان، بۆ کردنەوەی ئاگری نەورۆزو گێڕانی ڕێوڕەسمی کوردانە لەم بۆنە مێژووییەدا.

نەک پێشمەرگەی گۆڕیلا بەدەستانی داگیرکەر نەیانتوانی بەهیچ شێوەیەک ڕێگایان لێ بگرن، بەڵکوو زیاد لەوەش بە خوێندنەوەی سروودەکانی شۆڕشگێڕی وەک (ئەی ڕەقیب) بە ڕووی دوژمنان دا، توانیان ترس و دڵەڕاوکە بخەنە ناو دڵ و دەروونی ڕەشی داگیرکەران.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ خەڵکی ئامادەو شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات، هەر کاتێک ئیرادە بکەن خۆڵقێنەرو شۆڕش سازن.

بۆیە پێویستە حزبەکانی ڕۆژهەڵات دەرس و ئەزموون لە خەڵکەکەیان وەربگرن و بۆ گەرموگوڕتر کردنی هەستی نەتەوەیی و کوردایەتی و یەکگرتن و یەکڕیزی. بۆیە زۆر شەرمە بۆ ئێمەی کورد لەم کاتەدا کە دوژمنان بە هەموو شێوەیەک لە کوردستان کەڵەگایەتیمان لێدەکەن و هەرچی کاری نەشیاوو بێ حوورمەتی و سووکایەتیە بە ڕۆژی ڕووناک پێمان دەکەن، بەڵام لەسەر ئەو وەزعەش بۆخۆمان لەناوخۆمان دا بووین بە دەیان بەش و پارچە و بانەوە. ئێمە خاوەنی میللەتێکی

بەشی دووهەم

زیندوو ئازاو شۆڕشگێڕوو بە ئەمەگین، بەڵام حزبەکان سەریان لە خەڵک و کۆمەڵگا شێواندووەو بۆ قازانج و بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و پلەو مەقاماتی خۆیان شێوازی ڕێگای پێشەواو ڕێبازی تاقە حزبی یەکەمی کۆماری کوردستانیان ونکردووە.

هیوادارم خەڵک بەهانای ئەم حیزبانەوە بێن و لەم گێژاوی نووقم بوونەدا ڕزگاریان بکەن.

پێویستە ماندوو نەبوونی لە خەڵکی بەشەرەف و خۆڕاگری ڕۆژهەڵات بکەین و دەستخۆشیان لێ بکەین و سەری ڕێزو نەوازش دابنەوێنین لەبەرامبەر بەرز ڕاگرتنی بۆنە مێژوویەکان. دەستان خۆش و ماندوو نەبن شێرە کوڕان و کچانی ولاتەکەم.

یادێک لە شەهید: کامران شافعی



کامران لە ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی لە شاری مەهاباد، لەناو کۆڕی گەرمی بنەماڵەیەکی دەوڵەمند چاوی بەدنیا هەڵێناوە بە هەوای ساف و بێگەردی شارەکەی پێشەوا قازی پەروەردە بوە. کامران وەکوو هەموو منداڵێک دەخرێتە بەر خوێندن و هەتا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی دەخوێنێ. لەدەورانی لاویەتی کامران دا، هەموو شەوو ڕۆژێک قرمەی گرمەی چەکی دەستی پێشمەرگە ترس و دڵەڕاوکەی دەخستە دڵ و دەروونی داگیرکەران و دوژمنان. کامران ئەوکات زۆر داوای لە پێشمەرگەکان دەکرد کە ڕێگای بدەن چەک هەڵبگرێ و دیفاع لە خاک و نیشتمانەکەی بکات. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە تەمەنی کەم بوو، باشتر وابوو خوێندنەکەی تەواو بکات. کامران هەموو جارێک کە پێشمەرگەکان دەچوونەوە بۆ شار هاوکاری و ڕێنوێنی دەکردن و هەتا کۆتایی شەڕەکان لەگەڵ پێشمەرگەکان دەمایەوە. هەتا سەرئەنجام لەساڵی ١٣٦٠ چیدیکە خۆی پێڕانەگیراو بەهۆی ئەوەی نەکو لەلایەن دوژمنەوە ئاشکرابێ، خۆی گەیاندە پێشمەرگەکانی لکی ١ شەهید کاک شوان لەهێزی پێشەوا. کامڕان هەرچەندە بەتەمەن منداڵ دیاری دەکرد، بەڵام لە جەستەو بیرو فکردا زۆر گەورە بوو. کوڕێکی بە ئیمان و خوێن شیرین و چوست و چالاک، جەوانێکی جوان، بە ئەدەب و بە ڕەوشت، گوێڕایەڵ و خۆڕاگر، هیچ کاتێک لەبەر سەختی ژیانی ناهەمواری پێشمەرگایەتی دادو گازندەی نەدەکرد. قورس و قایم بوو لەبەرامبەر هەموو کاتە سەختەکاندا. کامڕان لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی مەهابادو دەوروبەر بەشداری چالاکانەی کردبوو. خۆشەویستی هاوسەنگەرانی بوو، هیچ کاتێک ئەو سەنگەرەی پێیان ئەسپاردبایە چۆڵی نەدەکرد. چەندین جار لەشەڕی دژوارو سەخت و دەستەویەخە کەوتون و

بەشی دووهەم

سەربەرزانە بەسەر دوژمناندا سەرکەوتون و زەبری زۆر گەورەو کاریگەریان لەهێزەکانی دوژمن داوە. کامڕان ئاخری پایزی سڵی ١٣٧٠ ژیانی هاوبەشی پێکهێنا. ئەوکات من لە دەبیرخانە بووم، داوام لێکرد کە ئەگەر پێت خۆشە بێیتە دەبیرخانە هاوکاری من بکەی زۆرم پێ خۆش دەبێ، گوتی زۆر باشە دێم. هێنامە لای خۆم کامرانم زۆر خۆشدەویست. ڕۆژێک هات گووتی دەمەوێ ئەوڕۆ بچمە شار هەندێک کاری ماڵەوەم هەیە دەبێ ئیجازەم بدەی، ئەو ڕۆژەش کارمان زۆر بوو گووتم ناکرێ سبەینێ بچی؟ بە پێکەنینەوە گووتی نابێ لەماڵەوە دەستووریان داوە دەبێ بچم. ڕۆی هەر ئەو ڕۆشتنە بوو کە ڕۆی لای ئێوارە تەرمەکەییم دیتەوە لەشاری ڕانیەی باشووری کوردستان تیرۆر کرا. یادو یادگارەکانت هەمیشە زیندوون و ڕێگای خەباتت درێژەی هەیە.

شەهید کامران شافعی لە تەمەنی ٢٥ ساڵی لە ڕێکەوتی ٣ شەممە ١٨ی ڕەشەمەی ١٣٧١ی هەتاوی بەرامبەر بە (٩ - ٣ - ١٩٩٣) زایینی شەهید کرا.

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل

چارەنووسی کوردو چەند قسەیەک



بە پێی هەڵسانگاندنی عەقڵی ناقیسی بەندە، گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی وەزعی خۆمان بەگشتی بەم شێوەیەی خوارەوە لەم کورتە نوسراوەدا بۆ هەموان بخەمەڕوو، ، ڕاست و ناڕاستی نوسراوەکەم بەعۆدە دەگرم و بەرپرسم لەبەرامبەر قسەکانی خۆمدا.

هەر دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسین بەهاوکاری ئارتەشی ئەمریکا، کورد لە باشووری کوردستان بوو بە بەشێکی گەورە لە مەعادەلاتی سیاسی و سەربازی ناوچەکە. ئەمریکاو غەرب نەیاندەتوانی ئەم پرۆسەیە کە دەستیان دابۆیە، بەبێ کورد بەهیچ جێگایەکی بگەیەنن. بۆیە ساغ بوونەوە کە پشتیوانی لە میللەتی کورد بکەن و نەهێڵن جارێکی تر کورد بکەوێتە بەر شاڵاوی هێزی سەربازی و ئەنفال و کیمیا باران. ئەوکاتیش ئەوە تەنیا بەڵێنی و سیاسەتی ئەمریکا بوو بۆ کوردو سەرکردایەتی کورد. جودا لەوە هەرچی زیاتر بڵێێ (درۆ) یە، چونکە هەر لەسەرەتای ڕوخانی سەدامەوە هەتا ئێستا غەرب و ئەمریکا هەزاران جار دووپاتیان کردۆتەوە کە ئێمە هەوڵ بۆ عێراقێکی یەکگرتوو دەدەین. دیارە بۆ ڕازی کردنی سەرکردەکانی کورد هەندێک بەڵێنی بە قسە و بێ نوسراوە دراوە بەڵام سیاسەتی ڕەسمیان عێراقێکی یەکگرتوو بووە.

بە هاتنی داعش و مەترسی گرتنی بەغدا لەلایەن داعشەوە ئەوەندە زۆر بوو، خۆ ئەگەر داعش لە بن بەغداد ڕا

بەشی دووهەم

باینەدابایەوە بـۆ سەر کوردستان، هەم بەغدای گرتبوو هەم خەلافەتەکەی بەتەواوی دادەسپەند. بەڵام بـۆچی ئەوەی نەکـرد ئەوەش بۆخۆی باسێکی زۆر هەڵـدەگرێ. ڕووی هێرشـی دڕندانەی داعش بەرەو کوردستان وای لەهەمـوو دراوسێکانی عێـراق کرد کە هەرچی زووتر پێش بە هێرشی داعش بگـرن. الحەق پێشمەرگە زۆر قارەمانـانەو دڵسـۆزانە پێشیان بەداعش گـرت. دوای ئەوەی پێشمەرگەو بەر پرسان لەکوردستان خۆیان ئامادە کرد بۆ دیفاعێکی موقەدەس، بـێ جیـاوازی لەنێـوان حزبەکـان دا هەتـا ئەو ڕۆژەی بەیەکجاری داعـش لەکوردستان پاکسازی کران و دواییـن بستی خاکی کوردستان گەڕایەوە ژێـر دەسـەڵاتی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان پێشـمەرگە ڕانەوەسـتان و پشـوویان نەدا. ئەمریکـاو غەرب و عێـراق و ئێـران و بەگشـتی سەرتاسەری دنیا ستایشی هێزی پێشمەرگەیان دەکرد کە بە سەدان جار لە مێدیاکانی بەناوبانگی جیهـانی یەوە بانگەوازیـان دەکرد و دەیانگووت (پێشمەرگە) لەجیاتی هەموو جیهـان شەڕ دەکات و قوربانی دەدات. ئەمە قسەی سەرزاریان بـوو لەکـاتی تەنگانەو مەترسی دا. بەڵام لەوکاتە هەستیارانەشدا هیچکات بەزاریاندا نەهـات و زمانیـان بەخێـر بـۆ گەلـی کـورد وە قسـە نەهات، هەرگیز نەیانگووت کورد میلەتێکـــی ٥٠ ملوێنی یەو پێویستە ئێمە پشتیوانی لە کورد بکەین هەتـا ببێتە خاوەنـی حکوومەتی خۆی. بەڵام ئێمە بۆخۆمان دەیـان درۆمـان بەزمـانی ئەوانەوە دەکرد کە گوایـا هەمـوو دنیـا پشـتیوانیمان لێدەکات ئەگەر ڕۆژێک حکوومەتی کوردی ڕابگەیەنین. بەداخەوە ئەمە یەکێک لەو ژەهرانە بـوو بـۆ خۆمـان بە مێشکی خۆمـان تەزریق دەکرد.

دیتمان چۆن حکوومەتەکانی بەغداد یەک لەدوای یەک چۆن بەدژی کورد هەریەکەیـان بەشێوەیەک دژایەتـی ئەو یاسـایانەیان دەکرد کە بۆخۆیـان واژۆیـان کـردوە لە یاسـای بنەڕەتـی وڵات دا. جەعفەری و مـالکی و عەبـادی و پێش ئەوانیش هەر بەو شێوەیە ڕەفتاریان کـردووە بەپێی عورفێکـی زۆر خراپـی کـورد بەتێکڕایی هەرگیـز لەبەرامبەر دوژمنەکانیـان نەیـانتوانیوە ئازایـانەو نەترسـانە بـدوێن و هەڵوێست و دەنگی خەڵکەکەیـان بگەیەنە گـوێی دوژمنـان، دەکـرێ بڵێین یـان ترسـاون یـان شـەرمیان کـردووە کاتێـک ڕووبەڕوو لەگەڵ سەرۆکـــی وڵاتێکی بێگـانە دادەنیشن گفتوگـۆ دەکەن. سەرکردایەتـــی کـورد خـراپ سیاسـەت دەکەن، یـان باشـترە بڵـێم هەنـدێکیان خـراپ لە سیاسـەت حـاڵی بـوون. سـەرکردەکانی ئـێمە بە ڕەوشتی کـوردانەو مەردانە سیاسـەت دەکەن، لەکاتێکـدا شێوەی سیاسـەت لەهەمـوو جیهـان دا، نە مەردایەتـی و نە ڕەووشت و نە وێـژدان و نە ڕوحم و نـە پیاوەتی تێدایە. ئەمـە کێشەی سەرەکـی یەکەمی سیاسـەتی کـوردە کە تێیـدا سـەرناکەوێ، چـونکە سیاسـەت بە بیروباوەڕوو ڕەوشتی خۆی دەکات. بۆ نمونە لەسیاسـەت دا ئەوە نیـە کەسێک بڵـێ من پیـاوم و قسـەم کـردووەو قسـەی پیـاوان یەکە. یـان بڕیـارێکم داوە پێم عەیبە لێـی پەشیمان ببمەوە. لـە سیاسـەت دا ئەم فکرانە دۆڕاون٠ بـۆیە پێویسـتە کـورد وەک خودی سیاسـەت سیاسـەت بکات.

بەشی دووهەم

دوای ئەوەی هیچ ئاسۆیەکی ڕوون نەما لە نێوان حکوومەتی مەزهەبی شیعی عێراق و سەرکردایەتی کورد لە کوردستان دا کورد بەدەیان جار بە گوێی هەموو دنیای ڕاگەیاند، هەتا سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی ئەمریکاو هەموو وڵاتانی ئەورپایی کردو مەسەلەی ڕیفڕاندۆمی لەگەڵ باسکردن، بۆ ئەوەی دەنگی هەموویان بەدەست بێنێ. لە کاتێکدا ڕیفڕاندۆم نە گوناحە نە کارێکی غەیرە قانونی یە نە دەست درێژیە بۆسەر خاکی هیچ وڵاتێک، بەڵکو تەنها لەخەڵک پرسیار دەکرێ و دەڵێن چیتان دەوێ بۆ دواڕۆژی خۆتان؟ هیچ نەگۆڕا هەتا کورد لەکوردستان (ڕیفڕاندۆم) ی کرد. هەر دوای ڕیفڕاندۆم بۆ ماوەیەک وڵاتەکانی دراوسێی کورد، وەکوو ئێران و عێراق و تورکیاو سوریا، بێدەنگ بوون هەتا بزانن غەرب و ئەمریکا هەڵوێستیان چیە بەرامبەر بە نەتیجەی ڕیفڕاندۆم. کاتێک بۆیان دەرکەووت کە هەموویان دژی ڕیفڕاندۆم وەستاونەتەوەو پشتیان لە گەلی کورد کرد، ئەوجار ئەم وڵاتانە بەبێ ترس کەووتنە دانانی پیلانی ڕووخێنەر دژ بە گەلی کورد لەباشوور، چونکە زۆر لەمێژبو لە ترسی ئەمریکاو غەرب نەیاندەوێرا بەکەیفی خۆیان فکری ئازادیخوازی لە باشوور زیندەبەچاڵ بکەن. بەڵام ئێستا دەستیان ئاوەڵا بووەو پێویستە پیلانی خۆیان دابڕێژن. هەر زۆر زوو هەر ٣ حکوومەتی ئێران و عێراق و تورکیا لە ئاستی زۆر سەرەوەدا دانیشتن و گەورەترین پیلانیان بۆ لەناوبردنی کوردو حکوومەتی کوردی داڕشت لە ئانکارا پایتەختی تورکیا. یەکەم دانشتنیان بۆ داگیرکردنی کەرکوک و تەواوی ئەو ناوچانە بوو کە کورد لە شەڕی داعش دا گرتبوویەوە. ئەم پیلانی یەکەمە بۆ ئەوەبوو هەم کەرکوک بگرنەوە هەم بزانن ئەمریکا هەڵوێستی چۆن دەبێ دوای داگیرکردنی کەرکوک. ئێران زۆر زیرەکانە توانی هێزێکی کوردی فریوو بدات و ڕێگایان بۆ بکەنەوە و سەنگەرەکانیان بۆ چۆل بکەن هەتا هێزەکانی سوپای قودس و حەشدی شەعبی کە زەندەقیان لە پێشمەرگە چووبوو بە ئاسانی بێنە ناوشاری کەرکوک بەبەر چاوی هێزەکانی ئەمریکاوە. خۆ ئەگەر ئەمریکا لەسەر کوردەکان وەجواب هاتبا، ئێران هێزەکانی کوردی کە خیانەتیان لە خاکی خۆیان کردبوو دەکردە بەهانە، بکە گوایە کوردەکان بۆخۆیان داواکاری هاتنەوەی هێزەکانی عێراقی بوون بۆ ناو ناوچەی کەرکوک.بەڵام ئەمریکا نە چاوی دیتی کەس هێرش بکاتە سەر کەرکوک نە گوێی لە تەقەیەکیش بوو، ئەمە مانای ئەوە بوو کە من کارم پێتان نیە هەرچی دەیکەن بیکەن. ئەم بێدەنگیەی ئەمریکا ئێران و عێراق و تورکیای دەست ئاوەڵەتر کرد بۆ هێرشی تورکیا بۆ سەر (عەفرین). لە ڕاستی دا ئەمریکا نایەوێ کوردستان بکەوێتە بەردەستی حکوومەتی عێراق بەڵام دەیەوێ لەگەڵ عێراق بسازێ. بەڵام لەولاشەوە دەزانێ وڵاتانی دراوسێ چ پیلانێکیان بۆ کورد داڕشتووە.

پیلانی هەر ٤ وڵاتی (ئێران عێراق تورکیا سوریا) چیە؟؟؟؟

ئەم پیلانەی ئەم وڵاتانەی لەسەر ڕێکەووتون بریتیە لە ٦ هەنگاو:

بەشی دووهەم

هەنگاوی یەکەم: کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان بوو، کە بەسەرکووتویی ئەنجامیان دا.

هەنگاوی دووەم: داگیرکردنی عەفرین، بۆ ئەوەی کورد دەستی نەگاتە دەریای ئازاد.

هەنگاوی سێیەم: داگیرکردنی دمنج و حەڵەب و قامیشلوو تەواوی ناوچە کوردییەکانی ڕۆژئاوا.

هەنگاوی چوارەم: هێرش بۆسەر پکاکا لە قەندیل و شەنگال، بەهاوکاری ئێران.

هەنگاوی پێنجەم: چکۆڵە کردنەوەی هەرێمی کوردستان و لابردنی ناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

هەنگاوی شەشەم: بێ کارکردن و بێ شەرعیەت کردنی پارلەمانی کوردستان و هێرش بۆسەر حزب و هێزە سیاسییەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرپەڕاندنیان لە باشووری کوردستان.

من پێموایە ئەوە کاکڵی وەزعیەتی کوردە لەبارودۆخی ئێستادا. بەڵام ئەگەر بێت و کورد هەموویان لەم کاتە ناسک و حەساسەدا پێکەوە هاوهەنگاوی و هاوهێزیەک و هاو تێگەیشتنێک پێکەوە بکەن، نەک ئەم ٤ وڵاتە دوژمنە بەڵکوو سەرتاسەری جیهان هێرش بکەنە سەرمان هێشتا ناتوانن نەک شارێک گوندێکیشمان لێ داگیر بکەن. بۆیە لێرەوە بانگەواز دەکەم پێویستەو ئەرکە لەسەر شانی هەموو هێزو حزب و ڕێکخراوو هەرچی بۆ کورد تێدەکۆشێ هەرچی زووتر بەرەیەکی نیشتمانی سەرتاسەری لە کوردستان بێ جیاوازی پێک بهێن و کوردو خاکی کوردستان لە خائینان و دوژمنان بپارێزن. کورد زۆر لەوە گەورەترە قەبوڵی سەرشۆڕی و بەزین و کۆیلەتی ببێتەوە. ئەمڕۆ ئەگەر بێت و هەموومان یەک نەگرین چارەنووسی هەموومان کۆیلەیی و ڕەزیلی دەبێ.

ئەگەر بێت و یەک نەگرین فریای خۆمان نەکەوین، دوژمنان لەم ٦ هەنگاوەدا ئێمەی کورد بۆ هەتا هەتایە ژێر دەست دەکەن.

بکوژانی دکتور قاسملوو دەبێ لە سیدارە بدرێن.




بەبەر چاوی هەموو دنیاوە و بە ڕۆژی ڕوناک و بە بێ ترس، مەقاماتی پایە بەرزی ئێران. لە سەرووی هەموویانەوە سەرۆک کۆماری ئەوکات. "هاشم ڕەفسنجانی" ڕێوی و سیاسەت دارێژی ئەسڵیی کۆماری ئیسلامی بوو. بۆ خۆی شەخسەن لە دارشتن و نەخشەی تیرۆری "دکتۆر قاسملوو" سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەشادر بووە. ڕەفسنجانی و دارەدەستەکەی بە یەکێک لەو کەسانە دەناسرێ کە زۆرتیرن جینایەت و قەتڵی موخالفینی ڕژیمەکەی ئەنجام داوە. لە دەرەوەی وڵات، لە کاتی سەرۆک کۆماری خۆیدا. دوو سکرتێری حزبی دیموکراتیان تیرۆر کرد لەگەڵ ئەو کەسانەی لەگەڵیان بوون... لەگەڵ کوشتارو قەتڵ و عامی زیندانیانی سیاسی ساڵی ١٣٦٧.... لە بێکەسی کوردو لە خوێڕیەتی و بە خاتری بەرژەوەندی ئەروپاییەکان و بە بێحەیایی کۆماری ئیسلامی.. قاتڵانی ئەم تیرۆرانە، وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون و مەسەلەکەیان "دیزە بە دەرخۆنە کرد". ئێستا دەڵێن "هاشم ڕەفسنجانی" گوناحباری یەکەم بە مردنی خۆی مردووە. پێم خۆش بوو کە مرد،، پێشم ناخۆش بوو کە لە کوردستان لە پێش چاوی خەڵک لە دار نەدرا... هەرچەندە دەبوو کاتی خۆی تۆڵەی ئەم تیرۆرانە کرابانەوە پێش ئەوەی خوێنی ڕێبەرەکان وشک ببنەوە.. بۆ نەیانکرد.. نازانم!!!! چونکە ئێمە وەک حزبەکانی کوردی ئەو کات لە هیچ کەممان نەبوو..کوڕی بەجەرگ و قارەمانمان هەبوون... هەستەو تیمی چەند کەسیمان یەکجار زۆر بوون.. پوڵ و مادەمان هەبوو.. ئیمکاناتی ئەو کارەمان هەبوو.. هەموو ئەوانەمان هەبوون بە زیادەوە. بەڵام بەرپرسانی ترسەنۆکیشمان زۆر بوون.. ئەگەر ئەم کارە لە هەر حزبێکی باشووری یا بەشەکانی تر قەومابا.

بەشی دووهەم

زۆر زوو تۆڵەیان دەکردەوەو. ئاو لە ئاویش تەکانی نەدەخوارد... حزب ئەگەر ئەوکات تۆڵەی کردبانەوە خاتر جەم هیچ کەس پێی نەدەکووتن. "تیرۆریست". هەر لەبەر خاتری ئەوەندە قسەیە خۆیان ڕزگار کردو بێ دەنگەیان لێکرد.. ئاخر هەموو کەس دەزانێ تیرۆریست بە کەسانێک دەڵێن، بێ هیچ دەلیلێک بچن خەڵکی بێ گوناح و بێ دیفاع بکوژن.. تۆ کەسێک دەکوژی هەم گوناحبارەو هەم هەرچی نەوعی چەک هەیە پێیەتی بۆ دیفاع... نەوەڵا نەتاوێراو پێتان خۆش نەبوو ژیانتان لێ ناخۆش بێ و لە مەترسی بکەون... ئەگەر ئەوکات تۆڵەیان کراباوە.

ئێستا هەموو ڕۆژێ بە بەر چاوتاندا نایەنە باشوورو فەرشی سووریان بۆ ڕابخەن. هیوادارم نەوەکان و لاوانی کوردستان ..فکری تۆڵەی شەهیدان پەرە پێبدەن و تۆڵەی ڕێبەرانی شەهید و هەموو شەهیدانی کوردستان لەهەر شوێنێک هەڵکەووت بکەنەوە نەهێڵن خوێنی شەهیدان بێ تۆڵە بمێنێتەوە.. کەسێک ژیان دەستێنێ،، دەبێ ژیانی لێ بستێنرێ.. هەر کەسێک لە بیر بکات تۆڵە لە دایکی خۆی نیەو زۆڵە...

یادێک لە سیاوەش بابامیری



مێژوومان پڕ پڕە لە قارەمانیەتی و گیانفیدایی ڕۆڵەکانمان لە پێناو بە دەست هێنانی ئازادی و ڕزگاری بۆ گەلەکەمان زۆر لە گەنجان و کیژۆ کوڕانی کوردەواریمان، بە ناکامی و بە بێ ئەوەی بە هیچ یەک لە ئارەزوەکانیان گەیشتبن،

لە ڕێگای خاک و نیشتماندا سەربەرزانەو بە سەخاوەتەوە سەری خۆیان کردۆتە پردە باز بۆ گەیشتن بە سەرەتایی ترین مافەکانی ژیان و ژیانکردن. یەکێک لەو لاوە دڵ پڕ لە ئاوات و ئارەزوەی بە ئاوات نەگەیشتوو، خوێن گەرم و بە هیوا.. بە توانا.. خولیای دروستکردنی دنیایەکی نوێ و مۆدێرن و سەردەمیانە بۆ گەلەکەی و ڕزگار کردنیان لە هەموو نەهامەتیەکان و تاڵە ڕۆژەکانی ژیان... شەهید "سیاوەش بابامیری" یە. ئەم لاوە بە دڵ و بە گیان هاتبوە ناو ڕیزەکانی "پێشمەرگە" لە ناو "حزبی دیموکراتیکوردستان" بە هیوای خزمەت کردن بە گەلەکەی. لەسەر ئەو باوەڕە بوو ئەم ڕێگایە نزیکترین ڕێگای سەرکەوتن بەسەر دنیای ڕەش و خورافات و ناعەدالەتی و بێدادیە لە کوردستان. بۆیە چەکی شەرەفی کردەشانی و دەستی لە هەموو خۆشیەکانی ژیان هەڵگرتوو. ڕەسمەن بوو بە پێشمەرگە لەگەڵ هاوڕێ و هاوسەنگەرانی، سیاوەش زۆر زوو بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی. زۆر زوو جێگای خۆی کردەوە لە ناو کۆڕی شۆڕشگێڕاندا. سیاوەش بۆ پێشمەرگەو هاوسەنگەرمان کاک "بەهمەن بابامیری" بو بەڵام لە ناو پێشمەرگاندا ئەم دیاردەیە کەمتر دیارە.. چونکە پێشمەرگەکان هەموو وەکوو برای یەکتر وان ڕەنگە لە براش زیاتر بن بۆ یەکتر. لە کاتێکدا پێشمەرگەکان لە ناو شاری "مەهاباد" وە یەکسەرە بێ ڕاوەستان هاتبوون تاگەیشتبوونە بەرزاییەکانی دەوروبەری گوندی "بەیرەم" بە نیازی مانەوەیان لەو دەوروبەرە

بەشی دووهەم

فەرماندەکەیان و سەرپەلەکان تەقسیمی کار دەکەن و، دیدبان و نیگابان دادەنێن و لەو ناوە دەمێننەوە. دوژمن بە چەند لاوە هێرشیان بۆ دەکات و، دەزانن هەر لەو ناوە دامەزراون و زیاتر نەڕۆشتوون و ناوچەیان بەجێ نەهێشتوە. دوژمن کە هەست بە بوونی پێشمەرگە دەکات جاشەکان وەک بەڵا گێڕەوە بۆ خۆیان وە پێش دەدەن و بەرەو سەنگەری پێشمەرگەکانیان دەنێرن. پێشمەرگەکانیش ئامادەو دەست لەسەر پەلاپیتکەی تەفەنگەکانیان و چاوەڕوانن جاشەکان بگەنە بەر لوڵەی تفەنگەکانیان. هەتا لە یەکەم دەستڕێژدا دڵی ڕەش وپیسی خۆفرۆشان هەڵبدڕن. لێیان دەگەڕێن هەتا تەواو دێنە پێش، لە ناکاوو بروسکە ئاسا لێیان هەڵدەستنە سەرپێ و، سەرپەل دەگوڕێنێ دا لێیان دەن. بیانکوژن. ڕوحمیان پێ مەکەن. دەنگی ڕەگباری پێشمەرگەو یەکە یەکە و پۆل پۆل گلاندنی جاش و پاسدار. هاوار هاوارو هەڵاتنی دوژمن لەگەڵ لێدانی تەپڵی سەرکەووتن، سەربەرەوخوار ئەوی مابوو هەڵات و خۆی ڕزگار کرد. شەڕ لە هەموو لایەک دەستی پێکرد. هەتا ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو. کوڕەکان خۆیان لە ناو گوندی "بەیرەم" هاویشت. ناودێ جاش و پاسداری تێدا بوو. لێیان دان بوو بە تەقە. شەڕ گەرم بوو لە ناو دێ. لەکاتی دەرکردنیان لەناو دێ بە داخەوە دوو قارەمان شەهید بوون، کە هەر بە پێوەو بە هەڵاتن بۆ دوژمن دەچوون و بێ ئەوەی سەنگەر بگرن، بە ناوەکانی "سیاوەش بابامیری" و "سەعید غوڵامی" پێشمەرگەکان ناو دێیان لێ ئەستاندنەوەو ڕاوییان نان چەند کەس لە هێزەکانی دوژمن بە دیل گیران لە ناودێ. لە شاخی زاڵ بەسەر بەیرەم دا دوو قارەمانی تر شەهید بوون بە ناوی "سەمەد چیڕ" و "لوقمان سەدر". سەرجەم چوار پێشمەرگە گیانی خۆیان بەخشی بە بارەگای ئازادی بۆ گەلەکەیان. ڕۆحیان شادو ڕێگایان هەمیشە قەرەبالغ و ئاوەدانە بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانیان.

بڕی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل...

ڕۆژێک لە شەوو ڕۆژەکانی خەبات و تێکۆشان..



ئێمە بۆ خۆمان هەست بەوە ناکەین. کە ئەم ڕۆژە بە نرخانە چۆن وا زوو هاتن و ڕۆشتن. مرۆڤەکان زیاتر لە گۆڕانی شێوەی سەرو دەموچاوو شکڵیان دەزانن کە ماوەیەکی دورو درێژ لە تەمەنیان تێپەڕیوە.. بەڵام کە چاو لە مێژووی هەر نەتەوەیەک بکەی، مێژووەکەیان هەر بەم شێوەیە دروست بووە بۆ هەتا هەتایە شانازی پێوە دەکەن.

ئێمەی کوردیش. هەر وەکوو ئەوانین، بەڵام بە هەر شێوەیەک بێ ئێمەی کورد هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ، شۆڕش و خەبات و زەحمەتەکانمان بەری نەهێناوەو نەگەیشتوە. بەڵام هەرکاتێک ئێمەش سەرکەووتین و وڵاتی خۆمان هەبوو، هێزو تواناو حکوومەتی خۆمان هەبوو. یەکەم نەتەوەو میللەت دەبین لە سەر ڕووی ئەم جیهانە کە دورو درێژترین مێژووی بەرەنگار بوونەوەو گیانفیدایی و شۆڕشگێڕی و قارەمانیەتیمان دەبێ... ئەوەندە شەهیدمان زۆرە. لە داهاتودا مەجبوور دەبن. شەهیدەکان دابەش بکەنە سەر قۆناغەکانی خەبات.. ڕۆژێک دادێ ئەم وێنەیەو هەزاران وێنەی لەم شێوەیە لە مۆزەخانەکانی کوردستان و هەتا جیهانیدا نمایش بکرێن، ئێمە بۆخۆمان لە حاڵی حازرو لە کاتی زیندودا نە قەدری یەکترمان گرتوە نە ڕێزمان بۆ زەحمەت و لە خۆبوردیەکان داناوە. بەڵام هەمان کەسان و هەمان خەبات و تێکۆشانانە لە دوای ماوەیەکی زۆر کە تێپەڕوەو کەسەکان نەماون.. کارەکانیان بۆنەتە ئەفسانەو ئەوەندە ڕێزیان لێگیراوەو گەورە کراونەتەوە. خوێنەر ڕەقی لەو کەسانە دەبێتەوە کە بۆچی لە کاتی خۆیدا، ڕێزو حورمەتی تەواویان لەم کەسانە نەگرتوە... ئەوە ڕەوتی مێژوو هەروەها سرووشتی مرۆڤەکانە کە نە بەمن و نە بە تۆو نە بە کەس چارەسەر نابێ. خۆزگە هەتا ماوین ڕێزو خۆشەویستی بکەینە دوندی ئەخلاق و نوختەی یەکەمی بیرکردنەوەمان.. گرنگ ئەوەیە ئەم خەباتە

بەشی دووهەم

پیرۆزەو لە پێناو ئازادی و خۆشبەختی گەلەکەمانەو هەتا ئێستاش هەر درێژەی هەیەو ڕێگایەک کە زۆرترین شەهیدمان بۆ داوە درێژەی هەیە. دوژمنانیشمان نەیانتوانیوە بە ئاسودەو بە بێ هیچ بەرگریەک ڕۆژانی داگیرکاریان لە ولاتەکەم بەسەر بەرن و هەمیشە ناوێک بە گەورەیی خاکی کوردستان بە بەرزی قەندیل و شاخە سەربەرزەکانی کوردستان "پێشمەرگە" ئامادە بوەو هەیە بۆ پآرێزگاری لەم خەڵک و خاکە...

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل...

حاجی مەلابرایمی رۆستەمی



کاتێک مرۆڤ مێژووی خەباتی گەلانیتری ئەو جیهانە دەخوێنێتەوە و لە چارەنووسی گەورەپیاوانیان وردەبێتەوە، چاوی بە زۆر ئەستێرەی گرشەداری ئاسمانی بێپایانی لەخۆبوردوویی دەکەوێ. دەبینێ کە ئەوان چۆن لەپێناو ئازادی و سەربەستی گەلەکەیاندا گیانیان بەختکردوە و وەک مۆم بۆ نەتەوەکەیان داگیرساون و بە سووتانی وجوودیان رووناکیان بە رێگای خەبات و تێکۆشان بەخشیوە.

مێژووی کوردیش گەلێک شۆڕەسواری جێگای شانازی و سەرفەرازی بەخۆیەوە بینیوە کە مایەی هیوا و سۆز بۆ جیلەکانی داهاتووی ئەو سەرزەمینەن. کە رۆژێک وێنە و کرداریان هەوێنی ئایدیای داتاشینی قەڵافەتی پەیکەرەی فەلەکەکانی شار بێ و چەگوارا ئاسا نەخش و نیگاری سەرسینگ و بەرۆکی لاوانی داهاتووی وڵات برازێننەوە.

یەک لەو وێنە شکۆدارانە حاجی مەلابرایمی رۆستەمییە. ئەو ماموستا بەهەیبەتە، رۆستەمی شێعرەکانی لاوک و حەیرانی دەنگبێژانی کوردستانە و بەستەی بەیتی سەرکەوتنی ئەبەدییە. دەمێکە قەڵەم و وشە خەریکی رازاندنەوەی گەورەیی ئەو شۆڕەسوارەن تا بەڵکوو لە قالبی هەڵبەستێکدا پەیکەرەیەکی پڕمانای بۆ داتاشن، بەڵام خامەوچامە لەجیات نووسینێکی بەپێز چەشنی شۆڕەبی کڕنۆش بۆ گەورەیی ئەو دەبن.

بەشی دووهەم

ساڵی ١٩٦٣بوو و سەردەمی حەمەرەزای پەهلەوی، ماموستا حاجی مەلابرایم لەگەڵ گەلێک لە تێکۆشەرانیتری حیزبی دێموکراتی کوردستان رەوانەی سیاچاڵەکانی شای دیکتاتۆر کران. ماموستا تووشی ئەشکەنجە و ئازارێکی فرە هات و چووکترین نهێنی شۆڕشی لێنەبیسترا. بکوژانی ساواکی ئێرانی لەحاست داخوازیەکانیان ناهومێد کرد وخۆراگر و سەربەرز مایەوە و کاتێک بەندیخانەکانی جێهێشت، ئەزموونی گرانبەهای سەرکەوتنی پێشکێشی نەوەکانی داهاتووکرد.

حاجی مەلابرایم ساڵی ١٩٢٧ لەبنەماڵەیەکی جووتیار و کاسبی گوندی قۆرغانی ناوچەی محاڵی ئاختاچی لەبناری ریزە چیاکانی حەوتکانیان لەدایک بوو. باوکی ماموستا گەلێک بەحەسرەتەوە دەیروانیە داهاتووی کوڕەکەی و زۆری پێخۆش بوو کە خوێندەوار بێت. کەم گوندی دەڤەرەکە خاوەنی قوتابخانە بوون و برایمی تامەزرۆی فێربوون لەسەر خواستی باوکی رووی لە حوجرەی فەقێیان کرد. سەرەتا حوجرەی حاجیاڵی کەند و دواتریش حوجرەکانی شێخ چۆپان ، کانی زێڕینە و تورجانی ناوچەی بۆکان و گەلێک شوێنیتری کوردستان ناوەندی پەروەردە و خوێندنی ناوبراو بوون.

حاجی ماموستا کاتێک ئیزنی مەلایەتی وەردەگرێ لەگوندی گردی یاقووبی سەربە ناوچەی شارۆیران دادەمەزرێ و پاشان باردەکاتە دێی خورخورە و تا دواییین رۆژەکانی ژیانی لەوێ دەگیرسێتەوە. ناوبراو مرۆڤێکی ئەدیب و ئەدەب دۆست، شارەزای شێعر و ئەدەبیاتی کوردی و هۆگری دیوانی کەڵەشاعیرانی وەک حاجی قادری کۆیی ، هێمن ، هەژار و زۆرانیتر بوو. ماموستا دوژمنی سەرسەختی خورافات و ئەو کەسانە بوو کە بەناوی دینەوە خەریکی لاڕێکردنی کۆمەڵانی خەڵک بوون. گەلێک جار ئەو شێعرەی حاجی قادری کۆیی شەوچەلەی باسەکانی بۆ گوێگرانی بوو کە دەڵێ:

هەتا شێخێ لە کوردستان بمێنێ ئومێدی زیندەگانیت پێنەمێنێ کاتێک ئەندامەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان قبوڵ کرد زۆر لاوبوو بەڵام وەک رووناکبیرێکی نەترس و زانایەکی باری کۆمەڵایەتی و ماموستای کوردایەتی خەڵکی هاندەدا مافی زەوتکراویان بستێننەوە. شەو و رۆژ خولیای سەربەستی و سەربەخۆیی کوردستان بوو و بەدوای هەواڵی تازەی جوڵانەوەی کوردی ئەودیوی سنوورەکانەدا دەگەڕا. دەمێک بوو پێوەندی لەگەڵ شۆڕشگێڕانی ساڵەکانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨دا گرتبوو و یاری بەوەفایان بوو. گەلێک دوژمنایەتی رژێمی شای ئێرانی کرد و لەهەرکوێ پێویست بوایە بەئاشکرا و راشکاوانە قسەی خۆی دەکرد و خەڵکی دژی ئەو دیکتاتۆریەتە هاندەدا. کاتێک حکوومەتی پەهلەوی رووخا، حاجی ماموستا یەک لەوکەسانە بوو کە سەرەرای شەپرێوێ باری ژیان و کۆشە خێزانیکەوە رووی لە پێشمەرگایەتی کرد. چەندەی پێدەشتەکانی شارۆیرانی مەهابادی پێوا و بەشداری حەماسەکانی ئەو دەڤەرە بوو ئەوەندەش لاوانی هاندا و چەکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەشان کردن.

بەشی دووهەم

ئەوکاتەی هەوشار کەوتەبەر پەلامار، حاجی ماموستای خاوەن فەرماندەیی هەژار، لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگەی هێزی پێشەوا رووی لەو گۆڕەپانە کرد و ئەرکی پاراستنی ئەوێی وەستۆ گرت. هەوشاری مەترسیدار بوو بە مەیدانی ململانێی نێوان داگیرکەرانی نیشتمان لەلایەک و ماموستا و پێشمەرگەکان لەلایەکیترەوە. حەماسە خوڵقان و قەڵای دمدم و خانی لەپ زێرین جێگایان لەگەڵ داشکستان و حاجی ماموستا گۆڕیەوە. عەرەب شەمۆی خوڵقێنەری تابلۆکانی قەڵای دمدم میوانی لاوک بیژی ناوچەکە بوو، ئەو دەیبیست و فرمێسکەکانی لەجیات چامەی خامە، دەرژانە سەر ئاخی ئەو نیشتمانە.

بەرەبەیانی رۆژی ٧ - ٩ - ١٩٨٠ بوو. ئەستێرەکانی ئاسمانی بێگەرد دەمێکبوو ماڵئاواییان کردبوو. وڵات کش و مات و سرووشت بێهەست وخوست، هەرموویان وادەی هێمنی پێش تۆفانیان پێبوو. حەوت هەڵۆی باڵسوور رۆییان لە ئاوای کرد. لە دەرگاکانیاندا، هاواریان کرد، ئێمەین، پێشمەرگەین. دەرگا و دەرگا وەسەرپشت گەڕا. ئاوایی باوەشی بێغەشی بۆ هەڵۆکان کردبۆوە. ئەوان تینوو بوون، برسیایەتی بڕستی لێبڕیبوون. لە شەڕگەی ئەودیوی چیاکانەوە گەڕابوونەوە. هەواڵی هێرشی تازەیان پێبوو.

بەتێکرا بڕیاریاندا دوای حەسانەوە رو لە چیا، بەرز بەرز بفڕنەوە. لەوێوە کە دوندی کێوە، چاوەکان بازئاسا پێدەشتەکان رووتتر دەروانن. ئەشکەوتی حیسامەلەشکریان مەبەست بوو. هەنگاوهەنگاو، بەرەو چیای بەهەیبەت، قۆناخیان راگواست. لەچوارلاوە هێرش بەربڵاوە، نەدەنگی باڵندەکانت دەبیست و نە بەرامەی گوڵان، ئەوەی دەتدیت قرمە بوو و بۆنی باروروتی چەکان. چاوەکەم بەرەی داهاتوو، ئەوانە حەوت هەڵۆ بوون، ماندوو و شەکەت، شەڵاڵی ئارەق و گەڵێک بێتاقەت. لەناو ئەشکەوتی حیسامەلەشکر جێیان گرت، ئێشکچی دامەزراو و سێرەی گرت. چاوەروان چاوەروان بۆ پێهەڵگەڕانی دوژمنان، کەوتە بۆسەدانان. شەش هەڵۆی ماندوو سەر وەسەرینە بەردینە، خەونی ئەوجارەیان هەرتەنیا بەرز فڕینە، خەونی چارەنووس لە ئاسمانی ئەبەدیەتی ئەوینی ئەو سەرزەمینە.

بەڵام لەدێدا هەرایە، دوژمن ماڵبەماڵ خەریکی تاوان و تاڵانی کۆشک و سەرایە. لە سیخوڕ دەگەڕان و جێپێ و شوێنی هەڵۆکانیان مەبەست بوو. کێ بوو ئەوجاریش دەبوایە بەسەرچاوەی ئاوی کانیاوی قەڵای دمدمی خانی برادۆستی بزانیبایە؟. ئەوەی کردی جاشی کوردی، وەک خەنجەرە گۆرینەی میژووی خەیانەت دەسکی دایکی خۆیەوە رۆچوو. جاش و دوژمن پێیانزانی هەڵۆکان لەکام هەوارگە دەحەسێنەوە. نە یەک نە دوو، بگرە هەزارانی درندەخوو، چەشنی ڕێچکە میرووی برسی سەرەبەهاران لەچوارلاوە روو لە حیسامەلەشکر بەبەژنی چیای هەیبەت هەڵگەڕان.

بەشی دووهەم

هەڵۆکان لەخەو ڕاپەڕین، قرمە هات، ئەشکەوت کەوتە بەر پەلامار. ئەوە حاجی ماموستایە و تەنیا شەش ڕۆستەمی دەورانی لەگەڵدایە. وەک خانی برادۆست هاواری کرد هەڵۆینە، چیرۆکی دووبارەی مێژووی خوێنینە، ئەمرۆ خەبات بۆ کەم ژین و کەڵ ژینە. مەوێستن و بەغیرەتتان، بە مەردایەتی و نەبەردتان، شێعر بخوڵقێنن، حەماسە بڕوێنن، ڕۆژی ڕەشایی دابەزینە و سپی و ڕووسوور بەرەو ئاسمان هەڵفڕینە.


لەشکری جەهل و نەزانی وەک ڕەشکەی سەردەمی سەفەوی هەردەهات و زیادی دەکرد. تۆپەکانیان، قڕناسە و مەترالیۆسەکانیان تەنیا یەک خاڵیان لەسێرەدا بوو، ئەویش ئەشکەوتی حیسامەشکر و قەڵا و پەناگای هەڵۆکان و حاجی ماموستای وەرە زێڕین بوو. دەمێکە فیشەک لە کەمی داوە و تەرمی هەڵۆیەک ڕاکشاوە و گوڵاڵە سوورەیان لەبەڕۆک داوە. سەرئەنجام ئەوەی ماون دەگرن دیوانێ، تا بزانن ڕێگەچارە کوانێ. کاتی تۆمار و نووسینە، ئاخر لاپەڕەی چارەنووسی خوێنینە و دواییین تەقە و کوشتنی نەیاری دڵ پڕلە قینە. تفەنگەکان دەشکێنن، نەوەک دوژمن بیان ڕفێنن. هەڵۆکان، ماموستا و پێشمەرگەکان لەسەر ڕەوز وێستاون، دەڕواننە هەوشار و ڕوو لە شارۆڕان لەژێر ڕەهێڵەی چەکان، بەدواییین بەرمزە لەسەر لێوان دەخوڵقێنن پەردەی کۆتایی حەماسەی دمدم و داشکستان. بڕایم کەلهوری دەمێکە شەهیدی نیشتیمانە، سەلاح لاهوری و عەزیز شوانە ڕەوەزێکی بەرز جێگەیانە، خالید شکاری و ڕەسوڵ بەشیری دواییین تەقەیانە و پەرویز کەرباسی و ماموستا، خۆهەڵدێرین دواییین ڕستەیانە و فڕینی هەڵۆ باڵ شکاوەکان پایانی پەردەی گەمارۆیانە. جەنازەکان چەشنی بەرگی گوڵەباخەکان پەڕپەڕ دەکەونە بەر سۆزی شنەبای بەرەبەیانی شازدەی خەرمانانی پەنجاونۆ و جەللادیش بێدەسکەوت گۆڕەپانی حەماسەی داشکستان وەک دمدمی برادۆست بەمێژوو دەسپێرێ.

خەڵکی ئاوایی بناری چیا، ڕوو لە داوێن، لەشی پەڕپەڕبووی ماموستا حاجی مەلابرایم و شەش هەڵۆی شەڵاڵی خوێن، دێننە میحرابی کڕنۆش، دەیانێنە ناوتابووتەگوڵینەکانیان فرمێسکاوی و خامۆش. ئەوجار لەناو کۆڕی یارانی شارۆڕان، تەسلیم بە خاکی نیشتمانیان، گۆڕستانی شەبەکی قەرەداخ دەکەن بەدواییین مەنزڵگەی وچانیان. ئامانجەکانی حاجی ماموستا بەرز چەشنی خۆی، وەک یەکەم و دواییین وەسیەت و میرات پێشکێشی خەیاڵی ناسکی کوڕانی دەکرێ و جەماڵ و جەلال دەکەونە ڕیزی هەڵۆ باڵسوورەکان و ڕێزی باوەڕی باوکیان بەدنیایەک جەماڵی سوور و گەش وەک جەلالەتی نوور دەگرن. ئەوانیش لاپەڕەیەکیتری شەهیدانی ڕێگای سەربەستی نیشتمان لەناو دەفتەری گوڵاڵەسوورەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پڕدەکەنەوەو لەپاڵ مەزاری باوکی خۆشەویستیان بەئارامی سەردەنێنەوە و چیرۆکی کەم ژین و کەڵ ژینمان بۆ دەگێڕنەوە.

لە ماڵپەڕی شەهید وەرگیراوە

بەشی دووهەم

بۆ ڕۆژی دایک



پێشکەش بە هەموو دایکێک

دایکم وەک من پێشمەرگە بوو
وەک من زۆرجار
گوللەی دوژمن ڕوو بە سینگی
دایکانەی بوو
دایکم فەرماندەری هێزوو
وەی بەرزی من بوو
عەشقی دایکم لە دڵمدا
وەکوو عەشقی خاک و ئاو بوو
لە هەر شەڕێکی ناو شاری
ئەوەی سەنگەر بە سەنگەر
کۆڵان بە کۆڵان
دەگەڕا،، دایکی من بوو
ئەوەی هێزو وەی دەدا بە پێشمەرگە
و دەیکووت،، قوربانتان بم،، دا لێیان دەن،،
بیانگلێنن،، دایکی من بوو

بەشی دووهەم

تەنها شتێک لەبارەی دایک
دەکرێ بیڵێم
تەنها کەسێک ڕاستگۆیانە
بە دڵێکی دایک شێرانە
بە هەڵقرچانی جەرگی خۆی
بە بڕیارێکی بوێرانە
کووتی بڕۆ ببە بە پێشمەرگە
چەک هەڵگرە بە وەفابە
شەهید بوونت شانازییە
دایکی من بوو...

یادێک لەم وێنەیە



دروست ٢٦ ساڵ پێش ئێستا ئەم وێنەیە هەڵگیراوە لە بنکەی مەقەڕی گەورە لەشاری ڕانیەی باشووری کوردستان.

لە ڕاستەوە ١- ؟ ٢- شۆڕش ئەسەدزادە ٣- کەریم خانەدار ٤- جەلیل گادانی سکرتێری ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ ٥- عەلی قازی کوڕی پێشەوا قازی محمد. ٦- شوکری محمدپوور. ئەوانی پشتەوە لەڕاستەوە ١- ڕەحمان عەبدی ٢- هەمزە ئاگوشی.

باقسەیەکی خۆشتان بۆ گێڕمەوە لەسەر ئەم بابەتە. قەرار بوو بەڕێز مام جەلال سەردانی حزب بکات لە قەڵاسەیدە. ڕۆژۆ کاتەکەی دیاری کرا. هەموو ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی ئاگادار کرانەوە کە تەشریف بێنن بۆ دەبیرخانە، بۆ پێشوازی لە مام جەلال وهاوڕێیانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. منیش سەرگەرمی ڕێکخستن و تەشریفات و پێداویستیەکانی ئەو دەعوەتەم لەئەستۆ بوو. کارێکی قورس و گران کەوتبووە ئەستۆی من. بەڕاستی نەمدەزانی مام جەلال چەند کەس لەگەڵ خۆی دێنێ، هەتا ئێمە خواردن و جێگاو ڕێگای ئەوەندە کەسە دابین بکەین. وەکوو هەلووک هەڵدەسووڕام لەنێوان سکرتێرو ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیدا. هەتا چوومە لای ڕەوانشاد کاک فەتاح کاویان لە دیوەکەی خۆی. تێمگەیان ئەو هەموو خەڵکە لەکوێ دامەزرێنین؟؟ گووتی ئاسانە دیوی دەفتەری سیاسی میزەکە جێگای چەند کورسی دەبێ ئەوەندە کەسە دەتوانن بێنە ژووری بۆ کاتی نان خواردن. بۆ پێش نان خواردن هەرچەند جێگا دەبێ بابێنە ژووری، دەزانی بۆ؟؟ گووتم ناوەڵا. گووتی چونکە من شۆخی و قسەی خۆش لەگەڵ مام جەلال دەکەم باهەموویان گوێیان لێبێ. لەو قسانەدا بووین کەدیتم کاک عەلی قازی خەریکی خۆ ئامادە کردن بوو٠ لیباسێکی خەت

بەشی دووهەم

خەتی لەبەر کردبوو هاوشێوەی لیباسی بارزانیەکان. منیش سەرم بەگوێی کاک فەتاحەوە نـاو بەسـرتە پێمگـووت، ئەوە کـاک عەلی بەتەمایە بۆ پێشوازی کردن لە مام جەلال بەم لیباسانەوە پێشوازی لێبکات؟؟؟؟ ئەوکات پـارتی و یەکیەتـی نیشـتمان خۆش نەبوو. کاک فەتـاح کەمێک سەری بردە دواوەو چاوێکی سەرتـاپا لە کاک عەلی قـازی کـردوو کەمێـک ڕاوەسـتاو گـووتی، شۆڕش وەرە دەرێ کـارم پێتە٠ کەچـوویـنە دەرێ گـووتی هەتیـوە تـۆ زۆر وردبینـی بەڕاسـتی مـن فکـری ئەوەم نەکردبـوو. مـام جەلال پێموانیە خۆشی لەو لیبسانە بێ. بڕۆ خێرا بڕۆ بە کاک حەسەن ڕەستگار بڵێ. منیش ڕۆشتم بەکـاک حەسـەنم گـووت ئەوە کـوا وەختـی ئەوەیە کـوڕی ڕەش ئەو لیباسـە خەت خەتەی لەبەربکـات؟؟؟ گـووتی لیباسـی چـی؟؟ گـووتم نەتـدیوە کـاک عەلی قـازی چ لیباسێکی پۆشیوە؟؟ لەوکاتەدا کاک عەلی ئامـادە هـاتەدەرێ. کـاک حەسـەن کەدیتـی زۆری پـێ نـاخۆش بـوو. لەبەرخۆیەوە گووتی (سیستمە باخ). گوتی جا تـازە چی لێبکەین؟ لێیگەڕێ باهەروابێ. سەعـاتێکی نەگـرت تەلەفونیـان کـرد جەنابی مام جەلال گەیشتێ٠ کە دیتمان زیـاتر لە ٥٠ ماشێنی لەگەڵ بوو. من هەر بەسەری خۆمدا دەمگووت چۆن بتـوانم خواردنی ئەم هەموو کەسە ئامادەبکەم و جێگاو ڕێگایان بـۆ دابین بکەم؟؟ بەڕێرسـی دەبیرخـانەو هەمـوو ئەو میوانـانە بـووم کەسەردانی حیزبیان دەکرد. هەرچەندە ئاشپەزی تایبەتیمان هەبوو لەگەڵ خێزانەکانی ئەندامانی دەفتەری سیاسی بـۆ کـاتی وا هاوکاریـان دەکـرد. بەڵام دیسـان پێڕانەدەگەیشـتین. ئەنـدامانی دەفتـەری سیاسـی و سکرتێر لەپێشـەوە ڕاوەسـتابوون بە ئیزافەی کاک عەلی قـازی. لەدوای ئەوان ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی. دووەم ماشێن مام جەلالـی تێـدابوو، کەچـاوی بەکـاک عەلی قـازی کەووت بەو لیباسەوە ڕاینەگەت و ڕۆیشت هەتـا ئەوسـەری ڕیـزەکە کە ئەنـدامانی کـۆمیتەی ناوەنـدی و جێگـران و موشاویران بوون. دیـارە هەر بە ئـانقەست لەلای پێشـەوە ڕاینەگـرت٠ کاتێـک گەیشـتە کـاک عەلـی قـازی زۆر بەسـاردی چـاک وخۆشی لەگەڵ کرد. گووتم کاک حەسەن پێمنەگووتی؟؟ گووتی هەر لێیگەڕێ. بەڵام تـوانیمان خواردن و جێگـاو ڕێگـا بـۆ ئەو هەموو پێشمەرگەو حیمایەو بەڕپرسانە دابین بکەین. لەکاتی ڕۆشتندا مام جەلال بەکاک جەلیلی گـووت ئەرێ کـێ بەڕپرسی ئەم خواردنە خۆشانەو ئەم زەحمەتـانە بوو؟؟ کاک جەلیـل من و حەسـەنی موسـازادەی ناسـاند. گـووتی کـک شـۆڕش بەڕپرسـی تەشریفات و کـاک حەسـەن ئاشپەزو خانمەکـانیش هاوکـاری ئاشپەزبوون. مـام جەلال هـاتە بـن گوێمـان گـووتی بـۆ نـایەن بتاندزم؟؟ بەڕاستی دەستان خۆش بێ نەمردم جارێکی تر ئەو خواردنە خۆشانەی ڕۆژهەلاتم خوارد.

زۆری سوپاس لێکردین.

یادێک و بیرەوەریەک



پێموابێ ساڵی ١٩٩٣ یان ١٩٩٤ بوو باشم لەبیر نەماوە. ئەوکات من لە بنکەی پەیوەندیەکانی حزب بووم لە بەغداد. کاک فەتاح کاویان بەرپرسی بەغداد بوو منیش کادری سیاسی و هاوکاری بووم. بریندارێکی دەستی تیرۆر بەناوی (ڕەحیم تەها) ماوەیەک بوو دەفتەری سیاسی ناردبوویانە بنکەی بەغداد و لێرە ئێمە لەخزمەتیدا بووین. پێویستە بڵێم ڕەحیم تەها موعجیزە ئاسا لە مردن ڕزگاری ببوو. هەتا تیرۆریستەکان وێنەشیان لێ هەڵگرتبوون. کاتێک شەهیدیان کردبوون، شەهیدەکان بریتی بوون لە سەعدوون بارزان و مام حەسەن کە پێشمەرگەیەکی بەتەمەن بوو لەگەڵ شەهیدی زیندوو ڕەحیم تەها. پێموابێ تیری خەلاسیشیان لێدابوون. بەڵام دوای ئەوەی خەڵک و پێشمەرگە دەگەنە سەریان لە نێوان ڕانیەو سەرکەپکان. دەبینن ڕەحیم تەها زیندووە. دوای ئەوەی کە بریندەکەی زۆر سەخت بوو، ناریانە بەغداد. منیش بردمە لای باشترین دکتوری عێراق لە بەغداد. دکتورەکە کە هەم کورد بوو هەم دکتوری عەسکەری بوو. بۆیە بە نهێنی پێی گووتم بۆی دەنووسم بۆ نەخۆشخانەی سەربازی لە بەغداد. کەباشترین و گەورەترین دکتورو ئیمکاناتیات و دەرمانیان هەبوو. لەوێ گەورەترین نەشتەرگەری بۆکرد کە بوو بەهۆی ئەوەی دەستی نەبڕنەوەو چاک بێتەوە. ئیتر لەوەبەدوا ڕەحیم زۆر خۆشحاڵ بوو کەدەستی نابڕنەوە. ڕۆژێک لەگەڵ کاک فەتاح باسمکرد کە بۆچی ئێمە ڕەحیم بە سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان واتە (un)نەناسێنین؟؟ کاک فەتاح خێرا گووتی بۆچی نا؟ منیش پەیوەندیم پێوە گرتن و هەموو مەسەلەکەم تێگەیاندن. ئەوانیش ڕۆژێکیان بۆ دیاری کردین کە بچین و لەباری ئەم بریندارەی دەستی تیرۆریان پێ بناسێنین. کاتێک لەکاتی خۆیدا چووین بۆ بنکەی سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەوێ چوومە لای ئافیسی بەردەرگا و پێمگووتن ئێمە کاتژمێر ١١ بڕیاری

چاوپێکەووتنمان هەیە لەگەڵ فلانە کەس. ئەویش گووتی ٥ خولەک چاوەڕێبکەن. لەو ماوەیەدا کەراوەستابووین دیتم ژن و پیاوێک لە تەنیشت ئێمەوە ڕاوەستا بوون. پیاوەکە عەینەکی ڕەشی لەچاون بوو. کاک فەتاح قسەی بۆ دەکردین. لەناکاو کابرای عەینەک لەچاو دەستی خستە سەرشانی ئەو ژنەی لەگەڵی بوو، گووتی ئەو دەنگە دەناسم دەنگی کاک فەتاحی کاویانە. ئێمە هەرسێکمان چاومان زەق بوو بە بیستنی ئەو قسەیە. منیش گووتم بەخودای دەماناسێ. کە وامگووت خێرا گووتی (مامۆستای شۆڕش مارو ماسی قووت دەدات) هەوی کاک شۆڕش ؟؟ ئەو قسەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٦٤ کە من مامۆستای پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگ بووم خۆبەخشانە بە خوێندەوار کردنی پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگ. لەسەر داوای کاک حەسەن شیوەسەڵی کە ئەوکات فەرماندەری هێزی گیارەنگ و کۆمیتەی ناوەندی حزب بوو. ئەوە قسەیەکی خۆشی حسین ئاغا بوو کە بە منی گووت. ئەوە نهێنیەکی نێوان من و کاک حەسەن بوو. بۆیە لەگەڵ وایگووت خێرا زانیم ئەوە مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی یە. گووتم کاک فەتاح ئەوە کاک حەسەن شیوەسەڵی یە. لەوکاتەدا هەر هەموومان دەستمان کرد بەگریان و بانگ هەڵدان. قەتم نەدیبوو کاک فەتاح بەو شێوەیە بەکوڵ بگری. باوەشمان بەیەکدا گرت. کاک فەتاح گووتی ئەگەر شۆڕش نەیگووتبا ئەوە کاک حەسەنی شیوەسەڵی یە هەرگیز نەمدەناسیتەوە. کابرای نیگابان هاتبوو زوو زوو دەیگووت سەرۆک دەڵێ بابێنە ژووری. بەڵام ئێمە تازە پێکمان هەڵدەگووت و کوڵی گریانمان گەرمتر دەبوو. ئاخری بە نیگابانەکەم گووت ماوەیەک لەسەرمان ڕاوەستە ئیجازەمان بدە. کاتێک دیتمان سەرۆک بۆخۆی هاتەدەرێ و گووتی لە پەنجەرەیڕا چاوم لێتان بوو هیچ پەلەی مەکەن. سەرۆک خاتوونێکی میهرەبان و دڵسۆزو تێگەیشتوو بوو. زۆر نارەحەت بووین یەکەمجار بوو مامۆستا بەو شێوەیە ببینین. لەسەر ئەو وەزعەش ڕا پێکەنین و قسە خۆشەکانی و موحیبەتەکانی هەر بەردەوام بوون. گووتی شۆڕش دوای ئەو هەموو ساڵە دەنگتم ناسیەوە. دوای نزیک بە نیو کاتژمێر یەکترمان بەجێهێشت و ئێمە چووینە ژووری و ئەوانیش ڕۆشتنەوە. پاشان کاری ڕەحیم جێبەجێ بوو بەرەو وڵاتی سویس هەڵفڕی و ئێستاش لەوێ ژیانی ئاسایی خۆی دەکات. لەژووری کاک فەتاح پێیگووتن من هەموو پشتیوانیەک لە کاک حەسەن شیوەسەڵی دەکەم، ئەو پێویستە هەرچی زووتر بیگەیەنە وڵاتێکی ئۆروپایی بۆ چارەسەر. هەمیشە ڕێزو حورمەتی تایبەتیم بۆ مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی هەیەو هەبووە. ئێستاش بە فەرماندەی خۆمی دەزانم. گەورەترین خزمەتی بە من کردووە و ماوەی نزیک بە ٣ ساڵ لەخزمەتیدا بووم لە هێزی گیارەنگ.

قەت لەبیرم ناچێ




هاوینی ساڵی ١٣٦٠ ی هەتاوی بوو. ئێمە بۆ ماوەی مانگێک هاتبووینە شارۆچکەی مەهاباد، شارۆچکەیەکی (سوق الجیشی) بوو. لەوێ هەموو ڕۆژێ عەمەلیات و دەرگیری و پێکدادان هەبوو، لە نێوان ئێمەی پێشمەرگەو هێزەکانی دوژمن دا. چونکە نەوعێک کێبەرکێ لە نێوان پەلەکانی لکی ١ ی هێزی پێشەوادا دروست ببوو، کە هەر پەلەی عەمەلیاتی زۆرتر کردبایەو دەستکەووتی زۆرتر بوایەو زیاتر زەڕبەی لەهێزەکانی دوژمن دابایە، سەربەرزترو براوەتر بوو. ئەم شێوە ڕەقابەتە هەمووی هەدەف ئەوەبوو زیاترو زیاتر زەڕبە لەهێزەکانی دوژمن بدەین. ئەم کارە لە ڕووی بەرنامەوە نەبوو ، بەڵکوو خۆڕسک بوو کە لەنێوان پەلەکاندا دروست ببوو. دەنا زۆر جار ئێمە وەکوو ئەرکانی لک داوامان لە سەرپەلەکان دەکرد پێویستە بەپێی بەرنامەو نەخشە عەمەلیات ئەنجام بدەن نەک بۆ پێشبڕکێ. بەڵام زۆر جار سوودی نەبوو. نەماندەتوانی پێش بە هەست و ئیحساساتیان بگرین. نۆرەی ئێمە بوو بێینە شارۆچکان. چونکە هەر مانگەی ٣ پەل لەشارۆچکان دەبوون ٣ پەلەکەی تر لە ناوچەی (مەحاڵ) دەبوون. ئەوکات لکی ١ ی کاک شوان ٦ پەل بووین. کاتێک هاتینە شارۆچکان و پەلەکانی ترمان ناردنەوە بۆ ناوچەی مەحاڵ. دوای ٢ ڕۆژ دوژمن بێ هیچ بەهانەیەک دەوروبەرو ناو گوندی (قوم قەڵا)ی تۆپ و خومپارە باران کرد. ئێمەش خێرا هەموومان بەرەو چوار دەوری گوند حەرەکەتمان کرد. بۆ بەرەنگاری هەر چەشنە پێشڕەویەکی دوژمن. لەڕێگا تووشی چەند منداڵێک بووین خەریکی یاری و کایەی منداڵانەی خۆیان بوون. منیش پێمگووتن هەڵێن بڕۆنەوە ماڵەکانتان با بریندار نەبن. یەکیان پرسی،، بۆ خاڵە گیان ئەو خومپارانە ئێمەش دەکوژێ؟؟؟ منیش هیچم پێنەگوترا پێی بڵێم. تەنها گووتم نا،، نا،، مەترسن ئەو تۆپ و خومپارانە منداڵان ناکوژن. بەڵام دەبێ

بەشی دووهەم

برۆنەوە بۆ ماڵێ. ویستم نەترسن و بە ئازایەتی یەوە بیانێرمەوە بۆ ماڵەکانیان. دوای نیو کاتژمێر کە گەڕاینەوە لەڕێگا پێیان گووتین چەند منداڵ بە خومپارە بریندار بوون. هەموویان لە مزگەووتن. خێرا خۆمان گەیاندە مزگەووت. کە چووم دیتم هەمان منداڵ کە پرسیاری لێکردم بریندار بوو. کە منی دیت زەردەیەکی هاتێ و بە پچڕ پچڕ گووتی خاڵە گیان ئەی بۆ گووتت ئەو خومپارانە منداڵان ناکوژن؟؟؟ چاوی لەسەر یەک داناو لەشەقەی باڵی دا. ئەوەندە ناڕەحەت بووم هەتا ماوم قەت لەبیرم ناچێ. هەمیشە خۆم بە قەرزداری دەزانم. هەرچەندە ویستم ڕۆحیەیان بدەمێ، بەڵام منداڵ هەر منداڵە.

یادێک و بیرەوەریەکی تاڵ



هەر کە خۆم لەچۆمەکە هاویشت، خێرا وەکوو بەرق مێشکم خەبەری پێدام. دارو نەدارت هەموو لەدەست دا. لەناوڕاستی ئاوەکەدا بووم لەبن هەردوو دەستی بریندارێکدا دەمویست بیپەڕێنمەوە ئەوبەری چۆمەکە. کە هەستم کرد هەتا ملم لە ئاوێدایە. زانیم هیچم بەسەر هیچەوە نەماوە. زانیم هەرچی لەگیرفانەکانمدا شاردومنەتەوە، هەمووی تلیساونەتەوە. ئاخر دەبێ سەروەت و سامانی پێشمەرگەیەک چی بێ؟؟ هەندێک قەندو کەمێک چایی وشک و بڕێک کەرەستەی ئاگر کردنەوەو چەند بەستەیەک سیگارو چەند دەفتەرچەیەکی بیرەوەریەکانم. لەگەڵ هەندێک نامەو چەند پارچە حەبێکی ئازار شکێن. هەموویان لەگەڵ ئاوی چۆمەکە دەستەملان بووبون. کە گەیشتمە ئەوبەری چۆمەکە هەستم بە گەورەترین سەرکەووتن کرد، کە بریندارێکم لە مردن ڕزگار کرد. بەڵام کەبیرم کەوتەوە هەرچی لەگیرفانەکانمدایە هەمووبان تلیساونەتەوە زۆری ناڕەحەت کردم. بەڵام کاتێک چاوم لە بریندارەکە کرد، چاوی لەمن بڕیبوو بەچاوێکی پاڕانەوە دەیکووت بۆ خاتری خوێنی شەهیدان ئەو گێچەم لێ دەربێنە هەموو گیانم دەخورێ و دەلێی گڕوێ بووم. بریندارەکە لاقی چەپی هەتا سەر کەمەری لە گێچ دا بوو. بە تەڕبوونی گێچەکە دەمزانی لاقی دەخورا٠ هەستم دەکرد ئازارو وەزعیەتی چۆنە٠ بەڵام نەمدەوێرا بە قسەی بکەم. پێمگووت دەزانم وەزعت چۆنە، بەڵام ناتوانم گێچەکە لەلاقت بکەمەوە چونکە خراپتر دەبی. گووتی باشە بەڵام شوڵکێکم لەو دارە بۆ ببڕە ، با برینەکەمی پێ بوخرێنم٠ بەقوربانت بم نازانی حاڵم چۆنە ئێستا. منیش خێرا شووڵکێکم بۆ بڕی و هێنام دامە دەستی. خێرا لە ناو گێچەکەی ڕۆکردوو گووتی ئۆخەی یارەبی هەرگیز خراو نەبینی و هەر خاس بێتە

بەشی دووهەم


ڕێت• ئێستاش ئەو قسەیەم هەر لەبیر ماوە. کاتێک چاوم بەخۆمدا خشاند، دیتم هەموو قەندو چاییەکە لەگیرفانمدا تواونەتەوەو حاڵێکی زۆر ناخۆشم هەبوو. سیگارەکانم کە نەکردبۆنەوە تەڕ نەبووبون. سیگارو چەرخەکەم تلیسابوونەوە. زۆرێک لە نووسین و بیرەوەریەکانم نەدەخوێندرانەوە. بەڵام گرنگتر لەهەموو ئەوانە ڕزگار کردنی ئەو بریندارە بوو کە نەمهێشت هەست بە تەنیایی و نا هۆمێدی بکات. سڵاو هاوڕێ و هاوسەنگەرم لەهەر کوێ هەی تەمەن درێژوو تەندروستبی. ئەوە قەترەیەکە لەدەریای دەورانی پێشمەرگایەتی...

بۆ سااڵڕۆژی شەهید قاسملوو.



بووی بە تۆوێک وەکوو باران
هەموو ساڵێ لەم مانگەدا
باوو. باران. لەگەڵ. شەماڵ
دەتهێنێتە. سەر ئاسمانی کوردستان و
دەتبارێنێ بەسەر هەموواندا
دەتبارێنێ بەسەر لاوەکانداو
چەکەرە دەکەن. گەشە دەکەن. لە ئاخریدا
هەموو دەبن بە قاسملوو.

یادێک لە ٣ شەهیدی قارەمان



یادێکی کورت لەم سێ شەهیدە قارەمانەی دیموکرات.

لەڕاستەوە:

١- شەهید پەروین ڕوحی


٢- شەهید عەباس چریک

٣- شەهید سولەیمان سولەیمانپوور.

سێ قارەمانی ڕێگای ڕزگاری و ئازادی کوردو کوردستان. ژیانیان بەخشی بۆ نەوەکانی داهاتوو، هەتا بە ئازادی و سەربەرزانە بژین. گیانی خۆیان کردە پردەبازی ڕێگای گەیشتن بە هەموو دادپەروەری و خۆشیەکانی ژیان بۆ گەلەکەیان، بی ئەوەی چاوەڕوانی هیچ پادشتێک بن. چەندە خۆشە ژیان و مردن بە بێ منەتی و سەربەرزانەو بە ئازادی.

ڕۆحتان شادو یادو ناوتان بۆ هەتا هەتایە زیندوو و بەرزو بەڕێزە.

یادێک لە تێکۆشەر مراد میهرەبان



نزیک بە ٣٠ ساڵە کاکە مراد میهرەبان دەناسم، ماوەیەکی زۆریش هەردووکمان پێکەوە کادری دەبیرخانە بووین. گەلێک بیرەوەری خۆشمان پێکەوە هەیە. زۆر کارییشمان پێکەوە ئەنجام داوە. مراد کوڕێکی شۆخ و میهرەبان و کوردێکی بێ غەل و غەشە. دۆستایەتی زۆر خۆشەو هاوڕێیەکی وەفادارە. لەناوچەش کادرێکی لێهاتوو شۆڕشگێڕو بەرپرسایەتی جۆراوجۆری وەرگرتووە. هەر بەیادی کۆن ویستم یادێکی لێبکەمەوەو دیسان بەلاوان و تازە پێگەیشتووەکانی بناسێنمەوە. لەهەر کوێ هەی هەر بژی و هیوای ژیانێکی خۆشتان بۆ دەکەم.

ڕاستکردنەوەی هەڵەیەک



پێویستە هەموو کوردێکی هەر چوار پارچەی کوردستان بزانن و تووشی ئەم هەڵەیە نەبن. پێشەکی زۆرم پێ ناخۆشە وێنەی پێشەوای کوردان بە هەڵواسراوی بڵاو بکەمەوەو بیخەمە پێش چاوی ئێوە بەڕێزان. چونکە تەنها دوژمنان دڵیان پێی خۆشە.

پاشان بەداخێکی زۆرەوە خەڵکانێکی زۆر وێنەی شەهیدێکی دەورانی کۆمار کە یەکێک لەئاغاکانی ناوچەی بۆکان بووە وەک دەڵێن عەلی خانی شێرزادە بەجێگای پێشەوا قازی محمد دەناسێنن. ئێمە پێویستە ئەم هەڵەیە ڕاست بکەینەوە، هەتا نەوەکانمان بزانن و سەریان لێ نەشێوێ. چونکە پێشەوا هەر ئەم وێنەیەی بەپەتی سێدارەوە هەیە. ڕۆحیان شادو یادو ناویان هەمیشە زیندوو.

یادێک لە شەهید عەلی خاریجی



نازانم چۆن و لەکوێ پا باسی شەهید (عەلی خاریجی) بکەم. عەلی لە گوندە جوانەکەی میراوای سەربە شاری بۆکان، چاوی بە دنیا هەڵێناوەو هاتۆتە ناو باوەشی گەرمی بنەماڵەیەکی هەژارو زەحمەتکێشی کوردەوە. هەر لەو گوندە گەورە دەبێ و قۆناخی سەرەیایی خوێندن هەر لەوێ تەواو دەکات. عەلی وەکوو زۆربەی لاوانی کوردستان، هەستی نەتەوایەتی و کوردانەی لەبەرامبەر زوڵم و زۆری ڕژێمی کوردکوژو دیکتاتۆری مەلاکان دەبزوێ و ناتوانێ خۆی ڕاگرێ. بۆیە بڕیار دەدات خۆی بگەیەنێتە ناو ڕیزی شۆڕشگێرانی دیموکرات و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی بپۆشێ و چەکی مەردایەتی دەست بداتێ، بۆشەڕێک کە دوژمن بەسەر گەلەکەماندا سەپاندوویەتی. بۆیە خۆی دەگەیەنێتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات. عەلی زۆر زوو تواناکانی خۆی نیشان داو توانی لەماوەیەکی زۆر کەمدا ببێتە خۆشەویست و جێگای باوەڕی هاوسەنگەرانی. کورێکی دەم بەپێکەنین و ڕووخۆش،، بە ئەدەب و بەڕەوشت،، قارەمان و نەترس،، بەوەفاو زیرەک و زانا،، باوەڕێکی قوڵی بە دیموکراسی و مافی گەلەکەی هەبوو. هەم لەباری سیاسی یەوە هەم لەباری پێشمەرگایەتیەوە هەم لەباری دۆستایەتیەوە کەسێکی یەکجار مەحکەم و قایم و بە ئەخلاق بوو. عەلی کانگای متمانەو نهێنی پارێزی بوو ئەوکات من کادری دەبیرخانە بووم، عەلی لە ڕادیۆو چاپەمەنی کاری دەکرد، زوو زوو دەهات بۆلام ئاڵوگۆڕی نەزەرو بۆچوونەکانمان دەکرد. ئەوکات بەڕاستی زانیم عەلی چەندە کادرێکی پڕو بەبیرو بڕوایە، دەیویست نزیکترین ڕێگای سەرکەووتن ببینێتەوە، هەوڵی دەدا باشترین کاتەکانی ژیانی لاوێتی خۆی لەپێناوی باشترین ڕێگا بۆ سەرکەووتن ببەخشێ و لەهەموو کەس کەڵک وەربگرێ، ئامادەش بوو لەپێناوی دا بمرێ. ئای کە چەندە لەدڵم دا جێی خۆی کردبۆوە. زۆر کەیفی بە نەزەرو قسەکانی

بەشی دووهەم

من دەهات. چکۆلەترین فرسەتی هەبوایە سەردانی دەکردم. هەتا ئەوکاتەی ئێوارەیەک دوای نان خواردن هاتە مالێ و کووتی سبەینێ دەڕۆمەوە ناوچە لەگەڵ پێشمەرگەکان. دەستی لەستۆ کردم و ماچم کردو ماڵئاوایێ لەمن و خێزانم کردو ڕۆی. ئەوە (دواپین دیدار)م بوو لەگەڵ عەلی. کاتێک چوونەوە بۆ قوڵایی ناوخۆی وڵات و لە ناوچەکانی مەحاڵ و چۆمی مەجیدخان خەریکی کاروباری حزبی دەبن، هێزێکی دوژمن کە بەناو هێزی زەربەتی سوپای پاسداران بوون، لەناوچەکەدا کاتێک دەیانزانی پێشمەرگە لەناوچە نیە، دەستیان دەکرد بە عەزیەت و ئازاردانی خەڵکی ناوچەکە، بۆیە کاتێک هەستیان بەبوونی پێشمەرگە کردبوو فەرماندەکانیان بەزۆری ئەم هێزەیان لە ناوچەکە دانابوو هەتا ڕێگا لە کاروباری پێشمەرگەکانی دیموکرات بگرن و لەشوێن و جێگای خۆیدا پێشمەرگەکان لە داوی خۆیان باوێن. هەتا لەڕۆژی پێنج شەمەی ٧ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٢ ئەم هێزەی دوژمن لە گوندی سریلاوا دەکەونە ناو کەمینی قارەمانەکانی دیموکرات و لەگەڵ قرمەی کلاشینکۆف و قرچەی بەسامی گوللەی پێشمەرگە سەر بە هێزی زەربەتی دوژمن نەوی دەکەن و ناهێڵن سەری نەوییان بەرز کەنەوە. کوڕەکانی گەل هەڵۆ ئاسا دەگەنە سەریان و لەگەڵ هاوار هاوارو پاڕانەوەی هێزی زەربەتی دوژمن ڕووبەڕوو دەبن. بەقەولی هونەرمەند ڕەسوڵ نادری یاحسین یاحسینی پاسدار دەچوو بۆ تەشقی ئاسمان. ئەم هێزە کۆماندۆو زەربەتەی دوژمن تەفروتونا دەکرێن و ئەوەی کوژرا کوژرا هەرچی مابوو تەسلیم بەهێزی پڕهێزی پێشمەرگە دەبن پاڵەوانەکانی دوژمن بەرگەی نیو سەعات شەڕیان لەبەرامبەر پێشمەرگەدا نەگرت. بەداخێکی گرانەوە لەکاتی یەکەم هێرش بۆسەر دوژمن کە هەر بەپێوە پێشڕەویان دەکردە سەر لەداوکەوتووەکانی گروهی زەربەت دوو قارەمان دوو پێشمەرگەی وەفادار دوو ڕۆڵەی ئازاو نەترس برینداردەبن بەناوەکانی (عەلی خاریجی) و (عەلی سوهرابی) عەلی سوهرابی هەر ئەو ڕۆژە دوای چەند کاتژمێرێک بەداخەوە شەهید دەبێ و لە گوندی یالاوای سەرێ بەخاک دەسپێردێ و دوو ڕۆژ دواتر دوای بەربەرەکانیەکی زۆر لەگەڵ مەرگ بەهۆی سەختی برینەکەی و خوێنڕێژی زۆر عەلی خاریجی ش شەهید دەبێ و بەیەک دنیا ئاوات و ئارەزوو و ئامانجەوە هەردووکیان بوونە پردە بازی ڕێگای خەبات و تێکۆشان. شەهید عەلی خاریجی لەگوندی باراوا بەخاک دەسپێردێ، پێویستە بڵێم عەلی سوهرابی کادر بوو هەروەها عەلی خاریجی سەرپەل بوو. داستانی ئازایەتی و قارەمانیەتی ئەم دوو پێشمەرگە قارەمانە لەناو سینگی هەموو هاوسەنگەرەکانیاندا وەکوو مێژوو هەیەو هەموویان شاهێدی دەدەن بۆ نەبەزی و ئازایەتی و بوێریان. هاوڕێی بەڕێزم کاک سەعید باختە فیلمی تەواوی شەڕەکەی هەڵگرتووەو وەکوو مێژوویەکی پڕشنگدار دەدرەوشێتەوە لە مێژووی حزبی دیموکرات دا. یادو یادگارو ناوتان بۆ هەمیشە لەناو دڵی گەلەکەمان دا تۆمار کراوەو ئێوە باشترین کوڕانی ئەم خاکە بوون.

پێویستە بڵێم لە کاتێکی دیکەدا باسی ژیانامەی شەهید (عەلی سوهرابی) دەکەم بە درێژی.


بەشی دووهەم

ئێرە گوندی (بنێوخەڵەف)ە



لەناوچەی سەردەشت. پێموابێ هاوینی ساڵی ١٣٦٥ بوو لەکاتی گەڕانەوەمان لە ئەرکێکی حزبی لە قوڵایی ناوچە بۆ بنکەکانی خۆما بوو لە دۆڵی (ناوزەنگ) لێرە مابووینەوە بە ڕۆژ مابووینەوە بە نهێنی هەتا ئێوارە حەرەکەت بکەین. لەماڵێک بووین، دیتمان هەم تەپڵیان هەیە هەم ئەو ئاکاردۆنە چکۆڵەیە، ئێمەش دەستمان کرد بە گۆرانی کوتن.ئەی چیمان کردبایە؟

یادێک مەڕحوم بابی شەهید سەرگورد عەباسی



سابڵاغیەکان کێ مام سۆفی بابی شەهید سەرگورد عەباسی لە بیرماوە؟؟؟ چەند جارێک سەری بۆ چاک کردووم، کەسایەتیەکی نورانی، ڕووخۆش، قسە خۆش، لەسەرەخۆ بوو. هەرچەندە زیاتر دەڵاکی دەکرد، واتە بە گوێزان لەبن ڕا سەری پیاوە پیرەکانی دەتاشی، بەڵام ئەگەر هەرکەسێکی تریش چوبایە بۆ سەرچاک کردن، ڕەتی نەدەکردو قژی بۆ هەڵدەپاچی، دوایە کە سەقەتی دەکرد دەیکووت بابەکەی بابم ئەو تووکە سەرە چیە بۆ نایتاشی؟ مشتەریەکەش چاری نەدەما دەیکووت بیتاشە با پێم پێنەکەنن، خێرا بە ٥ دەقیقە ساف و لووسی دەکردو دەیکووت ئەوە تەواوە پاک و خاوێن و بێ دەردی سەر. هەزار ڕەحمەت لەگۆڕی بێ و ڕۆحی شادبێ.

یادی بەخێر زانکۆی ژیان



زانکۆی ژیان... ئەم حەمامە کە پێمان دەگووت (شۆرکە) حەمامی ٥ ستارەی هەموو ماڵە پێشمەرگەیەک بوو. ئەوەی زیاتر دەستی ڕۆشتبایە لەوانە بوو هەندێک بە چیمەنتۆ ساف و خۆشتری کردبایە، بەڵام لەسەریەک ئەوە نمونەی حەمامی هەموو پێشمەرگە بوو. ئێمە هاوینان بۆشکەمان لەسەربان دادەنا، بە تیشکی هەتاو گەرم دەبوو لەخوارێ دوشمان پێوەکردبوو حەمامان پێدەکرد دەتگووت لە خۆشترین حەمامی دنیا خۆمان دەشۆین. دەلیلەکەی ئەوەبوو (قانع) بووین چونکە ئیمان و باوەڕمان بە ڕێبازی کوردایەتی و پێشمەرگایەتی هەبوو. دەنا زۆر بوون ئەو کەسانەی ئەم ژیانە سادەو ساکارەیان پێ قەبوڵ نەدەکراو دەڕۆشتن. پێشمەرگایەتی زانکۆیەکی یەکجار گەورەیە، کەسێک بتوانێ دەرسی لێوەرگرێ چونکە هەموو تاڵی و سوێری و ناڕەحەتیەکانی ژیان بەدڵ و بە گیان قەبوڵ دەکەی تەنها لەبەر عیشقێکە کە بەخاک و نیشتمان و خەڵکەکەتە لەدڵ و میّشک دا وەکوو هەورە بروسکە چەخماخە دەدات. تەنها پێشمەرگە خاوەنی ئەم هەموو فیداکاری و شانازیەیە.

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل.

بەشی دووهەم

یادێک و وەفایەک بۆ ئەم ٣ شەهیدە...



سڵاو لەبیرو باوەڕتان پیاوانی شۆڕش و تێکۆشان:

لە ڕاستەوە:

١- شەهید مام دەرۆێش

٢- شەهید عومەر دهستانی

٣- شەهید حسین ڕەمەزانی: هەریەک لەم شەهیدانە لەشوێنی جیاوازو بە شێوەی جیاواز شەهید کراون بەدەستی دوژمنانی کوردو کوردستان. گرنگ ئەوەیە سەریان بۆ دوژمنان شۆڕ نەکردوو سەربەرزانە لەڕێگای خاک و ئاوو شەرف و ناموسی میللەتەکەیان دا شەهید بوون و، بۆ هەمیشە لەناو دڵی خەڵکی کوردستان دا دەمێنەوەو ناوو نیشانیان بە زیندوویی و بەشانازی بەرزو بەڕێز ڕادەگیرێ. واشنەبوایە هەر دەمردم کەسیش یادی نەدەکردم.

کورد نابێ بێ حورمەتی و بێ ڕێزی بە (نان) بکات.



کورد نابێ بێ حورمەتی و بێ ڕێزی بە (نان) بکات. لە یەکێک لە بیرەوەریەکانم دا بۆم باس کردوون، کە مامۆستای پایەبەرزو نەمری کورد (هێمن)ی شاعیر ئامۆژگاریەکی کردم لەسەر ئەوەی کە هەمیشە قەدری نان بگرم. ئێستاش هەر قسەکانی لەگوێمدا دەزرنگێنەوە و بە نەوەکانی داهاتووم ڕاگەیاندووە کە هەمیشە قەدرو حورمەتی نان بگرن. چونکە بۆ میللەتی کورد (نان) خواردنی سەرەکیەو کورد ئەگەر نانی هەبێ هیچ کاتێک لێی ناقەومێ. ئەگەر تەنها نانی هەبێ لە کارەسات و لێقەومانەکان و هەتا لە هێرشی دوژمنانیشدا دەتوانێ زۆر خۆی ڕابگرێ. کاتێک ئەم وێنەیەم چاوپێکەووت دڵم زۆر گیراو ڕاچڵەکیم کە ناکا کوردو نەوەکانی ئێستا کە ڕەنگە لەدایک بووی دوای ڕاپەڕین بن، کە ئاگاداری ڕابردووی گەلەکەیان نەبن؟؟. چەندە قێزەونە لەسەر سفرەی نان خواردن دادەنیشن هەتا دەتوانن دەخۆن و دەخۆنەوە، پاشان سیگاری بۆ دەکێشن و ئەوەندە تەمبەڵ و تەوەزەڵن ناتوانن ژێر سیگارێک بێنە پێش خۆیان، نانێک ڕادەخەن و دەیکەنە ژێر سیگارو لەدوایشدا سیگارەکانیان لەسەر نانەکە دەکوژێنەوە. ئەم شێوە ڕەفتارە لەگەڵ نان، هیچ کاتێک داب و فەرهەنگی کوردەواریی نەبووە. بەڵکوو نمونەی ئەخلاق و فەرهەنگی (عەرەب) ە هاتۆتە ناو زۆربەی ماڵەکان و سەر سفرەی کورد؛

١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدان



١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدان ئەگەرچی لەمێژووی ئێمەدا ئەم ڕۆژە، ڕۆژێکی تاڵ و ناخۆش و پڕ لە کارەساتە. تەواوی خەڵکی کوردستان لەم ڕۆژە نەگریس و شوومەدا، بەدڵێکی غەمبارو دڵ پڕ لە ئێشەوە یادی لەدار دانی (قازی محمد، سەیفی قازی، سەدری قازی) کە لەلایەن حکوومەتی لەناوچووی شاهەنشاهی ئێرانەوە، لە چوارچرای شاری مەهاباد ئەم حوکمەیان بەڕێوە برد. کاتێک سەروەرو پێشەوای کوردیان بردە بن پەتی سێدارە ،فەرمووی ئەمڕۆ تەنها ئێوە قازی محمدێک لەدار دەدەن بەڵام سبەینێ بە هەزاران قازی محمد لەناو میللەتی کوردا دروست دەبن و سەرهەڵدەدەن. نامەوێ چاوانم ببەستن لەدوا کاتەکانی ژیانم دەمەوێ ببینم لەبن پەتی سێدارەدا پێڵاوەکانم هێشتا لەسەروی سەری ئێوەدایە من مەحکووم بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دەکەن، بەڵام هەرگیز ئێوە ناتوانن دەستان بەو ئاڵا پیرۆزە ڕابگات، ڕۆژێکیش دێت هەر لەم جێگایەی من لەدار دەدەن نەوەکانمان ئاڵای پیرۆزی کوردستان هەڵدەکەن و بۆ هەتا هەتایە دەشەکێتەوە بڕی کوردو کوردستان، مردن و سەرشۆڕی بۆ دوژمنانی کوردستان. لەناکاو سەیفی قازی وەکوو شێر هاواری کردو دڵی دوژمنانی لەرزاندو هەموو خەڵکی سابڵاغ و کوردستانی ڕاچڵەکاندو گووتی (مەرگێک لەڕێی نیشتمان بێ - هەزار گیانی بەقوربان بێ) بەم شێوەیە پێشەواو هاوڕێیانی لەدار دەدرێن. بەڵام هەیهات تەرمی پیرۆزی ئەم ڕابەرو پێشەوایە هەر چەند ڕۆژێک لە تەمەنی بەهار گوزەرابوو، کە بەهارو جوانی سرووشت و خاک تەرمەکانی لەباوەشی خۆی گرت. سرووشت و

بەشی دووهەم

بەهار بەشێوەیەک وەریانگرتن کە لە ناو دڵی نیشتمان لــە باوەشی دایکی نیشتمان جێگایــان بــۆ کردنەوە. بە شێوەیەک کە دوای پێشــەواو هاوڕێیــانی ئەم سرووشتە هەزاران پێشــەوایان بــــۆ کــوردو کوردستان هێنــایە بەرهەم و ئێستا هەر کــوردێکی بەشــەرەف پێشــەوایەکە بــۆ دوژمنــانی کوردستان.. لەم ڕۆژەدا پێویستە هەموومان پەیمــان تــازە بکەیــنەوە لەگەڵ ڕۆحــی پێشەواو هەموو شەهیدانی کوردستان، پێشەوای نەمر دوای خۆی وەسیەتنامەیەکی بەجێهێشتووە، هەموو سەرکردەکانــی کورد بەگشــتی و ڕۆژهەڵات بەتــاییەتی دەبــێ زۆر بەوردی بیخــوێنەوەو وەکــوو وەسیاتنامەی مــوقەدەس ســوێندی پــێ بخــۆن و جێبەجێکــاری وەسیەتەکەی پێشــەوا بـــــن هەر سەرکردەیەکــی حزبــی دیمــوکرات بە تــاییەتی و بەرپرســان بەگشــتی ئەگەر ڕەچــاوی ڕێگــاو ڕێبــازی پێشــەوا نەکەن و دوایــن ووتەکــانی پێشــەوا جێبەجــێ نەکەن و لێــی لابــدەن، ئەو مانــای ئەوەیە لە ڕێبازی دیموکرات و پێشەوا لایانداوەو لەهەڵەدان بەرزو بەڕێز بــێ یــادی ١٠ی خــاکەلێوە ڕۆژی شــەهیدانی کوردستان. هەموو ســاڵێ لەم ڕۆژەدا مــن پەیمــان لەگەڵ ڕۆحــی شــەهیدەکانمان تــازە دەکەمەوە کە هەمیشــە ڕێبــواری ڕێگــای خەباتــی پێشــەواو شــەهیدان بــم، هەتــا بەدیهێنــانی ئــاوات و ئامانجیــان تێبکۆشم. تــۆش کاتێــک ئەم نوســراوە دەخــوێنیتەوە پەیمــان لەگەڵ پێشەواو شەهیدان تــازە بکەوە هەرکەسێک هەی و کوردی.

ئەورۆز لە چیەوە هاتووی؟؟




ئەورۆز داب و ئەریتێکی زۆر کۆن و دێرینە کە لە لایەن کورد و فارس و تورک ئەتەوەی دیکەوە، بە شێوەی جۆربەجۆر پەیڕەو دەکرێت. ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ کەونارایەکی پێش لە مێژوو. هەندێ پێیان وایە زاڵبوونی کاوە بە سەر زوحاک سەرچاوەی ئەورۆزە، بەڵام ئەورۆز زۆر لە ئەفسانەی زوحاکیش کۆنترە. شارەزایانی ئەورۆز، بڕوایان وایە جەمشێد کە یەکێک لە پاشاکانی پێشدادییەکان بووە، ئەورۆزی داهێناوە. ژیانی ئەو پاشایانە لە ئەفسانە بەدەر نییە و بە سەرهاتەکانیان زۆر خەیاڵین و سەردەمەکەشیان پێش لە چاخی مێژووە. کەوا بێت بنەمای ئەورۆز دەگەڕێتەوە بۆ چاخە دێرینەکان .کەونارایەکان پێیان وا بووە کە لە مانگی ئەورۆزدا "گیانە پاکەکان" سەردانی کەس و کارەکانیان لەسەر زەوی دەکەنەوە و ئاگر هەڵدەکەن و "خوانی حەوت سین" دەچنن و بەدەوریدا دادەنیشن. بۆیە چەند ڕۆژێک پێش لە هاتنی ئەورۆز، خەڵک دەست دەکەن بە تەکاندنی کەلوپەل و ناو ماڵیان و جلی نوێ لەبەر دەکەن و بە ئاگر هەڵکردنەوە دەچنە پێشوازی ئەورۆز. دیارە ئەورۆز لە ناوچە جۆربەجۆرەکاندا بە شێوەی جیاواز ئەنجام دەدرێت و داب و ئەریتەکانی ئەورۆز لای گەلانی ناوچەکەش جیاوازیی هەیە. جەژنی ئەورۆز پێشینەیەکی دوورودرێژی هەیە و کۆنترین جەژنی مرۆڤە لە سەر زەوی. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەو بوارەدا کراون، کۆنترین مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوی، ئەو کاتەی کە لە ئەشکەوتەکاندا ژیاون، ڕۆژی یەکەمی بەهاریان کردووە بە جەژن. ئاگر هێمای ئەورۆزە لەلای کوردەکان((دکتور مەولوود ئیبراهیم حەسەن)) لە وتارێکی تێر و تەسەلدا بە وردی چووەتە سەر بنج و بناوانی مێژووەوە و بەڵگە دێنێتەوە لەسەر

ئەوەی کە ئەو جەژنە هەمان جەژنی (تەموز و عەشتار) ە، کە سۆمەرییەکان پێش ئەوەی لە ئەشکەوتەکانی کوردستان بێنە دەر و بەرەو خواروو ولاتی عێراقی ئێستا داگەڕێن، ئەو جەژنەیان بەڕێوە بردووە. ئاگر سومبوڵی نەورۆزە لای کوردان نەورۆز تێکەڵ بووە بە کۆمەڵێک ئەفسانەی سەیر و سەمەرە. لە ئێرانی کۆندا لە یەکەم رۆژی بەهاردا واتە رۆژی نەورۆز، پاشای ولات دەرگای خستووەتە سەر پشت بۆ دیدار لەگەڵ خەڵکی ولاتەکەیدا و رۆژەکانی تەرخان کردووە بۆ چاو پێکەوتنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا. هەر لەو رۆژەشدا خەڵات و دیاری پێشکەش بە دەست و پێوەندەکانی کردووە و دیارییشی لێیان وەرگرتووە. هۆنەری فارس، فیردەوسی دانەری پەرتووکی شانامە، بنەچەی نەورۆز دەباتەوە سەر کۆنە ئەفسانەیەکی بێ بنەما، واتە ئەفسانەی کاوە و زوحاک. ئەوەی فیردەوسی باسی دەکات هیچ بنەمایەکی میژوویی نییە. دیارە زوحاک یان (ئاستیاگ) هەبووە و دواین پاشای مادەکان بووە. بەڵام نەوەک ئەو جۆرەی کە فیردەوسی باسی دەکات. ئاخر فیردەوسی وەکوو کابرایەکی خوێنخۆری مار لەشانی زاڵم باسی دەکات کە دەبوو هەموو رۆژێ میشکی دوو گەنجی دەرخوارد بدەن. هەر بۆیە کاوەی ئاسنگەر لێی یاخی دەبێت و شۆڕشێکی لە دژی بەرپا دەکات و تەخت و بەختی لێ وەردەگێڕێ. لە حاڵێکدا هەر لەو وتارە بەڵگەمەندەی د.مەولوود ئیبراهیم حەسەندا هاتووە، کە ئاستیاگ دواین پاشای مادەکان، نەک زاڵم و شێت نەبووە بەڵکو پیاوێکی تا بڵێی ڕووخۆش بووە. بەڵام میژووی پەیوەندیدار بەو کابرایە تەواو پێچەوانە و شێوێندراوە. بە ڕای من، سەرکەوتنی هەخامنشییەکان، بەسەر دەوڵەتی ماددا و کۆتاییهاتنی تەمەنی یەکەمین دەسەڵاتی کوردی و سەرکەوتنی تیرەیەکی فارس و دامەزراندنی دەوڵەت لە لایەن ئەوانەوە، بووەتە هۆی ئەوەی کە لە کۆنەستی فارسەکان بە گشتی و لە نەستی کەسێکی وەک فیردەوسیدا بە تایبەتی، ئەفسانەیەکی لەو جۆرە بیچم بگرێت (وێنا بکرێت) و ڕوخساری ئەو دوژمنەی پێ ناشیرین و بکرێت. دەڵێن: ڕۆژێک منداڵێک لە باوکی دەپرسێ: باوکە ڕوخساری شەیتان لەو وێنەیەدا بۆچی ئەوەندە ناشیرین و دزێوە؟ باوکەکەی دەڵێ: چونکە ئەو وێنە بە دەستی دۆستەکانی شەیتان نەکێشراوە. ئەوەی ڕاستی بێت میژووی کوردیش هەتا ئێستا خۆی نەینووسیوەتەوە، بۆیە جگە لە لایەنی کەم و کووڕی شتێکی ئەوتۆمان لە میژووی کۆن لەبەردەست دا نییە کە مۆرکی خۆمانی پێوە بێت. تەنانەت ئەو بۆنە پیرۆز و جێگە شانازییانەش کە هەمانبوون، بە جۆرێک مۆرکە کوردییەکەیان لێ سڕیونەتەوە و بە ناو نەتەوە و گەلانی بالادەستەوە کراون، بۆ ئەوەی ئێمە شتێکمان نەبێت کە وەک پاڵپشت و بەڵگەی میژووییی پاڵی پێوە بدەین. ئێستا کە بە پێی بەڵگە میژووییەکانیش دەرکەوتووە کە نەورۆز جەژنێکی تەواو کوردییە و لە کوردستانەوە بە ولاتان و ناوچەکانی دیکەی دەوروبەرماندا بڵاو بووەتەوە، هێشتا وەک پێویست دەڵێی لە ڕوومان هەڵنایەت ڕاشکاوانە بڵێین ئەو جەژنە جەژنێکی ڕەسەن کوردییە. ئێستاش لە کۆنەستی (هزری) ئێمەدا ئەو ڕۆژە ڕۆژی سەرکەوتنی (کاوەی ئاسنگەر)ە بە سەر زوحاکی مار لەشاندا. لە حاڵێکدا ئەوە هیچ بنەمایەکی میژووییی نییە ئەفسانەیەکی سازکراوە. ئەگەر واشی دانێین کاوەیەک بووبێت و تەخت و بەختی زوحاکی 'مادی وەرگێڕابێت، ئەوا کورد چۆن شانازی دەکات بە کەسێکەوە کە کۆتایی بە یەکەمین دەسەڵاتی

کورد هێناوە و دواتریش گەڕاوە بە قسەی فیردەوسی بە شاخ و کێواندا و لەوێ 'فەرهێدوون'ی دۆزیوەتەوە و کردوویەتی بە پاشا. فەرهێدوونیش کورد نەبووە. ئەگەر وای دانێین کاوەیەکیش لە گۆڕێدا بووبێت (هەبوو بێت) و کورد بووبێت، ئەوا کاوە خۆفرۆشێکی خەیانەتکار بووە و مێژووش پڕە لەو جۆرە کەسانە کە بەداخەوە شانسیان گرتوویەتی و دواتر بە پێچەوانەوە ناویان بە چاکە رۆیشتووە. نوێ ڕۆژ یان نەورۆز لە کوردەواریەکەی خۆیاندا لە کەس شاراوە نییە کە کورد هەر لە بنەچەکدا (بنیڕا)، گەلێکی ئاژەڵدار بووە و بە دەم ئاژەڵداریشەوە کشتوکاڵیشی کردووە. کەوابوو گەڕیانی وەرزەکانی و گۆڕانە وەرزییەکان، لە ژیانی ئەو گەلەدا گرینگی تایبەت بە خۆی هەبووە. بە تایبەتی کوردستان نیشتمانێکی کوێستانییە و وەرزی زستان لە کۆندا تەمەنێکی درێژتر لە ئێستای هەبووە و ئێستاش پیاوە بەتەمەنەکانی کورد باشیان لەبیرە کە جاری جاران (ساڵی ساڵان) بەفرێکی قورس دەباری و جار هەبووە هەتا دوو مانگ لە بەهاریش تێپەڕیوە و بەفر هەر نەتواوەتەوە و زەوی و ڕێ و بانی بەر نەداوە. لەو حاڵەتەدا کوردی ئاژەڵدار دەکەوێتە تەنگژەی بێ تفاقی و بێ ئازوقەیەیی (ئاوردوویی). بە پێی هەموو ئەو هۆکارانە، کە هەم سروشتی و هەمیش هەڕێمییە کورد تەواو بوونی وەرزی تووش و سەرمای (سەرما و سۆڵەی) زستانی کردبێتە جەژن. مامۆستا هێمن موکریانی جەژنی نەورۆز دەباتەوە سەردەمی ئاژەڵداریی کورد و بە تایبەتی پێی وایە ئەو ڕۆژە ڕۆژی مەڕ زایینە. لەو سۆنگەیەوە کە مەڕداری کورد ڕانە مەڕەکەی لەو ڕۆژەدا دەزێ بۆیە ڕۆژەکەی کردووەتە جەژن. لە مێژووی جەژنە ئێرانییەکاندا جەژنێکیش هەیە بە ناوی جەژنی مێهرەگان. ئەو جەژنە یەکەم ڕۆژی پاییز بووە. مەڕدار لەو ڕۆژەدا بەرانیان لە میگەل بەرداوە. واتە ئەو ڕۆژە ڕۆژی بەرانگرتنی مەڕ بووە. بۆیە ئەو ڕۆژەش کراوە بە جەژن و بە مێهرەگان ناوی دەرکردووە و مامۆستا هێمن لەسەر ئەو باوەڕەیە کە هەر ئەو ناوی جەژنی مێهرەگانە دواتر بووەتە مێهرجان و بە تایبەتی عەرەبەکان بە زۆربەی جەژن و کۆڕەکانی خۆیان دەڵێن مێهرەجان. بە گشتی مەودای نێوان جەژنی مێهرەجان و جەژنی نەورۆز پێنج مانگە. 'مەڕ بە پێنج مانگ دەزێ. پێشینیان دەڵێن بەرخ پاش سەد ڕۆژ ڕووحی وەبەر دێ و مەترسیی بەرئاویتن کەم دەبێتەوە. جەژنی سەدە کە ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان دەیکەن و پێی دەڵێن 'بێڵن دانا'، پێوەندیی لەگەڵ ئەم باسە هەیە. دوو مانگ پایز و سێ مانگ زستان دەکاتە پێنج مانگ و لە شەوی یەکەمی بەهاردا زەوی مەڕ دێ و جەژنی هەرە گەورەی مەڕدارە. بۆچوونەکەی مامۆستا هێمن زۆر لە ڕاستییەوە نزیکترە لەو بەناو مێژوونووسانەی کە بە ویستی دەسەڵات مێژوویان بە ئارەزووی خۆیان و ئەربابەکانیان نووسیوەتەوە. پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی میدییەکان، ئەوانەی دێن و سەربردە و مێژوو دەنووسنەوە، دەبێ بەو شێوەیە بینووسنەوە کە دەسەڵات دەفەرموێ. کەوابوو ئەگەر ڕوخساریکی سامناک لە دواین پاشای میدییەکان واتە ئاستیاگ پیشان بدەن، شتێکی سەیر نییە. ئەگەر زۆر زۆر دووریش نەگەڕێینەوە و وردبینانە لە مێژووی هاوچەرخی خۆمان بڕوانین و لێی وردبینەوە، دەبینین ئێستاش دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان، چۆن لە هەموو ڕێگەیەکەوە هەوڵ دەدەن ڕوخساری ڕاستەقینەی ئازادیخوازان بخەنە بن پەردەی سەدان ناو ناتۆرەی دزێوەوە. دوور نەڕۆین ئەگەر بۆ مانای وشەی پێشمەرگە بگەڕێینەوە نێو

قاموسی بەعسییەکان، پێتانوایە چ پێناسەیەک لە پێشمەرگە کرابێت؟ ئەوە لە سەردەمێکدایە کە ئێمەش ئەگەر هاوسەنگی ئەوانیش دەستمان بە قەڵەم ودامودەزگای ڕاگەیاندن نەگەیشتبێ بۆ وەڵامدانەوەیان، لانیکەم دەرفەتی ئەوەمان هەبووە، لە هەندێ کەناڵەوە حەق بوون و ڕەوا بوونی داواکانمان بۆ خەڵک ڕوون بکەینەوە. جا وەرن سەیری سەردەمێکی کۆنی کۆن بکەن کە کوردی لێقەوماو خاوەنی هیچ خوێندەوارییەک نەبووە و دەسەڵاتدارەکانی زاڵ بەسەر نیشتیمانەکەیدا چۆن دڵیان ویستوویەتی مێژوویان بۆی نووسیوەتەوە. بۆیە ئەفسانەی کاوە و زوحاک تەنیا فێڵێکە لە مێژووی ئێمە کراوە. لانیکەم ئەگەر تەنیا بە مەبەستی ئەوەش بووبێت کە هیچ کات لە ڕوومان هەڵ نەیەت، بە شانازییەوە باسی ئیمپراتۆریەتی میدییەکان بکەین.

شەهید: محەمەد خەندانی ناسراو بە (مام دەرویش)




شەهید: محەمەد خەندانی... ناسراو بە(مام دەرویش) مام دەرویش خەڵکی شاری مەهاباد بوو، لەسەرەتای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ وە پەیوەندی بە حزبی دیموکراتی کوردستانەوە گرتبوو. کاتێک شارەکانمان چۆل کردن و ڕوومان لە چیاکان کرد، مام دەرویش ئەوکات زۆر لە ئێمە بە تەمەن تر بوو. بەڵام هەرگیز لە حزب و لە پێشمەرگە و لە تفەنگەکەی دوور نەکەووتەوە. بەڵکوو شان بەشانی پێشمەرگەو هاوسەنگەرانی سوور بوو لەسەر مافە ڕەواکانی. مام دەرویش زیاتر لە بنکەی تەشکیلاتی کۆمیتە شارستانی مەهاباد خزمەتی پێشمەرگایەتی ئەنجام دەدا. کەسێکی بە باوەڕو جێگای متمانە بوو، پارێزگاری لە کۆمیتەی شارستان ئەرکی مام دەرویش بوو لەگەڵ چەندین لە دڵسۆزانی دیکە. مام دەرویش هەرچی لە توانایدا هەبوو لە خزمەت بە حزب و هاوڕێیانی و گەلەکەی دریغی نەکردوو بەردەوام درێژەی بە خەبات دەدا. خۆشەویستی پێشمەرگەکان بوو قسەو بەسەرهات و سەرگوزەشتەی زۆر خۆش و نەقڵ و نەزیلەی زۆری دەزانی، هەر دەتکووت کتێبە کۆنە. ساڵی ١٩٩٢ ئەوکات لە قەڵاسەیدە بووین، کە خاڵە سەید ڕەحیم زەویانی دەیەوێ بزانێ مام دەرویش بۆ دیار نیە، سەردانی دیوەکەی دەکات، کە لەلای سەرەوەی دەبیرخانە لە نزیک ئینتشارات دیوێکی هەبوو زیاتر پارێزگاری لەوێ دەکرد. کاتێک خاڵە سەید ڕەحیم دەچێ دەبینێ مام دەرویش تیرۆر کراوەو شەهید بووە. ئەویش بوو بە قوربانی تیرۆرو شەهید بوو. یادو یادگارەکانی هەر زیندووبن.

یادێک لە کادرو پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی زاگرۆس ی حزبی دیموکرات




کە لەماوەی شۆڕشی چەکداری و بەرەنگاری پیرۆزدا، بە دەیان عەمەلیاتی گەورەیان بە دژی هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئەنجام دا و سەرکەووتنیان بۆ گەلەکەیان تۆمار کرد. کە کوردستان و دارو بەردیان لە دوژمن کردبووە گۆڕستان، تالاوی مەرگیان دەکرد بە گەرووی داگیرکەرانی کوردستان دا. لەم پێناوەدا زۆرێک لە لاوەکانی وولات خوێنی پاکیان پێشکەش بە داری ئازادی کردوو سەربەرزانە چوونە ناو کاروانی شەهیدانی کوردو کوردستانەوە. ڕۆحتان شاد و یادو یادگارەکانتان هەر زیندوو بن، دڵنیابن ئاوات و ئامانجەکانتان دێتەدی و خوێنتان بەفیڕۆ ناچێ. بژی کوردو کوردستان.

یادێک لە محمد جەنگجو



محمد جەنگجو یەکێک لە پێشمەرگە زەحمەتکێشەکانی حزبی دیموکراتە کە ئێستا دانیشتووی دەرەوەی وولاتە. شۆڕش هەر بەقەدو بالای کوڕە هەژارو چەوساوەکاندا بڕاوەتەوە. بۆیە یەکێک لە هێما جوانەکانی شۆڕش بوونی خەڵکانی هەژارو چەوساوەو زەحمەتکێش و کرێکارو بازاڕیەکانە. محمد جەنگجو یەکێک بوو لەسیما جوانەکانی کەسێکی جوتیارو زەحمەتکێش. هیوای ساغ و سڵامەتی و تەمەن درێژی بۆ دەخوازم.

شەهید عەلی دەرویشی ناسراو بە (پیرە هەڵۆ)



شەهید عەلی دەرویشی خەڵکی شاری مەهاباد بوو، لە سەرەتای شۆڕشەوە هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانەوە، لە هێزی پێشەوا لە لکی ٣ سازمان درا. پیرەهەڵۆ کەسێکی قارەمان و دڵسۆزو کوردێکی تەواو عەیارو موخلیسی نەتەوەکەی بوو. بنکەیان لە گوندی لاچین بوو، ئێمەش پەلی (شاهۆ) لە شیلاناوێ بووین، ئەوکات سەرەتایی شەستەکان بوو دەورانی حەماسە خوڵقاندن و شەڕەکانی ناوشاری مەهابادو شەڕی شەوانە ڕۆژی دەشتی شارۆیران و شامات و چۆمی مەجیدخان و ناوچەکانی مەنگوڕان و گەورکان بوو. پێشمەرگەکانی هەر ٤ لکەکانی هێزی پێشەوا کەمتر ڕۆژانێک بوو لەگەڵ دوژمن دەرگیر نەبن و حەماسە نەخوڵقێنن و (سەرنج) ساز نەبن.

بەداخەوە پیرەهەڵۆ بەهۆی نەخۆشی یەوە گیانی بەخشیە کوردستانەکەیی و لە ڕێکەووتی ٢٥ - ١٢ - ١٩٨٦ لە گوندی (گەورەدێ)ی باشووری کوردستان ماڵئاوایی لەهاوسەنگەرانی کردو هەر لەوێش بە خاک ئەسپێردرا. بەڵام یادو یادگارەکانی هەر زیندوو ڕادەگیرێن. ڕۆحت شادو ڕێگای پیرۆزو ئامانجەکانت دریژەی هەیە.

بیرەوەریەک لە ساخی(قەڵاتی شاه)



بەهاری ساڵی ١٣٦٢ بوو. دوژمن چەندین جار هێرشی بەربڵاوی هێنابووە سەر بنکەو بارەگاکانی ئێمە لە ناوچەکانی ئازاد کراو. هێرشەکان ئەوەندە بەهێزو بەر فراوان بوون هەموو جارێ لە هەر چوار دەورەوە پێشڕەویان دەکرد، ئێمە هێزی شەهید پێشەوا لەناوچەی مەهاباد هەتا ساڵی ٦٣ بنکەکانمان لە چەند کیلۆمەتری شاری مەهاباد بوو. دوژمن ئەوەندەی زەڕبە لە دەستی پێشمەرگەکان خواردبوو ترس و سام و هەیبەتی پێشمەرگە ئەوەندە ڕۆحیانی تۆقاندبوو هەر بەردو داڕێک بۆ ئەوان پێشمەرگە بوو. ئەمجارە کە هێرشیان هێنا وەکوو شەڕی ئێران و عێراق دەچوو. بەیانی کە زانیمان هێرشیان هێناوە تەواوی بەرزاییەکانی ناوچەیان گرتبوو. هەر شاخێک بەرز بوو گرتبوویان، بە هەموو ڕێگاکاندا هاتبوونە پێشێ، گەمارۆی هەموو گوندەکانیان دابوو. ئەمجارە وا هاتبوون کە هەموومان بگرن و بکوژن. جاری پێشتر کە هێرشیان هێنا ئێمە لەشاخێکدا مابووینەوە هەتا ئێوارە خۆمان حەشاردا، لای ئێوارە دیتمان هەموو جێگایەکیان لێ گرتووین. کەماڵ ئیسماعیلزادە سەرلکمان بوو، کوتی کورینە هەموو جێگاکانیان لێگرتووین پێویستە بەرەو ناو شاری مەهاباد بکشێینەوە ئەمینترین جێگایە، دوژمن کە هەموو وولاتی گرتووە هەر بە فکریشیدا نایەت ئێمە بچینەوە ناو شار. بۆیە هەر ئێستا بەرەو شار وەڕێکەون، زۆریان هەوڵدا کە ئەم ڕیسکە نەکەین هەرچەندە من لەگەڵ کەماڵ هاوڕا بووم ساغ بووینەوە بەرەو شار حەرەکەت بکەین. چوینەوە ناوشار بەناو جەرگەی هێزەکانی دوژمندا کە هەرگیز فکری ئەوەیان نەدەکرد. کە گەیشتینە ناوشارو خەڵک ئێمەیان دی گەشانەوە زانیان پێشمەرگە سەلامەتن لەم هەموو هێرشە زەبەلاحەی ڕژیم. دوژمن خەیاڵی کردبوو پێشمەرگە لە ناوچە نەمابوون بە کەیفی خۆیان و بەبێ ترس گەشتی (ئارالله) بەناو کوچەو کۆڵانەکانی شاری مەهابادا دەسوڕانەوە، هەتا کەووتنە ناو کەمینی ئێمەوە هەر هەموویان کوژران. درێژەی ئەم عەمەلیاتە لە بیرەوەریەکانی

پێشوودا زۆر بە درێژی و بە وردی باسمکردووە. بۆیە ئەمجارە دوژمن نەیدەویست وەکوو جاری پێشوو تووشی هەڵە ببن، دەوری شاریان هەمو گرتبوو. بەڵام ئێمە هەر لە بەیانی زوو کە شەڕ دەستی پێکرد لە هەموو لایەکەوە، هەموو پەلەکانمان ئاگادار کردنەوە هەتا ئێوارە بەرەنگاری بکەن، ئەو جێگایانەی پێویستە بیانگرن لێیان بستێنەوە. هەوڵ بدەن زاڵ بن بەسەر ناوچەی شەڕەکەدا. هەر پەلەی لەجێی خۆیان و دەوروبەر هەوڵی گرتنەوەی بەرزاییەکان بدەن. هەتا بڕیاری داهاتوو لێیان دەن و ئاگاداری خۆتان بن. ئەمە ئەو پەیامە بوو بۆ هەموو سەرپەلەکان کە دەرگیر بوون. بە ڕۆژگاری درێژی بەهار کە هێشتا ساردو سەرما مابوو بەرەنگاری لەگەڵ ئەم هێرش و هێزە زەبەلاحە کارێکی هاسان نەبوو. تەنها پێشمەرگە بوو بە هێزی بیروباوەڕو بە زگی برسی لەبەرمبەریاندا وەک شێر ڕاوەستابوون. تەنها هێزو وردی بەرزی پێشمەرگە بوو بە تفەنگێک و چەند خەشابەوە بەگژ ئەم هەیولایەدا دەچوەوە. کەس باوەڕی نەدەکرد ئەم چەند پێشمەرگەیە بتوانن ١٢ سەعات شەڕی سەنگەر بە سەنگەرو بەر بە بەرد لەگەڵ ئەم هێزە پۆشتەو پڕو بەهێزەدا بکەن. سەرەڕای ئەم هەموو بەرەنگاریە زۆرترین لە ماشێنەکانمان و ئەموال و بریندارەکانمان لەناو ئەم هەموو شەڕو ئاوری بێ ووچانی تۆپخانەکان ڕزگار بکەین. ئەم قسانە هەر بە گووتن خۆشە دەنا پیاوی مەیدانی دەویست. پیاوی ئازاو پڕ تاقەت و بە بیروباوەڕو نەترس و خۆڕاگری دەویست. ئەگەر هێزی بە هێزی پێشمەرگە نەبوایە، کوا کێ دەتوانێ بریندارێکی پێشمەرگە لە هەورازی بەرزو بڵندی شاخی (چەکوچ و ماڵۆ) لە کۆڵ بکات؟ کێ دەیتوانی ئاشکرا ئاشکرا بەبەرچاوی دوژمندا ماشێنی بە دۆشکەوە دەرباز بکات؟ ئەگەر وردی بەرزی پێشمەرگە نەبێ کێ دەتوانێ کەمینی دوژمن بشکێنێ و ئەم هەموو پێشمەرگەو ماشێنانە دەرباز بکات؟ شەڕ هەتا تاریکانی شەو درێژەی هەبوو، ئەم هەموو گیانفیداکردنە دوای تاریک کردنی هەوا ڕوویاندا. لەکاتێکی دیاری کراودا هەموومان کۆبوونەوەو لەناوچەکە وەدەرکەووتین بەرەو ناوچەی مەنگوڕان. ئەو شەوە هەر بەڕێگاوە بوەین و هەندێک حەسایەوە، بەڵام بۆ بەیانی زوو لەوێش هێرشیان کردە سەرمان. شەڕو بەرەنگاری لەوێش وەک ناوچەی (مەحاڵ) دەستی پێکرد. تۆپخانەی ڕژیم بێ ڕاوەستان ناوچەکەی ئاگرباران دەکرد. هێرشەکەی ڕژیم سەرتاسەری بوو، نیازی وابوو پێشمەرگە لەناوچە نەهێڵێ. من لەگەڵ ٢ هاوڕێ و هاوسەنگەری خۆم بووم بە ناوەکانی شەفیع و حەسەن مەحمودی ناسراو بە (ئەهوەن) تویوتایەکمان پێ بوو چەکێکی گەورەی ٦٩ ملم لەسەر بوو. نەماندەویست دەست دوژمن بکەوێ. ڕێگای ماشێن نەمابوو هەر بە ناو مەزراکاندا دەڕۆی، لەبن شاخی (قەڵاتی شاە) دا بووین هەرکەس قەڵاتی شای دیبێ دەزانێ چەندە بڵندو سەختە. ڕاوەستابووین چاوێکم لە شەفیع کردو گوتم شەفیع قسەیەکت پێ بڵێم بە قسەم دەکەی؟ گووتی چیە ؟ گووتم هەرچەند دەکەم دڵم نایەت ئەم ماشێنە بەم کالیبرەوە بەجێبێڵین گووتی وایە بەڵام چارەمان چیە، ئاخری خەتەو بزانین دەگیرێ دەبێ بیسووتێنین. گووتم دەزانم وایە، بەڵام لە پەنات دادەنیشم دەتوانی و لەخۆت ڕادەبینی وەسەریخەی بۆ سەر قەڵاتی شای؟ کەمێک سەری هەڵکڕاندوو گووتی سیغارێکم دەیە. سیغارمان هەڵکردوو، دوو بە دوو چاوێکمان بەوهەورازە بەرزەدا خشاند. دوایە چاوم

بەشی دووهەم

لەچاوی شەفیع بڕی و بە بزەیەکەوە گووتم دوودڵـــی ناوێ یان سەریدەخەین یان دەمرین. خێرا گووتی سواربن، لە دەبڵی هاویشت و گـووتی دەڕۆیـن پێی پێوەنـا بە پێچـاو پـێچ و بە هێواشی هەتـا نیـوەی شـاخەکە وەسـەر کەووتـین. لەوێ لە جێگـایەک تەڕ بـوو بۆکسـەواتێ دەکـرد گـووتی ئێـوە دابەزن گـازی دەدەمـێ ئێـوە زوو زوو بەرد لەبـن تەگەرەکـانی بـاوێن. وامانکرد هاتەدەرێ و دەرچوو. وردە وردە وەسەردەکەووت زۆر جار ئەوەندە لاسەنگ دەبوو نازانم چۆن خلۆر نەدەبـۆوە. پێشی ماشێن لەماتۆڕی هەڵمێک هەڵدەستا دەمانکووت هەر ئێستا ئـاگر دەگـرێ. ماشێن نـاڵەی دەگەیشتە عەرشی ئاسمان تەواوی ئەو دۆڵ و شاخانە دەنگیان دەداوە. ئاخری گەیشتی گەیشتینە تەختـاییەک کە سـەری دونـدی قەڵاتـی شـاە بـوو. ڕامـانگرت هـاتینە دەر لە ماشێنەکە چونکە پێمـان وابـوو یـان دەتەقـێ یـان ئـاگر دەگـرێ. لەدوور دانیشـتین و سـەرمان سـووڕمابوو کە هەموو شوێنێکمان لێ دیار بوو. دەتکووت هەڵوین و بە بەرزایی ئاسمان دا دەفـڕین، شنە بـایەکی سـارد هەڵیکوڕمانـدبووین، سیگار لەسـەر سیگار دەمانکێشـا لەخۆشی ئەوەی توانیمـان ماشێنێک بگەیەنینە سـەر قەڵاتـی شـاە. دیـارە هەمـوو هـونەرو ئازایەتیەکە هی شەفیع بوو کە ماشێنەکەی لێدەخوڕی. خەریکی قسە کـردن بـووین کە چەنـد پێشمەرگەیەک هـاتن دەورەیـان گـرتین، دیـار بـوو ئێمەیـان نەدەناسـی ئـێمەش ئەوانمـان نەدەناسـی. دوای قسـەو باسێک کە ئـێمە خۆمـان ناسـاند ئەوانـیش گووتیـان ئـێمەش پێشمەرگەی کـۆمیتەی شارسـتانی پیرانشـارین. هەر سـەریان سـووڕمابوو کە ماشـێنەکەیان دیـت، باوەڕیـان نەکرد چۆن ئەو ماشێنە لەو دۆڵەوە هێناەمانەتە سەر ئەم شـاخە. زۆریـان ڕێـز لێگـرتین و بردیـانینە کـۆمیتەی شارسـتان کە چادرێک بـــوو کـاک حەسـەن ڕەستگار بەرپرسی کـۆمیتەی شارستان بـوو، زۆری ڕێـزو حـوورمەت لێگـرتین و نانمـان خـواردوو گووتی جا بۆم بـــاس بکەن چۆناو چۆن ئەو ماشێنەتـان هێنایە سەر ئەم شـاخە؟ بۆمـان گێـڕایەوە کە نەمانووبستوە بکەوێتە دەستی دوژمن بۆیە هاتین بڕیـارمان دا بیگەیەنینە ئێرە. ئەو شەوە میوانی ئەوان بووین بۆ سبەینێ کاک حەسـەن گـووتی ئەو چەند کەسە لەگەڵ خۆتـان بەرن بچن فێرییان بکەن ئەو کالیبر ٦٩ یە چۆن کاری پێدەکرێ. ئـێمەش چـوەین فێرمـان کـردن و هەندێکمان تەقە پێکردو کـاک حەسـەن زۆری سـوپاس کـردین و پـاشـان گەڕاینەوە بـۆ لای کوڕەکـانی خۆمـان. سلاوو ڕێـز بە هەدوو هاوسەنگەرو برایانی خۆشەویستم (شەفیع و حەسەن ئەهوەن).

بڕی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل.

یادێک لە شەهیدانی بنەماڵەی (کرمانج)



زۆرن ئەو بنەماڵانەی چەندین شەهیدیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی و ڕزگاری گەلەکەیان کردووە لە کوردستان... ئەم بنەماڵانە نمونەی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانن. هیچ شتێک جوبڕانی خوێنی شەهید ناکاتەوە، مەگەر تەنها درێژە بدەین بە و ڕێگایەی هەموومان پێکەوە هەڵمانبژارد، ڕێگای پیرۆزو بە حەق و ڕەوای شۆڕش بۆ وەدەستهێنانی ژیانێکی نوێ و ئاسوودە و پڕشنگدار بۆ نەوەکانی داهاتوومان.

یەکێک لەو بنەماڵە سەربەرزانە، بنەماڵەی (کرماج) ە کە پێنج کەس لەم بنەماڵە چوونــە ناو ڕیزی کاروانی شەهیدانی کوردستان"؛

١- شەهید سمایل کرمانج

٢- شەهید سەلاح کرمانج

٣- شەهید مراد کرمانج

٤- شەهید مینا کرمانج

٥- شەهید تەها کرمانج

یادو یادگارەکانتان هەر زیندوو بن و ڕێگای خەباتان پڕ ڕێبوار بێ و هیچ کات خوێنتان بە فیڕۆ ناچێ.

ئەم برینە جیگای گوللەی شەهید دکتور قاسملووە



شەهید کردنی دکتۆر قاسملوو لەلایەن ڕژێمی سەرتاپا قێزێون و تیرۆریستی ئیسلامی ئێرانەوە، زۆر لەمێژبوو نەخشەو پیلانیان بۆ داڕشتبوو. بۆخۆیان زۆر باش دەیانزانی بەهیچ شێوەیەک ناتوانن لەکوردستان و لەناو هێزی پێشمەرگەدا ئەم کارە ئەنجام بدەن. بۆیە لەلایەن سەرۆک کۆماری ئەوکات کە هاشمی ڕەفسنجانی بوو بەهاوکاری فەرماندەکانی سوپای قودس و هەندێک لە تیرۆریستەکانی لوبنان، بەناوی دانیشتن و دانووستان لەسەر مەسەلەی کوردو گرفتەکانی کورد لەگەڵ ڕژێم توانیبوویان قەناعەت بە کاک دکتور قاسملوو بکەن و بەبێدەنگی و بەنهێنی کۆببنەوە، هەرکات بە نەتیجە گەیشتن ئەوکات بە ئاشکرا ڕایبگەیەنن. زۆر زیرەکانەو بەپێی بەرنامەیەکی تۆکمەو لەپێشدا داڕێژراو دوژمن کارەکانی ڕاپەڕاندووە، دیارە هیچ جێگای شک و گومانیان بۆ کاک دکتۆر نەهێشتوەتەوە. دەنا کاک دکتۆر کەسێکی زۆر بەهۆش و زیرەک و بە ئەزموون بوو، لەهەموو کەس زیاترو باشتر دوژمنی دەناسی کەووتنە ناو داوی دکتۆر قاسملوو بۆ دوژمن هەروا کارێکی سادەو ئاسان نەبوو. بۆیە کاک دکتۆر زۆر مەحکەم کاری و مەسەلەکەی نەخستۆتە بن (زەرەبین). دوژمن توانی کاری خۆی بکات ئەوەی نەدەبوو ڕووبدات بەداخەوە ڕوویدا، لەم تیرۆرەدا دوژمن نەیزانی بوو دکتۆر دەمانچەی پێیە بۆیە کاتێک (جەعفەر سەحراڕودی) لەکاک دکتور دەدات لە سینگی دەدات کاک دکتور هەڵدەکێشێتە دەمانچەکەی لەکاتێکدا قاتڵ دەحەپەسێ و جوڵەی لێدەبڕێ کاک دکتور هەرچەندە بریندار دەبێ بەڵام چەند گوللە بە سەحرا ڕودی یەوە دەنێ. ئەو برینەی بە سینگ و لا ملی ئەم قاتڵەوە دەیبینن لە وێنەکەدا جێگا گوللەی کاک دکتۆر قاسملووە. کاتێک سەحرا ڕوودی دەزانێ تەقەی لێکراو بریندارە ئاخرین گوللە لەسەری کاک دکتور دەداو شەهیدی دەکات. ئەمە نیشاندەری تەواوی وجودی ڕژێمی ئیسلامی یە. سەرتاپای ئەم ڕژیمە لەسەر تیرۆرو درۆزنی و فریودان و هەرچی کاری ناشیرین و نەشیاوو قێزەوون دامەزراوە، بەڵام

بەشی دووهەم

داخی گرانم حزب نەیتوانیوە تۆڵەی ئەم ڕێبەرە بکاتەوە، هەتا ئێستاش وەکوو بەرزەکی بانان هەر بۆ قەڵسە گێڕان هەموو ڕۆژێ بە شێوەیەک سەرو سیمای ناشیرینی پیشانی خەڵکی کوردستان دەدات وەک ئەوەی هەر یەک نەفەریش لەکورد بە پیاو نەزانێ. من ڕووی قسەم لە کیژو کوڕانی لاوی کوردستانەکەمە. نابێ هیچ کاتێک خوێنی کاک دکتۆرەکان و هەموو شەهیدان لەبیر بکەن ئەم قاتڵە مۆرو نیشانەی دکتۆر قاسلووی بە سینگ و لا ملیەوەیە، لەهەر دەرفەتێک لەهەر شوێنێک لە ناوخۆی ئێران لە شارەکان بۆتان هەڵکەووت بەسەریەوە نەچن. ڕەنگە بە سزا گەیاندنی لەلایەن پێشمەرگەوە سەخت بێ، بەڵام لەهەر شوێنێکی ئێران بۆتان هەڵکەووت بەهەر وەسیلەیەک بێ بەسزای خۆی بگەیەنن.

وێنەیەکی جوانی دەورانی شەڕو شاخ.



وێنەی شەهیدی قارەمان و کوڕی ڕۆژە سەختەکان،، عەلی سوهرابی لەگەڵ هاوسەنگەرو پێشمەرگەی ئازاو دلێر کامڕان سوهرابی. هەرچەند لێیان دەڕوانم بە بەژن و باڵاو ڕەخت و تفەنگەکانیاندا چاو دەگێڕم، لەلای من جوانترین و بە هەست ترین،، دیمەنە لە نمونەی جوانی مرۆڤ کاتێک لەپێناوی خەڵکەکەیدا بە عیشق و پێکەنینەوە بەرەو ڕووی مەرگ دەچێ. لەهەمان کاتدا گیان و ڕۆحی خۆی زۆر خۆشدەوێ، بەڵام ئامادەیە لەپێناوی نەهێشتنی زوڵم و ستەم و ناحەقی و ژیانێکی ئاسوودە بۆ میللەتەکەی گیان و ڕۆحی خۆی ببەخشێ. ئای پێشمەرگە چەندە ناوی بەرزو پیرۆزە. چەندە خۆشەویست ومرۆڤ دۆستە. تەماشا هەموو جوانیەکانی دنیا لەبەژن و باڵاو سەداقەت و خووڕەوشتیاندا دەبینی.

بژی پێشمەرگە گەورەترین هیواو ئومێدی گەل باسکی پڕ هێزو دوژمن شکێنی گەل...

هێرشەکەی ڕژیم بۆ سەر قەڵای کۆیە...



هێرشەکەی ڕژیم بۆ سەر قەڵای کۆیە... فیلمێک لەلایەن ڕژیمەوە بڵاو بۆتەوە لەسەر ئەم هێرشە وێستم ڕاستیەکان بۆ خەڵک باس بکەم کە هێرشەکە چۆن بوو. کاتێک سوپای قودس بەهێزێکی زەبەلاح و چەکی قورسەوە حەریمی هەرێمی کوردستانیان بەزاند، لەلایەن یەکیەتی نیشتمانی کوردستانەوە هاوکاری کران و ڕێگایان پێدان بێنە ناو خاکی باشووری کوردستان و لەوێوە هێرش بکەنە سەر هەردوو باڵی حزبی دیموکرات. کە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بوون. ئێران مام جەلال یان ڕازی کردبوو لە ژێر فشاردا هەتا ڕێگر نەبێ لەم عەمەلیاتەدا. ئەوکات وەزعی حزبەکانی باشوور جێگیر نەبوو، ئێران زۆر بە ئاسانی دەیتوانی بە کەیفی خۆی هەڵیانسووڕێنێ وەکوو ئێستا. مام جەلال ڕازی ببوو کە بێن لێیان بدەن و بگەڕێنەوە. هەرچەندە ئەوکات ئەم ناوچانە لەژێر چاودێری ئەمریکاو هاوپەیمانانی دا بوو، وەکوو هێلّەکانی ٣٢ و ٣٦ کە فڕین تێیاندا قەدەغە بوو. ئێران ئەوکات زەلیل بوو بە دەست هێزەکانی پێشمەرگەوە، بۆیە دەیانویست هێزو قودرەتی خۆیان نیشان بدەن و حزبەکانی ڕۆژهەلّات چاوترسێن بکەن، هەروەها لەهەمان کاتدا حزبەکانی باشوور مەجبوور بکەن ڕێگا لە چوونەوەی هێزی پێشمەرگەی حزبەکانی ڕۆژهەلّات بگرن بۆ هاتنەوەیان بۆ ناو خاکی کوردستان. چونکە لەوە دەترسان کوردەکانی ڕۆژهەلّاتیش لە فکری ئازادکردنی ڕۆژهەلّات بن وەکوو باشوور. کاتێک بەشەو لە مەرزی باشماخ و سلیمانی یەوە هاتنە ناو هەرێمی کوردستان ئێمە وەکوو ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ ئاگاداری ئەم لەشکر کێشیە هەبووین، بەڵام نەماندەزانی دەقیقەن نیازیان چیەو بۆچی هاتوون. سەرکردایەتی هەردوو باڵی دیموکرات گۆڕینەوەی ئاڵوگۆڕی زانیاریان دەکردو یەکتریان لەوەزعەکە ئاگادار دەکردەوە، هەرچەندە نێوانێکی وا خۆشمان نەبوو

پێکەوە. حزبی ئێمە ئامادەباشی دایە هەموو کادرو پێشمەرگەکان. بنەماڵەکانمان ڕاگوێستن بۆ شارەکانی دەوروبەر. ناو قەڵاسەیدەو جێگاکانی تر هەمووی چۆل کران. ژن و منداڵ و پەککەووتەی لێ نەما. بۆخۆمان ئامادە بووین و هەر چوار دەوری خۆمان لێی دامەزراین و شاخەکانمان گرت. لەشکری دوژمن لە دۆڵێکدا گیریان کردبوو لە نێوان سنوور و شاری سلیمانی دا ئاگاداری ئەوەش بووین، بەڵام زۆر لە ئێمە دوور بوون. کە گەیشتبوونە شاری سلیمانی شەو بوو، بۆ ئەوەی خەڵک ئەم هەموو هێزە زەبەلاحەی ئێران نەبینن کارەبای شاری سلیمانی یان کوژاندەوە هەتا هێزەکەلە سلیمانی دوور کەوتبونەوە. بەهۆی کەسانێکی کە پەیام هێنەر بوون حزبی ئێمەیان ئاگادار کرد کە ئەم لەشکرە نیازیان وایە لەحزبی دیموکرات بدەن لە قەڵای کۆیە٠ ئەوەشمان زانی کە مام جەلال بۆخۆی بە مامۆستا حەسەنزادەی کووتوە چۆلی کەن با کەسی تێدا نەبێ بنکەکانتان، دەزانم کارێکی باش نیە بەڵام بڵێم چی چارم ناجارەو فشاری ڕژێمی ئێرانمان زۆر لەسەرە. ئێوە لێمان قەبوڵ بکەن با ئەم دەرفەتەی بۆمان هاتۆتە پێش لەباشوور لەدەستی نەدەین، کاتێک زانیمان حزبی کۆیە ئاگادار کراونەتەوە کەمێک لە خەمەکانمان کەم بۆوەو دڵمان خۆش بوو کە ناتوانن هیچ خەسارەتێک بە پێشمەرگەو بنەماڵەکانیان بگەیەنن، ئەوانیش ئامادەکاریان کردبوو مااڵ و منداڵیان ڕاگواستبوو. سەعات بە سەعات ئاگاداری دوژمن بوین لە کوێن و گەیشتوونەتە کوێ٠ بەڵام لە ڕاستیدا نەماندەزانی هێرشەکەیان لە کوێوە دەبێ و چون دەبێ، بەڵام ئێمە بۆ هەموو شێوەکان خۆمان ئامادە کردبوو. خەڵکی ناوچەی ئاکۆیان و ڕانیەو کەسایەتیەکانی ئەو دەڤەرە هەمووییان هاتن ئامادەیی خۆیان ڕاگەیاندوو کووتیان ئێمە خەڵکی ئێرە بەهیچ شێوەیەک ئێوە بەجێناهێڵین و هەرگیزئیجازە نادەین دوژمنێکی وەکوو ئێران سەدان کیلۆمەتر تەجاوەز بکاتە ناو خاکی ئێمەو بەبەر چاوی ئێمەوە بێن ئێوەی براکانمان بکوژن. شەرەف و ناموسمان و غیرەتمان ئەوە قەبوڵ ناکات لەبیرمە کەسێک هەبوو کوردی باشوور بوو فەرماندەیەکی یەکیەتی نیشتمانی بوو بەڵام بەداخەوە کاری بۆ سوپای قودس و ئیتلاعاتی ئێران دەکرد. پێشمەرگەکانی ئێمەی تیرۆر دەکرد بۆ دوژمن و شەوانە بە ئارپێ جی و خومپارەی ٦٠ ملم لێیان دەداین. بۆخۆی هات لەگەڵ ١٠ - ١٥ چەکدارێک کووتی من فڵانەکەسم هەتا ئێستا هەرچی کردومە داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام ئیتر ئێستا غیرەتم قەبوڵ ناکات ئێران بێتە ناو خاکی من و لە ئێوە بدات، بۆیە هەرکوێیەکم پێ دەسپێرن من دەچم و هەتا ئاخرین فیشەک و ئاخرین قەترەی خوێنمان دیفاع دەکەین، شاخێکمان پێ ئەسپاردن و چوون لەوێ دامەزران. کاتێک دوژمن هێرشەکەی بۆسەر قەڵای کۆیە دەستپێکرد من خزمێکم هەبوو فەرماندەیەکی مەڵبەند بوو لە ڕانیە هاتە دۆڵێ بردمە دەفتەری سیاسی کووتی من دەتوانم هەموو هاوکاریەکتان بکەم، دەتوانم هەموو زانیاریەکتان بۆ بێنم کە چەند کەسن چیان پێیە فەرماندەکانیان کێن، و زۆری تر. زوو زوو بە ماشێنەکەی خۆی دەچووە ناو دوژمن و دەهاتەوە هەموو شتێکی بۆ باس دەکردین. ئاخرین جار کە ڕۆشت و هاتەوە کووتی دەیانەوێ بەرەو ئێرە بێن لە سەر ڕێگای حاجیاوا لایان داوەو ڕاوەستاون بە نیازن هێرش بکەنە سەر ئێوە، جا نازانم بە چەکی قورس هێرش دەکەن یان هێرشی زەمینی دێنن.. لە حاجیاوا خەڵک دەوریان دابوون بە بەردو جنێودان گەمارۆی هێزەکەیان دابوو. بەڵام

بەشی دووهەم


پێشمەرگەکانی یەکیەتی خەڵکەکەیان لێ دوور کردبوونەوە. زۆریان تفو جنێو دابوو بە جاشەکان. ئێمەش ئەو شەوە تەواوی شاخەکانمان گرتبوو. زۆرمان پێ خۆش بوو هاتبان یان حزب دەستووری هێرشی پێدابایە کە بۆیان چووبایە لە حاجیاوا. هێزێکی ئاوا زۆر تەواو کەووتبوونە نێوانمان و گەمارۆ بوون. ئەو شەوە دەقیقە ژمارەیمان دەکرد بەڵکوو مەغرووربوبن و بێنە سەر ئێمەش بەڵکوو دەرسێکی وایان دابدەین تۆڵەی برادەرانی ئەولاشیان لێ بکەینەوە، وامان دانابوو ڕێگا نەدەین هیچیان بەساغی بگەڕێنەوە. بەڵام سەعات ١٢ی شەو بوو لەسەر شاخی زاڵ بەسەر حاجیاوادا چاومان لێ بوو ستوونەکە بە ڕێگای عەسکەری نێوان دەربەندو ڕانیەدا بەرەو دەربەندی ڕانیە دەکشانەوە. پێمان وابوو ئەو هێزە دەبەن هەتا پشتمان بگرن بەڵام دیار بوو بەرەو سەنگەسەر ڕۆشتبوون. بۆ سبەینێ خەبەرهات کە دوژمن نەیویستبوو لەم هێرشەدا تەنها یەکەتی نیشتمانی لە پێش چاوی خەڵک تاوانبار بکرێ، بۆیە ویستبووی هێزەکەی بکاتە ٢ بەش لە گەڕانەوەدا، بەشێکی بە ناوچەی یەکیەتی دا بگەڕێنەوە، بەشەکەی تر بە ناوچەی پارتی دا بۆ ئەوەی لە پێش چاوی خەڵک هەردووکیان وەکوو یەک تاوانبار بن. بەڵام پێشمەرگەکانی پارتی ڕێگایان بە دوژمن نەدابوو بە ناوچەی ئەواندا بگەڕێنەوە، سەرەڕای ئەوەش لێیان چووبون لە سەنگەرەوەو زۆریشیان سوکایەتی و بێ حورمەتی بە فەرماندەکانی سوپای قودس و جاشەکان کردبوو، گرتبوویانن و بەنیاز بوون هەموویان گوللەباران بکەن، هەتا لە سەرێڕا دەستوور دەدەن بە فەرماندەکانی پارتی ئازادیان بکەن بەڵام ئیجازەیان مەدەن بە ناوچەی پارتی دا بگەڕێنەوە، ئەگەر جوابیان نەداوە لێیان دەن و دەستیان لێ مەپارێزن. بەم شێوەیە ئەوەی موهیمات و گوللە کە پێیان مابوو وەکوو دەستخۆشانە دابوویان بەو فەرماندانەی یەکیەتی کە لە هێرشەکەدا چاوساغ و هاوکاریان بوون.

یادێک لەم شێرە کوڕانەی دالاهۆ...



هەمیشە قارەمەنەکانی جنوب و هێزەکانی (بێستوون، دالاهۆ، زرێباری مەریوان، شەریفزادە) لەلای ئێمە خۆشەویست بوون و بەتایبەتی کاتێک بڕیاری ٥٩ عەمەلیاتیان دەرکرد بە تۆڵەی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهابادی، کە بەدەستی پیاوکوژەکانی ڕژێمی ئیسلامی ئیعدام کران. شێرەکانی (کرماشان، کامیاران، سنە، ئیلام) و هەموو شارۆچکەکانی تری جنوبی کوردستان، دەورێکی گرنگ و بێ وێنەیان هەبوو لە شۆڕشی گەلەکەمان، دوژمنیان گێژو کاس و دەستە وەستان کردبوو، هەموو ڕۆژێ گوێبیستی سەرنج و قارەمانیەتی ئەم شۆڕشگێڕانە بووین. ڕۆحی شەهیدەکان شادوتەمەن درێژی بۆ ئەوانەی وەفادار بە حزب و خەڵکەکەیان ماون...

بۆ ٢ی ڕێبەندان،



نزیک بە ٣٣ ساڵ پێش ئێستا. هەوا تەواو ساردی کردبوو، کادرو پێشمەرگەکان زۆربەیان گەڕابوونەوە بنکەکانیان. ئەوکات بنکەکانمان لە ناو دۆڵی (خرەی ناوزەنگ) دا بوون، گوندەکانی وەکوو) نۆکان، تۆژەڵ، شێنێ، کونەمار، سونێ) هەروەها قاسمە ڕەش ئەم بنکانە پێشتر جێگاو بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بوون که بۆ ئێمەیان بەجێهێشتبوو بۆخۆیان گەڕابوونەوە ناوچەکانی (سەرگەڵوو و بەرگەڵو). ئێمە وەکوو بنکەی هێزی گیارەنگ لە خانوەکانی بەڕێزان مام جەلال و کاک نەوشیروان دا بووین. ئەوکات کاک (حەسەن شیوەسەڵی) فەرماندەری هێزو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب بوو. کاک حەسەن شیوەسەڵی که هەموومان هەر بە (مامۆستا) بانگمان دەکرد، کەسایەتیەکی هەتا بڵێی خۆشناوو خۆش تیپ و قارەمان و تێگەیشتوو و خۆشفکر بوو، کوردێکی بەتەواوی مانای ووشە خالیس و دڵسۆز بوو. هەڵسووڕو ماندوو بوونی نەدەزانی ، هەمیشە شان بەشانی پێشمەرگە لەسەنگەردا بوو. پیاوێکی زۆر بە ئەدەب و ڕاوێژی قسەی زۆر خۆش بوو، من ئاشقی شێوەی دەنگ و ڕستە بەندی و ڕازاندنەوەی ئەو هەموو ووشە کوردیە جوانانەی بووم که بەکاری دێنان. بە شێوەیەک قسەی دەکرد وەکوو فیلمێکی سینەمایی بە پێش چاوم دا دەهات و دەچوو. بە تایبەتی کاتێک پێکەنینی تێکەڵاو بە قسەکانی دەکرد دەتکووت سازو سەمتوورو شمشاڵە ڕۆژێک بانگی کردم بۆ دیوەکەی خۆی، کووتی

داوایەکم لێت هەیە لێت ڕادەبینم لەهەموو بارێکەوە، وەرە بـا پێکەوە خزمەتێکی گەورەو دیـار بکەیـن بە پێشمەرگەکان. منیش گـووتم فەرموو مامۆستا لەخزمەتـدام بـۆ هەر کارێک بفەرمووی کـووتی بۆخۆت دەزانی زۆرێک لـە پێشمەرگەکان نـاتوانن بەزمـانی زگمـاگی خۆیـان بنووسـن و بخـوێنەوە، ئەویـش لەبەر سیاسـەتی گـوێنەدان و بەهێنـد نەگرتنـی دەوڵەتـی شاهەنشاهی بووە سەبارەت بەکورد، بەتـایبەتی منداڵانی گوندەکانی نـاوچە سـەخت و شـاخاویەکانی ئەم نـاوچەیە. ئێستاش بەرەو وەرزی زستان و ساردو سەرماو بەفـر دەڕۆین، ماوەی ئەم چەند مانگە کە چوونەوەمان بۆ نـاوچە کەمتر دەبـێ و زیـاتر لە بنکەکان دەمێنینەوە. هیمەتێک بکە ئەم چەند مانگـە فرسەتێکی باشە کە بتوانین پۆلێک بکەیـنەوە بـــۆ پێشمەرگەکانی سەوادی خوێندنەوە و نووسینیان نیە. دەزانم تـۆش توانـای ئەو کـارەت زۆرە، پێشمەرگەکانیش هەم خۆشیان دەوێی هەم بە قسەت دەکەن. منیش هەرچی لەدەستم بێت و بتوانم دریغی نـاکەم، هەموو پێداویستیەکانی خوێندنت بـۆ دابین دەکەم. بـێ ئەوەی مەحتەل بم بەڵێنیم پێداو گووتـم بـا هەر لە ئێستاوە دەستبەکار بین. زۆرم پێخۆشەو بە خزمەتێکی گەورەی دەزانم، لەگەڵ مامۆستا لیستییێکی تەواوی ئەو کەلوپەلانەمان گرت کە پێویستمان بوو٠ وەکوو دەفتەرو کتێب و پێنـووس و تەختەی ڕەش و گێچ و هتد... ناردی بۆ شاری قەڵادزێ لە باشوور پـاش مـاوەیەک هەموویـان بـۆ نـاردینەوە، ئێستا هەموو شتەکان ئامادە بوون. جێگامـان دیـاریکردوو ئەوانەی قوتـابی بـوون پێمـوابێ لە نێوان ٢٠ هەتـا ٣٠ کەس دەبـوون. یەکەم ڕۆژ تەنهـا قسەمان کرد لەسەر خوێندن و نووسین وبستم زیـاتر ئامادەیان بکەم و زیـاتر هانیـان بـدەم کە فێربن، بەڵام بـۆم دەرکەووت ئەونـدە عاشقـــی فێربـوونن تەواوی حەزو ئـاواتەکانیـان لەوەدا دەدیـتەوە کە بتـوانن بە زمـانی کـوردی بنووسـن و بخـوێنەوە، هەستیان دەکرد کەمبودێکی زۆر گەورەیان هەیە، هەستیان دەکرد گەورەترین زوڵمیان لێکراوە کە نەیانهێشتووە یان دەرفەتی خوێندن و زانستیان پێنەداون. ئەوەندە بەپەلە بوون هەموویان داوایان لێدەکردم هەتـا هـاتنی وەرزی بەهـارو چـوونەوە بـۆ نـــاو خەڵک ئەوان بتوانن بنووسـن و بخـوێنەوە. منیش بەڵێنیم پێدان ئەوپەڕی هەوڵی خـۆم دەدەم کە بتـوانم ئەم ئەرکە وەکوو ئەرکی پێشمەرگایەتی بەڕێوەببەرم. دوای مەئموریەتێکی کـوورت کە لەنـاوچە گەڕاینـەوە، بـێ ڕاوەسـتان دەست بەکـار بـووین و زەنگی کلاس لێدرا. لە ئەلـف و بێی سـەرەتاییەوە دەستمان پێکرد، بە چەند ڕۆژێک توانیـان هەموو پیتەکـانی کـوردی بناسـن و بنووسـن. کاتێک هەمـوو پیتەکانیـان ناسـی ئەوجـار کەووتینـە سـەر ڕەوانـی فێرکردنـی دەنگەکـان و دوایە بەشەکانی ڕێزمـانی و ڕستە بەنـدی. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیـاتر عاشقی خوێنـدن دەبـوون، زۆر جـار داوایـان دەکـرد کـــە وەختـی خوێندن زیـاتر بکەیـن یـان بیکەیـنە دووجـار لە ڕۆژدا. بەڵام چونکە شـەوانەش زۆربەمـان پێکەوە بـووین پرسیـارو وەڵام هەر هەبوو. مامۆستا جار جار سەردانێکی پۆلەکەی دەکرد زۆر کەیفی ساز دەبوو کاتێک دەیدیت بەو خێراییە بەرەو پێشێ دەچـن. ئەم کارە هەروا بـێ ڕاوەستان دریژەی هەبوو هەتـا نزیک بـە وەرزی بەهار، لـە دڵی خۆمدا زۆر خۆشحاڵ بووم کە پێمـوابـوو پێش نەورۆز تـاقیکاری کۆتـاییان بۆ بکەم، هەرچەندە لەو ماوەیەدا دوو تـاقیکاریمان کردبوو دەمزانی زۆر باشن و زۆر چـاک چوونەتە پێش. کاتێک هەستمکرد توانای باشیان هەیە لە نووسین و خوێندنەوە ٢ - ٣ کەسیان کەمێک لە دوا بـوون لەوانـی

بەشی دووهەم

تـــر بەڵام دەیـانتوانی بنووسن و بخوێنەوە. تـاقیکـاریەکم بـــۆ ئەنجامـدان هەمویـان تـوانیـان بەسـەرکەووتویی دەرچـن و لە تـاریکـایی مـوتلّەقی نەخوێنـدەواری ڕزگـاریـان بـێ و خۆیـان بـگەیەنە نـاو دنیـای ڕونـی زانست. لە کۆتاییـدا پێمکـووتن هەر کەسەو نامەیەکی سوپاس و پێزانین بۆ بەڕێز فەرماندەری هێـز بنووسـن چـونکە ئەو خـاوەنی ئەم بیـرۆکەیە بـوو، هەمـوویـان بە خەتی خۆیان دوو نامەیان نووسیبوو یەک بۆ مامۆستا ئەویتر بۆ من بـوو کە دیـتم و خوێنـدمەوە نامەکانیـان فرمێسـک لە چاوانمدا قەتس مابوون و دڵم کوڵی گریـانی گرتبوو. هەستمکرد ڕۆحم چەند سووک و خۆش و ئازادە.

یادێک لە کوڕەکانی بانەی سەربەرز



قارەمانەکانی شاری بانەو دەوروبەر، ، کە بە دەیان و سەدان ڕۆڵەی فیداکارو دەیان پیاوی ئازاو ڕەشیدی کورد لەو ناوچەیە لە هەردوو دەسەڵاتی شاهەنشاهی و خومەینی دا هەڵکەووتوون و، هەمیشە لە کۆردایەتی و شۆڕشگێڕیدا هەتا سەر ئێستقان باوەڕیان بە نەتەوەکەیان و خاکی کوردستان و شەرەف و ناموسی کورد بووە. هیچ کاتێک و لە هیچ دەورانێکدا نەچوونەتە ژێر ئەمرو دەسەڵاتی فەرمانڕەواکان. بۆیە هەمیشە دوژمنەکان ویستوویانە لە ڕێی هێزەوە خەڵکی ئەم ناوچەیە چاوترسێن بکەن و بیانخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان، بەڵام هەرکاتێک دوژمن هێزی بەکار هێناوە لەگەڵیان، ئەمانیش لێیان ڕاپەڕیون و بەرەنگاریان بوونەتەوەو هیچ کات تەسلیمی زۆر و ستەمی دوژمنەکان نەبوون ، چەندین کەسی وەکوو (حەمە تاڵی بانە) لە کۆستانەکانی (کەلیخان) و دەوروبەری (ئاربابا) لە حکوومەت یاغی بوون و سەریان بۆ دوژمن شۆڕ نەکردووە، بەڵام هەموو جارێ دوژمن بۆ سووک کردنی ئەمانە ناوی چەتەو ڕێگری لەسەر داناون، هەتا بتوانێ لەو ڕێگایەوە لە خەڵکیان جودا بکاتەوە. بژی شێرەکانی ناوچەی بانەی سەربەرز.

بەشی دووهەم

ئاڵا چیە؟؟



ئاڵای هەر وڵاتێک ڕەنگدانەوەی مێژوو و کەلتووری ئەو نەتەوەیە.ئاڵای کوردستانیش ڕەنگدانەوەی مێژوو و کەلتوورو فەرهەنگ و بنەماکانی نەتەوەی کورده، چونکە نە ئاڵا بێ نەتەوە دەبێ و نە نەتەوە بێ ئاڵا دەبێ. کە دوو شتن هەرگیز لەیەکتر دانابڕێن، ئاڵا دەبێ گوزارشت لە کەلتوورو مێژووی هەر نەتەوەیەک بکات بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە ئەو مێژوو و کەلتورەی کە هەیەتی بە هەموو دنیا بناسێنێ و، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو مێژوو و کەلتووره ی بۆ هەمیشە لە یادەوەری نەوەکانی داهاتوودا بە زیندوویی بمێنێتەوە... ئاڵای کوردستان لە ٤ ڕەنگ و لە ٤ بەشی جیا پێک هاتووە

١- ڕەنگی سوور ئاڵای کوردستان بەڕەنگی سوور دەست پێدەکات، کە گوزارشت لەو گۆمە خوێنە دەکات کە بەبەردەوامی لە جەستەی نەتەوەی چۆڕاوەو دەچۆڕێ. هەر لەو ڕۆژەوەی کە کوردستان کەوتۆتە بەر پەلامارو چەنگی داگیرکەران، میللەتی کورد بۆ ڕزگاری خاک و ئازادی بۆ گەلەکەی لە جەنگدا بووەو لەم پێناوەدا قوربانی زۆری لە خوێنی ڕۆڵەکانی داوە.

٢- ڕەنگی سپی ڕەنگی سپی لەناو ئاڵای کوردستان دا گوزارشت لە ئاشتی و دروشمی ئاشتەوایی میللەتی کورد دەکات. کاتێک کورد کە چوەتە ناو جەنگەوە، هەرگیز مەبەستیان داگیرکردنی خاکی هیچ وڵاتێکی تر نەبووە بەڵکوو بۆ بەرگریکردن بووە لە خاک و ژیانی خۆیان. بەڵگەیش بۆ ئەو ڕاستیە ئەوەیە کە هەموو شەڕەکان لەناو خاکی کوردستان دا ڕوویانداوە، نەک لە دەرەوەی خاکی خۆی چونکە ئەوە نەتەوەکانی دیکە بوون هێرشیان کردۆتە سەرمان و کوردیش بەرەنگاری پیرۆزی لەخۆی و خاک و ژیانی کردووە قەت حەزی لە شەڕو کێشە نەبووە، چونکە خۆی پێ ئاشتی خواز بوەو نیازی شەڕی لەگەڵ

نەتەوەکانی تردا نەبووە.

٣- ڕەنگی سەوز لەناو ئاڵای کوردستان دا گوزارشت لە ئاوەدانی و ژیانەوە دەکات. گەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەم نەتەوەیە کە بەر لە دینی ئیسلام نەتەوەی کورد لە پەیڕەوانی ئایینی (زەردوشت) بووون٠ کە یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی ئەم ئایینە هاندانی مرۆڤەکانە بۆ کار کردن و تێکۆشان لەپێناوی ئاوەدان کردنەوەی جیهان و نوێکردنەوە و گەشەکردنی ژیان. ئەگەر خوێندنەوەیەکی ورد بکەین بۆ ڕەنگەکانی (سوورو سپی و سەوز) ئەم ٣ ڕەنگە پێکەوە واتای ئەوەیە، جەنگ لە پێناوی ئاشتی و ئاشتیش لە پێناوی ئاوەدانی و ژیاندایە. کە هەموویان پێکەوە تەواوکەری هێمای میللەتێکە بۆ ناساندنی لەناو میللەتەکانی تری ئەم جیهانەدا

٤- ڕەنگی زەرد و خۆرەکە وێنەی خۆری ناو ئاڵای کوردستان بە ٢١ دانە تیشکەکەیەوە، گوزارشت لە چی دەکات؟؟ باب و باپیرانی ئێمە پێش دەرکەووتنی ئایینی زەردوشتی، پەیڕەوانی ئایینی (میترایی) بوون هەتا ڕادەی پەرەستن ڕێزو تێکۆشانیان بۆ (خۆر) داناوە، چونکە بە پێی بیروباوەڕی ئەم ئایینە واتە ئایینی (میترایی) خۆر سیمبول و سەرچاوەی پاکی و خاوێنی و بێگەردی و ڕووناکی بووە هەروەها سەرچاوەیەکی بەهێزی گەرمی و وزە بووە. سەرەڕای ئەوانەش وەکوو خواوەندێکی سەرەکی سەیریان کردووە، کورد پێش لە هێرشی (ئەسکەندەری مەقدوونی) لە ٣٣١ی پێش زایین بۆسەر ئێران و کوردستان و لەناوبردنی زۆربەی زۆری بەشەکانی (ئاوێستا) واتە پەرتووکی پیرۆزی زەردووشتیان، ئاوێستا لە ٢١ بەش پێک هاتبوو کە ئەو ٢١ بەشەی تیشکی خۆرەکەی ناو ئاڵای کوردستان گوزارشت لەو ٢١ بەشەی ناو (ئاوێستا) دەکات.. پێویستە لەسەر هەموو کوردێک هێمای ئاڵاکەی خۆی بزانێ و منداڵەکانی خۆیان فێر بکەن کە ڕەنگی ئاڵاکەیان بۆ شیبکەنەوە و هەتا بزانن بۆچیەو چیە،، کەهیوادارم لە قوتابخانەکان لەپۆلەکانی سەرەتاییەوە فێریان بکەن. ئاڵا ناسنامە و مێژوو و زمان و کەلتوورو داب و نەریت و شەرەف و ناموسی ئێمەیە، ئەگەر ئاڵات نەبوو کەس ناتناسێ. هەر شەکاوە بێ ئاڵای پیرۆزی کوردستان بژی پێشمەرگە پاریزەری ئاڵاکەمان و نەتەوەکەمان...

یادێک لە شەهیدانی شەوی یەڵدا



پیاو کوژەکانی کۆماری تیرۆریستی پەت و سێدارەی ئێران، هەر لە بنەڕەت ڕا فڕچکیان بە کوشتن و سەربڕین و هەڵواسین و سووتاندنی دەموچاوی ژنان و هەرچی کاری شووم و شەڕە گرتووە. رژێمێکی فاشیستی دینی و لەسەر بنەمای خورافات و بێ بنەمای زانستی و بە شێت زانینی خەڵک و وەهم و تۆقاندن و درۆی دینی و سیاسی و بەرژەوەندخوازی خۆیان و دارو دەستەو هاوبیرەکانیان، خۆیان بەسەر ئەم وڵاتەدا سەپاندووەو هەر لە سەرەتاوە هەتا ئێستا بونەتە هۆی کوژرانی سەدان هەزار کەس لەم وڵاتە. وەکوو پیشەی هەمیشەیی خۆیان لە شەوی ٢١ - ١٢ - ٢٠١٦ بە پێی نەخشەیەکی لە پێشدا داڕێژراو و بە هاوکاری کەسانێکی خۆفرۆش و نەفس نزم، لە یادکردنەوەی شەوی یەڵدا شەوی لەدایک بوونی شەهید دکتور قاسملووادا لە پێش بنکەی دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان، بەرنامەو تەرحێکی وێرانکەرو گەورەیان داڕشتبوو بە دانانی بۆمب و تەقینەوە بتوانن زۆرترین کەس بکوژن. سەرئەنجام دوو بۆمب دەقێنەوەو بە داخێکی گرانەوە دەبێتە

هۆی شەهید بوونی ٥ کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حزب و چەند کەس لە ئاسایشی کۆیە. شەهیدەکان:

١- شەهید عەلی قۆیتاسی خەڵکی مەهاباد
٢- شەهید وەهاب میرخزری خەڵکی مەهاباد
٣- شەهید ناسر کەریمی خەڵکی بانە

٤- شەهید سالار باقری خەڵکی بۆکان

٥- شەهید ئەرسەلان عەباس نیا

خەڵکی مەهاباد یادو یادگارەکانیان هەر زیندوو بێ و ڕێگای پیرۆزیان هەر درێژەی دەبێ، هاوڕێ و هاوسەنگەرانی بەم کارە تیرۆریستیانەی ڕژیمی داعشەکانی تاران نەکوو هیچ کار لە وەی شۆڕشگێڕیان ناکات ، بەڵکوو شێلگیرتر لە جاران و سوورتر لەسەر باوەڕی کوردانەو پێشمەرگانەیان قایم ترو مەحکەم تر بەدژی کۆنەپەرستان و تیرۆریستانەوە ڕادەوەستن و هەتا بەدیهێنانی هەموو هیواو ئاواتەکانی گەلەکەیان و شەهیدان درێژە بە خەبات و شۆڕش دەدەن و سەرکەووتن هەر بۆ گەلەو مردنیش بۆ دوژمنانی گەلەکەمان.

چەکی شەهید بکەوێتە سەر زەوی هەتا هەموو ئاوات و ئامانجەکانی گەلەکەمان و ولاتە داگیرکراوەکەمان دێتە دی.

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل...

هەرچی دەیڵێن بیڵێن،



هەرچی دەیڵێن بیڵێن، گەردنتان خۆش و ئازاد بێ، بەڵام،،، من پێموایە ئەگەر لە قۆڵایی دەریاکان ماسیەک بمرێ دەستی مەلاکانی ئێرانی تێدایە. ئەگەر ژن و مێردێک بەشەڕهاتن دەست و فێڵ و حیلەی مەلایەکی شیعەی تێدایە. ئەگەر کوردێک لە ووڵاتی خۆی هەڵگەڕاوە،، گومانت نەبێ ڕۆحی مەلایەکی شیعەی لە جەستەدایە. ئەگەر منداڵێکی ساوای کورد گریاو گریاو هەر گریاو ژیر نەبۆوە، بزانە سیماو هەیکەلی ناشیرینی مەلایەکی لە پێش چاواندایە.

یادێک لە خوشکە زێنەب.



خوشکە زێنەب: لەسەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی. حزبی دیموکراتی کوردستان کاروتێکۆشان و چالاکیەکانی خۆی بەئاشکرا دەست پێکردەوە. خەڵکی کوردستان کەوتە وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان، دوای ئەوەی خومەینی و ڕژیمەکەی دەسەڵاتیان گرتە دەست، یەکەم کاریان ئەوە بوو فەرمانی جیهادیان دەرکرد بۆ سەر کوردستان و شەڕیان بەسەرماندا سەپاند. خەڵکی کوردستان کە دوژمن هاتبووە سەر ماڵ و حاڵیان بڕیاری بەرەنگاریان داو ڕووبەڕوی دوژمن بونەوە. لەوکاتەوە هەتا ئێستا کە نزیک بە ٤٠ ساڵ تێدەپەڕێ ئەو شەڕو هێرشانە لەسەر خەڵکی کوردستان بەردەوامە٠ لەوکاتانەدا کەشەڕ زۆر توند بوو لەشارەکانی کوردستان، قیافەو ناوی (زێنەبە ڕەش) لەسەر زاری خەلک و گشت پێشمەرگەکان بوو، بەتایبەتی لەشەڕی شارەکانی (سنە، سەقز) هەروەها مەهابادو شومال و جنوبی کوردستان بەشداری لە هەموو شەڕەکان کردووەو شان بەشانی براکانی کۆڵان بەکۆڵان و سەنگەر بەسەنگەر دوژمنانی داگیرکەری دەتەزاندن. هەرچەند لە درێژایی شۆڕش و پێشمەرگایەتیدا زۆر بوون ئەو کچە قارەمانانەی بەشانازیەوە پێشمەرگە بوون و لیباسی پیرۆزی پێشمەرگە و کوردایەتیان پۆشی بوو، لەجیاتی خشڵ و زێڕو زیوو قەتارەی فیشەک و نارنجۆکیان لەخۆیان ئاڵاندبوو کە بەداخەوە زۆر لەو خوشکە قارەمانانە لەسەنگەردا شەهید بوون یان لە زیندانەکانی دوژمن دا تەحەمولی ئەشکەنجەو بێ حورمەتیان گرت و پاشان سەربەرزانە چوونە بن پەتی سێدارەو ڕەگباری گوللەباران کردن و شەهید بوون و بۆ هەتا هەتایە ناویان لەمێژوودا دەدرەوشێتەوە خوشکە زێنەب بەخۆشیەوە لەژیاندا ماوەو لەهەر کوێ بێ سڵاوو ڕێزم هەیەو ناوچاوانی ماچ دەکەم...

بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل...

بەشی دووهەم

ئەم نیوە پاسدارە...



کەسانێک کە دەبن بەجاش دژی نەتەوەو فەرهەنگ و کەلتووری میللەتەکەیان دەجەنگن.. بۆیە ناتوانن هەرگیز جێگاو ڕێگای خۆیان پەیدا بکەنەوە لەناو خەڵک دا، سوور سوور دەزانن دوژمنیش نە باوەڕیان پێدەکات نە ڕێزیان بۆ دادەنێت،، تەنها کەڵکیان لێوەردەگرن بۆ لەداو خستنی شۆڕشگێڕان. بۆیە ئەو جۆرە کەسانە هیچ بەشێکی خاوێن لە گیانیاندا نەماوەو بۆ هەمیشە پیس و میکرۆباوویین.. لەکۆتاییدا تەنها وەکوو بونەوەرێک دەژین و سەریان شۆڕەو بۆخۆشیان ڕەقیان لەخۆیانە،، ڕووڕەشی و نەمان بۆ ئەم جاش و میکرۆبانەی بۆ هەموو لایەک زیانیان هەیە...

بژی گەل بژی قارەمانانی گەل بژی پێشمەرگە...

دیسان گرمەی.. قرچەی دەنگی تفەنگی پێشمەرگە



من دیموکراتم و وەک پێشمەرگەیەکی دیموکرات قسە دەکەم... لێرەدا کارم بە هیچ باڵێکی حزب نیە، چونکە لەدواڕۆژدا هەموومان پێویستە دیموکرات بین لەیەک حزبی دیموکرات دا. دیسان گوێم لە خرمەو قرمەی دەنگی تفەنگی شێرەکانی کورد بوو،، دیسان گوڵێکی تر پشکووت،، دیسان گوللەی ئاگرداری پێشمەرگە جەرگی ستەمکارو دڵی ڕەشیانی لەت لەت کردوو ئاگری تێ بەردا.. نازانی چەند دەگەشێمەوە،، چەندە دڵم پڕ خوێن دەبێ چۆن ڕەگەکانم خوێنی تازەیان تێدەگەڕێ، کاتێک دەبیستم (پێشمەرگە) پەلاپیتکەی تفەنگەکەی کێشا، ئەو گوللەیەی لەلولەی تفەنگ هاتەدەرێ و چەندین ساڵە ڕێگای لێ گیراوە. ئازاد دەبێ و، ڕێک و ڕاست بێ نیشانە و سێرە گرتن هەر خۆی و خۆی، لەگەڵ گرمەو قرچەو مشتێک ئاگرو قورقوشمی داغ و قاڵ بۆوە، دەڕوات دەڕوات و هەر دەڕوات هەتا سینگ و کەللەسەری دوژمنەکەی دەپێکێ و دڵی ڕەش و مێشکی کۆن و گیان و ڕۆحی لێ دەستێنێ.. هۆ دوژمنانی گەلەکەم هۆ داگیرکەر.. پێشمەرگە هەمان پێشمەرگەکەی دیموکراتی جارانە، لەبیرتانە چۆن هەموو جارێ دەستی تەسلیمی پێ بەرز دەکردنەوە؟؟ لەبیرتانە لەکاتی شەڕەکاندا چۆن دەگریان و دەپاڕانەوە؟؟؟ ئێستاش وەکوو هەمیشە ئوبوهەت و سامی گرانی لەسەر سەرتان وەکوو جاران دەستی بەهێزوو بازووی پڕ توانای گەلەکەیەتی ئەگەر ئەمڕۆش نەبێ سبەی شێر ئاسا پشتە ملتان دەگرێ و لەکوردستانتان دەردەکەن.. قوربانی دەست و مەچەک و تفەنگتان بم شێرە کوڕەکانی کورد، لە ناوخۆی وڵات لە قوڵایی ناوچەدا ئاگریان دەن،، کەللەی سەریان بتەقێنن،، دڵی ڕەشیان بقرچێنن،، بژی پێشمەرگە،، مردن و سەرشۆڕی بۆ دوژمنان و خۆفرۆشان...

بەشی دووهەم

لەم وێنەیەدا



لەم وێنەیەدا ئەگەر هەڵە نەبم ساڵی ٦٥ یان ٦٦ بێ.. ئەوانەی کە دیاناسمەوە:

١- مام مراد

٢- سولیمان نازداری

٣- خالید خورشیدی

٤- ناناسم

٥- قادر ئاکلیۆن ...

٦- ڕەحمان سوهرابی

٧- کوەیسی .

١٤- حسین ئاسۆ. ئەوانی تر ناناسمەوە... هەرکەس دەیزانێ بیانوسێ... یادو یادگارەکانی شەهیدەکان هەر زیندوو بێ،، تەمەن درێژی بۆ زیندووەکان...

سرتەیەک بە گوێی دوژمناندا...



٧٢ ساڵ لەوەپێش لەسەر دەستی پێشەوای مەزن جەنابی (قازی محمد) لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٤٥ی میلادی لە شاری "مەهاباد" بناغەی پتەوو بەهێزی خۆی داکووتا، هەیکەل و کۆڵەکەکانی ئەم حزبە بە شێوەیەک زیرەکانەو ورد بینانەو ماف پەروەرانە دامەزراوە، کە سەرجەم هێزو تواناکانی هەموو چین و تووێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری لە خۆیدا جێ کردۆتەوەو ڕیشەی لەناو دڵ و مێشکی هەموو کوردێکدا داکووتاوە.. بە شێوەیەک هیچ دین و مەزهەبێکی لێ جودا نەکردۆتەوەو بەڵکوو زۆر ژیرانە حەق و مافی هەموو دین و مەزهەبەکانی لەکوردستان دەژین پاراستوەو هیچ جیاوازیەک بەدیناکرێ. بە لێکدانەوەی ئەو کات کە بە گشتی ناوچەکەو بەتایبەتی ئێران و کوردستان لە ژیانێکی مۆدێرن و هەتا خۆێندەوار نەبووە. لەو سەردەمەدا کەسێک پەیدا ببێ کە بۆخۆی کەسایەتیەکی ئایینی بێ و ئەوەندەش (دیموکرات) بێ و بتوانێ خەڵکی ئەوکات ڕازی بکات بە سیستمی دیموکراسی و تێکوەرنەدانی مەسەلەی (ئاین و سیاسەت) و حوکمڕانی، دەبێ چەندە مرۆڤێکی گەورەو چەندە فکرێکی بەهێزو پێشکەووتوانەی هەبووبێ؟؟ بەمە دەڵێن (پەیدا بوونی گوڵێک لە سەحرا) کە هێشتا ئێمە لەم سەردەمەی دنیای پێشکەووتوو لە دوندی بڵندی تەکنۆلۆجیاو لە عەسری پێشکەوتندا نەمانتوانیوە وەکوو کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان هیچ خاڵێک لە ئیدەو فکرو ئایدۆلۆژیاکانی پێشەوای نەمر (قازی محمد) دابین بکەین بۆ ڕێڕەوی ڕێگای خەباتی دوورو درێژمان. هەتا ئێستا ئەوەی وەکوو میرات بۆمان بەجێماوە لە پێشەواو فکرەکانی تەنها و تەنها توانیوومانە ڕێگا پرۆزەکەی بەرنەدەین و بێ ڕاوەستان درێژە بەو خەباتە بدەین و سەر بۆ دوژمنان شۆڕ نەکەین. الحەق و انساف هیچ میللەتێکی سەر ڕووی ئەم زەمینە بە ئەندازەی کورد لە خەبات و شۆڕش و

بەشی دووهەم

بەرەنگاریدا نەبووە.. هیچ میللەتێکیش ئەوەندە زوڵم و ستەمی نەتەوایەتی لێ نەکراوە. کورد بۆ هەموو دنیای ڕوونکردەوە کە لە بەرەنگاری و خەبات ماندوو نابێ و هەتا گەیشتن بە هەموو مافەکانی خۆی و سەرئەنجام هاتنە دی ئاوات و ئامانجەکانی (پێشەوا) و هەموو گەلی کورد کە کوردستانێکی گەورەو حکومەتی (کۆماری کوردستان) ە دەست لە شۆڕش هەڵناگرن. هەروەکوو ئەوڕۆ ٧٢ ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژە پیرۆزەدا تێدەپەڕێ بەڵام هێشتا نەوە لە دوای نەوە ئەم شۆڕشە درێژە دەدەن.. هەتا سەرئەنجام سەرکەووتن هەر بۆ ئیرادەی گەلە (چرای ئازادی کز دەبێ بەڵام ناکوژێتەوە)... حزبی دیموکراتی کوردستان دوای ٧٢ ساڵ بەسەر دامەزراندنیەوە دوای ئەم ماوە دوورو درێژە لە خەبات دا، کە چەندین نەسل گەورە بوون و پێگەیشتن، هێشتا خۆشەویستی خۆی هەروا بەڵکوو زۆر لە جاران زیاتر لەدڵی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵانی کوردەواریدا ماوەتەوەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پایەو کۆڵەکەکانی حزبی پێشەوا (قازی محمد) پتەوترو بەهێزتر دەبێ. هیچ کاتێک دوژمن نەیتوانی خۆشەویستی ئەم حزبە لە دڵی خەڵکدا دەربێنێ و حزب و خەڵک لێک جودا بکاتەوە، هەرچەند ئێمە لە ڕۆژهەڵات لەگەڵ دوو دوژمنی زۆر سەرسەختی (شاه و شێخ) ڕووبەڕوو بووین بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕش هیچیان دەستیان لە هیچ شێوە جنایەت و وەحشیگەریەک نەپاراستووە، هەرچی لە توانایاندا بووبێ لەگەڵیان کردووین. بۆیە لەماوەی ئەم ٧٢ ساڵەدا گەورەترین هێزیان هێناوەو زەبەلاح ترین پوڵ و پارەیان بۆ سەرکووتکردنی شۆڕشگێڕان دابین کردووە،، بەڵام هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ هەر نەیانتوانیوە زەرەیەک لەبیروباوەڕی ئەم حزبەو وەری بەهێزی گەل کەم بکەنەوە. ئەم شۆڕشە درێژەی هەیە هەتا سەرکەووتن...

ڕاستیەک با هەموومان بیزانین!!




کاتێک هەواڵی سەرکەووتنی پێشمەرگە دەبیستم،، لەخۆشیان گەشکە دەبم موچڕک بە هەموو گیانمدا دێ و هەست دەکەم من بۆخۆم لەگەڵیان بەشدار بووم.. کاتێک هەواڵی شەهید بوونی پۆلێک پێشمەرگە دەبیستم، دوو حاڵەتم هەیە، یەکەم ئاگرێکی سووتێنەر بەردەبێتە جەرگ و دڵم،، دووەم هەست دەکەم هێشتا لەکوردستان دوژمنی داگیرکەر سام و ترس و هەیبەتی پیاوانەی پێشمەرگەی لە دڵ و مێشکیدایە. تێدەگات کە ئەم خاک و ئاوە خاوەنی خۆی هەیەو ئەوان داگیرکەرن لەسەر خاکی کوردستان. منیش وەک شەهیدەکان هەست دەکەم شەهید بووم، بەڵام دەبیستم و دەبینم چۆن لەدوای شەهید بونمان دۆست و دوژمنان چۆنمان باس دەکەن لێکدانەوەیان چۆنە لەسەرمان. من لێرەدا کارم بەوە نیە لەکام حزب و لەکام سازمان و لەکام بەشدان.. وەکوو پێشمەرگەی ڕۆژهەلاتی کوردستانیان دەبینم ووەک قارەمانانێک کە لەسەختترین کاتەکانی خەبات دا دەچنەوە قوڵایی ناوچەو لەگەڵ هێزێکی زەبەلاحی دابەستەدا ئامادە بۆ هەر هێرشێکی گەورەو چکۆڵە ڕووبەڕوو دەبن. لەکاتێکدا تەواوی ناوچە ئاخنراوە لە جاسوس و بەکرێگیراوانی ڕژیم، کە لەم سەردەمەدا زۆر ئاسانە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر پێشمەرگە لەناوچەدا لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕژیمەوە،، ئێمە پێویستە ڕاست و سادقانە لە پێشهاتەکان بکۆڵینەوەو ڕاستیەکان و واقعیەتەکانی ئێستای ڕۆژهەلات باس بکەین،، ئێستا لەگەڵ چەندین ساڵ پێش زۆر جیاوازەو جیاوازییەکەش زۆر گەورەیە،، ڕژیمی پەت و سێدارە پوڵ و پارەو ئیمکاناتێکی زۆر دابین دەکات بۆ ئەوەی بتوانێ دەستەیەک لە پێشمەرگەی پارتیزان بخاتە ناو داوو کەمینی خۆی و تەفروتونایان بکات و وێنەی تەرم و چەکەکانیان وەکوو هەواڵێکی سەرکەووتن بڵاو بکاتەوە لەهەموو مێدیاو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و گەورەکردنەوەیان بە شێوەیەکی لێزانانە هەربۆ ئەوەی سام و ئوبوهەتی پێشمەرگە بشکێنێ،، هەروەها لە ئێستادا دوژمن زۆر مەبەستیەتی لەم

بەشی دووهەم

هەواڵانە بڵاو بکاتەوە بۆ ترساندن و تۆقاندنی خەڵکی ڕۆژهەڵات و هەروەها نیشاندانی هێزی خۆی بە دەوروبەر... قسەی من لێرەدا ئەوەیە ڕاستیەک هەیە پێویستە هەموومان بیزانین،، ئەویش ئایا بەڕاستی لەم کاتەدا کە دوژمن لەوپەڕی ئامادەباشیدایەو هەزاران جاش و جاسوسی لە هەموو ناوچەکانی کە هێزی پێشمەرگەی پێدا دەچنەوە ناوخۆی وڵات دانراوەو لەهەموو جموجۆڵێک ئاگادارن، چ هونەرێکی تێدایە ئەو قارەمانانە بنێرینەوە ناوخۆی وڵات کە بەداخەوە ئەوە چەندین جارە هەموویان دەکەونە ناو کەمین یان هێرشی بەربڵاوی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژێم و بەداخێکی گرانەوە شەهید دەبن،، ئەمانە سەرمایەو کۆڵەکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانن، من پێموایە جێگایان زۆر درەنگ پڕ دەکرێنەوە. ئەم پۆل پۆل شەهیدانە ئەگەر لە شەڕێکی گەورەدا یان لەبەرنامەیەکی ڕێک و پێکداو بە پێی نەخشە ویستبایان زەربەیەکی گەورە لەدوژمن بدەن کە دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوایە، بێگومان دەیانتوانی بەدەیان و بە سەدان کەس لە هێزەکانی داگیرکەر بکوژن و هیچیشیان بەو شێوەیە بە ئاسانی وەکوو ئێستا شەهید نەدەبوون و بەڵکوو هەم دوژمنیان دەتەزاندو هەم تەوازنی هێزیان لەگەڵ دوژمن دیاری دەکرد.. من ناڵێم چونەوەیان هەڵەیە، بەڵکوو دەڵێم پێویستە لەم کاتەدا کە دوژمن دەیەوێ هوژمنی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێ بۆ سیاسەتە خراپکارەکانی لە ناوچەکە ڕوبەڕووی هەموونەو ڕوداوانە بێتەوە کە زۆر بەخێرایی لەحاڵی گۆڕاندان. لەم کاتەدا ئێمە لە باشترین و قارەمانترین پێشمەرگەکانمان بکەینە قوربانی هەموومان دەزانین هەلومەرجی ناوچەکە لەبەرژەوەندی کوردا بەرەوپێش دەچێ، ئێران زۆر باش دەزانێ هیچ گۆڕانکاریەک لەم کاتەدا لە بەرژەوەندی ئەودا نیە، بۆیە بەئەوپەڕی هێزەوە بەرەنگاری لەخۆی دەکات. ئەم ڕوداوە دڵتەزێنانە لەهەردوو باڵی دیموکراتەکان و لە کۆمەڵەش ڕوویداوە. ئایا حزبەکانی ڕۆژهەڵات لەماوەیەکی دورودرێژی کەمپ نشینیدا هێزێکی تۆکمەو تەشکیلاتیەکی بەهێزیان دروست کردبا لە ناوخۆ باشتر نەبوو، کە توانیبایان لەسەرتاسەری کوردستان فەعال بونایەو ئەگەر هێزێکی پارتیزانی پێشمەرگە چووبانەوە ناوخۆ بە پشتیوانی تەشکیلاتی ناوخۆ جێگا سازی و پاراستبایانن هەتا ئەرک و فەرمانەکانیان تەواو دەکردن و بە سەلامەتی و سەرکەووتنەوە گەڕابانەوە جێگاکانی خۆیان؟؟ زۆر جار تەشکیلاتی ناوخۆ دەتوانێ کاری دەیان پێشمەرگەی چەکدار ئەنجام بدات. دوژمن ئەوەندەی لە تەشکیلات و تیمەکانی نهێنی دەترسێ هەر ئەوەندەش لەپێشمەرگە دەترسێ،، بۆیە من پێموایە حزبەکان دەبێ زیاتر بەخۆیاندا بچنەوەو زیاتر هێزەکانی ناو خۆی وڵات پەروەردە بکەن کە دەتوانن زۆر لەوە زیاتر چالاک بن بۆ جولانەوە. ئەوەی باسمکرد ڕاستیەکی تاڵە بەڵام لەم کاتەدا ئەوە وەزعی کوردستانەو پێویستە لەگەڵ ڕوداوەکان هەنگاو هەڵێنین و زیرەکانە نەهێڵین زیانی گەورەمان پێبگات...

دۆڵی خرەی ناوزەنگ



شانازی دەکەم کە خوێن و جەستەم لە ئاوو خاکی کوردستان دروست بوەو یەکەم هەناسەم بە هەوای کوردستان هەڵکێشاوە، خۆشحاڵم کە بە زمانی شیرینی کوردی دەدوێم کە زمانێکی پاراوو خۆش و دەوڵەمەندە،، کورد بوونم مایەی پەرەپێدانی نەسل و نەژادی کوردو فەرهەنگی دەوڵەمەندی کوردەواریە.. لەگەڵ هەموو ئەوانە گەورەترین شانازی و سەربەرزی هەموو ژیانم وەکوو کوڕە کوردێک وەزیفەو ئەرک بوو لەسەر شانم بەجێی بگەیەنم (پێشمەرگایەتی) بوو، ئەویش هەرچی لە تواناما بوو درێغیم نەکردو ئەنجامم دا. ئێستاش تەنها ئاوات و ئارەزووم سەرکەووتنی شۆڕش و هاتنەدی خەونی هەموو کوردێکی دڵسۆزو دایکی شاهیدان و بنەماڵەی یەک بەیەکی ئەم کوردستانەیە. خۆزگە کوردستانم بە سەربەخۆیی دەدیت و کوردم دەدیت بۆخۆی خاوەنی خۆی بێ.. بژی کۆماری کوردستان...

هەر سێکیان مردن بەڵام کورد هەر نەتوایەوە




من لێرەدا باسی مێژووی دووری کوردو کوردستان ناکەم.. تەنها باسی ئەوانەدەکەم کە بە چاوی خۆم بینیومە... تەمەنم هەر ١٠ - ١٢ ساڵان بوو کە شۆڕشی کوردستانی باشوور بە ڕێبەری پارتی و نەمر بارزانی لە دوای ساڵی ١٩٧٠ هەتا ساڵی ١٩٧٤ گفتوگۆی نێوان کوردو حزبی بەعسی عێراق، سەرئەنجام دوای ٤ ساڵ تێپەڕکردنی بەرنامەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردو لەشێوەی "لامەرکەزی" دا کورد بۆخۆی کاروباری کوردستان ڕابپەڕێنێ و سەر بە غداش بێ،، کوردو پیاوانی سیاسی کورد ڕازی بوون بەم ئۆتۆنۆمیە بەڵام لەسەر شاری "کەرکوک" قەبوڵیان نەکرد کە دەست لە کەرکوک هەڵبگرن و لەسەر کوردستانی بسڕنەوە،، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٤ حکومەتی "بەعس" خۆی ئامادەکردبوو بۆ هێرش کردنە سەر کوردستان. بە ڕاگەیەندراوێک کە پارتی دیموکراتی کوردستان دەری کردو لەسەر ڕادیۆ بڵاوی کردەوە نیازو نیەتەکانی حکوومەتی بۆ خەڵک ڕونکردەوەو داوای لە خەڵک کرد پشتیوانی لە شۆڕش بکەن و دوژمن نیازی شەڕو هێرشی هەیە بۆ سەر کوردستان.. لەماوەی ٢٤ کاتژمێـــردا هەرچی لەخۆی ڕادەدیت هاتە دەرێ و چەکی هەڵگرت و بوون بە پێشمەرگە بۆ دیفاع لە خاکی کوردستان. بە شێوەیەک خەڵک بەرەو پیری داواکەی پارتیەوە چوون کە شارێکی گەورەی وەک "سلیمانی" دەیانکووت لە سەدا نەوەدو پێنجی شاریان چـــۆل کردو چوونە شاخ. مامۆستا "هێمن" شیعری "ئێوارەی پایز"ی بەو مناسبەتەوە کووتوە کە بۆخۆی بۆی باس کردم لە گوندی "شیلاناوێ" بۆ ماوەی یەک ساڵ شەڕێکی بێ ڕاوەستان و قورس دەستی پێکرد لە نێوان حکوومەت و پێشمەرگەدا، لە ماوەی ئەم ساڵەدا پێشمەرگە زەربەیەکی ئەوەندە گەورەی لە دوژمن دابوو، حکوومەت بەو هەموو ئیمکانات و پارەو چەک و موهیماتەوە بەچۆک داهاتبوو بۆ ڕاوەستانی شەڕ دەستەو داوێنی هەموو حکوومەتانی دراوسێ ببوو کە تکاو

بەشی دووهەم

داوا لە بارزانی بکەن شەڕەکە ڕابگرێ، بارزانیش جوابی دابۆوە کە کەرکوک دڵی کوردستانەو هیچ مەعامەلەیەک لەسەر کەرکوک ناکەین، هەتا سەرئەنجام "صدام حسین" ئەوکات جێگری "ئەحمەد حەسەن بەکر" بوو کە سەۆک کۆماری عێراق بوو بەڵام صدام دەسەڵاتدار بووو بۆیە هاتن لەگەڵ "شاه" ی ئێران کەووتنە گفتوگۆ کە صدام بۆ ئەوەی ئێران پشتیوانی لە بارزانی نەکات و لە بەرامبەردا عێراق سێ جزیرەی "ابو موسا و تومبی بچوک و گەورە" بدات بە ئێران. شای خائین و دوژمنی کورد لەگەڵ صدام حسین ڕێکەووتن لە تواندنەوەی شۆڕشی کورد، هاتن لە "جەزائیر" کە ئەوکات سەرۆک کۆمارەکەی کەسێکی دەڵاڵی سیاسی و بێ ئەخلاق ترین سەرۆک کۆمار بوو هەردوو "شاه و صدام"ی دەعوەت کردە پایتەخت و لەوێ خزمەتێکی باشی کردن و ئیمزایان کرد کە ئەم شۆڕشەی کورد بتوێنەوە. بە داخەوە ئێران لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا پشتی بارزانی بەردا و کۆتایی بە شۆڕش هات٠ بۆ چەند مانگێک صدام و دارودەستەکەی دڵیان خۆش بوو چەند شەوێک بە ئاسوودەیی نوستن و خەونیان بە تواندنەوە لە ناوبردن و سڕینەوەی ناوی کوردستانیان دەبینی، هەتا لەناکاو ساڵێک دوای "نیسکۆ" دەنگی تفەنگی پێشمەرگە لە کوردستانەوە هات و ئەم دەنگە وەکوو هەورە بروسکە گەیشتە ناو کۆشکی کۆماری صدام حسین و وەکوو "کێچ" لەخەو هەڵبەزینەوەو شۆڕشی نوێ دەستی پێکردوو یەکەم مەفرەزەی پێشمەرگە دروست بوون و یەکەم تەقە "مامە ڕشە" کردی و دۆست و دوژننی وەخەبەر هێنا. کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و سەرئەنجام یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و پاسۆک و سۆسیالیست و شیوعی و زۆری تر لە شاخە سەربەرزو لە گیران نەهاتووەکانی کوردستان بانگی شۆڕشێکی نوێیان داو پۆل پۆل لاوەکانی کوردستان بونەوە بە پێشمەرگە، لەم پێناوەدا بە دەیان هەزار شەهیدمان داوەو هەزاران ماڵوێرانی و ئەنفال و هەزاران بێ حورمەتی بە ناموسمان لەلایەن دوژمنانی کورد لەهەر چوار پارچەکەی کوردستان کراوە.. بەڵام کورد هەر نەتوایەوە و کوردستانیش داگیر نەکراو کەرکوکیش ئێستا کوردستانەو ئاڵای پیرۆزی کوردستان تێیدا دەشەکێتەوە.. بەڵام هەموو دوژمنەکان و سەرۆک کۆمارەکانیان مردن و ئاواتی کورد توانەوەیان بردە ناو گڵ.. شای ئێرانم دی چۆن هەڵات و بە خوێرپەتی لە وڵاتان مرد،، سەرۆک کۆماری جەزایرم دی وەکوو دەڵاڵێکی سیاسی مرد،، مردنی خومەینی م دی،، صدام حسین م دی لەسەر هەڵەبجە ملی کرا بە پەتی سێدارەوە بەڵام ئێستا کورد دەیەوێ ئاوات و ئامانجی شەهیدان بێنێتەدی لە باشوورو بە کوێرایی چاوی دوژمنان "سەربەخۆیی" ڕابگەیەنێ... من کە سەربەخۆییم دی ئیتر هەموو ئاواتەکانم هاتونەتە دی و چاوەڕوانی فرمێسکی شادی و خرۆشانی خەڵکی کوردستانم...

لاوانی کورد،، خۆمەینی باش بناسن



لاوەکان و کیژو کوڕانی تازە پێگەیشتووی کوردستان،، هیوای دواڕۆژی گەل و نیشتمان، پێش ئەوە ئێوە لە دایک ببن و بێنە ناو ژیانەوە، لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی لە دژی ڕژێم و حکومەتی پاشایەتی لە ئێران، کە سەبارەت بەکورد هیچ گرنگیەکی بە خەڵک و ژیانی خەلکی کوردستان نەدەداو هیچ هەلی کارو کاسبی بۆ خەڵک دابین نەدەکردو میللەتی کوردی بە تەواوی خستبووە پەراوێزەوە، خەڵکی کوردیش هیچ خۆشیان لەم ڕژیمە نەدەهات و هەرگیز باب و باپیرانمان لە بیریان نەچوبۆوە کە ئەم ڕژیمە دیکتاتۆرە پێشەوای نەمرمان "قازی محمد" یان لە چوار چرای شار لەو جێگایەی پێشەوا "کۆماری کوردستان"ی ڕاگەیاند لە سێدارە داو شەهیدیان کرد. لە چوارچرای "مەهاباد". بۆ هەتا هەتایە پێشەوای نەمر نەکوو نەمردو کوردی پێ چاوترسێن نەبوو، بەڵکوو ئێستا هەر کوڕە کوردێکی بەشەرەف پێشەوایە و درێژەدەری ڕێگاکەیەتی. کاتێک شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێران دژی ڕژیمی پاشایەتی سەریهەڵداو سەرئەنجام بوو بە هۆی ڕوخان و تێکچوونی ڕژیم، کوردیش لەو پێناوەدا زۆری ماڵوێرانی و دەربەدەری و ئیعدام و کوشت و کوشتارو تاڵانکردن و بێ سەروشوێن کردنی لاوەکان و ڕوناکبیرانی بە خۆوە دیت و بەڵام دەستی لە خەبات و بەرەنگاری هەڵنەگرت و تەسلیمی ڕژیمی پاشایەتی نەبوون.. کاتێک شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت، حزبی دیموکراتی کوردستان حیزبی پێشەوا قازی محمد هاتەوە مەیدان و بانگی خەباتی ئاشکرای ڕاگەیاند. هەموو نەتەوەکانی ئێران بێ جیاوازی دڵیان خۆش بوو کە ڕزگاریان بوو لەم ڕژیمە سەرەڕۆیە و لەوڕۆ بەدواوە خۆری "ئازادی" سەرتاسەری ئێران دەگرێتەوەو خەلکی بریندارو ماڵوێرانی کوردستانیش دوای ئەم هەموو ساڵە تاریکی، هەتاوی ئازادی ئاسمانی

بەشی دووهەم

کوردستانیش ڕوناک دەکاتەوەو خەڵک بە هەموو ئاوات و ئارەزوەکانیان دەگەن و چیتر ماڵیان بە کۆڵیانەوە نابێ و دەحەسێنەوەو داهاتوویەکی گەش بۆ نەوەکانیان دابین دەکەن، بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و هاتنەوەی "خومەینی" وەکوو ڕێبەری دینی "شیعەکان" زۆری نەخایاند وردە وردە پەڵە هەورە ڕەشەکان لەسەر ئاسمانی ئێران و بە تایبەتی کوردستان کۆبونەوەو دوای ماوەیەکی کورت ئەم هەورە ڕەشانە یەکیان گرت و بۆ جارێکی تر ئاسمانی ڕوون و ساوی وڵات بەری گیراو وڵات کەووتە ناو تاریکاییەکی لە ڕەش ڕەشتر. هەموو ئاوات و ئارەزووەکان هێواش هێواش کز دەبوون و هەتا "خومەینی" ڕەنگی ڕاستەقینەی خۆی نیشان داو لە جوابی مافە ڕەواکانی گەلی کوردا وشـــــەی "جهاد"ی بۆسەر کورد بەکار هێنا،، لە مەزهەبی شیعەدا جیهاد بۆسەر کافران دەردەکرێ لەلایەن ئیمامەکانیان. هەتا "بنی صدر" یەکەم سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران لە نوێژی هەینی "تاران" بەسەربازەکان و پاسدارەکانی ڕاگەیاند هەتا هەموو کوردستان پاکسازی نەکەن نابێ قەیتانی پۆتینەکانتان بکەنەوە و بەم جۆرە فەرمان و جهادی شەڕ بەسەر خەڵکی کوردو کوردستاندا سەپێندراو شەڕێکی ماڵوێرانکەر بەردەرگای بە ماڵی کورد گرت و هەتا ئێستاش ئەو شەڕە هەر درێژەی هەیە ڕژیم بە هەموو شێوەیەک لاوەکانی ئێمە زیندان و ئیعدام و موعتاد و نابود دەکات، پێشمەرگە قارەمان و گیانفیداکانی حزبی دیموکرات لەگەڵ هێزەکانی تری کوردستان چەندین ساڵ شەڕی ماڵ بە ماڵ و شاخ بە شاخ و دێ بە دێیان لەگەڵ ئەم دوژمنە زاڵم و بـــێ ویژدانە کردو ئامادە بوون مەرگ و ژیانی تاڵ و ناوارەیی قەبوڵ بکەن بەڵام هەرگیز سەرشۆڕی و ژیانی ژێر دەستیان قەبـــوڵ نەکرد،،، ئێستاش ڕۆژێک نیە پۆلیک لە لاوەکانمان لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا لە سێدارە نەدەن،، بـۆیە لاوەکانمان دەبێ زۆرباش بزانن خومەینی و خومەینیەکان دوژمن و قاتلانی یەکەمی ئێمەی کوردو باب و باپیرانی ئێوەن. هەرگیزاو هەرگیز نابێ خوێنی باب و باپیرانتان لە بیر بکەن.. لەوانەیە دوژمنان مێژووتان بە شێوەیەکی تر بۆ بگێڕنەوە بەڵام هەرچی دوژمن باسی کرد قەت باوڕیان پێ مەکەن و وەکوو دوژمن و قاتلانی کەسوکارتان چاویان لێبکەن... دوژمن هەر دوژمنەیەو هەرگیز چاویان بە هیـــچ سەرکەووتنێکی کورد هەڵنایە لە هەرکام لە پارچەکانی کوردستان،، هەرگیز نەکەونە داوی ئەم خوێن مژانە و داعشەکانی تاران

تەنها ڕێگای ڕزگاری گەلەکەمان درێژەدانە بە ڕێبازی پێشەوای نەمرو هەموو شەهیدانی کوردو کوردستان... بژی پێشمەرگە پارێزەرو باسکی بەهێزی گەل.. لەڕیزەکانی پێشمەرگایەتی و لە سەنگەری قەڵەمەوە هاواری ڕزگاری کوردو کوردستان بە گوێی دوژمنانی دڵ ڕڕ لەقین دادەن.. نەهێڵن سەنگەری پێشمەرگە چۆل و تفەنگی شەهید بکەوێتە ئەرزی...

ترشاوترین میٚشکی دنیا...



٣٨ ساڵە هەورێکی ڕەش و نەگبەت ئاسمانی ئێمەی داپۆشیوە، نە بەهار دێ، نە خونچە دەپشکوێ، نە دار چرۆ دەکا، نە بارانی ژیان دەبارێ، نە زەوی و گڵ هەڵم دەکا، نە کانیاوەکانمان دەژیٚنەوە، نە منداڵەکانمان پێهەڵدەگرن، نە مۆسیقا سۆزی ماوە، نە نێرگزو گوڵی بەیبوون بۆنیان ماوە، نە دایکم میٚخەک و ڕیحانەی لا کەزیەیی و سەر بەرۆکی بۆنیان ماوە،، نە کچانی کورد ڕەنگی خەنەی خەنەبەندانیان ڕەنگی ماوە،، نە دۆی ناو داوەتێ وەکوو جاران شلکەی ڕانیان گۆپی ماوە،، نە مانگ دیارە و نە ئەستێرە،، لەو ڕۆژەوەی کووتیان ئیمام لە ناو مانگدا کەللەی بێ میٚشکی دیارە، مانگ تورِەیەو دەڵێ تەوهینم پێکراوە و دڵم لێتان ڕەنجاوە.. لە وڵاتی من ژیان هەمووی ڕاوەستاوە.. دەڵێی ئەم وڵاتە ڕۆح لەبەری تیا نەماوە.. حوکمی اڵلە و حوکمی قورئان، عەلی و مەلی بۆگەنیویان لێ هەستاوە،، لەگەڵ ئەم هەموو زوڵمە بەڵام نەیانتوانی و چۆکیان بە کورد دانەداوە. نەعلەت لە خۆتان و لە دینتان،، لە ئیمام و مەزهەبتان،، لە گەورەو پیرو شێخ و سەیدتان،، لە زیندوو و لە مردووتان، لە هەموو داب و نەریتان،، لە چاک و خراپ لە باش و خرابتان،لە شەرع و پەرتووکی درۆو دینتان،، لە هەرچی پیرۆزی و موقەدەساتتان، لە هەرچی پێی دەنازن، لە خوداو لە ئیمامەکانتان، لە بێ حورمەت ترین و بێ ئەدەب ترین حکوومەتی ئیسلامیتان،، لەو دێڕانەی کە نوسراوە لە قورئانەکانتان،، هەڵواسین و تەجاوەزو کوشتن، ژن وەکوو حەیوان چاولێکردن، لە ئەنفال و موعتاد کردن، لە سیغەی کچان بۆ خۆتان و داوێنی پیستان،، بۆ زوڵم و زۆر، بۆ خەڵک برسی کردن، بۆ حەڵاڵ کردنی کورد کوشتن، بۆ لە سێدارە دانی بەردەوام، بۆ کورد بە کافر کردن،، ئێوە پێم ناڵێن کافر چیە؟؟ کێ تۆی کردوە بە حەقدارو بکوژو ببڕ؟؟ ئێستا هاتووی بە کورد دەڵێی دەنگم پێ بدە؟؟ هەتا ببی بەسەرۆکی خودای شەڕو بێ ناموسی؟؟ هەتا کچ و کوڕی ئێمە لە زیندانداا دەستدرێژییان بکەیتە

بەشی دووهەم

سەر؟؟ پاشان لە داریان دەی؟؟ درۆ لای ئێوەو لە زاری ئێوەدا وەکوو "کەر" دەزەڕێنێ، ئێوە دەبێ هەر هەموو تان دادگایی بکرێن دەبێ وەکوو "ئوسامە بن لادن" بێ گۆڕو بێ ناونیشان بن،، ئێوە خاک ناتانگرێتە خۆی،، دەبێ هەموو تان لە دەریا بکرێن،، ئەوە نەزەرو بۆچوونی منە لەسەر هەڵبژاردن و دەنگدان بە ڕژێمی جەورو جەنایەت. هەر کوردێکیش کە دەنگ دەدات کەیفی خۆیەتی!!!!!!

هونەرمەند ڕەسوڵ نادری



لەناو میللەتی کوردا بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هونەرمەندی زۆرمان هەیە لە هەموو بوارەکاندا، ئێستا دەمەوێ باس لە هونەرمەندانی دەنگ خۆشی بکەم سەبارەت بە گۆرانی - بەیت - حەیران - بالۆرە - لۆرە،، بەسەرهات و قسەی خۆش و زۆر شێوەی هونەری تر.. یەکێک لەو هونەرمەندانە کە لە ساڵەکانی پەنجاکانی هەتاوی دا خۆی دەرخست و هاتە ناو مەیدانی هونەرەوە کاک "ڕەسوڵ نادری" بوو. دەورانی ئەو کامیراو وێنەی جوڵاو زۆر کەم بوو یان هەر نەبوو، بۆیە هەموو بەرهەمەکانیان نا مونەزەم لە ڕێگای تۆماری دەنگییەوە تۆمار دەکران بە کواڵێدیەکی کەمەوە. یان لە شایی و زەماوەندەکان و پاشان لە مەجلیسی تایبەتیدا ئەم هونەرمەندە لە توانای دا هەبوو کە هەم زەماوەندو شایی و هەڵپەڕکێ بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لەسەر یەک بەڕێوە بەرێ کە جەوانان و عاشقان خۆیان تێدا دەکوشت هێنده هەڵدەپەڕین. هەم مەجلیسی شەوانەی ئەم ڕێوڕەسمە هەتا درەنگانی شەو بەڕێوەبەرێ،، ئیتر نازانم چەندە دەنوست و چەندە پشووی دەدا؟؟ بۆیە ئەم هونەرمەندانە زۆر تایبەتی بوون لە بەڕێوەبردنی هونەرەکەیاندا بە قەولی کوردان ئەوەی دەیانکووت نەیاندەکووتەوە هێنده دەوڵەمەند بوون لە پەیدا کردنی شیعرو ڕێکخستنی وشەکان هەتا وەکوو شیعر بێنەوە.. دوای ئەم هەموو ماندوو بونە دەبوو شەوانە مەجلیسی پیاوە ماقوڵەکان و میوانان و خاوەن زەماوەندەکەیان گەرم کردبا بە گۆرانی مەجلیسی و گێڕانەوەی قسەی خۆش و بەسەرهاتەکانی خۆی. یەکێک لە جوانترین هونەری قسە خۆش و بەسەرهاتە پڕ لە کارەساتەکانی ڕەسوڵ نادری لەوەدا بوو هەموو قسەکانی بە بێ پەردەو بێ خۆپاراستن لە جنێو یا هەندێک قسەی نەشیاو

بەشی دووهەم

ڕێک و ڕاست باسی دەکرد، شەرم و.. عەیب نەبێ،، بیلامانێ.. پەرژینێکی بە گوڵ و ڕیحانان بێ.. خەجاڵەتم.. داوای لێ بوردن دەکەم.. ئەو شتانە نەبوو هەرچی بەسەر زاریدا هاتبا دەیکووت و لە مەجلیسی پیاوە ماقوڵانیشدا بۆ خەڵکەکە تامی گێڕانەوەکە لەوەدا بوو کە ڕەسوڵ کراسی لەبەر قسەکانی نەدەکردو بە ڕووت و قووتی بڵاوی دەکردنەوە، بە نەزەری من یەکێک لەسەرکەووتنەکانی ڕەسوڵ نادری هەر ئەوە بوو، بۆخۆی باش خەڵکەکەی خۆی دەناسی و دەیزانی کەیفیان بە چی دێ ئەویش ڕاست ئەوەی بۆ باس دەکردن.. یەکێک لە بەیتە بەناو بانگەکانی ڕەسوڵ نادری بەیتی "پیرۆتە" کە بە قەولی کاک "فەتاح کاویان" بە ڕەحمەت بێ دەیکووت ڕەسوڵ نادری بۆ خۆی نازانێ چی گووتوە دەنا بەیتی پیرۆت گەورەترین بەیتی سیاسی بوو لەبەرامبەر حکوومەتی شاهەنشاهیدا. بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم پێم جوانترین بەیتە لە هونەرەکانی ڕەسوڵ نادریدا، هەروەها گۆرانیە هروژێنەکانی دەورانی شەڕی ٣ مانگەی خەڵکی کورد لەگەڵ حکومەتی ئیسلامی ئێران.. گۆرانی "بژی هێزی پێشمەرگە" کە ئەوکات و بۆ هەمیشە ناوبانگی دەرکرد و ڕەسوڵ نادری زیاتر پێ ناسرا.. یەکێک لە جوانیەکانی تری ڕەسوڵ نادری ئەوەیە هەر کورد بووەو هەر کوردیش مایەوەو سەری بۆ ماڵی دنیاو تەماعی دوژمنان دانەنەواندو قورس و قاییم لەگەڵ خەڵکەکەی خۆی خاوێن و سەربەرزانە مایەوە. سەری ڕێزو تەعزیم بۆ هەموو هونەرماندانی کورد دادەنەوێنم کە شەرافەت مەندانە مانەوەو سەریان بۆ دوژمنان دانەنەواند. پێم خۆشەو داوا لە نزیکانی کاک ڕەسوڵ دەکەم ئەم کورتە نوسراوەی من بۆ کاک ڕەسوڵ بخوێنەوە، ئەگەر کەموکوڕییەکی تێدابێ هەتا ڕاستی بکەمەوە،، چاوەکانی ماچ دەکەم و هیوای تەندروستیەکی باشی بۆدەکەم...

یادێک لە شەهید خالید پویا



مێژووی ئێمەی کورد لەسەر ئەم جیهانە پان و بەرینە، بۆتە ئەفسانەیەک، کەدۆست و دوژمن سەریان سوور دەمێنێ لە خۆڕاگری و بەرەنگاری درێژخایەن و کۆمەڵ کوژی و قەستی بڕانەوەی میللەتێک لە لایەن دوژمنانەوە. ئەمانە هەموو لە مێژووی کوردا ڕوی داوەو زۆربەی هەرە زۆری ئەم مێژووە بە دەستی کەسانی شارەزاو مێژوو نوسانی غەیرە کورد نوسراونەتەوە. هیچ ڕون نیە چەندە لە قازانج و بەرژەوەندی خۆیان بوە، سەرەڕای لێدەرکردنی قازانجی خۆیان دیسان مانّیان ئاوەدان بێ، کە زۆریان مایە بۆ داناوین و گەلی کوردیان بە میللەتێکی ئازاو ڕەشیدو میوان نەوازو سادەو پاک و بێ فڕوفێڵ ودڵ پاک، ناو هێناوە. بەڵام هەرگیز ئیشارەیان بە سیاسی بوون و لەگەڵ دوژمنەکانیان زیرەک و داناو زانا، باسێکیان لە گەورە پیاوان و سەرۆکەکان و خاوەن بڕیارەکان نەکردوە، چونکە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ سیاستوانانی ئێمە ناتوانن بە هونەری سیاسەت ملی ڕەکابەرە دوژمنەکەی بشکێنێ، کە ئەوە ئەسڵی سیاسەت کردنە، ڕەنگە لەکاتی وادا ڕوحمان بە دوژمنەکانماندا بێتەوەو پێمان گوناح بن. بەڵام کە تۆ نەتکرد ئەو ملت دەشکێنێ و ڕوحمیشت پێ ناکا.. سیاسەت ڕوحم و بەزەیی تێدا نیە. خۆزگە سیاسەت بە شێوازی کوردی بایە کەس دڵی لە کەس نەیەشاباو هیچ وڵاتێک خاکی ئەوی تری نەگرتبایە. دنیای بێ شەڕ، دنیای عیشق و سەفا بوایە. جێگای خۆیەتی باسی ژیانی تێکۆشەرو شۆڕشگێڕێک بکەم کە لە ڕیزی پێشمەرگە قارەمانەکانی حزبی دیموکراتی کوردستاندا دەستی دابووە خەبات و تێکۆشان، ئەویش "خالید پویا" بوو کە دڵسۆزانەو هونەرمەندانە خزمەتی بە گەل و وڵاتەکەی دەکرد خالید لە دایک بووی ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی بوو. لە گوندە جاوان و شەهیدەکەی "قارنێ" لە دایک بووەو چاوی بە دنیا هەڵێناوە. خالید دەورانی سەرەتایی لە گوندی قارنێ خوێندوە. هەر دوای ڕوخانی ڕژیمی پاشایەتی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران. ئەم ڕژیمە درندەیە هێرشیان کردە سەر ئەم

بەشی دووهەم

گوندە "قارنێ" لە ١١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی و دەستیان لە ژن و منداڵ و پیرو جەوان نەپاراست و مەغۆل ئاسا ٥٤ کەسی ئەم گوندەیان قەڵوعام کردن. بابی خالید بە ناوی برایم پویا لەناو ئەم شەهیدانەدا بوو. خالید دوای شەهید بوونی بابی ئەرک و پاراستنی بنەماڵەکەی کە پێک هاتبوون لە دوو خوشکی بە ناوەکانی سارا و پیرۆز هەروەها برایەکی چکۆڵەی بە ناوی سەلاح لەگەڵ دایکیان. دوای شەهید بوونی بابی بە بنەماڵەوە "قارنێ" بەجێدێڵن و ڕوو لە شاری مەهاباد دەکەن لەوێ نیشتەجێ دەبن. خالید هەم کار دەکاو هەم درێژە بە خوێندن دەداو دەورانی ناوەندی و دەبیرستان لە مەهاباد دەخوێنێ... خالید هەستێکی لە ڕادەبەدەری بە کوردو کوردستان و حزبی دیموکرات هەبوو بە تایبەتی بە شەهید "دکتور قاسملوو" کورێکی یەکجار زیرەک و بە هۆش بوو هەمیشە خەمخۆرو لە فکری چەوسانەوەی میللەتەکەی بوو لە لایەن دوژمنەوە. هەستی بەوە دەکرد کە کورد زوڵمی لێدەکرێ.. هەتا فرسەتی بۆ هەڵکەووت و هەرچۆنێک بوو خۆی گەیاندە ناو ڕیزی خەباتکارانی دیموکرات و لەوێ بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی و چەکی شەرەفی کردە شانی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکان و مافەکانی گەلەکەی. خالید لەگەڵ ئەوەی پێشمەرگە بوو خولیای هونەرو مۆسیقا بوو. لە کۆڕی هونەری حزبدا بەشداری دەکردو خۆی فێری ژەنینی ئامێری ساز کردبوو، لەگەڵ ئامێرەکانی دیکەی مۆسیقادا ئاشنایی پەیدا کردبوو بە ماوەیەکی کورت توانی بە ژەنینی ئامێری ساز لە جەژنەکان و بۆنەکانی حزبیدا بەشداری بکاو زۆریش سەرکەووتو بوو.. خالید تازە دەهات گوڵی دەکردو خۆی پێدەگەیاند تازە بناغەی پتەوکردنی هونەری لە خۆیادا بەهێز دەکرد لەگەڵ ئاوەڵانی لە کۆڕی هونەری دا، کە بەداخەوە ساڵی ١٩٩٤ بە هۆی نەخۆشی ئاپانتێزەوە دەیگەیەنە نەخۆشخانەی شاری هەولێر لەوێ نەشتەرگەری بۆ ئەنجام دەدەن بەڵام بە هۆی وەهۆش نەهاتنەوەی گیانی لە دەست دەداو دکتۆرەکان ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دابوو بەڵام بۆ هەمیشە چاوی لەسەر یەک داناو ماڵئاوایی لە هونەرو هەموو هاوڕێیانی و کەسوکارو گەلەکەی کردو بە ناکامی بەجێی هێشتین...


سوپاسی بەڕێز سەید سەمەد تاهیری دەکەم زەحمەتیان کێشاو هاوکاریان کردم کە هاوڕێی منداڵی و قوتابخانەی خالید بووە سوپاسی بەڕێزان مامۆستا جەعفەر مەنگوڕی و کاک هەمزە ئاگوشی دەکەم کە زۆریان هاوکاری کردم ... یادو یادگارەکانت هەمیشە زیندوو دەمێنەوە..

بۆ هەڵەبجە بۆ ئەنفال



بەهارو گوواڵ،، سرووشت و جوانی
هەڵمی زەوی،، بارانی ڕێژنە
بۆنی ئەنفال،، خوێن و کیمیا
گەیشتە ئاسمان
خوداشی گێژ کرد
نەهاتە خوار تا بزانێ
هەڵەبجەو کورد ئەنفال و کورد
کێ وای لێکرد
چەند بە ژانە.

بەبۆنەی ڕۆژی لە دایک بوونی کاک جەلیل




دیارە هەرچی باس لە کاک جەلیل بکەین هەموو نیشانەی خۆشەویستی و دڵپاکی و دڵسۆزی ئەم پیاوە مەزنەی کوردە... هاوینی ساڵی ١٩٩٢ی میلادی بوو، کاک جەلیل سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بوو منیش کادری دەبیرخانە بووم، لە خزمەت کاک جەلیلدا بووم. کار کردن لەگەڵ کاک جەلیل خۆش بوو، بەڵام زۆری کار بەسەردادابوم و زۆریش ماندوو دەبووم. وابوو کاک جەلیل دەبوو سەفەری دەرەوەی وڵات بکات، جارێ بێجگە لە کۆمیتەی ناوەندی کەس نەیزانیبوو بەڵام بە منی کووت کە سەفەری دەرەوەم هەیەو دەبێ ئەم کاروبارەی دەبیرخانەت تەحویل بدەم و هەندێک کلیل و هەندێک پەروەندەی تایبەت و زۆر شتومەکی کە پەیوەندی هەبوو بەکاری ڕۆژانەی دەبیرخانەوە، هەرچی هەبوو هەمووی دامێ. هەتا ئەو ڕۆژەی کە ڕۆشت و بەڕێمان دەکرد هەموومانی ماچ کردو گەیشتە من کووتی شۆڕش گیان ئاگات لە دەبیرخانە بێ و خۆ هیچم لە بیر نەچووە بتدەمێ ، کووتم نەوەڵا کاک جەلیل.. کەمێک ڕاوەستا کووتی وەرە بە سرتە پێی کووتم چەند مریشکمان هەیە؟؟ کووتم پێم وابێ چوار دانەی زیندوومان هەیە. کووتی زۆر باشە مامە گیان دەڵێم ئەگەر زۆر زەرور نەبوون هێندە خەرجی زیادی مەکەن، مەگەر میوانتان هەبێ. کووتم بە چاوان ڕایان دەگرم... ماڵئاوایی کردو ڕۆی ماوەی چەند مانگێکی پێ چوو لە دەرەوەی وڵات. ڕۆژێک خەبەریان دایێ کاک جەلیل گەڕاوەتەوەو لە بەغدایە سبەینێ دەگاتەوە دۆڵێ هەموومان ڕاوەستابوین بۆ بەخێرهێنانەوەی کاک جەلیل، ماشێنەکان گەیشتنە دەبیرخانەو دابەزی و یەک بەیەک ماچمان دەکرد. ئەمن و بە ڕەحمەت بێ کاک فەتاح کاویان لە کن یەک ڕاوەستابووین کاک فەتاحی ماچ کرد. دیارە کاک جەلیل هەمیشە شەش ماچی دەکرد دوایە پێیان کەمکردەوە پێیان کردە چوار ماچ. کە گەیشتە من

بەشی دووهەم

کووتی شۆڕش گیان بیرم کردبووی یەکترمان ماچ دەکرد لە نێوان ماچەکاندا کووتی بە ڕاست مریشکەکان ماون؟؟ بەڵێ ماون کاک جەلیل هەرچەندە خەریک بوو بیخۆن کووتی حەتمەن کاک نەبی بووە؟ ئەڕێوەڵا ڕاست بۆ خۆی بوو لەو قسانەدا بووین کاک فەتاح هاواری کرد کاک جەلیل ئەو کوڕەی بەردە ئەوە بیست ماچت زیاتر کرد.. خۆ حەزی لێناکەی؟ کاک جەلیل پێکەنین گووتی ماڵت نەشێوێ کاک فەتاح نایەڵێ دوو قسە بکەین...

یادێکی کورت لەم دوو شەهیدە نەمرە...



کامران شافعی: لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی شاری مەهاباد لە دایک بووە.. پێشمەرگەیەکی ئازاو دلێرو گیان لەسەر دەست بوو. خۆشەویستی هاوسەنگەرانی بوو، زۆر زوو لە تەمەنی خۆیدا هات بۆ پێشمەرگایەتی و خزمەت بە گەلی چەوساوەی کورد.. باوڕێکی زۆری بە سەرکەووتن و دوا ڕۆژێکی پرشنگدارو کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆ هەبوو.. کامڕانم زۆر خۆشدەویست. هێنابومە دەبیرخانە لای خۆم. تازەی زەماوەند کردبوو. بەیانی هاتە دەبیرخانە. کوتی ئیجازەم بدە دەچمە ڕانیە. کوتم ناکرێ ئەورۆ نەچی. بە شۆخی کوتی. دەستورە. حەتمەن دەبێ بچم. زوو حاڵی بووم. کوتم. مادام دەستوورە بڕۆ. هەر ئەو ڕۆشتنە بوو کە ڕۆی. دواتر تەنها تەرمەکەییم دیتەوە. ڕۆحت شاد بێت کامڕان. گیان.. یادو یادگارەکانت هەمیشە زیندوو دەمێنێتەوە...

حسین ڕەمەزانی ناسراو بە "دکتۆر حسین" لە دایک بووی مەهابادو لە بنەماڵەیەکی هەژاردا گەورە ببوو، لە ساڵی ١٣٦٠ وە دەمناسی پێشمەرگەی لکی١ ی شەهید کاک شوان بوو لە هێزی پێشەوا، کورێکی گوێڕایەڵ، نەترس و ئازا بە دیسپلین و بە ئەدەب و هێواش و لەسەرەخۆ بوو، کادرێکی دەرمانی باش بوو ئەزموونی زۆر کۆکردبۆوە لەسەرکاری دەرمانی.. زۆر پێشمەرگە لەبەر دەستی حسین دا لەکاتی گەرمەی شەڕدا دەرمان کراوەو ژیانی بۆ گەڕاوەتەوە، زۆر خۆشەویست بوو لە لای پێشمەرگەکان و خەڵکی ناوچە، من لە شاری "زاخۆ" بووم لە باشووری کوردستان نیازی چوونم هەبوو بۆ "تورکیا" هەواڵی بۆ ناردم کە دێم بۆ زاخۆ، هات و هەندێک کەسی دیبوو کە بە قاچاغی بیانبەن بۆ شاری "سڵۆپی" لە تورکیا، هات

بەشی دووهەم

زۆری بە من کووت وەرە بـا بـرۆین لەگەڵ ئـێمە وەرە، لە رێگـا هاوکاریت دەکەیـن منـداڵەکانت بـۆ هەڵـدەگرین و ئـاگـاداریـت لێـدەکەیـن.. مـن نەچـووم لەگەڵـیـان لەبەر منـداڵەکان نەمدەویسـت بە قـاچـاغی و بە ناشـارەزایی ئەم رێگـایە ببـڕم.. مانـئـاواییمان کرد قەرار بـوو ئەو کەسـەی دەیبـردن، هەر کە بە سـەلامەتی گەیشتنـــە جێگـای مەبەسـت، ئـاگـادارم بکـاتـەوە، دکتۆر حسین هەر ئەو ڕۆشتنە بوو کە ڕۆی و نە گەیشتە ئەوێ و جارێکی تـر نەمدیتمەوە، شـەو لە کەمینـی تـورک کەووتبـون و هەمووبـان تێدا چوون، ئەگەر لەگەڵـیـان ڕۆشتبام کەس نەبوو ئێستا ئەم چەند دێڕەی بۆ نوسیبان..

ڕۆحت شاد بێ هاوڕێی ڕۆژە سەختەکان،، یادو یادگارەکانت هەر زیندوو بن...

یادێک لەم ٣ مامۆستا شۆڕشگێڕە



زۆر سەختە باسی کەسانێک نەکەی.. کە هەمیشە لە دڵدا وەک ئاوێنەی باشترین کەسەکانن. کە لە ژیاندا لەگەڵیان بوی، ئەم سێ شۆڕشگێڕە، کە بۆ هەموو کادرو پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات ئاشنان و وەک مامۆستایانی شۆڕش و هەروەها پێشمەرگەی سەنگەرو ئامادە بۆ هەموو گیانفیداییەک لە ڕێگای ڕزگاری و ئازادی نیشتمانەکەیاندا

لە لای ڕاستەوە.

١- مامۆستا عەزیز ڕەمەزانی.

٢- مامۆستا سەدیق حامیدی..

٣- مامۆستا عەبدوڵا محمد پوور..

٤- مامۆستا براییم..

مامۆستا عەوڵا ئەحمەدی.. حوسین ڕەمەزانی.. محمد موعەزیزی.. محمد ئەحمەدیا.. گەڵاوێژ قادری.. عەبدوڵا جیهانئارا. مامۆستا نزار.. مامۆستا عوسمان.. مامۆستا گوڵچین.. مامۆستا بەهرە.. وەهاب یوسفی.. مامۆستا بێبەش.. نعمەت تەوارە.. حسین ڕەحمانی سەرۆکی مامۆستاکان مامۆستا جەعفەر مەنگوری،، عوسمان محمد ئەمینی..

بەشی دووهەم

هەر ئەوەندەم لە بیرە هەر کەس ئەوانی تری لە بیر ماوە بۆم بنێرێ هەتا بیانووسم لێرەدا... هەر سێکیان. لەگەڵ هەموو مامۆستاکانی تر... بە ئەدەب ترین.. بە دیسپلین ترین.. خوڕاگرترین.. دڵسۆزترین.. بەوەفاترین.. شۆڕشگێڕترین.. لە هەمووی گرنگتر.. مامۆستاو فێرهێنەری هەموو منداڵەکانی ناو حزب و هەموو ئەوشوێنانەی کە حزبی لێ بووبێ منداڵەکانی ئەو ناوچانە لە باشوور. فێری کوردی نووسین و سەوادی کوردی کراون.، لە کاتی کە ناوچە لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوو. سەرتاسەری کوردستان لە رێگای ئەم مامۆستا شۆڕشگێڕانەوە بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە قوتابخانەکانی کوردستان، بێ ڕاوەستان و بێ گوێدان بە هێرشەکانی یەک لەدوای یەکی دوژمن بۆ سەر ناوچە ئازادەکان. دەرسی خۆیان دەکووتەوەو بۆ یەک ڕۆژیش دەستیان لەم کارە پیرۆزەهەڵنەگرت.. سەرەڕای کارو پیشەو ماندووبوونی خۆیان لەم بوارەدا، هەر کاتێکیش پێشمەرگەکان پێویستیان بە یارمەتی ئەم مامۆستایانە بووبێ بێ ڕاوەستان و دوو دڵی هاوکاری برا پێشمەرگەکانیان کردون و، شەوانە لە شاخ و لە کەمیندا ماونەتەوە بە سەرماو بە بەفروباران و دەیان کێشەی تر .. هەروەها بەشداری چالاکانەیان لە شەڕەکان شان بە شانی پێشمەرگەکان، لەم بارەوە زۆرن ئەو شەهیدانەی مامۆستا بوون و لە سەنگەری شەرەف و کوردایەتیدا سەربەرزانە شەهید بوون. کە کارێکی زۆر سەخت بوو . کە بە قوتابیەکانیان بڵێی مامۆستاکەتان شەهید بوو.. چونکە مامۆستاکان ئەوەندە لەگەڵ قوتابییەکان نزیک بوون و تێکەڵاو بوون.. وەک برا گەورە چاویان لە مامۆستاکانیان دەکرد. سۆزو خۆشەویستی ئەم مامۆستاو قوتابییانە ئەوەندە بەهێز بوو کە منداڵەکانی تۆشی شۆک دەکرد.. زۆرن ئەو منداڵانەی ئێستا لە دانیشگاکانی ناوخۆو ولاتانی ئەروپایی دەرس دەخوێنن. یا ئێستا کاربەدەست و فەرمان ڕەواو مودیرو مامۆستاو هەمەکارەی ولاتن. ڕۆژانێک ئەم مامۆستایانە دەرسی شیرینی کوردی و هەموو دەرسەکانی تریان پێ گووتون و کوردانەو شۆڕشگێڕانە پەروەردەیان کردوون.. یەکێک لەو کەسانەی کە بەرپرسی کۆڕی پەروەردەی سەرتاسەری بوو. "مامۆستا جەعفەر مەنگوڕی" کە هەمیشە دەتوانم بڵێم دەوری سەرەکی گێڕاوە لە کۆڕی پەروەردەدا لەم بوارەدا. ڕێزی لێ دەگرم و لە کاتێکی تردا بە نۆرەی خۆی باسێکی تەواوتان بۆ دەکەم لە سەر ژیان و تێکۆشانی لەم ڕێگا پیرۆزەدا.. سڵاو لە هەموو مامۆستایانی دەورانی شاخ و شۆڕش و حەماسە کە بەوپەڕی ئازایەتیەوە لە کوردستان هەتا دوا سەتەکانی مومکین بوونی مانەوەیان لە گوندو شارۆچکەکانی کوردستان بەردەوام بوون...

ڕۆژهەڵات خاوەنی خۆی هەیە



ڕۆژهەڵات وەکوو هیچ کام لە پارچەکانی تری کوردستان ناچێ. فەرهەنگەکانی هەر چوار پارچەکانی کوردستان جیاوازیان هەیە. چاک یان خراپ هەردووکیان ناوچاوانی کورد بەگشتی دەگرێتەوە. من لێرەدا مەبەستم نیە باسی چاک و خراپەکان بکەم. تەنیا مەبەستم ئەوەیە وەبیر کەسانێک بێنمەوە، کە خەیاڵیان لێ بۆتە ڕاستی و لەبەرامبەر ڕەگباری بێ پسانەوەی تەبلیغاتی دوژمناندا تەسلیم بوون و باوەڕیان پێی هێناوە. هیچ عەقڵ وهیچ ویژدانێک و هیچ فەلسەفەیەک ناتوانێ ڕێگا بدات، کە کەسانێکی ترلەجیاتی تۆ بیر بکەنەوەو بڕیار لە چارەنووسی میللەتێک بدەن. ئەویش بە حیللەو فێڵ و بەرنامەسازی دوژمنێکی هەمیشەیی کورد وەکوو ڕژیمی کۆماری پەت و سێدارە!! ڕۆژهەڵات نە باکوورەونە باشوور و نە ڕۆژئاوا. بەڵکوو جێگا پیرۆزو موقدەسەکەی (کۆماری کوردستان) ە لەمەهاباد. جا لێرەدا پێویستە کەسانی نەفام و کاڵفام بزانن کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتیەکان زۆر زۆر لەوە ئاگاترو هوشیارترن کە ئەوان بیری لێدەکەنەوە. بۆیە پێویستە بەهیچ شێوەیەک دەست نەخەنە ناو کاروباری ڕۆژهەڵاتەوە!!! ئێمە ئامانجی سەرەکی و ستراتیژیمان نەتەوەیەکی کورد بەگشتی لەهەر چوار پارچەکەی کوردستانە. دواڕۆژی کورد وا دەبینینین کە هەموو کورد پێویستی بە یەک کوردستان وبە یەک ڕێبەری و بە یەک جوگرافیا هەیە. بۆیە پێویستە ئێمەی کورد لە یەکتر تێبگەین و بزانین، من وەکوو ڕۆژهەڵاتی ناتوانم لە باکورو باشوور و ڕۆژئاوا دڵسۆزتربم بۆ ئێوە. ئێوەش ناتوانن لەمن دڵسۆزتر بن بۆ ڕۆژهەڵات. ئەگەروایە باجاری هەر یەکەمان لە فکری خاک وخەڵکی خۆماندا بین.

سێ برای شەهید: گیگن، قادر، کەماڵ...



لە کوردستان زۆرن ئەو بنەماڵانەی چەندین شەهیدیان هەیە، لە ڕێگای وەدەست هێنانی ئازادی و خویی بوون لە کوردستاندا. کەم نین ئەو بنەماڵانەی چەندین کوڕیان کردۆتە پێشمەرگەی سەنگەر بۆ پاراستنی کوردو کوردستان. وەک خۆم سەری ڕێزو نەوازش دادەنەوێنم بۆ ئەم بنەماڵە بەڕێزو پڕ لە شانازی و جێگای خۆیان لە ناو دڵی میللەت و کۆمەڵگای کوردەواریدا کردۆتەوە. ئەمجارە یادی سێ قارەمانی حزبی دیموکراتی کوردستان و پێشمەرگەی خەڵک و بۆ خەڵک ژیان و هر بۆ خەڵکیش مردن. لە بنەماڵەیەکی ناسراوی خەڵکی شاری "مەهاباد" هەرسێکیان کوڕی "هاشم عەلیزادە" ناسراو بە "هاشم کەچەڵ" هەر بە بنەماڵە پێشمەرگە بوون و لە خزمەت گەل و نیشتماندا بوون. لە ساڵەکانی سەرەتای شەستەکان هەموویان پێشمەرگە بوون. "کەماڵ و قادر" هەردوکیان شانازی ئەوەیان درابویە لە پەلی "شاهۆ" پێشمەرگە بن و خزمەت بە خەڵکەکەیان بکەن. بۆیە هەر لە پەلی شاهۆدا خۆیان دیتەوە بەڵێنیان دا، هەرچی لە دەستیان بێ بۆ خزمەت بە حزب و گەل و نیشتمان دریغی نەکەن و باشترین هاوسەنگەرو دڵسۆزو قارەمان بن بۆ هاوسەنگەرەکانیان. ئەمە پەیمانێک و بەڵێنیەک بوو هەمومان بە یەکترمان دابوو. چونکە ئەم پەلە لە پێشمەرگەکانی لکی یەکی هێزی پێشەوا، زۆرترین و گەورەترین عەمەلیاتیان ئەنجام دەدا لە هەموو ناوچەی شارۆچران و هەردوو جادەی سەرەکی، مەمابات بۆ ورمێ و مەهاباد بۆ میاندواو. هەروەها شەڕەکانی ناو شاری مەهاباد. "کەماڵ" کە تازە ژیانی هاوبەشی پێک هێنابوو ماڵێکی سادەو ساکاری لە گوندی "قوم قەڵای" ناوچەی شارۆچران دانابوو. زۆر جارانیش ئەو گوندە هێرشی دوژمنی کرابووە سەر و هەموو جارێک بە

بەشی دووهەم

دانی چەندین کوشتەو بریندار هەڵاتون. ڕۆژێک لە سەرەتای مانگی بەهاری ساڵی ١٣٦١ بەرامبەر بە ٢٤ - ٣ - ١٩٨٣ دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە هێرش دەکەنە سەر گوندی "قومقەڵا" لە کاتێکدا لە چەند پێشمەرگەیەک زیاتر لەوێ نابن. بۆیە بڕیار دەدەن هەتا دوا دڵۆپی خوێن و هەتا دوا هەناسەیان سەنگەر چۆل نەکەن... دوای شەڕێکی چەندین کاتژمێری دوژمن ناچار دەکەن پاشەکشە بکەن. هەروەها کەلاکێکی زۆر لە پاسداران لە مەیدانی شەڕەکە بەجێدەمێنێ. دەستکەوتیان هێندە زۆر بوو. هەر لەوێ دایاندەنێن و دەکەونە سەر دوژمن. پاشان دوژمن بە هێزێکی گەورەترو تازە نەفەسەوە لەگەڵ هەموو ئاغا جاشە مەنگوڕەکان و پاسدارو بەسیج. هێرش دەکەن. ئەمجارەش زۆر باشیان لێدەدەن. لە کاتی سەنگەر گواستنەوەدا لە "جەعفەری گوشواڕە" دەدەن کە فەرماندەری لکی یەکی کاک شوان بوو. "یوسف گوشواڕە" کە بڕا گەورەی "جەعفەر گوشواڕە" بوو ئەویش سەرپەل بوو خۆی دەگەیەنێتە سەر جەنازەی بڕاکەی. لەوکاتەدا لەویش دەدەن، ئەویش هەر لەوێ شەهید دەبێ " کەماڵ عەلیزادە" ش هەر لەوێ شەهید دەبێ. جەنازەی پیاوانەی هەرسێکیان دەکەونە دەستی دوژمن، لە ناو شاردا دەیانگێڕن و لە دەوروبەری پادگانی مەهاباد دەیانێژن. "قادر عەلیزادە" برا ناونجی یان بوو. ئەویش لە شەڕی دەستەویەخەی "قاوەخانەی حاجی حوسین" لە نێوان جادەی مەهاباد بۆ ورمێ لە نزیک بە سێڕای نەغەدە. شەهید بوو لەگەڵ شەش پێشمەرگەی تر. کە لە یادەکانی داهاتودا بە درێژی باسی ئەو شەڕە دەکەم. هەروەها بڕا چکۆڵە بە نازناوی "گیگن" هەستەیەکی هوشیارو بە غیرەت و شارەزاو جێگای باوەڕ بوو. زۆری خزمەت بە پێشمەرگەکان کرد. لە هەموو بوارەکاندا. هەرچی پێمان ئەسپاردباو ویستبامان بە زووترین کات و بە باشترین شێوە بۆی جێبەجێ دەکردین. "گیگن" زۆری داوا لێدەکردین بێتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکان و بە ئاشکرا چەکی شەرەف و تۆڵە لە شان بکاو، تۆڵەی براکانی و هەموو شەهیدان بکاتەوە. بەڵام ئەو کارانەی ئەو لە ناو شار ئەنجامی دەدان زۆر لە چەک هەڵگرتن گرنگ تر بوو. بە داخەوە "گیگن" لە لایەن جاشەکان و ئیتلاعاتی سوپاوە دەگیرێ و دوای ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر دوژمن نەیتوانی هیچ نهێنییەک لە "گیگن" ئاشکرا بکات. بۆیە سەرئەنجام ئیعدامی دەکەن. ئەمانە هەموو مێژووی بەرخودان و قارەمانیەتی و خۆڕاگری و شەڕی چەکدارانەی کوردەکانی گەلی کورده لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. مێژووی "حزبی دیموکراتی کوردستان" ە لاوەکانمان پێویستە ئاوڕێکی بە دیقەتەوە بدەن لە ڕابردووی قارەمانەکانی گەل.. لەم ئەزمونە سوود وەرگرن بۆ داهاتووی خۆتان. بزانن کوڕانی پێش ئێوە چۆن گیانی خۆین کردە پردەباز بۆ پەڕینەوەی ئێوە. لە هەموو کەندو کۆسپەکان... نابێ هەرگیز لە بیریان بکەن، بەڵکوو پێویستە ڕێگایان درێژە بدەن و سەنگەرەکانیان ئاوەدان بکەنەوەو چەکەکانیان لە شان بکەنەوە. درێژە بە ڕێگای پیرۆزیان بدەن. هەرچی لەدەستان دێ بە دژی ئەو ڕژیمە دڕندەو کورد کوژە بیکەن و کوردستانیان لێبکەنە جەهەنەم و مەهێڵن لە کوردستان هەست بە ئەمنیەت بکەن و بە هەر شێوەیەک بۆتان دەکرێ لێیان دەن و بیانکوژن. هەزاران سڵاو لە خوێنی پاک و ڕۆحی ئەم شەهیدانەو هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و ئازادی بۆ کوردستان.

پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل...

چوار شەهیدی قارەمانی ناو سەنگەرو، سەر شانۆ



ئەم وێنەیە زۆر سەرنجی ڕاکێشام... ساڵی ١٣٧٢ بوو ئەم شانۆگەریە بە ناوی کاوەی ئاسنگەر لە نووسینی مامۆستا شێرکۆ بێکەس و لە ئامادە کردن و دەرهێنانی کاک هاشم ڕۆستەمی ئەالحەق وەکوو قەدیمیان دەیانکووت، شانۆگەریەکی سەرکەوتوو بوو، یەکێک لەو شاکارانەی کۆڕی هونەری حزبی دیموکرات بوو. هەروەها شانۆی چرۆی وەریو لە نووسین و دەرهێنانی مامۆستا بێبەش لە ڕانیەو هەولێرو سلیمانی نمایش کران و لەگەڵ جەماوەرێکی زۆری ڕۆشنبیرو لە هەموو تۆژەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە باشوور ڕووبەڕوو بون و بۆ ماوەیەکی چەندین ڕۆژە پێشکەش کرا بە ئەندازەیەک خەڵک لێی ڕازی بوون. هەرگیز هیچ شانۆیەک ئەوەندە بینەری نەبووە. کە بۆخۆم هەموو شانۆکانم فیلمبەرداری کردووە. لەم وێنەیەدا، چوار شەهیدی تێدایە.

لە ڕاستەوە شەهیدان؛


١- شەهید سولەیمان سولەیمانپور
٢- شەهید کامران شافعی
٣- شەهید کامران شێخولئیسلامی
٤- شەهید مەنسوور عەبدالّی ئەوانی تر بە خۆشیوە لە ژیاندا ماون. دەکرێ بڵێم ئەم چوار شەهیدە. هەم لە مەیدانی هونەرو شانۆگەریدا قارەمان بوون و بێ وێنە، هەم لە پێشمەرگایەتیدا گیان لەسەر دەست و گینفیداو قارەمان بوون. لەم

بەشی دووهەم

شانۆیەدا چۆن وەکوو شێر بەسەر "زۆحاکی" ی خوێن مژدا دەگورێنن و سەری پان دەکەنەوە. لە مەیدانی بە کردارو پێشمەرگایەتیشدا بە هەمان شێوە بەسەر دوژمندا دەیانگوڕاندو، وەکوو "زۆحاک" سەریان پان دەکردنەوە. نازانم فەلسەفەی ئەوە چیە کاتێک لاوەکانمان دێنە ڕیزی پێشمەرگایەتی. جودا لە کاروباری سیاسی و پێشمەرگایەتی لە هەموو بوارەکانی تردا، هونەری،،، دەرمانی... بەنایی.. کاری ئەلکترۆنی.. هەر کارو یشەیەک زۆر زوو تێیدا شارەزا دەبن و بێ ئەوەی لە هیچ دانشگایەک دەرسیانخوێندبێ. زۆر وەستایانە و شارەزایانە کاری تێدا دەکەن. ڕۆحتان شادبێ قارەمانەکانی ڕێگای ڕزگاری و ئازادی، ئێوە ئەوەندە بەرزن وەکوو ئاسمان وان لە هەر شوێنێکی کوردستان سەر بەرز کەین دەتانبینین. بوون بە گەورەترین شانازی میللەتێک، بە ئارامی بنوون هەتا ڕۆژێک. کوردستان ئازاد دەبێ و ئەوکات بە شانازییەوە لە باوەش و دڵی گەرمی خەڵکدا جێگایان بۆ داناون.

ڕۆحتان شاد و ڕێگاتان پڕ ڕێبوار بێ...

ڕۆحت شاد کاک نەبی قادری



ئەوکات ئەمن کادری دەبیرخانە بووم،، کە کاک "نەبی" مان بەڕێکرد بۆ دەرەوەی وڵات.. هەرچەندە کاک نەبی هیچ ئاسەوارێکی نەخۆشی پێوە دیار نەبوو. وەک هەمیشە لەسەر حاڵ و شێک پۆش و، بە هەیکەل و باڵابەرز. تورت و بەهێز. دەم بە پێکەنین و قسە خۆش، بڕوایەکی زۆری بە خۆی هەبوو. هەموو شێوە کەلتورو فەرهەنگ و ئەدەبیاتێکی کوردەواری خۆمانی لە شێوەی هەڵسوکووت و گوفتارو سەرو سیمای خۆی دا دەنواندو کوردێکی عەیار بیست و چوارو ساغ و ساف و سادە بوو لەگەڵ هەموو کوردێکی بە شەرەف. لەگەڵ دوژمنیش. سەخت و قاییم بوو وەکوو "قەندیل" و "هەڵگورد". بیست و یەک ساڵ لەوە پێش لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ. کاک نەبێ دوا هەناسەکانی ژیانی دەکێشا. بە شاهیدی هاوڕێیانی لە نەخۆشخانە، هەتا دوایین هەناسەو دوایین تەپەی لێدانی دڵە گەورەکەی. لە جیاتی هەموو وەسیەتێک. تەنها سرودی نەتەوایەتی دوژمن شکێنی "ئەی ڕەقیب" ی دەخوێند. زیندوە قەت نانەوێ ئالاکەمان ئاخرین ڕستە بوو کە بۆ هەتا هەتایە لە گەرووی شێرانەیدا مایەوەو لەگەڵ چاوە پڕ لە هیواو ئاواتەکانی بە بزەیەکی شۆڕشگێڕانە ماڵئاوایی لە هەموو کادرو پێشمەرگەو سەرتاسەری خەڵکی بە شەرەفی کوردستان کرد... ڕۆحت شادو ڕێگات هەر بەردەوامە... دیسان سەرەخۆشی لە هەموو خەڵکی کوردستان و هاوڕێیانی و بنەماڵەی بەڕێزیان دەکەم...

ئەم قاتلانە بە کوشتاری خەڵکی کوردستان بونە فەرماندەر، ڕێبەر...



ئەم شەمشەمە کوێرانەی دەورانی یەکەمی شکۆی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران. لە سادەیی و لە کەم زەینی خەڵک و شۆڕشگێڕان. بە ناوی ئیسلام و گوایا ئەمانە پیاوانی ئاینی و بێ لایەن و حەقخوازن. لە هەموو شوێنێک وەکوو کەسانی ساڵح و پاک، پرس و ڕایان پێدەکردن و. دەیانکووت نەبادا لە باری شەرعیەوە. ئەو کارانەی دەیکەن خێر بێ یا گوناح. هەر ئەوەندە، بەڵام ئەم ڕوودارانە وردە وردە خۆیان تێکەڵ بە کاری سیاسی و هەتا شۆڕشگێڕیش کرد. ئەم خەڵکە بێ ئەزموون و سادەیەش، بە دڵێکی پڕ لە هیواوە باوەڕیان بەم قشرە بێ وێژدان و موفتە خۆرەی ناو کۆمەڵگا کردو فریوی فێڵی مەلایانیان خوارد. ئەوانیش بە سوو ئیستفادە لە سادەیی خەڵک وەک پیشەی هەمیشەییان سواری پشتی خەڵک بوون و بۆ هەمیشە و هەتا ئێستاش دانەبەزیون. ئەم موفتەخۆرانە پێویستیان بە پەیدا کردنی "ئیعتبار" بوون بۆ گەوجاندنی خەڵک. شانسێک ڕووی تێکردبوون. نەیاندەویست بە هیچ قیمەتێک دەست لەو شانسە هەڵگرن. "خومەینی" و بیروباوەڕە کۆن و ئیکسپایەرەکەی. بۆ جێگرەوەیەک لە جیاتی شاە. ئەوکات زۆر موهیم بوو بۆ خەڵک کە هەر شاە بڕوات کێ دێتە جێگای موهیم نیە. سوودی خراپیان وەرگرت زۆر زیرەکانە هاتن شەخسی "خمەینی" یان کردە قارەمان و هێنایان لە جێگای "شاە" دایاننا... لەو ڕۆژەوە ئیتر شۆڕشی گەلانی ئێران بە ئاشکرا "دزرا" و قودرەتی خەڵکیان هێنا دودەستەکی تەحویلی خومەینی

بـێ سـەوادیان دا. و سەرنەوشـتی خۆیـان دایە دەسـت ئەم چەنـد مەلا موفتەخـۆرەی کۆمەڵگـا... ئەوانـیش هەرچـی پێغەمبەرەکەیـان وەک ئیسلامی ڕاستەقینە. هێنایـان ڕاست و دروست پیادەیـان کـرد... من دەڵـێم. "خـومەینی" ئیسلامێکی ڕاستەقینە بوو. هەرچی لە قورئان و شەرعی ئیسلامدا هـاتتبوو. وەک خۆی مـوو بە مـوو ئیجـرای کـرد.. چـونکە ئیسـلام ئەوە بوو کە خومەینی کردی.. هەرکەس بڵـێ خـومەینی بـۆ وایکـرد؟؟ لە ئیشـتبایدایە. چـونکە ئیسـلام ئەوەیە کە خـومەینی لەسـەر ئێمەی کوردو موخالفینی خۆی کردی و نیشانی دا.. ئەم فەرما ندانەی کە لەم وێنەیەدا دەیبینن. هەندێک لە فەرماندەرانی دەرەجە یەکی کۆماری ئیسلامی و هەروەها وێنەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیە. کە بـۆ خـۆی دەبـوو سـەدو یەک کەس بە دەسـتی خۆی لە کافران بکوژێ جا دەتوانێ ببێتە " ئەمیر" یـا "ڕەهبەر" چونکە ئەمە شەرتی ئیسلامە کاتێک کەسێک دەیەوێ ببێتە سەرۆک یـا ئەمیـر یـا فەرماندەیەکی گەورە لە ئیسلامدا دەبـێ بە دەستی خـۆێ لانی کەم سـەد کەسی لە دوژمنـانی ئیسـلام سەربڕیبێ یا کوشتبێ جا دەتوانێ بگاتە ئەم مەقامە.. ئێستا ڕێبەری کۆماری ئیسلامی واتە "خـامەنەیی" سـەد کەسی زیـاتر بە دەستی خۆی کوشتوە. جا توانیویەتی بگاتە بەرپرس و پاشان سەرۆک کۆمارو.. لە ئەنجامدا ڕێبەری کۆمـاری ئیسلامی و ئیمامی سیزدەهومی شیعەیان... ئێستا پرسیار ئەوەیە ئەو کەسانە کێن کە ئەوەندە کافرن هەتـا بیـانکوژن. تـا بتـوانن دوای ڕژاندنی خوێنی ئەو کـافرانە. ئەم مەلایـانە بتـوانن ببـنە سـەرۆک و فەرماندەو ڕێبەری کۆمـاری ئیسلامی؟؟؟ ئەوکـات تەنهـا میللەتێک بەرە نگاری زوڵمی ئاینی و پیادەکردنی حکمی ئیسلامی شیعەو هەموو مەزهەبەکانی تر بۆوە. میللەتی کورد بوو بە ڕێبەرایەتی حزبی دیموراتی کوردستان. ئێمە سوور دەمانزانی حکوومەتی تـازە بە دەسەڵات گەیشتوو، خەریکی کرینـی کـاتە. بۆ ئەوەی خەڵکی وە زاڵە هاتووی کوردستان ڕابگرێ. بێ خەبەر لەوەی هەموو ئەوانەی ڕژیم دڵی پـێ خـۆش کردبـوون، وەک بڵقی سەر ئاو پوچانەوە شەهیدانی ڕێگای قسمللو شەرەف کەندی. نەیانهێشت ئەم نهێنیانە دەست نەیاران کەون. بۆیە دەڵێم پێشمەرگە واتە پێشمەرگەی دیموکرات... من لێرە بە پێویستی دەزانم سوپاس و ڕێز بنێرم بۆ هەموو پێشمەرگەکانی حزب و گەل. کە لەکات و وەختی خۆیدا دەستی باشیان لەم کۆنەپەرستانە وەشـاندوو. لمبـۆزی زۆر لە پێشی دوژمنیـان شکاند لەم دەورانانەدا. تەنها کورد و مجاهدین بوون کە لە مەیداندا مانەوەو. کورد وەک خۆی داوای حەقـی خـوراوو چـارە نووسـی خـۆی دەکرد.. دوای گفتوگۆیەکی دورودرێژ. حکوومە و حزبی دیموکرات. نەیانتوانی بگەنە هیچ کـوێ، چـوکە ڕوون بـوو کە کۆمـاری ئیسلامی نـاتوانێ دەستکاری حـوکمی قورئـان بکـات. تـا سـەرئەنجام "خـومەینی" دەستووری "جهـادی" بـۆ سـەر کوردسـتان ڕاگەیاندوو ڕشتنی خوێی میللەتی کوردی حەڵاڵ کرد. چارە چیە؟؟ کـورد دەبـوو دیفـاع لە خـۆی و خـاک و شەرەف و ناموسی بکات. شەڕ دەستی پێکرد... دوژمن بە هەموو لایەکدا هێرشی هێنـایە سـەر کوردسـتان. ئەمـانەی کە دەیـانبینن. سـەردارانی سوپاو بەیتی ڕێبەرین لە کوردستان خەریکی دارشتنی پیلانن بـۆ کوشتنی خڵکی بـێ گونـاهی کوردسـتان. "موحسن ڕەزایی و ئیمام خامەنەیی" ن لەگەڵ پۆلێک لە سەردرانی سـوپاو. فەرماندەرانی جاشە چڵکاو خۆرەکـان. ڕێبەری فەرزانە.. تـو گـۆڕی ئیمامی پێشووت. چەند کەسی بێ گوناحت کوشت لە کوردستان؟ جەنـد جـار لەگەڵ پێشمەرگە دەرگیـر بـووی؟ چەنـد جـار لە

بەشی دووهەم

لایەن پێشمەرگەوە دەورەت گیرا؟؟؟ چەند جار گوللەی پێشمەرگە بە خێرایی بەبن گوێدا خوشی؟ چەند جار گوللەی پێشمەرگە کلاوی سەرتی هەڵگرتوە؟ چەند جار پێشمەرگە وەسیەتیان پێ کردوی؟ جارێک پێشمەرگەیەکت دی تەسلیمت بێ؟ پێشمەرگەیەکت دی سەنگەرەکەی چۆل کات.. بۆ جارێکیش بێ پێشمەرگەیەکت دی سەنگەرەکەی چۆل کات و هەڵێ؟ منداڵێکی برسی و ڕوت و ڕەجاڵی کوردت دی داوای نانێکت لێ بکات؟؟ بێجگە لە جاشە خۆ فرۆشەکان، کوردێکت دی هاوکاریتان بکات؟؟ هەستت نەدەکرد خاک و ئاوو شاخ و دۆڵ و دارو بەردی ئەم کوردستانە لێتان بێزارن و ڕوی خۆشتان نادەنێ.؟؟ ئێستا لە کوردستان بە ئەوپەڕی بێ ڕوحمانە خەڵکانێکت شەهید کردن، کە ڕەسەن ترین نەتەوەی ئەم خاک و ئاوەن. دڵێشت خۆشەو فەرزی ئیلاهیت بە جێ گەیاندوە. کە کافرت کوشتون..؟ دەبێ سەرداران و ڕێبەران و کەلە وشک و بێ ویژدانەکانی "تاران" زۆر باش بزانن و بۆ هەمیشە دڵە خورپەیەک لە دڵیاندا هەیەو سامی تاڵی تۆڵەی خەڵکانی کوردستان هەرگیز ئەو خوێنانە لە بیر ناکەن کە بە ناحەق ڕشتووتانن. لە ناو ماڵی خۆماندا. ڕۆژێک دادێ کە زۆر دوور نیە.. وەکوو هەموو دیکتاتۆرەکانی جهان وەک ئەو هەموو کوردەی هەموو ڕۆژێ بە کۆ مەڵ لە پێش چاوی ژن و منداڵ و خەڵکی شارەکان، هەڵیان دەواسن. ئێوەش سزای خۆتان وەرگرن و بتانکەن بە پەندی زەمانە. کە پێم وایە هیچ خاکێکیش وەخۆتان ناگرێ و پێویستە لە دەریاتان هاوێن. مەرگ و نەمان بۆ بکوژانی کورد.


سەردەکەوێ خەباتی ئاادیخوازی گەلەکەمان. بژی پێشمەرگە... بژی ئازادی...

هێمای ژنی سەربەرزی کورد...



نازانم ئەم هەیکەلە جوان و بە هەیبەت و پڕ لە نیشانە. کێ دروستی کردووە. سەر بە کام ڕێکخراوو یا حزبێکی سیاسیە لە کوردستان.... بەڵام من بە هێمای بەرزی ژنانی کوردی دەبینم. بە ڕاستی ئەوەندە ئیدەو تەوسیفێکی جوانە لە کچە پێشمەرگەی کورد. کە بەهێزترین و بە هەڵمەت ترین ئاژەڵی کێوی، دەستە وەستانەو سەری تەعزیمی بۆ دادەنەوێنێ و، پشتی هەرگیز لە زەمین نەدراوی خۆی دەکاتە جێی دانیشتن و حەسانەوەی "کچە پێشمەرگەی کورد.." کچانی کورد نیشانی هەموو دنیایان دا، کە نەکوو ژن لە کوردستان نیوەی کۆمەڵە بەڵکوو ژن مایەی ژیان و ژینە. ئەوەی ژنانی کورد پیشانیان دا لە ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ دوژمنانی کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان. هەتا ئێستا نەدیتراوە لەسەرتاسەری جیهان. قەڵغانی گوللە سینگی کچان بێ لە هەڵمەتا.. دەبا ئیتر لەوە بە دوا.. هێماو سیمای کیژی ڕووسوری کورد ببێتە هەوێنی غیرەتی پیاوانی سیاسی بۆ یەکڕیزی هێزی بە هێزی پڕ لە هێزی پێشمەرگە لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان. "باکور" "باشوور" "ڕۆژئاوا " "ڕۆژهەڵات" چوار برای وەک چوار چراکەی "مەهاباد" ن.. لە یەک دایک و باب و لە یەک پشت و لە یەک خاک و لە یەک ئاوو لە یەک فەرهەنگ و ئەخلاق و یەک زمان و یەک لیباس و لە ژێر یەک ئاڵای کوردستانن...

ئەشکەوتی مەلا مستەفا لە ناوچەی رانیە...




کاتێک ئێمە وەک "حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" دوای هەڵوێست گرتن. هاتینە "دۆڵی شاوڕێ" لە نزیک شارە دێی "سەرکەپکان" و شاری "ڕانیە. "دۆڵێکی دورو درێژ لە سەرکەپکانەوە درێژ دەبێتەوە هەتا بن شاخی سەربەرزو سەرکەشی "کاروخ" بەودیوی شاخی کاروخ دەبێتە ناوچەی "سۆران" و ناوچەی "ڕەواندز" . "شاخی" کاروخ "یەکێکە لەو شاخانەی کە هەزار بە هەزارەو هیچ کاتێک دوژمنان نەیانتوانی بیگرن و بە سەریدا زاڵ بن. شەڕی زۆر گەورەی تێدا کراوەو، ملی سەدان دوژمنی تێدا شکاوەو بوونەتە خواردنی ئاژەڵان و باڵندەکانی ئەم شاخە سەختە... کاتێک ئێمە هاتینە ئەم دۆڵە و دۆڵی "قەڵا سەیدە" و دۆڵی "نۆرێ" و بن شاخی "کێوەڕەش" مان ئاوەدان کردەوە. خەڵکی ئەم دۆڵە لە لایەن بەعسیەکانەوە ڕاگوێزرابوون بۆ ئۆردوگا زۆرەملیەکانی وەک "حاجیاواو" "چوارقورنە". ماڵەکانیشیان هەموو تەخت کرابوون لەگەڵ زەوی.. بەڵام بە بۆنەی ئێمەوە خەڵکێکی زۆر لە ناوچەکە مابوون. هەروەها پڕ بوو لە سەربازی هەڵاتوو. کە ئامادە نەبوون سەربازی بۆ حکوومەتی بەعس بکەن... زوو. زوو حکوومەتی بەعس بە هێزی زۆرەوە دەهاتن ئەم دۆڵە دەگەڕان لە خەڵکی ناوچەکەو لەو کەسانەی سەربازی هەڵاتوو بوون. هەموو جارێ پەنایان دێنا بۆ ئێمەو ئێمەش وەک ئەرک و وەزیفەی نەتەوایەتی و هاوپشتی و هاوخوێنی و برایەتی. دەمانشاردنەوەو زۆر جارانیش تووشی کێشەی گەورە بووین لەگەڵ بەعسیەکان. بەڵام بە خۆشیەوە هەتا ئێمە لەو دۆڵە بووین کەس زیان و زەرەری وێنەکەووت... ئەم دۆڵە هەتا دڵ بخوازێ

دۆڵێکی جوان و ئاوەدان و سەر سەوزو خۆش و سازگار بوو.. بنکەکانمان و خانوو بۆ بنەماڵەکان لەم دۆڵە دا بە ڕەنجی شان و بە هیمەتی دۆستان توانیمان دروستی بکەین و. ئاوی خواردنەوە دابین بکەین لە سەرەوە. کە سەرچاوەی لێبوو. بە هەوڵ و تێکۆشانی هاوڕێی پێشمەرگەمان. کاک "کەریم مەعروفی" و ڕەوان شاد کاک "خەلیل گادانی" ئاوی تەواوی دۆڵی " قەڵا سەیدە" کە بنکەی دەفتەری سیاسی و کۆمسیونەکان و ماڵەکانی سەر بەم کۆمسیونانە لەوێ بوون. دابین بکەن و. تەزووی کارەباش بگەیەننە هەموو ماڵەکان. ناوەندەکانی یەک و دوو و سێ هەموویان بەم شێوەیە هەموو ئیمکاناتێکیان بۆ دابین کرابوو. بێ جیاوازی. ئێمە لەوێ بەگوندی "نۆرێ" ئاشنا بووین بە ئەشکەووتی مەلا مستەفا. لە پشتی گوندی "نۆرێ "شاخێکی زۆر سەخت و دژوارە کە لەسەرەوە شاخێکە بە ناوی "پیرترخێن" ئەم شاخە لە "سەرکەپکانەوە" دەست پێدەکات ئەم دیوی دۆڵە شاورێیەو ئەودیویشی "حاجیاوا" و چوارقوڕنە "و درێژ دەبێتەوە هەتا "باڵەکایەتی" و "بێتواتە" و تا دەگاتە "هەریرو نازەنینان" ئەم زنجیرە شاخە سەختانە. ڕژێمی بەعس لە دەورانی دەسەڵاتی خۆیدا بۆ بەرەنگاری لەگەڵ پێشمەرگە سەرتاسەری ئەم شاخە جادەی قیرتاوی لێ دروووست کردووەو پایەگای لێ دانابوون. بۆ ئەوەی بتوانێ کۆنترۆڵی ناوچەکە بکات. وەک باسم کرد لە پشت گوندی "نۆرێ" لە بەینی قەڵاسەیدەو نۆرێ. ئەشکەووتەکە هەڵکەووتبوو. لەبن شاخێکی سەخت و بەردەڵاندا بوو. ئەم شاخانە پێشتر جەنگەڵ و دارستانێکی زۆر چڕو پڕ بوە دیارە ئێستاش داری هەر لێماوە بەڵام وەکوو پێشتر نەماوە. لە زۆر جێگایان کانی و ئاوی شاخەکان و لە شێوەی کانی دێنە دەرێ و بە درێژایی خۆیان سەوزاییەو" کوزەڵە" ی شاخی دەوروبەری داپۆشیوە. "کارگ" و "کەنگر" و هەموو گژو گیا کوردیەکان لەم شاخ و دۆڵنە هەن و پەیدا دەبن..... پێشمەرگەیەکمان جارێک لەم شاخە بۆ کەنگرو کارگ و گژوگیای بەهاری چووبو؛ لەوێ یەکناگا چاوی بەمارێک دەکەوێ؛ هەر لە جێی خۆی بێهۆش دەبێ و دەکەوێتە سەر زەوی، پاش ماوەیەک؛ کە بە ئاگا دێتەوە هەڵدەستێ و هەڵدێتەوە بۆ ماڵێ؛ تفەنگەکەی دەست دەداتێ و لەگەڵ چەند پێشمەرگەی تر دەچنەوە جێی مارەکە؛ هەرچەند دەگەڕێن نابینەوە؛ پێشمەرگەکە دەیکووت لەقەدی دارێک ئەستوور تر بوە. ماری ئاوا گەورەی لێبوە. ئێمە وەکوو ماجەرا جوویەکانی حزب زۆرمان پێخۆش بوو هەرچی زووتر بەرد بە بەردو دار بە دارو کون بە کونی ئەم شاخ و کێوانە کەشف بکەین و بیانبینین. لەم ئەشکەووتەدا کە دەچوویتە ناو ئەشکەوتەکە. مەیدانێکی کەمێک گەورەی لێ بوو تەخت بوو بەڵام بە هۆی ئەوەی سالەهای سالێ خەڵکی ئەم ناوچەیە ئاژەڵیان تێکردبوو، زیاتر لە نیو مەتر لە تەواوی ئەم مەیدانەدا ڕیخ و پشماوەی ئاژەڵەکان بوو.. هەتا نزیک بە پەنجا مەتر بە هۆی تیشکی هەتاو ڕووناک بوو، بەڵام دوای ئەوە تاریک بوو هیچ دیار نەبوو.. دەرگای ئەشکەووتەکە بە ئەندازەی پێنج مەتر بەرزی و سێ مەتر پانی دەبوو. ئەم ئەشکەووتە زۆری خزمەت بە ئێمەو لە پێش ئێمەش بە شۆڕشکانی پێشتر لە ئێمە کردوە. زۆر جاران بۆتە ماڵ و جێگای حەوانەوەو سەنگەرو پەناگای شۆڕشگێڕان و خەڵکی ناوچەکە. وەک باس دەکەن زۆر جاران "مەلا مستەفای بارزانی" لەم ئەشکەووتە ماوەتەوە. بۆیە ناویان ناوە "ئەشکەووتی مەلا مستەفا".. لە یەکەم دەسپێکردنی شەڕی عێراق و ئەمریکا. ئێمە هەموو ژن و

منداڵەکانمان هێنایە ناو ئەم ئەشکەوتەوە. هەتا پارێزراو بن لە بۆمبارانی فڕۆکەکان. هەروەها کاتێک هەواڵی بۆمبارانی دوژمنمان دەزانی کە کۆماری سێدارە دەیەوێ بۆمبارانمان بکا. ژن و منداڵەکانمان دەگواستەوە ۆ ناو ئەم ئەشکەووتە. جودا لەم کارانە. لە زەمانی بەعسدا کاتێک پێشمەرگەکانی باشوور. وەک "یەکیەتی نیشتمانی کوردستان" و پێشمەرگەکانی "پارتی دیموکراتی کوردستان" و "حزبی شیوعی" و هێزەکانی تر ئەگەر کەم بونایە دمانهێنانە ناو ماڵەکانی خۆمان و خزمەتمان دەکردن، ئەگەر زۆریش بوونایە لەم ئەشکەووتە دەمانەوەو لەوێ خزمەتمان دەکردن... حزب بڕیاری دابوو ئەم ئەشکەووتە دەبێ هەمیشە نیگابانی خۆمانی لێ بێ. سەروبەندی دەستپێکردنی ڕاپەڕینی باشوور بوو. هەموو شەوێک دەستەیەک لە پێشمەرگەکانمان لەم ئەشکەووتە دەمانەوە. زوو زووش پێشمەرگەکانی باشوور دەهاتن و لەم ئەشکەووتە لەلای ئێمە میوان دەبوون و چەندین ڕۆژ دەمانەوە. سەردانی شارەکانی "ڕانیە" "حاجیاوا" و "چوارقورنە" و هیزۆپ و زۆر شوێنی تر دەکردو بە ڕۆژ لای ئێمە دەمانەوە. هەتا گرتنەوەی شاری "ڕانیە" و یەکەم دەروازەی ڕاپەڕین. ئەو پێشمەرگانە بوون کە لای ئێمە میوان بوون... لە بیرمە شەوێک نۆرە نیگابانی ئێمە بوو بچین شەو لە ئەشکەووت بین... بڕیارمان دا بچین و دوو شەو لەوێ بمێنینەوە، هەوڵ بدەین هەتا ئاخری ئەشکەووتەکە بڕۆین. تا بزانین لە کوێ سەر دەردێنێ.؟ کەلوپەل و خواردن و خواردنەوەمان لەگەڵ خۆمان هەڵگرت بەشی دوو شە و دوو ڕۆژان.. ئەوەندەی لە بیرم بێ ئەو کەسانەی لەگەڵ بوون من.. و کاک شاپوور فیروزی.. و مامۆستا جەعفەر مەنگوڕی.. عەبدوڵ ئەحمەدی.. حوسین ڕەحمانی.. عەوڵا سەیدا.. نعمەت تەوارە.. سەعدوون بارزان.. مامۆستا عەوڵا.. مستەفا ئەمیری.. کەریم مەعروفی. داوای لێنبوردن دەکەم لەو کەسانەی لە یادم نەماون. دەزانم زۆرتر بووین. بەڵام من لە بیرم نەماوە.. ڕۆشتین و شەو لەوێ بووین بۆ بەیانیەکەی بە چراگازو دروست کردنی شوعلە بۆ ڕوناک کردنی پێش و دەوروبەری خۆمان حەرەکەتمان کرد.. کە دوور کەووتینەوە. هەورازو نشێوو بەردەڵان و قوڵی و بەرزی و تەڕی و قوڕ دەستی پێکرد. "فسفۆرەکان" یا "کریستاڵەکان" دەستیان پێکردو وردە وردە خۆیان پیشان داین. هەر کریستاڵێک کە لە سەقفی ئەشکەووتەکەوە هاتبوە خوارێ لە ئەنجامی دروست بوونی قەترە بە قەترە لەسەریەک هەڵچنراون. دیار بوو مێژوەکەی دەگاڕاوە بۆ هەزاران ساڵ لەوە پێش.. نزیک بە پێنج - شەش. سەعات ڕۆشتین لە ئاخریدا تەنها کونێک مابوو کە نەماندەتوانی لێی تێپەڕین. مەجبوور بووین بگەڕێینەوە.. سەرتاسەری ئەوەندەی ئێمە پێیدا ڕۆشتین دیارە زۆر جێگای سەخت و ناخۆش بوو.. بەڵام لە هیچ شوێنێک کێشەی هەواو نەفەس کێشانمان نەبوو.. ئۆکسجینی پێویستی تێدایەو بۆ کاتی لێقەومانیش ئاوی ئەوەندەی تێدایە کە تینوو نەبی. هیوادارم توانیبێتم کەمێک ئەم ئەشکەوتەتان پێ بناسێنم...

پردی قەڵاتاسیان



پردی "قەڵاتاسیان" چۆمی "کەڵوێ" بە درێژایی کوێستان و شاخەکانی ڕۆژهەڵاتەوە کوردستانەوە ئاوی باران و تواندنەوەی بەفری کوێستانەکانی کوردستان، هەموو ئەمانە دەڕژێنە ناو چۆمی کەڵوێ و. بە درێژایی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و باشووردا تێدەپەڕێ و لە ئاخریدا دێتەوە ناو "زێی گەورە" ... ئەم ئاوە بە ڕەنگ شلوێیەو کاتی باران بارین ڕەنگێکی ئێڵ و قوڕاوی هەیەو بە دیمەن ترسەناک و تووندو بە تەنورەو بە پێچە. ئەم ئاوە هەموو ساڵێ بە درێژایی خۆی لە هەموو ناوچەکان. قوربانی خۆی دەگرێ و، خەڵکێکی زۆری تێدا دەخنکێ. بۆ ئەم مەبەستە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ. فەرمان ڕەوایانی ناوچەکان و حکوومەت بە گشتی ئاوڕێکی جیدی و بەرپرسانەیان لەم چۆمە نەداوەتەوە. کە جێگاو ڕێگای پەڕینەوەو لە ئاست هەموو گوندەکانی سەر ئەم چۆمە دروست بکەن بە شێوەیەکی سەردەم.. لە زۆر جێگایان خەڵک بۆ خۆیان پردیان دروست کردوەو بەکاریان هێناوە بۆ هات و چۆکردن. دەورانی ئێمە کە پێشمەرگە بووین، لە ساڵەکانی شەستەکانەوە هەتا هەشتاکانیش، لە نێوان ناوچەکانی سەر سنووری سەردەشت بۆ قوڵایی ناوچە پیرانشار بۆ قوڵایی ناوچە. زیاتر لە پردی "قەڵاتاسیان کەڵک وەردەگیرا. بە تایبەتی ئەوەڵی وەرزی بەهار کە کاتی چوونەوەی پێشمەرگەکانی، هێزەکانی. "پێشەوا" "هێزی ١١٠ی بەیان" و زۆرێک لە کادرو پێشمەرگەکانی هێزەکانی تر دەپەڕینەوە بۆ قوڵایی ناوچە. پەڕینەوەی پێشمەرگە لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە زۆر فەرقی هەبوو. خۆ ئەگەر پێشمەرگە وبسبای بپەڕێتەوە لەم پردە. زۆر جار تووشی کەمینی دوژمن دەبۆوە. چونکە هێزەکانی دوژمن کات و ساتی هاتنەوەی پێشمەرگەکانیان دەزانی و بە بەردەوامی کەمینیان دادەنا لە

بەشی دووهەم

سەر ئەم پردەو یا ئەگەر کەمینیشیان لەوێ نەبوایە. هەمیشە لە ژێر ڕەهێڵەی تۆپ و خومپارەدا بوو. زۆر جاریش هەبوو بێ هیچ کارەسات و تەقەیەک پێشمەرگەکان هات و چۆیان دەکرد. ئەگەر پێشمەرگەکان سەری ئێوارە زانیبایان کەمینی دوژمن هەیە لە سەر ئەم پردە. خۆیان لێ نەداو. سەریان لە دوژمن دەشێواندو بە لایەکی تردا لە ئاوەکەیان دەداو تەنها لە ڕێی تەنافێکەوە کە قاچاغ بوو دەپەڕینەوەو جار جاریش بەلەمێکیان پێوە دەبەستەوە خەڵکێکی زۆر سوار دەبوون و، لەو بەرەوە دەیانکێشاو دەپەڕینەوە. زۆر جار بەلەمەکەیان بە ڕۆژ دەشارەوەو بە شەوانە دەیانهێنایە دەرێ و خەڵکیان پێ دەپەڕاندەوە. من بۆخۆم چەندین جار بەم بەلەمە پەڕیومەتەوە. جارێکیش بە سواری ئەسپ. کە ئاوەکە زۆر بە تۆندیو بە خوڕ بوو هەردوکمانی هەڵگرت و زۆر دوری خستینەوە ئاخری نە من ملی ئەسپەکەم بەردا. نە ئەسپەکەش منی فرێداو نە خۆی لە دەست دا بەڵکوو زۆر بە هێواشی مامەڵەی لەگەڵ ئەم ئاوە سەر شێتە کردو زۆر عاقڵانە هەردووکمانی گەیاندە لێواری چۆمەکەو هاتەدەر لە ئاوەکە. هەر کە لە ئاوەکە پەڕیەوەو هاتە وشکانی لە سەر بەردەکانی قەراغ چۆمەکە ڕاوەستاو چەند دەقیقەیەک چاوی لە ئاوەکە بڕی. وەک ئەوەی بە ئاوەکە بڵێ، نەتتوانی بمانخنکێنی... ملی ڕێگای گرتو خۆی گەیاندەوە بە کوڕەکان. ئەسپەکانیش ڕێگا قاچاغ و لا ڕێگاکانیان پێ دەزانی و شارەزا بوون. وەک ئەوەی بزانن دوژمنێکمان هەیەو نابێ بمانبینێ. ئەگەر بمانبینێ، تۆشی شەڕو کێشە دەبین. ئەسپەکان هەموو ڕێگا قاچاغەکانیان پێ دەزانی بۆیە هەرگیز ئەسپەکان ون نەدەبوون .ئەگەر موحەبەت و خۆشەویستیت نیشان دابا، بێ ماندوو بوون و بێ ڕاوەستان دەیانگەیاندیتە شوێنی مەبەست. خۆ ئەگەر ڕەفتارت ناخۆش بایە لەگەڵیان. ئەوانیش ڕەفتاریان باش نەدەبوو لەگەڵت. یا فرێیان دەدایتە خوارو جێگایەکیان دەشکاندی. یا بە لا ڕێیاندا دەبردی. هەمیشە ئەسپم خۆش ویستوەو ڕێزم لێ گرتوە. ئەسپ ئاژەڵێکی نەجیب و بە ئەخلاق و مرۆڤ دۆستە. سڵاو لە هەموو ئە قارەمانانەی دەردو زەحمەت و گێرەو کێشەی پەڕینەوەی ئاوی "کەڵوێیان" دیوەو پێوەی ماندوو بوون.

بڕی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل...

یادو یادگارەکانت بۆ هەمیشە لە دڵماندایە تۆ نامری...



لە ناو شاری بانە
داڕێک شین بوو
باڵای کێشا.. زۆر هەڵکشا..
وەک ئارابا
بەقەد پانتایی کوردستان
لقوپۆپی دەرکرد
هەر هەمویان بوون بەدارو بون بە عوسمان
بۆخۆشی بوو بە شادارێک.
بۆ هەمیشە لە ئارابا.

جاش ئەمانە هەموویان جاش،،،



جاش... لە ناو کۆمەڵگای کوردەواریدا،، لە ناو خەڵک و گەنج و هەموو تەمەنەکاندا، ووشەی «جاش» بە وشەیەکی سووک و بێ ڕێزوو، کەمی چاو لێدەکەن... بۆیە ئەگەر کەسێک هەڵکەوێت ببێتە خاوەنی ئەم ناوە سووکە،، ئیتر هەتا لە ژێر ئەم ناودا بێت،، هیچ ڕێزوو بایەخێکی مرۆڤایەتی نیە و نابێ لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە... کەسێکیش کە بوو بە جاش و کەم ڕێزی و دەرهاویشتنی خۆی لە ناو خزم و کەس و کارو، خەڵکی دەوروبەری و هەتا هەموو کوردەوە، هەست پێکردوو، هەستی بەوە کرد تازە ناتوانێ بە ئاسوودەو بە بێ خەمی بژی لە ناویاندا... ئیتر ئەوە کەسێکی زۆر چاو قاییم و زۆر بێ ویژدان و زۆر بێ حەیایەو،، تازە بۆ ئەوە نابێ کەس ڕووی بداتێ و جێگایەکی نیە لا ناو خە ڵکی وڵاتەکەیدا... جا مەگەر کارێکی وا بکات،، موتمانە بۆ خۆی بگەڕێنێتەوەو بە تەواوی پردی پشت خۆی ڕووخاندبێ و هیچ گومانێک لەوەدا نەمابێ، کە دژی میللەتەکەی خۆی نیە، نموونەی زۆرمان هەیە، کەسانێک جاش بوون و هاوکاری دوژمنیان کردوە، دژی خەڵک و هاوزمان و هاو خوێنی خۆی،، تا ئەو کاتەی دەستی بە خوێنی براو کەسوکارو هاو وڵاتی خۆی سوور نەبوە، هەستی بەوە کردوە لە لایەن خەڵکەوە لە خۆیان جودا کراوەتەوەو هیچ ڕێزوو بایەخێکی نەماوە لە ناو خەڵکیدا، بە خۆیدا هاتۆتەوەو بایکۆت کردن و وەلا نانانی لە لایەن خەڵکەوە پێ قەبوڵ نەکراوەو کەڕاوەتەوە باوەشی گەل و،، داوای لێبووردنی لە خەڵکەکەی خۆی کردوەو پەشیمان بۆتەوە لەو کارە چەپەڵەی هەتا ئێستا کردوویەتی،، خەڵکیش دوای

بەشی دووهەم

دڵنیا بوونیان لە نیەتی ڕاست و بێ کەڵەکی، باوەشی گەرمی خۆیان بۆ کردۆتەوەو لەپێگەو جێگای خۆی لە ناو خەڵکدا جێگای دڕووستی خۆی دیوەتەوەو دامەزراوەتەوە... بۆ ئەوانەی زۆر لەوە پڕڕ ڕووترن کە خەجاڵەت ببنەوەو شەرم لە خۆیان و خەڵک و کەسوکاری خۆیان بکەنەوەو هەر وا درێژە بەو کارە سووک و بێ نرخە دەدەن و سوور سوور دەزانن و بە چاوی خۆیان دەبینن. کە دوژمنیش بە چاوێکی سووک و خائینیان چاو لێدەکەن و بۆ هیچ کارێک باوەڕیان پێناکەن.. بەڵام ئەوانە وەک کوردان دەڵێن «حەیایەن تکاوە» لە شێوەی مرۆڤ هاتوونە دەرێ و زیاتر وەک ئاژەڵی زیان بەخشن. ئەم شێوە جاشانە لە حاڵەتێکی تایبەتی و جودادان، لە هەردوو دینەکان بوون، نە خەڵک تازە وەریاندەگرێتەوە، نە دوژمنیش ئەو ڕێزو حورمەتەیان بۆ دادەنێ،، چونکە دوژمن زۆر باش دەزانێ،،، کەسێک وەفای بۆ کەسوکارو خزم و براو میللەتی خۆی نەبێ، چۆن بۆ ئەوانی دەبێ... بەڵام دوژمن بۆ ئەوەی هەتا ئەوکاتەی کاری پێیان هەیە بە درۆو بە قسەی نا ڕاست و تەشویق کردنی بێ بنەما ڕایاندەگرێ..... دوژمن هەتا بتوانێ بە هۆی دەسەڵات و ئیمکاناتی زۆرەوە،، زیاتر دەستیان بە خوێنی خەڵک و خەڵکی هاوزمانی خۆی سوور دەکا.. تا نەتوانێ بگەڕێتەوە ناو خەڵکی خۆی... بۆخۆشیان زۆر باش دەزانن،، کەوەک بەکرێگیراوو چاوساغ چاویان لێدەکەن.. هەموو جارێ دوژمن دەستیان لە سەر شانیان دادەنێن و ئافەرین و بارەکەڵایان پێدەڵێن... زیاتر لە ناو خۆیندا نوقمی گێژاوی خیانەت و شەرمەزاری و سووکایەتی و خۆفرۆشی دەکەن،،بەڵام دەڵێی چی؟؟ کاتێک مرۆڤ لە مرۆڤایەتی و لە ئەخلاق دوور کەووتەوە.. تازە مرۆڤ نیەو تەنها بونەوەرێکەو بە سەر شۆڕانە درێژە بە ژیانی بێ ژیانی خۆی دەدا،،، کاتێکیش بە سەر شۆڕی و بە بێ ئەرزشی دەمرێ،، هیچ کەس و هیچ خاکێک بە خۆی ناگرێ و بە بەدناوی و بێ ناوو نیشان لە جێگایەک بن گڵی دەکەن... ئەی ئەو کەسەی ئێستا جاشی و پشتت لە خەڵک و خاکی خۆت کردوە... هەرکات بگەڕێیتەوە باوەشی گەل درەنگ نەبوە و هەر ئێستا ئاوێکی پاک بە خۆتدا بکەو نیەتی باش بوون و وەفاداری و نیشتمان پەروەر بێنەو بگەڕێوە، هەتا ڕێزو حورمەت و جێگاو ڕێگای خۆت بدرێتەوە لە ناو خەلکدا.. مردن و نەمان بۆ هەموو ئەوانەی دژی خەڵکی خۆیان ڕادەوەستن و پشت لە میللەت و ڕوو لە دوژمن دەکەن.. سەردەکەوێ شۆڕشی هەقخوازانەی گەلی کورد...

هەر دووکیان. لە کوردستان پاسدار بوون



حسن روحانی - محمود احمدی نژاد

هەر دووکیان. لە کوردستان پاسدار بوون و خەڵکی بێ دیفاع و بێگوناحی کوردستانیان کووشتووە جا بوونەتە سەرۆک کۆمار هەروەکوو ئەوەی وایە لە ئیسرائیل بووبێتن و خەزایان کردبێ!!! ئەمانە هەردووکیان سەرۆکی کۆماری ڕژیمی پەت و سێدارە بوون و هەن. هەر یەکەیان بە هەزاران وەعدەی درۆو بە شێت زانینی خەڵکی ئێران بە گشتی هەشت ساڵیان بە تەمەنی نەگریزو تاوانباری کۆماری سێدارە زیادو درێژ کردووە ئەوەی من دەمەوێ باسی بکەم سەرۆک کۆمارە پیاو کوژو بێ ڕەحم و جینایەتکارەکانی کۆماری سێدارەیە ئەم دوو سەرۆک کۆمارە بەدەڵ و داسەپاوانە بە سەر خەڵکدا هەردووکیان ماوەیەکی دورو درێژ وەکوو پاسدار یا فەرماندەری هێزە سەرکووتکەرەکانی کۆماری سێدارە ناردراون بۆ کوردستان و لە کوردستان وەک ئەوەی. جێگایەک بێ بۆ ڕاهاتن و بۆ شکاندنی ترسی خۆیان. لە ئینسان کوشتن و ڕاهاتن لەگەڵ وێران کردنی گوندو شارەکان و چۆنیەتی بەکار هێنانی هەموو ئەو چەکە قەدەغە کراوانە لە سەر گەلی ئێمەی کورد. زۆربەش لە بیرمە. هەر ئەمانە فەرماندەی عەمەلیاتەکانی کوردستان بوون بڕیاردەرو بکوژو بگر هەر بۆ خۆیان بوون لە زۆربەی شەڕەکانی مەهابادو دەوروبەر لە شەڕی بەناوبانگی کەربەلای دارەلەک لە هێرشە پەیتا پەیتاکانی ڕژیم بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکانی مەهاباد و دەوروبەر... ئاخۆ چەند جاران لەگەڵ ئەم سەرۆک کۆمارانەی ڕژیم بەین و فاسیلەمان لە شەڕەکاندا چەند مەترێک یا نزیک تر بووبێ بەبێ ئەوەی یەکتر بناسین؟؟ هەرچەند فکریشی لێدەکەمەوە لە هەموو شەڕەکاندا هەر ئەوان بەزیوون و

بەشی دووهەم

هەڵاتوون و هێزی بەهێزی پێشمەرگە سەرکەووتووە بە سەریاندا. ئەگەر فرسەتێک بایە لێم پرسیبان و بە ڕاستی جوابیان دابامەوە لێم دەپرسین. چەند جار هەستت بە مردن کردووە بە دەست پێشمەرگەوە؟ چەند جار پێشمەرگە سەری پێ نەوی کردووبی و دمی پێ لە خاکی پاکی کوردستان وەرداوی؟ چەند جار گیزەو وێزەی گولەی پێشمەرگە لەگەڵ کەللەی سەرت هەر قامکێکیان نێوان بووە؟ چەند جار قرچەی بەسام و تۆقێنەری قەناسەی پێشمەرگە جەرگ و دڵتی داخورپاندووە؟ ڕاستیم پێ بڵێ سەرۆک کۆمار چەندین جار دەستووری هەڵاتنت داوە لە ترسی هێرش و دەست و چەکی پێشمەرگە؟ لە کام شەڕدا دیتت پێشمەرگەیەک خۆی تەسلیم کا؟ لە کام شەڕدا دیتت پێشمەرگەیەک سەنگەر چۆل کا و بە جێی بێڵێت؟ لە کام شەڕدا هەستت بە سەرکەووتن کردووە؟ بۆ جارێکیش لە خۆت پرسی؟ بەم هەموو هێزەوە بەم هەموو چەکە مۆدێرنەوە بۆ نەتتوانی سەرکەووتووبی؟ تۆ لەگەڵ کەسێک ڕووبەڕوو بوی پێیان دەڵێن. (پێشمەرگە) پێیان دەڵێن کوڕانی کورد هەروەک ئێوە بە ڕەقیبی خۆتان دەڵێن ئەگەر پیاوی برۆ بۆ کوردستان.


بژی پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل...

هەستانەوەی ئەمجارەی کورد



هێزی بە هێزی پێشمەرگەی کورد
بە کۆماری سێدارەی کووت
بە پەیامێک توندو خێرا.
گەرچی توانیت لەت لەتمان کەی
وەکوو جەستە دوو بەشمان کەی
بەڵام هەرکات ڕێبەران و پێشمەرگەی کورد
ئیرادە بکەن مستی ئاسنین لە دمت دەدەن
ئەو دوو جەستەش دەبنەوە یەک
تا تۆ کوێرو کەڕو لاڵ. و سەردڵ خڕ بی
دەیکەینەوە یەک ماڵی گەورەی دیموکرات و
ئەمڕو بێ سبەی دەیتەقێنین ئەم دومەڵەی
سەر دڵی کورد

شەکرە هەمیشە لای من خۆشەویستە



ساڵی ١٣٦٠ بوو بنکەی ئێمە لە گوندی شیلاناوێ بوو سۆفی سەرپەلمان بوو خودا هەڵناگرێ سەرپەلێکی باش بوو تەواوی کاری ئەو بنکەیەی دەکرد زۆرجار لە جیاتی سێ چوار پێشمەرگە نیگابانی دەدا بەیانیان زوو لەخەو هەڵدەستا سەماوەری وەسەر دەنا چای دەمدەکرد سوبحانەی ئامادە دەکرد یەک یەک کوڕەکانی زۆر لەسەرەخۆو بە نەرمی لە خەو هەڵدەستان زۆر جاران کوڕەکان لێی تورە دەبوون کە زوو هەڵیدەستاندن لە بیرمە جارێکیان شەهید کەمالی عەلیزادەی هەڵدەستان بە دەنگێکی زۆر خۆش و نەوی دەیشێلاو دەیکووت کەماڵ گیان دە هەستە با چایەکی تازە دێمت بۆ تێکەم کەمالیش قەڵس بوو کووتی ئاخر سۆفی ئەم هەموو هەستە هەستەیەت لێ چیە؟ بۆچی هەستم؟ دوژمن هاتووە؟ شەڕە؟ دەورەمان گیراوە؟ ئەگەر هەستم خودموختاریمان دەدەنێ؟ ئاخر کارمەندم؟ مامۆستام؟ لە فەرمانداری کارمەندم؟ دە لێم گەڕێ پێشمەرگەم. پێشمەرگە ماندووم دەزانی دوێنێ لە کوێ بووین؟ دەزانی لە کە نگێوە لە کەمیندا بووین؟ نە چای دەخۆمەوە نە نانی دەخۆم تەنها لێم گەڕێ تەواو شارژی خۆم وەرگرم پەتوەکەی بەسەر سەریدا داوەو لێی نووستەوە کەماڵ لە لایەکەوە حەقی بوو ماندوو بووین دووشەو پێشتر خەبەرمان هەبوو دوژمن دەیهەوێ بە دۆڵی (بەسری) دا هێرش بکاو هێزێکی زۆری کۆکردۆتەوەو بە نیازی هێرشە. ئێمەش شاخەکانی بەردە هەڵۆی پشتی گوندی بەسری و قەڵای سارم و ئەو جێگایانەی پێمان وابوو هێرشی پێدا دەکەن پێشمەرگەمان لێ دانابوون. دووشەو بوو هەموو کوڕەکانی لکی یەک لە کاتژمێری سێ ی شەو دەچووینە شاخ و کەمینمان دادەناوە،، شەوی دووەم بوو چووینە شاخی لە شوێنەکانمان دامەزراین و چاومان لە شارە جوانەکەی مەهاباد

دەکرد زۆربەی شارمان لێ دیار بوو هەوا دەهات ڕووناک بێ و هیچ خەبەر نەبوو. زۆر جاران دوژمن ئەو پڕوپاگەندانەی بڵاو دەکردەوە کە بە نیازی هێرشە لە ڕێگای سیخوڕەکانی خۆیەوە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بەڵام زیاتر هەدەفی ماندوو کردنی ئێمە بوو. بەڵام ئێمە هەموو شتێکمان بە جیدی دەگرت وکاری خۆمان دەکردو ئاگامان لە دەوروبەری خۆمان دەبوو. بەڵام ئەمجارە دوژمن فێڵی لێکردین و بە لایەکی تردا هات و هێرشی هێنا، ئێمەی سەرقاڵی دۆڵی بەسری و گوندی دۆستاڵی و سارەوانان و حەوتەوانان و پیربەلەو قەڵات کردبوو. بەڵام ئەو ڕۆژە بە لای گوندی زگدڕاوو تیکانلوجەیدا هاتبوو. فکری چاکی کردبوو ئەمە فکری خۆیان نەبوو ئەگەر جاش و کوردە زۆڵەکان نەبانایە ئەوان فکری ئەو لایەیان نەدەکرد. هەوا ڕووناک ببو دەمانویست بگەڕێینەوە بنکەکانی خۆمان هیچ خەبەرێک لە لای ئێمەوە نەبوو لە هێرشی دوژمن. دەنگی دوو سێ ڕەگبارو دوو گرمەی گەورە هات زۆرمان پێ سەیر بوو ئەو تەقانە چیە؟ تاق تاق دەنگی تەقە زیادی کرد،، دەنگەکە لای پشتەوەمان بوو بەلای گوندی زگدڕاوو و قەرەبڵاغ و ئەو لایەدا بوو. ئێمەش کە لەسەر شاخی بووین تیرەگاو تیرەگ دونداو دوند وردە وردە لێیان نزیک بووینەوە. کە دیتمان بە لای پشتەوەدا هاتوون و زۆریشن. شاخەکانمان گرت و کوڕەکان هەموو دامەزران و چاومان لێدەکردن تا بزانین چۆن هاتوون و کوێیان گرتووەو تا کوێ هاتوون و هێزەکەیان چەندەن و چییان پێیە. کۆنترۆڵی هێرشەکەمان هاتە دەست و تەقسیمی کارمان کردوو، سێ لامان لێگرتن تا لەوە زیاتر نەتوانن بێنە پێشێ. تیمێکی پێنج کەسیمان دانا کە لێیان بچنە پێشێ و پێنج کەسی تر ئاگاداریمان بکا کوڕەکانی تر لە شوێنە بڵندەکان دامەزران و ئێمەش پێنج کەس بووین بۆیان داگەڕاینە خوارێ. شەکرە بوو ئەمن بووم شینە بووقادری برایمی بووکەماڵی عەلیزادە بوو هەموومان بە دوای شەکرەدا دەڕۆشتین شەکرە زۆر چست و چالاک بوو زۆر خێرابوو لە ڕۆشتن زۆرپش ئازاو بە غیرەت بوو هەرچی ویسبای دەیکرد بێ دوودڵی.. لەپڕ ڕاوەستاو دەستی بەرز کردەوە بە نیشانەی ڕاوەستن، هەموومان ڕاوەستاین ماندوو بووین هەناسەمان تەنگ ببو لە ناو ئاودڕێکی بەردەڵاندا بووین هەموی خڕە بەردی گەورەو چکۆڵە بوون کووتی پێم وابێ هاتوینەتە ناو دوژمنەوە.. ئەگەر ئێمەیان دیبێ ئەوا کەووتووینەتە ناو کەمین و داوی ئەوان تەنها ڕێگا شەڕی مان و نەمانە کە دەبێ بیکەین هەتا هەموومان شەهید دەبین، ئەگەر ئێمەشیان نەدیبێ ئەوا دەتوانین گەورەترین زەربەیان لێبدەین. بزەیەکی هاتە سەر لێوان و کووتی شەڕە وەک قوماری وایە جاری وایە نازانی چیت بۆ دێ!! وردە وردە بۆ خۆی بە ئاودڕەکەدا چووە خوارێ کووتی کە بانگم کردن وەرن، ڕۆشت تا گەیشتە قەراغ جادە کە خێز ڕێژ بوو لەسەر جادە دەبووە پردێک کە سێ لولەی سیمانی گەورە بوو ئاوی بارانی پێدا دەڕۆی. چەند خولەکێک لەوێ بوو هاتەوە بۆ لای ئێمە، کووتی کورینە ئەوە سەر جادەکەیە ئێستا ئێمە لە ناوەڕاستی ئەواندا ئێمەشیان نەدیوە، ئەسڵەن فکری ئەوە ناکەن ئێمە لێرە بین جا دەڵێن چی بگەڕێینەوە یا لێرە بین ئەگەر ماشێنیان هات لێیان دەین و لە کەمیندا بین؟؟ هەندێک ئاوی تێدابوو ئاودڕەکە جێ جێ سەوزایی بوو هەموومان کووتمان دەمێنینەوە بڕیارێکی شێتانە بوو. شەکرە بۆ خۆی دیدەبانی دەکرد ئێمە هەموومان لەبن بەردەکاندا بووین. نیو سەعات زیاتر بوو لە کەمیندا بووین هیچ خەبەر

بەشی دووهەم

نەبوو، ئەو جێگایەی لێی دامەزرا بووین هەڵبژاردەی خۆمان نەبوو بەسەردا کەووتبووین. کە جوان چاومان لێکرد ئەگەر هەر شتێک لە کەمینمان کەووتبا لە فاسیلەی دە دوازدە مەتردا ئەگەر توانیبامان شتێک بکەین دەکرا دەنا پێچ بوو دە و دەیانتوانی دەربباز بن و لە ئێمە وون بن.. لە پڕ شەکرە بانگی کردین وەرن،، وەرن،، ئێمەش خێرا چووینە کن ئەو کووتمان چیە؟ کووتی بێدەنگ دەنگی ماشێنە زۆریش نزیکە بێدەنگ بن هەتا لێتان دەرنەکەوێ لێی نەدەن نەکوو ماشێنی شەخسی بێ. دەنگەکە هەر دەهات نزیکتر دەبوەوە، کەوەدەرکەووت ماشێنێکی ڕیۆی گەورەی ئارتەشی پڕ پڕ بوو لە نەفەر ئەم بەرەو بەر دانیشتبوون. وێکڕا لێمان دان، لەو فاسیلەی کە لێمان دیار بوو هەتا لێمان وون بوو هەر لێمان دان.

ئاگامان لێ بوو سەر بەرەو خوار بەو هەموو نەفەرەوە خلۆر بۆوە دەمانەویست بە دوایدا بڕۆین کە لە چەند لاوە تەقەیان لێکردین.. گووڵەکان ئێمەیان نەدەگرتەوە بەڵام دەمانزانی لێمان نزیکن بۆیە شەکرە کووتی ئەگەر زوو هەڵنەکشێینەوە سەرێ دەورەمان دەگرن و دەرناچین خێرا بەرەو سەرێ سەکەوون. تا نیوە زیاتر هاتبوونەوە سەرێ کە دوژمن تەپکێکی چکۆڵە بوو گەیشتنە ئەوێڕا ئێمە لە تیر ڕەسی ئەواندا بووین. موستەقیم لێیان دەداین تەپ و تۆزیان لە دەوروبەرمان هەڵدەستاند چار نەبوو هەر دەبوو بڕۆین. من نەفەسم گیرابوو کورەکان لەمن خراپتر بوون، دووماں دەماینەوە تەقەمان دەکرد تا ئەوانی دی سەردەکەووتن ئەوان تەقەیان دەکرد تا ئێمە سەردەکەووتین. کە باش بوو کوڕەکانی تر هاتن بە هانامانەوە لەسەرێڕا چاکیان لێدەدان کەمێک فشارمان لەسەر کەم بۆوە. قادر لە پێش منداا دەڕۆی چاوم لێ بوو گووڵەیەکیان لە پانیەی دا کەڵاشی لە پێدا بوو سوور هەڵگەڕا بە خوێن. دانیشت دیار بوو ئازاری زۆر بوو کەمێک بە شەلە شەل ڕۆی بەڵام نەیتوانی شەکرە کووتی وەرە کۆڵم لە کۆڵی کرد تا گەیاندیە بن پۆلە بەردێکی گەورە لەوێ داینا، بە پێکەنینەوە پێی کووت ئەم جارەش نەجاتت بوو. کەمێک حەساینەوە هاتین بڕۆین نۆرەی من بوو لە کۆڵی کەم کە کوڕەکان پەیدا بوون و خێرا ڕایانگوێست بۆ دواوە. لەوێ تاوێکی باش دانیشتین و تەقسیمی کارمان کرد کە بۆیان بچین و لێیاندەین هەموو پێشمەرگەکان کۆببونەوە. هێرشێکیان بۆ کردن هەتا سەر جادەی میندواو مەهاباد ڕاویان نان. لەو کاتەوە بۆ هەمیشە شەکرە جێی خۆی لە دڵی منداا کردەوە ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەگەرچی شەکرە نەماوە هەر خۆشم دەوێ ڕۆحت شاد بێ شەکرە...

کەوش یان پێڵاو



یەکێک لەو پێداویستیانەی پێشمەرگە هەمیشە گرفتی هەبوو لەگەڵی (کەوش یان پێڵاو) بوو. زۆر هەبوون وەکوو کەوشی (ئادیداس) یا کەوشی (مێکاپ) ئەمانە زۆر نەوعی کەوش بوون کە پێشمەرگە سوودی لێ وەردەگرتن. پێشمەرگە بە هۆی زیاتر هات و چۆ کردن لەم دێ بۆ ئەو دێ لەم ناوچە بۆ ئەو ناوچە، ئەزموونێکی باشی هاتبووە دەستی کە کام لە کەوشەکان باشترو ڕاحەت ترو سووک تڕە. ئادیداس پێڵاوێکی باش بوو سووک بوو قاییم بوو، بەڵام بە بەفرو باران تەڕ دەبوو لەسەر بەفریش هەڵدەخلیسکا پۆتینەکانیش هەر وا بوون. شێوەی لە پێکردن و خێراتر زۆر گرنگ بوو بۆ پێشمەرگە، ئێمە زۆر جار لێمان قەوماوە کە زۆر بە ناڕەحەتی توانیومانە کەوشەکانمان لە پێ بکەین و قەیتانەکانی ببەستین. ئەمە بۆ پێشمەرگە کارێکی ئاسان نەبوو لە کاتی زۆر بە پەلەو تەنگانەدا. پێڵاوی کاڵۆشی تورکی پێشمەرگەی حەساندبۆوە، کەوشی دڵخوازی پێشمەرگە بوو زۆر زوو لە پێ دەکرا، ڕاحەت بوو، سووک بوو، هەڵنەدەخلیسکا لەسەر بەفرو سەهۆڵ. بە لیوانێک ئاو دەتوانی جوان بیشۆی و خاوێنی بکەیتەوە. من بەش بە حاڵی خۆم تەنها پێڵاوی کاڵۆشم لە پێ دەکرد هیچ کاتێک کێشەم نەبوو لەگەڵ ئەم پێڵاوانە. بۆیە دەڵێم ئەم کەوشانە زۆریان خزمەت بە پێشمەرگە کرد...

کێ ئەم دیمەنەی لە بیر ماوە



لە پێشمەرگە دێرینەکان ئەو پێشمەرگانەی ئێستا لە ناوخۆن و لە ناو دڵی خەڵک دان... کێ بیریەتی کاتێک لە عەمەلیاتێک دەگەڕایتەوە هەموو گیانت تۆزو خۆڵ بوو،، ئارەقەی ناو سەنگەری بەرد. تاشە بەردی شاخ و داخی کوردستانم، هەندێک هەموو گیانیان ڕووشابوو خوێنیان پێدا دەهاتە خوار.. هێندە لە سەر چۆکان لە سەر سینگان لێرەو لەوێ، سەنگەر سەنگەر هات و چۆیان دەکرد. هەندێک وردە برینی نارنجۆک و پڕیشکی بەرد،، تیکەی تۆپ و خومپارە. هەموو گیانیان وردە کون و بریندار بوو خوێنیان پێدا دەهاتە خوار. هەندێک هەموو گیانیان خوێن بوو وەکو ئەوەی ڕەنگت کردبێ،، یا بریندار،، یا شەهیدی لە کۆڵ کردبوو. دیمەنێک بوو هەر پێشمەرگە دەتوانێ وا خۆڵقێنەرو خاوەنی بێ. ماندوو برسی بە کۆمەڵێک دەستکەوتەوە، بە شانازی و بە سەربەرزی بە سەرکەووتن بە سەر دوژمن دەهاتیتە ناو هەر دێیەک کیژێکی وا خان ومان چاو نەترس و پێشمەرگە دۆست،، پشت و پەنای پێشمەرگەی کورد. دەهاتە ژوور ڕوناکی لەگەڵ خۆیدا دێنا چای تازەدەم قەندی کلۆ،، نە یەک نە دوو سەماوەرێک چای بۆ دێناین.. هەستت دەکرد بۆ کورد مردن وەزیفەیە،، ئەرکە،، مردن لە ڕێی خەڵکی خۆتدا خاکی خۆتدا گەورەترین شانازییە...

هەمزە نەسووری چۆن شەهید بوو؟؟؟



لە ڕێکەووتی ١٨ - ٤ - ١٩٨٣ دوژمن هاتبووە ناو ماڵی ئێمە لە ناوەڕاستی ناوچەی ئازاد کراو پایەگایەکی دانابوو. وەکوو پێشتر باسم کردووە لە شەڕی بەسری ئەوانە هاتن لەوێ مانەوە و چۆڵیان نەکرد. شاخی شێخ حەسەن، کەوتۆتە پشتی گوندی قەڵات ڕۆژهەڵاتی دەبووە گوندی قەرەبڵاغ و. ڕۆژئاواشی دەبووە گوندی سارەوانان و لای سەرووشی گوندی شیلاناوێ و لای خواروشی گوندی بەسری بوو. هیچ ڕێگایەکیش نەبوو هات و چۆی پێدا بکەن تەنها ڕێگایەک کە مابوو ڕێگای هەوایی بوو.

هەموو ئەوانە پێشمەرگەیان تووڕە کردبوو کە چۆن دەبێ ئەوانە لێرە بن؟ پرسیارێک بوو تەنها جوابی ئەم پرسیارە ئەوە بوو کە بۆی بچین و بیگرین. دەشمانزانی کە هەموو ئەوانەی لە پایەگایەدان لە هەرە پاسدارە وەفادارەکانی کۆماری ئیسلامی بوون. کاتێک کە چووین بۆ شناسایی زۆر دوور نەبووین بەڵام کەسمان نەدی لە پایەگا. دیار بوو بە ڕۆژ دەنووستن و شەوێ هەموویان لە کەمیندا بوون تا بەیانی چونکە دەیانزانی هاتوونە کوێ و لەگەڵ کێ ڕووبەڕوون ئێستا ئەوان تەواو ئامادە دەشیانزانی ئێمەش قەبوولْ ناکەین کە ئەوانە لەوێ بن..

کەماڵی سمایلزادە فەرماندەری لکی یەک بوو کەریم ئەرسەنگ جێگری لک بوو لە ئەرکانی لک سەرپەلەکانمان کۆکردنەوەو

بەشی دووهەم

نەخشەی گرتنی پایەگا دارێژرا. هەر پەلەی شوێنی دیاریکراوی خۆی وەرگرت کات و ساتی هێرش دیاری کرا لە سێ قۆڵەوە قەرار بوو هێرش بکرێ. ئێوارەکەی هەموومان کۆبوینەوە خەریکی دابەش بوون و هەرقۆڵەی کەسەکانیان دیارو جودا بکرێنەوەو شێوەی وەسەر کەووتن و مەوقعیەتی پایەگاو چاوەڕوانی دەستووری تەقە لە سەرپەلەکانیان،، ئەمانە هەموو دەبوو هەموو پێشمەرگەکان ئاگادار بن و بزانن. لای درەنگانێک یەکێک لەو کوڕانەی کە زیاترو زیاتر دەنگی دەهات و خۆی نیشان دەداو هات و هاوارو شۆخی دەکرد هەمزە نەسووری بوو. کاک ناسرپیرانی بۆی گێڕامەوە کووتی هەمزە بە قارەمان کەریمی کووتوە سەعاتەکەم دەوە نەک بکوژرێی ئەو شەو من گوێم لێ بوو دەنگی هەمزە دەهات. ناسر کووتی کە هەمزە بە کوڕەکانی کووتوە ئەم شەو پێتان دەڵێم و پیشانی دەدەم کێ تووەییە دەبێ پەرچەمی پایەگا بە دەستی خۆم بێنمە خوارێ.. ئەوکات تەشکیلاتی مەهاباد زۆر نا مەسئولانە هەندێک لە باشترین پێشمەرگەکانی بە تاوانی پەیوەندی بە حزبی تودەوە تۆمەتبار کردبوو. کە یەکێک لەوانە شەهید هەمزە بوو کاک ناسری پیرانی بوو هەندێک باسی محەمەد زەنگەنەشیان دەکرد. هەروەها ئەمن و کەماڵ و مەنسووریان بانگ کرد بۆ تەشکیلات دەیانکووت بۆچی هات و چۆی ماموستا هێمن دەکەن. گوایا ماموستا هێمن ئێوەی زۆر خۆش دەوێ شتێکی زۆر بێ مەعناو بێ ئەساس و منداڵانە بوو. کە دوایی دەرکەووت ئەوانە نەک هیچ لە باری تودەوە نازانن کەسانێکن لە باشترین و پاکترین و گینفیداترین پێشمەرگەکانی حزب. هەر بۆ خۆیان لەپاشان خەجاڵەتیان دەکێشاکە بۆچی ئەو تۆمەتە بێ مەعنایەیان لەو کوڕە پاکانە داوە. هەمزەیان دابوو بە لکی ئێمە کاک ناسریان دابوو بە لکی دوو. کاک ناسر ئەوی ڕۆژێ دەبوو بچێ بۆ بیمارستانی حزب تا وەدوای چارەسەری برینەکانی کەوێ بەڵام پیاوانە ئەوی شەوێ لەگەڵمان هات و بەجێی نەهێشتین.. ئەوشەوە زۆر تارک و ناخۆش بوو،، ئاخری مانگی زستان بوو ئاسمان هەورێکی ڕەشی پێوە بوو بایەکی زۆر توندی دەهات. شەوێک بوو لەو شەوە ناخۆش و ڕەش و تاڵانە. جێ. جێ بەفر مابوو بایەکەی هەم تووند بوو هەم سارد بوو کە هەستت دەکرد کار لە ئێسکەکانت دەکا. سەعاتی سفر دانرابوو،، دەستەی هێرش بەرو قۆڵەکان هەموو ئامادە بوون. سەرپەلەکانمان بانگ کردنەوە بە پێشمەرگەکان بڵێن تفەنگەکان مسەلەح کەن و زامنیان کەن. دەنگە دەنگێ زۆر مەکەن،، دانیشن و ئامادە بن. ئەگەر سیغار دەکێشن دوا سیغار بکێشن و ئاگاداری نووری سیغارەکانتان بن. ئەو شاخە لە خوارێڕا تا دەگەیشتە سەر دوندی شاخەکە ڕووتەن بوو جێ جێ بەردی لێ بوو، بەڵام ئەوجێگایەی دوژمنی لێ بوو ئەسڵی پایەگاکە بەردەڵانێکی سەخت و پڕڕ بوو.. جێگای ئەوان زۆر قاییم و سەخت بوو، بۆیە ئێمە دەبوو پایەگا بگرین ئەگەر ئەوان زووتر دەست بکەنەوە یا بزانن ئێمەیان دەکردە نیشانەی خۆیان و هیچ جێگایەکی لێ نەبوو تا سەنگەری لێ بگرین. بۆیە دەبوو زۆر بە مەحکەمی و بێ ئیشتبا کردن چووبایتە سەریان. ئێمە کە گەیشتینە بن سەنگەرەکانیان دیتمان سیمی خارداریان لێداوە، کوڕەکان سیمەکانیان پساند ڕامانکێشان تا دوورمان خستنەوە.. بەردێکی زۆریش گەورە نەبوو ئەمن و کەماڵ و براییم بووین، دەنگی تەقەیەک هات زۆرمان پێ سەیر بوو. بەڵام لەوسەرە بایەکەی هێندە تووند بوو پێم وابێ پایەگا گوێی لێ نەبوو، ئەگەر گۆێشیان لێ بوبێ نەیاندەزانی چیە.

کەماڵ خێرا بە منی کووت برۆ بزانە کێ بوو ئەو تەقەیەی کرد؟؟ لێیان نادەین تا دێیتەوە. منیش قەراغەو قەراغ خۆم گەیاندە کوڕەکانی قۆڵی دوو شینەم بانگ کرد، کووتم ئەو تەقەیە چ بوو لای ئێوە؟؟ هەموویان حاشایان کردوو لێیان کردمە هەشتی پاک و نۆی پیس. گەڕامەوە کووتم کەماڵ ئەوان بوون بەڵام حاشای لێدەکەن بەهەرحاڵ پێم وابێ پایەگا نەیانزانیوە،، ئەگەر هەستیان کردبا تەقەیان دەکردەوە. کەماڵ کووتی با کەمێکی تر بچینە پێشێ نارنجۆکەکان ئامادە بکەن خۆی تێداوێین. دوو مەتری دی چووینە پێشێ هەر پێشمەرگە بوو بەسەر قووتوی بەتاڵی کۆنسێرت و ئاوی میوەدا دەکەووت، تەقە تەقێکی قووتوان پەیدا بوو هەر مەپرسن. کەماڵ قەڵس بوو کووتی دانیشن مە بزوون لە جێی خۆتان. ئێمە چوار نارنجۆکمان خێرا تێهاویشت و چووینە سەرێ بە ڕەگباران. بوو بە تەقە هەموو پایەگا غەرقی تەقەو دوکەڵ و بۆنی باروت بوو. گرمەیەک هات بوو بە دوو بوو بە سێ زۆر گەورەبوون،، کە دەتەقین ئەو ناوەیان ڕووناک دەکرد. کوڕەکان خۆیان لە پایەگا هاویشتبوو عوسمان ئەفشین ڕەحمان سوهرابی هەمزە نەسووری کاک ناسر شینە کاوە زۆری تر لە کوڕەکان. بەڵام ئەوان لە کەمیندابوون زۆر بە خراپی لێیان دایناوە. دوژمن دەبوو شەڕی مان و نەمان بکەن، تەنها ڕێگایان مقاومەت بوو. بە تەقینی ئەو مینانەو بریندار بوونی ئەو پێشمەرگانە بە سەختی توانیان. کۆنترۆڵی خۆیان بکەن بۆیە خێرا کوڕەکان بریندارەکانیان ڕزگار کرد. هەتا هەموو ڕزگار کران و بەرەو خوار ڕۆشتن ئێمە هەر لێمان دەدان. کەماڵ دەستووری پاشەکشەی دا کووتی تازە ناگیرێ تا شەهیدمان نەداوە بگەڕێنەوە. ئێمە کە چووینە خوارێ هەمزە مابوو،، ڕەحمان تەلایی مابوو،، کە لە سارەوانان هەمزە شەهید بوو برینەکەی زۆر قورس بوو. ناسر کووتی بەڵێنیەکەی خۆی بردە سەر پەرچەمی پایەگای هێنا خوارێ و هەر لە باوەشیدابوو.. بە خوێنی خۆی نیشانی دا بە هەق پێشمەرگەی دیموکراتە. ڕەحمانیش هەروا شەهید بوو، عوسمان بریندار بوو کاوە دووجار بریندار بوو لەوێ. عوسمان ئەفشین وەزگی کەووتبو،، کاوە بە بریندارى لەسەر پشتی ئەبووبەکر جەهانگیری بوو کە دیسان گولەیەکی تری وێکەووت و ورگ و ریخۆڵەی هاتە دەرێ.. عەلی قاسمی زۆر پیاوانە هەتا سەر کانیەکەی نێوان بەسری و قەڵات ڕایکێشابوو گیانی ڕزگار کرد. کوڕەکانیتر ڕەحمانی سوهرابی و ئەو پەلە گەیاندبوویانە قەڵات پێم وابێ دوو بریندارى دیکەشمان هەبوو. لە لاچین دایە ئایشێ دایکی کاک سەعید بەگزاد کفنی بۆ دوورین و بە خاکی پاکی کوردستان سپێردران.. ئەم یادو بیرەوەریانە درێژەیان هەیە.. پێویستە سوپاسی ئەم هاوسەنگەرانەم بکەم کە بۆ خۆیان لە عەمەلیاتەکەیدا بوون و ئێستا لە ژیاندا ماون.. زۆریان هاوکاری کردم و هاوفکریان کردم بۆ نووسینەوەی ئەم بیرەوەریە. کاک عوسمان ئەفشین کاک ناسر پیرانی کاک ڕەحمان سوهرابی کاک عەلی قاسمی چاوەڕوانی بیرەوەریەکانی تر بن هەر پێشمەرگەیەکی تر لەو عەمەلیاتانەدا کە لەگەڵ بوون داوایان لێدەکەم هاوکاری و هاوفکریم بکەن و ئاگادارم بکەنەوە داوای لێبووردنیش لەو کەسانە دەکەم کە ناوم نەهێناوون...

کەمینێکی چکۆڵە لەم جێگایە



ساڵی شەست بوو ڕێکەووتەکەییم لە بیر نەماوە ئێرە ئاخری کلکەی کۆسەکەڕێزە. ڕژێم تازە پایەگای لە پشتی گوندی کۆسەکەڕێز دانابوو جێگایەکی حەساس و. زاڵ بوو بەسەر گوندەکانی شارۆڕاندا، هەم دەیتوانی بەشێکی زۆر لە جادەی مەهاباد ورمێی کۆنترۆڵ کردبا. کاک هەژار ئێمەی بانگ کرد وەک پەلی شاهۆ کۆبوونەوەیەکی دە دەقیقەیی لەگەڵ کردین کووتی من بە تۆپی ١٠٥ ملم لە پایەگاکە دەدەم، کەماڵیش لەگەڵ چەند پێشمەرگەی تر لە کاتی لێداندا بە تۆپ بە کالیبر ٦٩ یەکە دەبێ پایەگا بووکتن و لێیدەن. ئێمەشی نارد لەم جێگایە کە وێنەکەییم داناوە کەمینێک دابنێین هەرچی لە پایەگاوە بەرەو ورمێ هەڵدێن یا هەر چەشنە هێزێکی یارمەتیدەر کە بیانەوێ بە هانای ئەو پایەگایەوە بێن لێیان دەین و نەهێڵین هیچ چەشنە کۆمەگێکیان پێبگا. سەعاتی سفر دیاری کراو دانرا ئێمە پێنج کەس بووین کە چووین بۆ کەمینەکە ئەمن و حەسەنی سوهرابی و متەلیب سۆفی سەید سەنعان و یەک هاوڕێی دی کە ئێستا لە ناو خۆیە. سەگێکمان هەبوو ئەویشمان لەگەڵ بوو زۆر ئاقڵ بوو هەموو شتێکی دەزانی. کە لە کەمیندا بووین خۆمان مات کردبوو تا نەمانبینن ئەویش وەک ئێمە خۆی مات کردبوو هیچ نەدەجووڵاو بەم لاو بەولادا نەدەڕۆشت، تەخت خۆی بە بەردەکانەوە نووساندبوو. سەری سەعاتی سفر کاک هەژار یەکەم گوولەی لێدا بە تۆپ ڕاست لە نێوی کردن تەپ و تۆزو دوکەڵی لێ هەستاندن. کەماڵیش بە ٦٩ یەکە وردە وردە و بە پێخۆر لێیدەدا. ئێمە جوان چاومان لە کەماڵ و کوڕەکان بوو کە تەقەیان لە پایەگا دەکرد، بەڵام تۆپەکەی کاک هەژار هەر بریسکەکەمان دەدیت کە دەیتەقاند چاویشمان لە پایەگا بوو کە وێی دەکەووت و دووکەڵێکیان لە پایەگا بڵند کردبوو. دیتمان ماشێنێک لە پایەگا هاتە خوارێ و گەیشتە سەر جادە بایداوە بۆ لای ئێمە

کە نزیک بۆوە دیتمان ماشێنێکی سیمورغی سەربازیە و ڕەنگەکەشی هەر سەربازی بوو خێرا چووینە سەر جادە دەستمان لێڕاگرت هێشتا سەد مەترێکی زیاتر مابوو بگاتە ئێمە کە زانیان ئێمە پێشمەرگەین زۆر بە تووندی گازی دایەوە ویستیان هەڵێن و دەرچن لە دەستمان من بیکەیسیم پێبوو. لەگەڵ کوڕەکان وێکڕا لێمان دان هاوڕێیەکمان کە ئێستا لە ناو خۆیە دوو نارنجۆک هاوێژی پێوە نا لێی نەدا هات تا گەیشتە بیست سی مەترێک ئەولای ئێمەو ڕایگرت پێش هەموومان سەگەکە گەیشتە سەریان بەهەر چوار دەوری ئەو ماشێنەدا دەگەڕاو دەوەڕی پێیان ئێمەش کە لێیان نزیک بووینەوە بە ئیشارەت و هاوار کردن پێمان کووتن وەرنە خوارێ لە شوشەکانڕا دەیانکووت ئەوسەگە دەستیان بۆ سەگەکە ڕادەداشت پێم وابێ لە ئێمە نەدەترسان زیاتر لە سەگەکە دەترسان. زۆر پێکەنین لەو کاتەدا دەنگی سەگەکەماندا چوو لەولا دانیشت خێرا دەرگاکەمان کردەوە هەموو دەگریان و هاوار هاواریان بوو دیتمان یەک نەفەر بریندار بوو لە پایەگا پێنج کەسی تر لەگەڵی هاتبوون کە هەڵێن لە تەقەکەی ئێمەشدا سێ کەسیان بریندار ببوون هێنامانە خوارێ پێنج تفەنگی ژێسێیان پێبوو لەگەڵ هەموو ڕەخت و دەراغ و کۆڵە پشتی و شتی سەربازی بریندارە کە. نەیدەویست بێتە خوارێ زۆرمان هەوڵ دا کە دایبەزێنین بەڵام تووند خۆی بە ماشێنەکەوە گرتبوو نەدەهاتە خوار ئاخری یەکێک لە دیلەکان کووتی دەکرێ من شتێک بڵێم. کووتمان دەڵێی چی؟ کووتی ئەوە لە هەرە کەرەکانە جا خۆتان ماندوو مەکەن لەگەڵی نایەتە خوارێ کووتمان دەمانەوێ ماشێنەکە بسووتێنین کووتی جا ئەگەر بزانێ دەیسووتێنن هەر نایەتە خوارێ ئەوە پێی خۆشە بمرێ و هەرچی زووتر بچێتە بەهەشت دیلەکانمان هێنایە کەمێک دوور تر لە ماشێنەکە لەوێ قوڵکەیەکی گەورەی لێبوو لەوێمان دانان چاوەڕێ ماینەوە کە بەڵکوو ماشێنی تر بێ دەهات هەوا تاریک بێ بەڵام هیچ ماشێن و کۆمەگ بۆ پایەگا نەهات کوڕەکان چوون گوولەیەکیان لە باکی ماشێنەکەدا بێنزین هاتە خوارێ پەتوویەکیان لە ماشێنەکە دەرهێناو تەڕیان کرد بە بێنزین و لە ماشێنەکەیان هاویشتەوە و سووتاندیان٠ کاتێک دەمانوویست بڕۆین تفەنگێک کەم بوو ئەمن و شەهید حەسەنی سوهرابی کە سەرپەلمان بوو گەڕاینەوە بۆ جێگا کەمینەکە حەسەن بانگی کردم کووتی وەرە وەرە چاو لەوە بکە کە دیتم یەکێک لە کوژراوەکان هەر مابوو دانیشتبوو. قەتم شتی وا نەدیبوو سەری هەموو کون کون بوو کەچی مابوو دەیویست بە دانیشتنەوە بڕوات کووتم حەسەن لێیدە با تەواو بێ گوناحە گوولەیەکی لێداو تەواو بوو تفەنگەکەش هەر لەوێ بوو هەڵمان گرت و گەڕاینەوە گوندی قزڵقۆپی بنکەی ئێمە پەلی شاهۆ لەوێ بوو کە چووینەوە کاک هەژارو پێشمەرگەکان هەموو لەوێ بوون کاک هەژار کووتی پەتوویەک لە پەنجەرەکەی دەن. با هیچ ڕووناکیەک دیار نەبێ دەوڵەتیش کوێرانە تەواوی ناوچەی دەکوتا...

گەورەترین زوڵم لە گەلی کورد



لێرەدا هیچ کارم بە دوو باڵی حزب نیە ئەوەی دەمەوێ باسی بکەم ئەو زوڵمە گەورەیەیە کە لە ئێمەی کوردی دەکەن کۆماری سێدارە هەموو وردەکاریەکانی گیروگرفتی مەسەلەی کورد لە من و لە تۆ و لە ڕێبەرانی ئێمە باشتر دەزانێ زۆر باش دەزانێ کە ئێمەی کورد هەر پێش دەسەڵاتی ئەوانیش زوڵممان لێکراوە سوور سوور. دەزانن ئەوەی خەڵکی کورد داوای دەکاو ماڵوێرانی و شەهیدی بۆ دەدا چەندین ساڵە حەقی بێ ئەم لاو ئەو لای خۆمانە ئەگەر ڕۆژێک کۆماری سێدارە لە دەسەڵات نەمێنێ زۆر لە نهێنیەکان ئاشکرا دەبن کۆماری سێدارە هەم کلاوی لەسەر براکانمان دانا لە باشوری کوردستان هەم بە هۆی متمانەو گفتی کوردانە و باوەر بە یەک بوونی کوردان لە هەموو پارچەکانی کوردستان توانیان کلاو لەسەر دکتۆرو ڕێبەرمان دابنێ و بیگەیەنێتە ئەو باوەڕەی. کە ڕژیم نیازی باش و سازانی هەیە ئەمانە هەموو لە هونەرو تاکتیک و سیاسەت و فێڵ و کلاوبەردارى. عەجەمان بە دوور نەدەزانراو. جێگای هەڵوێستە بووە چوونکە کاک دوکتۆر بە دەیان جار ئەو قسەیەی دووپات کردۆتەوە لە هەموو مەجلیس و دانیشتنەکاندا لەگەڵ میوانانی پارچەکانی دیکەی کوردستان کە دەیکووت "عەجەم یا دەبێ بیکوژی یا دەبێ لەبەری هەڵێی" ئەدی بۆ وا زوو باوەڕی پێکردن؟. نازانم نامەوێ زۆر بچمە ناو چۆن و چۆنیەتی ئەو کارەسات و دروست کردنی چۆنیەتی ئەو چاوپێکەووتنانە تا دەگاتە ڕۆژی کارەسات و ڕۆژی ترۆرو ڕۆژی شەهید کردن و لەناو بردنی ڕێبەرێکی کورد کاتێک دەسەڵاتێکی سیاسی لە وڵاتێکدا هەڵدەستێ بە بڕیاردان لەسەر کووشتنی کەسێک کە ڕێبەرو خۆشەویست و باوەڕ پێکراوی میلەتێکە بیکوژێ بە بێ شک و بێ گومان. دەستووری کوشتنی میللەتێکی داوە دوژمن. کۆماری سێدارە حوکمڕانی شێعەو مافییای دینی و مەزهەبی بە سوود وەرگرتن لە براکانمان بە شێت زانین و بە هیچ

بەشی دووهەم

نەزانینی هەموو کورد بە ڕۆژی ڕووناک بە زۆرداری بە تۆقاندن بەهەڕەشە و بە زۆر ڕازی کردنی هەموو ئەوانە توانی ئەم زوڵمە گەورەیە لە ئێمەی کورد بکەن و بە ناپیاوانە ترین و ناپاکی ترین و نا ڕاستانە ترین و قێزێون ترین و ترسەنۆکانە ترین ڕێگا دەستیان بگاتە ڕێبەری کوردو. شەهیدی بکەن هەرچەند کاک دکتۆر گولەیەکی بە قاتڵەوە ناوەو بە داخەوە نەمردووەو ماوە ئەم ڕێبەرەمان لێ دەستێنن ئێستا ئەو میوانە خۆشەویستەی هەرێمی کوردستان کە هەموو جارێ دێتە کوردستان فەرشی سووری بۆڕادەخەن و بەبەر چاوی ئێمەی دڵسووتاوەوە دێن و دەچن هەر کەمێک ملیوانی کراسەکەی لابدا جێگا گوولەکەی قاسمللوی پێوە دیارە لە کاتی ماچ کردنی ئەم قاتڵەدا جێگا گوللەو دیفاعی پیاوانەی دکتور قاسملوو ببینن و خەجاڵەت ببنەوە. هەر کات زوڵم دەبینم ئەویش ئەو زوڵمە گەورەیە دڵم پڕ دەبێ ئەوکم دەگیرێ ئێمەی ڕۆژهەڵاتی نەمانتوانی تۆڵەی شەهید بکەینەوە دەبوو پێش ناشتن و بە خاک سپاردنی دکتۆرو هاوڕێکانی تۆڵەی کراباوە هەم هێزمان هەبوو هەم پێشمەرگە هەم هەرجێگایەک ویستبامان دەمانتوانی بچین هەم هەموو خەڵک لەگەڵمان بوو پرسیارێکە هەمیشە پرسیوومە پێشم خۆشە هەموو لاوەکان و هەموو تازە پێگەیشتووەکان بپرسن و لێی بکۆڵنەوە بۆ نەمانکرد؟ لە چی دەترسایین؟ لە چیمان کەم بوو؟ زوڵمێک لە سەر زوڵم...

ئارامگای عەلی سوهرابی



سوهرابیەکان زۆر کوڕی ئازاو بەجەرگیان
تێدا هەڵکەووتووە.
عەلی یەکیک لەوانە بوو..
پێشمەرگە بوون،، چەک هەڵگرتن،، مردن لەڕێی کوردستانا.
بەشێک لە هەڵوێستی مەردانەو کوردانە و شۆڕشگێڕانەی لاوانی کوردە.
کە هەموو کەس ناتوانێ ئەو هەڵوێستە بگرێ و
تا سەر لەگەڵی بمێنێتەوە...
پلەی هەرە بەرزی ئەو مەردایەتیە
شەهید بوونە لە پێناوی خەڵک و خاک و ئازادی،
عەلی سەربەرزانە،، مەردانە،،
شۆڕشگێڕانە بە واتای فەرماندەی شەهید خدرە سوور
کەم بژی و کەڵ بژی
هەڵبژاردوو بە هەموو ئەوانەی باوەڕی پێی هەبوو بۆی ژیاو بۆی مرد...

کاتێک هەموو ڕۆژێ ناوت دێنین

بەشی دووهەم

هەموو ڕۆژێ بیرت دەکەین
هەموو ڕۆژێ لێمان دیاری
هەموو ڕۆژێ لەدڵماندای
کەواتە تۆ نەمردووی
تۆ هەر ماوی

_____


تۆ هەر وزەی
تۆ هەر وشەی سەر زاری
کیژو لاوی ئەم وڵاتەی
تۆ داستان و بەسەر هاتی
تۆ ژیلەمۆی گڕی کورەی
ئەم خەباتەی
ئەتۆ ماوی
ئەتۆ ماوی
ئەتۆ ماوی

ئەوە خدری فەرماندەیە



ئەوە خدری فەرماندەیە
لە کوردستان،،، فەرماندە بوو
فەرماندەری شێری شاخان
فەرماندەری کەسانێک بوو
شۆڕشگێڕو پێشمەرگە بوو ناویان
ئەوی خدری دیوە جارێک
بۆی بنووسێ دێڕێکی کورت
بۆ خدرو بۆ تەرەغە
بۆ دوا نیگای ئەو جێگایەی
چاوی لێکرد فەرماندەی کورد...

یادێک لە پیاوە تێکۆشەرە



یادێکی کورت لە "قا قە ی" خۆشەویست
هەرکات کە قا قە م دەدیت
عیشقێک کە لە کەلەمدا بوو بۆ کورد
هێندەی دیکە کڵپەی دەگرت
نەمدەزانی چۆن پێی بڵێم
تۆ دیاری خوای ' تۆ ژیلەمۆی
تۆ نەبەزو جێی شانازیت
دە بێ بتکەن بە نموونە
وەک سەرداڕێک، وەک پیاو چاکێک
لەجیات هەموو پێشمەرگەی کورد.

کاک شوانەی قارەمان



ئەمە یەکەم شوانەی پێشمەرگە بوو
دوای ئەو شوانە زۆر پەیدا بوون
بەڵام شوانەی من جیاواز بوو
دەورانی ئەو
هەموو شتێک فەرقی هەبوو
پیاوو پیاوەتی
ژن و شێرە ژن
کورد بۆ کوردستان. کوردستان بۆ کورد
قارەمانێک بوو کاک شوان
وات دەزانی لەشکرێکە
هەر وەکوو شێرێک بوو لە مەیدان
لێی بپرسن
لە ئەهوەن
ئەو باشتری دەناسێ لە من
لای من شوانە

بەشی دووهەم

هەوێنێکە لە کوردستان
کیژو لاوی ئەم وڵاتە
ئەرک و فەرزە
لێوەی فێر بن.

تۆ نامری



قەڵاسەیدە
شاخ و دۆڵی
لەگەڵ شەوا وێکڕا نووستبون
مانگە شەویش گرشەی سارد بوو
دەتکووت دەگری
لە چۆمەکەی خوار ئاوایی
قیڕەی نەرمی بۆق و
بای شەو. لای لایەیان
بۆ شەو دەکرد
لە ناکاوو لە پڕڕ
دەنگی ڕەگبارێکی دوروو درێژ
شاخ و دۆڵ و
دەشت و چیای لە خەو هەستاند

بەشی دووهەم

سی فیشەکی پڕاو پڕ
لە نامەردی دوژمن کاری
خێرا هەستام خۆم پێچاوە
تفەنگەکەم کردە شانم و
لە گەڵ کامێراکەم
هەردووکیانم مسەلەح کرد
بەرەو جێگای دەنگی تەقە خووشیم
چی ببینم باسی چی بکەم
شاپوورەکەی کرماشانم
غەرقی خوێن بوو. خوێن هەردەهات
خوێنێکی گەرم
زۆر هەوڵمدا قسەیەکی لێ ببیستم
هیچی نەکووت. هەر گەرم بوو
ڕەبی قاتڵڵ هەموو شەوێک
ئاگرو ئاوت لە ماڵ گەڕێ
ئەژدیهای حەوت سەر
بە گۆڕت فێر بێ
چۆن دڵت هات شاپووری کورد
بە گوللەی ڕەق
سنگی ئازن ئازن بکەی
ئاگر بە ماڵت فێر بێت
شاپوورەکەم تۆ نامری
کە تۆ مردی کورد نامرێ
ڕۆحت شاد هاوڕێی هەمیشە خۆشەویستم

ئەمە گۆڕی شەهید کەریم ئەرسەنگە.



هەرکەسیک کە دەیناسێ
قسەی دڵی خۆی بۆ بنووسێ،
بۆ ئەوانەی کە ناینناسن
هەر کەسێک هەی
کەریم دۆست و پشت و پەنای تۆ بوو
بە ئارەزووی دڵی تۆ بوو
هاوڕێی ڕۆژانی تەنگانە و
پردە بازی ژیانی تۆ بوو.
سنگی دەکردە قەڵغان، بۆ ئەوەی کە تۆ بژیت
بۆ خۆی بمرێ، هەر واشی کرد
دەزانی بۆ؟؟؟؟؟؟؟.
چونکە کەریم پێشمەرگە بوو
من هەست دەکەم کەریم ماوە
هەست بە بوون و ڕۆحی دەکەم.
دەزانی بۆ؟؟؟؟؟؟؟
چوون بە ڕاستی پێشمەرگە بوو.
ڕۆحت شاد هاوڕێی بەڕێزم

زانکۆیەکی بێ دەنگ



دوای کاکی شوان. ئەم سەگە، دووەم دەسەڵات دارە لەم ناوچەدا. جێگری کاکی شوانە و حوکم فەرمای ئەو ناوچەیە کە مەڕو مااڵتەکەی لێیە... مەڕەکان تێریان خواردووەو دەحەسێنەوە گوێدرژەکەش دەلەوەڕێ. کاکی شوانیش چای وەسەر ناوەو کەپەنگی خۆی لە بەر کردووەو سیغاریشی بە لا لێوانەوەیە. هەموو کارو وەزیفەی خۆیان دەزانن،، لێرە قانونی خۆیان هەیەو بەڕێوەی دەبەن.. بەو بێ زمانیەی خۆیان کارو ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن و بێ گرفت و بە بێ ئەوەی بۆڵە بۆڵ و گێرە شێوێنی بکەن کارەکانی خۆیان بەڕێوە دەبەن، مەڕو بزنەکان پێویستە شیر بدەن، بۆیە دەبێ چاک بلەوەڕێن هەتا شیری زیاتر بدەن. لێرە هەموو کارێک بە پێی دەسەڵاتە.. دەسەڵاتەکانیش دیارن شوان وەزیفەی خۆی دیارە،، سەگەکە وریایی و پاسەوانی و باری ئەمنی بۆ شوان و ئاژەڵەکان دیاری دەکا.. گوێدرێژەکەش ئەرک و فەرمانی خۆی زۆر بە باشی دەزانێ و بێ دەمە دەمەو زماندرێژی قەبوڵی کردووە.. مادام یەکتریان قەبوڵەو کاریان دابەش کردووە، هیچ گرفتێک نایەتە پێشیان و هەم ئاژەڵەکان شیری باشیان دەبێ و هەم سەگەکەش ئەمنیەتی هەموویان دەپارێزێ. هەم کاکی شوانیش خەڵات و بەراتی باشی دەدەنێ.. هەر ماوە. لێی. میوان بی و ماوەیەک لە لایان بمێنیتەوەو سەرنجیان بدەیتێ و لەم زانکۆ بێدەنگەدا هەزاران دەرسی ژیان و چۆنیەتی زانستی پێکەوە بوون و یەکتر قەبوڵ کردن و پێکەو کارکردن بۆ مانەوە بە یەکەوە بێ دەردی سەرو خۆشی لەژیان و جوانی دنیاو لەزەتەکانی بەرن،،، تۆ یەکجار دەژیت تازە ناتوانی جارێکی تر بگەڕێیتەوە بۆ ناو ژیان... بۆیە با لە ئاژەڵەکان فێر بین چۆن ڕێز بۆ فکرو بۆ چوون و سەلیقەی جیاواز بگرین... لەم ژیانە کورتەدا قەدری زیندوو بوون و ژیان بگرین...

کامڕانم زۆر خۆشدەوێست.



هێنابومە دەبیرخانە لای خۆم. تازەی زەماوەند کردبوو. بەیانی هاتە دەبیرخانە. کوتی ئیجازەم بدە دەچمە ڕانیە. کوتم ناکرێ ئەورۆ نەچی. بە شۆخی کوتی. دەستورە. حەتمەن دەبێ بچم زوو حاڵی بووم. کوتم. مادام دەستوورە. بڕۆ. هەر ئەو ڕۆشتنە بوو کە ڕۆی. دواتر تەنها جەنازەکەیم دیتەوە.


ڕۆحت شاد بێت کامڕان. گیان

یادێک لە کەوە شەل؛؛



چەند خۆش بوو لەو گەرما یەی هاویندا کە گوێت لە دەنگی بڵندوو بە هێزی کەوە شەل دەبوو کە هاواری دەکرد... وەرە بۆ سەهۆڵ... لە هەموو زەماوەندێکدا بە نیشانەی پیرۆز بایی چەند کۆترێکی جوانی دێناو لە پێش بوک و زاوا ئازادی دەکردن تا کۆترەکان وون دەبوون خەڵکەکە چەپڵەیان بۆ لیدە داو دەیانکوت بژی کەوە.. وە دەهات سەرچۆپی دەگرت و دوایە دەسمالێکی بە دەستەوە دەگرتو سەمایەکی زۆر جوانی دەکرد... کەوە بەرپرسی ساردو گەرمی حزب بوو. یادی بە خێر...

یادی ٢٥ ساڵەی شەهید بوونی کاک عەولا شەریفی.



شەهید عەولا شەریفی لەدایک بووی گوندی شارەزوور لەناوچەی مەهاباد. لە سەرەتای شۆڕشەوە هاتە ناو ڕیزەکانی شۆڕشگێڕانی دیموکرات. زۆر زوو جێگای خۆ لەناو دڵی هاوسەنگەران و خەڵکی ناوچەکەدا کردەوە. پلەکانی حیزبی وەکوو کادرێکی سیاسی شارەزاو لێزان تێدەپەڕاندو سەرکەووتوانە بەرپرسایەتیەکانی بەئەوپەڕی دڵسۆزی و بوێرانە ئەنجام دەدا. شەهیدعەولا شەریفی تـوانی بگـاتە پـلەی بەرزو وەکـوو ئەنـدامی کـۆمیتەی ناوەنـدی حیـزب دیـاری بکـرێ. سـەرئەنجام لەڕێکەووتی ٢٨ - ٩ - ١٩٩٤ لە نزیک گوندی کوران لەناوچەی مەهاباد لەکەمینێکدا شەهید دەبێ.

یادو ناوت بەرزو بەڕێزو ڕێگای خەباتت بەردەوام.

بەشی دووهەم

پەڵەیەکی ڕەشی بزووتنەوەی ئیسلامی و تاوانێکی گەورە.



ڕۆژی ١٩ی ئۆکتۆبری ١٩٩٦ی میلادی بەرامبەر بە ٢٨ی ڕەزبەری ١٣٧٥ ی هەتاوی. حەوت کەس لە تێکۆشەران و پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات، بێ شەرمانەو جاسوس سفەتانە لەناوچەیەکی نزیک بەشاری هەڵەبجە لەباشووری کوردستان، لەلایەن چەکدارانی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانی عێراقەوە بەدیل دەگیرێن و تەحویلی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان دەدەن.

ناوی ئەم پێشمەرگانە:

١- مەعروف سوهرابی. ٢- داریووش ئیسلامدووست ٣- یونس محمد پوور ٤- عەدنان ئیسماعیلی ٥- ئەرشەد ڕەزایی ٦- محمد عەزیز قادری ٧- موزەفەر کازمی.

حیزبی دیموکرات هەرگیز ناهێڵێت خوێنی ئەم شەهیدانە بەفیڕۆ بچێ. لەهەر زەمان و کاتێکدا بۆی بگونجێ تاوانبارانی ئەم جنایەتە دەداتە دادگاو دەبێ بەسزای خیانەتی خۆیان بگەن.

مردن و سەرشۆڕی بۆ خائینان و کاسەلێسەکانی کۆماری پەت و سێدارە.

سڵاو لەڕۆحی بەرزی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و ئازادی کوردو کوردستان.

یادێک لەشەهیدی نەمری گەلەکەمان شەهید: هەمزە بێهنام.




شەهید لەساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی ١٩٦٤ ی میلادی لە گوندە جوانەکەی هەنگەوێ لەناوچەی پیرانشار لەدایک بووە. دوای شۆڕشی سەرتاسەری گەلانی ئێران لەڕیزەکانی حیزبی دیموکرات خۆی بینیوەتەوە و چەکی شەرەف و دیفاع لە ئازادی و ڕزگاری هەڵگرتووە. ئازایانەو قارەمانانە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان سەنگەری لەدوژمنان گرتووە. هەموو پلەکانی نیزامی تێپەڕاندووە، سەرئەنجام وەکوو فەرماندەری هێزی ئاگری لە ناوچەی ورمێ دریژە بەخەبات دەدات.

شەهید هەمزە لەڕۆژی ٢٧ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٧٣ واتە ٢٥ ساڵ پێش ئێستا لەئاوایی نۆڤی لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ لەشەڕێکی نابەرابەرو کەمینێکی دوژمندا لە ڕێکەووتی ٢٧ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٧٣ بەداخەوە شەهید دەبێ.

یادو ناوی هەمیشە زیندوو، ڕێگای پیرۆزی خەباتی ئاوەدان و دریژەی هەیە.

مردن و نەمان بۆ خائینان و دوژمنانی گەلی کورد.

یادێک لەشەهیدی نەمر: حەکیم ڕەزایی.



۳۳ ساڵ پێش ئێستا لەڕۆژێکی وەکوو ئەمڕۆ، لەڕێکەووتی ۹ - ۸ - ۱۳٦٥ی هەتاوی. لەشەڕێکی نابەرامبەرو قارەمانانەو کەم وێنەدا لەشاخی ڕووشی سەربەناوچەی سەقز. بەداخەوە هاوڕێ حەکیم ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب شەهید دەبێ و گیانی خۆی لەپێناو ئازادی و ڕزگاری گەلەکەیدا دەبەخشێ. لەگەڵ ٣ پێشمەرگەی تر بەناوەکانی:

١- سالّح میرزایی

٢- سەدیق میری

٣- محمد ئەحمەدپور ناسراو بە حەمە هەژار.

یادو ناوتان هەمیشە زیندوو، ڕێگای پیرۆزی خەباتتان بەردەوام.

٣ شەهیدی ڕزگاری و ئازادی...



٣ شەهیدی کوردو کوردستان، لە پێناوی ڕزگاری و ئازادی گەلەکەمان گیانی شیرینی خۆیان کردە سووتەمەنی ڕێگای خەبات بۆ ئاوات و ئامانجەکانی گەل.. ئێوە ڕۆشتن،، ئێوە بوونە میژوو،، ئێوە بوون بە ملوانکەی ئازادی بە گەردنی قەندیلەوە،، بوون بە گواڕە بە گوێی هەڵگوردەوە،، بوون بە گوڵی هەمیشە زیندوو لە باخچەکەی چوارچرای مەهاباد کە بۆن و بەرامتان بۆ هەمیشە بەسەر شارەکەتاندا دەمێنێتەوە،، ڕۆژێک دادێ ڕەنگە ئێمە نەیبینین بەڵام تەرمی پیرۆزی ئێوە شەهیدان لە گۆڕستانەکانی باشوور لە ناو ئاپۆڕای ملیونیدا دەگەڕێنەوە بۆ زادگاتان. ئێوە جارێک مردن بەڵام بۆ هەمیشە زیندوو مانەوە لە ناو دڵ و سەر زمانی خەڵکەکەتاندا...

١- شەهید خەلیل گادانی

٢- شەهید کامران شێخولئیسلامی

٣- شەهید قادر خۆشنمەک

ڕۆحتان شادو یادو یادگارەکانتان هەر بمێنێ و زیندوو بن...

بۆ یادی ١٩ ساڵەی کۆچی دوایی هاوڕێ کاک (سەید سەلام عەزیزی)



بۆ ماوەی چەند ساڵێک کاک سەید سەلام بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت بوو هەروەها شەهیدی زیندوو مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی فەرماندەری هێزی موعینی بوو.

تەنها یادگارێک کە لە کاک سەید سەلام و فەرماندەیی هێز بۆ من ماوەتەوە، ئەم تەشویق نامەیەی سەروەیە. ئەوەندە بە نرخ و پیرۆزە لەلای من کە شانازی پێوەدەکەم. ڕۆحت شادو یاد و یادگارەکانت هەر زیندووە. تەمەن درێژی و سلّامەتی بۆ مامۆستای بەڕێز و کۆڵنەدەر.

تێبینی: کاک سەلام عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٤ی پووشپەڕی ١٣٧٦ی هەتاوی = ١٥ی جوولای ١٩٩٧ی زایینی بە هۆی نەخۆشی مالّاوایی لە حیزبەکەی و نەتەوەکەی کرد.

ڕۆحی شاد بێت.

مامە قالەی شۆڕش.



پیاوێک لە جنسی پۆڵا بۆ بەرەنگاری، شۆڕشگێڕێکی بە وڕەو مەحکەم بەرامبەر بەدوژمنان، بە بەرزایی کێوی ئاربابە خزمەت و زەحمەتکێشان بۆ ئازادی و ڕزگاری گەلەکەی.

وەک باوکێکی دڵسۆز بۆ بنەماڵەو گشت پێشمەرگەیەک.

پیاوێک بوو بە ڕەمزی پاراستنی کەلتوورو قسەی ڕەسەنی کوردی و هێشتنەوەی جل و بەرگ و داب و نەریت و ڕەوشتە بەرزەکانی کوردەواری.

یادوناوت هەمیشە زیندوو. هیوادارم کوڕەکانی مامە قالە بەتایبەتی و هەموو کوردێک ئەم ڕێبازە پیرۆزە درێژە بدەن. هەتا داب و نەریتی کوردەواریمان پارێزراوبێ.

کاک قادر فەتحیان ناسراو بە مامە قالە شۆڕش ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی دوای ماوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هێلسینگبۆری وڵاتی سوئید کۆچی دوایی کرد. ڕۆحت شاد مامە قالەی نەمر.

سەرچاوە: فەیسبووکی نووسەر



کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرماوەزی ٢٠١٩ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠١٩ی زایینی

نۆژەنکردنەوەی: خەزەڵوەری ٢٧٢٦ی کوردی = نۆڤەمبەری ٢٠٢٦ی زایینی



سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ شۆڕش ئەسەدزادە بۆ نووسین و ئامادەکردنی لێدوان، نووسراوە و بیرەوەرییەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی

